# ١٢ زمان و ئەدەبی کوردی

## پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی

ئەدەب

ئامادەکردنی مامۆستا :

عبدالقادر مەلازادە کۆیی

ئامادەیی دوارۆژی کوران



ڕێزمان

ڕەوانبێژی

**ڕێزمان:**

ڕوونکردنەوەی تەواوی بابەتەکان بەشێوەیەکی پوخت.

هەر وانەیەک پرسیاری وزاری لەگەڵدایە.

**ئەدەب:**

هەموو بابەتەکان بەشێوەی هەڵبژاردە ئامادەکراوە بە وەڵامەوە.

هەر بابەتێک پرسیاری وزاری لەگەڵدایە.

**ڕەوانبێژی:**

ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بەشێوەی پوخت.

هەر بابەتێک پرسیاری وزاری لەگەڵدایە.

نمونەی پێشنیارکراوی مامۆستا بۆ هەر بابەتێک.

ئامادەیی دوارۆژ – هەولێر

ئاسان کراو * نەخشە * ڕستە گۆڕین *پرسیاری وەزاری

چاپی نوێ 2024 – 2025

# ( ڕێژەی كاری ڕاگەیاندن )

وەرزی یەکەمی - ڕێزمان

■ كاری ڕابردووی ڕاگەیاندن - چوا ر - جۆری هەیە كە ئەمانەن :-

یەكەم // <u>ڕابردووی نزیكی ڕاگەیاندن</u> :- ئەگەر چاوگەكە سادە بوو - دروست دەكرێت تەنها بە لابردنی نوونی چاوگ :-

هاتن = هات    بردن = برد    كرین = كڕی    چوون = چوو    سوتان = سوتا

*** ئەو چاوگانە ی كە پاشگری (( ەوە )) یان پێوەیە..بەدوو شێواز دەكرێن بەكاری نزیكی ڕاگەیاندن :-

1- ئەگەرپیتی پێش نونی چاوگ پیتێكی نە بزوێن بێ تەنها نوونی چاوگ لا دە برێت

خواردنـــەوە -- خوارد + ەوە = خوارد ەوە    بردنەوە = برد ەوە    هاتنەوە = هاتەوە    هاتەوە    كردەوە

2 -ئەگەر پیتی پێش نونی چاوگ و پیتی دوای نونی چاوگ پیتێكی بزوێن بوو ئەوكات نوونی چاوگ لادەبەین و ناوبەندی ( ی ) لە شوێنی دادەنێین

خولا نـە وە -- خولا یـــە وە    دۆزیــنــە وە -- دۆزیـیــە وە    سوڕا نـە وە = سورا یـەوە    ( هەردوولای - ن - بزوێنە )

دووەم // <u>كاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن :-</u> بەلابردنی نوونی چاوگ و دانانی ( <u>ووە- یان- وە</u> ) لە شوێنەكەی- < بە دوو شێوە :: -

■ ئەگەر قەدی چاوگ بە پیتی ( د _ ت ) لەم كاتەدا - ووە - بەكاردێ - ئەگەر دال و تا نەبوو - وە - بەكاردێ ...

نمونە :- فرۆشتن = فرۆشتووە    نووستووە    هەلگرتووە    بردووە    ڕۆیشتووە    بزر كر ووە    ( دەبل -وو- ە + ە - بەكارهاتووە )

سووتان = سووتاوە    برژاوە    خنكاوە    دزراوە    كریوە    هێنا وە    چو وە    فریـــوە........    ( یەك واو+ ە - بەكارهاتووە )

■ بەلام ئەگەر چاوگەكە - ە و ە – ی پێوە بوو -نون لادەبەین و نیشانەی ( ووە-وە ) دادەنێین لەگەل ناوبەندی- ت- دەبێتە كاری تەواوی ڕاگەیاندن :-

■ بۆ ناسینەوە دەتوانین بلێین نیشانەی – ووت - یان - وەت – لە شوێنی - ن – ی چاوگ دا بنێـین - كاری تەواوی ڕاگەیاندن دروست دەبێت

■ بردووەتەوە    شووشتووەتەوە    بەستووەتەوە    كردووەتەوە    خولاوەتەوە    سوراوەتەوە    كریوەتەوە    دۆزیوەتەوە

سێ یەم / <u>كاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن</u> : -

■ ئەگەر كارەكە سادەبوو // بەلابردنی نونی چاوگ و دانانی پێشگری ( دە ) لە پێشی كارەكە :-

نووستن = دەنووست    بردن = دەبرد    هێنان = دەهێنا    فرۆشت = دەفرۆشت

■ ئەگەر كارەكە پاشگری – ە و ە – ی پێوەبوو – بە دوو شێوە دەكرێتە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن :-

1- ئەگەر كۆتایی كارەكە <u>پیتی بزوێن بوو</u> پێشگری دە لە پێشكارەكە دادەنێین و – ناوبەندی – یـ - دەخرێتە نێوان بزوێنەكەو پاشگری – ەوە-

نموونە :- خــولا نەوە -- دە + خولا + یـ + ە وە -- دە خـــو لا یـــە وە ... گەرانەوە = دەگەرایەوە .. دە سورایەوە    دەبوورا یـــە وە

■ ئەگەر كۆتایی <u>قەدی چاوگ پیتی نەبزوێن بوو</u> پێویستی بە ناوبەندی – یـ - نابێت ...

( دە + قەدی چاوگ + پاشگری – ەوە ) .....    كردنەوە = دە كردەوە    گرتنەوە = دەگرتەوە    دەشووشتەوە    دەبردەوە

(( بۆ ناسینەوە – ئەگەر هەردو لای نوونی چاوگ ( پێش و پاشی ) دوو پیتی بزوێن بوون – ناوبەندی دەوێت – ئەگەر وانەبوو ناوبەندی ناوێت ))

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە كۆیی

چوارەم // رابردوی دووری راگەیاندن :- بەلابردنی نونی چاوگ ودانانی نیشانەی ( بوو ) لە شوێنی نونی چاوگ - کارەکە سادە یان نا سادە بێ:-

کاری سادە // گرت + گرتبوو    رۆیشت+ رۆیشتبوو    نووستبوو    ئامادەکرد+بوو .- ئامادە کردبوو    هەلکرد – هەلکردبوو

کاری ناسادە // خولانەوە = خولا بوو وە    دۆزینەوە = دۆزیبوو وە    - کوژابووەوە    سو رانـەوە = سورا بوو وە

تێبینی // لەشێوەزاری کرما نجی ژوورو دا بۆرابردووی تەواوی راگەیاندن - لەجیاتی نیشانەی ( وو ,وە ) نیشانەی ( یـە , یـیـە ) بەکاردێت

هاتووە ← هاتییە    چووە ← چــوو یە    چاندووە = چاندییە    هێناوە = هێنایە

دووەم // کاری رانەبردووی راگەیاندن :: - ( دە + رەگ + جێناوی کــ 3 )

( پێشگر - دە + رەگی کار + جێناوەکانی ( م-ین / یت - ن / ات -ێت - ن )

1-ئەگەر کارەکە رانەبردووی سـادە بوو – نیشانەی – د ە - دەکەوێتە پێش کارەکە وجێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای رەگی کار::-

کێلان --- دەکێـلـم / دەکێلـین    دەکێلێت/ دەکێلـن    دەکێلێت / دەکێـلـن

بۆ ئاسینەوە / وشەی سبەینێ – دوایی – سالێکیتر ( لە پێش کارەکە دابنێ – کاری رانەبردوو درووست دەبێت ( سبەینێ دەکێلم    سالێکیتر حەج دەکەم

2-لە کاری رانەبردووی ( دارژاو و لێکدراو ) نیشانەی ( دە ) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە وجێناوی لکاو دەچێتە دوای رەگی کارەکە ::-

( بەشی یەکەم + دە + رەگی کار + جێناوی لکاو ی کــــۆ مەلەی 3 )

را+ سەر = بەشی یەکەم    دە = نیشانەی رانەبردوو    هێن + خـە = رەگی کارن    م + ین + یت + ن + ات-ێت + ن = جێناوی بکەرن

↓ را دە هێنـم / را دە هێنـین    را دە هێنـێت / را دە هێنـن    را دە هێنـێت / را دە هێنـن

سەر دە خــە م / سەر دە خــە ین    سەر دە خــە یت / سەر دە خــە ن    سە ر دە خـات / سەر دە خــە ن

- تێبینی // لەکرما نجی ژوورو دا کاری رانەبردوو دوو شێوازی هەیە ( رانەبردووی ئێستا و رانەبردووی ئاینده ) وەک:-

1-.رانەبردوو ی راگەیاندن بۆ کاتی ئێستا ( د + + رەگی کار + جێناو ی لکاو)    د چـــە حەجێ ....... نانی دخــۆم

2- .رانەبردووی راگەیاندن بۆ کاتی داهاتوو ( دێ + رەگی کار + جێناوی لکاو    دێ چــە حەجێ....... نانی دێ خــۆم

تێبینی// 1- هەمو جۆرەکانی کاری رابـــردوو ی راگەیاندن بە ئامرازی ( نـــە ) نـە رێ دەکرێت ...وەک :-

نموونە :-    نووسی – نەنووسی    هەلگرت – هەلنەگرت    سەرگرت –سەرنەگرت

1-. هەموو جۆرەکانی کاری رانـەبردووی راگەیاندن بە ئامرازی ( نـــا ) نەرێ دەکرێت و شوێنی ( دە ) دەگرێتەوە :-

نموونە :-    دەکەم – نا کەم    هەلدەگرم –هەلنا گرم    سەردەگرم/ سەرناگرم

تێبینی // لەرێژەی راگەیاندندا کاری بکەر نادیار بەکار دێت – کە لە رەگی کارو پاشگری ( را - رێ ) دروست دەکرێ - وەک :-

بۆ رابردووی بکەر نادیار :- فرۆشرا - فرۆشراوە - فرۆشرابوو - دەفرۆشرا    بەهۆی پاشگری – را - دەبێتە بکەر نادیاری رابردوو

بۆ رانەبردووی بکەر نادیار :- دەفرۆشرێ دەنێردرێ دەکوژرێ دەکرێ    بە هۆی پاشگری – رێ - دەبتە بکەر نادیار بۆ رانەبردوو

مامۆستا عبدالقادر مەلا زادە کۆیی

## ڕاهێنانی ( 1 ) لاپەرە 11

| چاوگەکان | بیکەین بە ڕابردووی تەواو | بیکەین بە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| ڕامالَین | ڕامالیوە | ڕا دەمالَی |
| پەرینەوە | پەڕیوەتەوە | دەپە ڕیــیــەوە ......... پیتی- یـ - ی یەکەم هی کارەکەیە و پیتی – یـ - ی دووەم ناوبەندە |
| ئازاد کردن | ئازاد کردووە | ئازاد دەکرد |

## ڕاهێنان ( 2 ) لاپەرە 11 شی کردنەوە :-

1- ( شڤان ل بن کە پرێ نڤستییە )

شڤان // ناوە تاکەتاییەتە ناسراوە بکەرە . ............... لەبن کە پرێ // ئاوەلکاری شوێنی یە. لێکدراوە ئەرکی تەواوکەری کارە

نڤستییە // کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە ... سادەیە تێنــە پەرە ). نڤستییە == نووستووە )

2-شاناز رایەخەکەی چنی .

شاناز // ناوە تاکە ناسراوە تاییەتە بکەرە .

رایەخەکە // ناوە تاکە ناسراوە بەرکارە

ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی تاك بۆ بکەر دەگەڕێتەوە

چنــی // کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە سادەیە تێپەرە

3- گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە

گوندەکان // ناوە کۆیە ناسراوە . جێگری بکەرە

ئاوەداندەکرێنەوە // کاری ڕانەبردوی ڕاگەیاندنە لێکدراوە تێپەرە بکەر نادیارە

رێ // نیشانەی بکەر نادیارە بۆ کاتی ڕانەبردوو

ن // نیشانەی کۆیە بۆ گوندەکان دەگەرێتەوە . ...... ەوە // پاشگرە

------------ ---------------------- ---------------- ------------------

## ڕاهێنان – 3 – لاپەرە 11 (وەلامی ڕاست هەلبژێرە) :-

1- ئەو لە تاقیکردنەوەکەدا سەردەکەوت )..... کاری - سەردەکەوت - لە چ ڕێژەیەکدایە :-

ا- ڕابردوی دوری ڕاگەیاندن    ب - ڕابردوی نزیك    پ - ڕانەبردوی ڕاگەیاندن    ت - ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

2- ڕاسپاردەکە بە ئەوان جێبەجێ دەکرێت ........... کاری ڕستەکە نەرێ دەکرێ بە ئامرازی :-

1-نـــــی    ب - نـــــە    پ-نـــــا    ت - مـــــە

3- کام لە مانە کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لە چاوگی – خولانەوە :-

1-خولاوە تەوە    ب- خولایتەوە    پ- دەخولایەوە    ت- خولایەوە

4- ڕێژ ەی ڕابردوی بەردەوامی ڕاگەیاندن درووست دەکرێ بە دەستووری :

1-دە + ڕەگ    ب-قەد + بوو    پ- دە + قەد    ت - قەد + وە

5- لە چاوگی – شووشتن – ڕانەبردوی ڕاگەیاندن بریتی یە لـــــە :-

1-دەشوات    ب - دەی شووشت    پ- نەی دەشووشت    ت -دەیان شووشت

وەلامە ڕاستەکان : 1- ت    2- پ    3- ا    4- پ    5- ا

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنان ( 4 ) لاپەرە 12

لەرستەی (( هۆنراوەکانیان لەبەرکرد , ئینجا چوون بۆ قوتابخانە ))

1- هەردوو کار لە چ ڕێژەیەکدان ؟ ( لەبەرکرد+چوون ) هەردووکیان ڕێژەی رابردووی نزیکی راگەیاندنن.

2- لەبەرکرد ....بیکەین بە رابردووی تەواوی راگەیاندن ...←( لەبەرکردووە ) ...بیخەینە رستەیەکی تر-- ( کراسەکەم ئەمڕۆ لەبەرکردووە )

3- لەهەردوو کار دا - ڕێژەی رابردووی بەردەوامی راگەیاندن درووست بکە ئینجا رستەکە بنووسەوە .

وەلام / لەبەرکرد = لەبەر دەکرد ...... چوون = دەچوون ........ رستەکە ( هۆنراوەکانیان لەبەر دەکرد ئینجا دەچوون بۆ قوتابخانە )

4- لە هەردوو کار ڕێژەی رانەبردووی راگەیاندن درووست بکەو رستەکەش بنووسەوە؟

لەبەرکرد == لەبەر دەکات .... چوون == دەچـن .....رستەکە (( هۆنراوەکان لەبەر دەکەن ئینجا دەچن بۆ قوتابخانە ))

5- - هۆنراوەکان ..شی بکەوە .... هۆنراوەکان // ناوە کۆیە ناسراوە .. ئەرکی بــە رکــا رە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ( ڕێژەی دانانی )

**ڕێژەی دانانی**- ئەو ڕێژەیە کە هەوالەکەراستەوخۆ نادات بەدەستەوە بەلکو بە شێوەی گومان و ئارەزوو یان خۆزگە و یان پارانەوە یان پێویستی بەکاردێ هەروەها لەگەل ئەم کارە هەمیشە کارێکی یاریدەدەری لەگەلدایە -::

■ **// کاری ڕابردووی دانانی :** - کە ئەویش ( 3 جۆری هەیە ):-

**-1 ڕابردوی نزیکی دانانی :-** دەستوری درووست کردنی = ( قەدی چاوگ + با )

ڕابردووی نزیکی دانانی ------- گرت ← گرتبا     هەلگرت ← هەلگرتبا     سەرگرت ← سەرگرتبا

■ ئەگەر کارەکە پاشگری – ە وە – ی پێوە بوو – ناوبەندی –ی – لە دوای - بـا - و پێش پاشگرەکە دادەنێین ....

کردبـاوە = دەبێتە = کردبـا یـە وە......     سورانەوە = سورابایەوە     خولانەوە = خولابا یـەوە

**-2 ڕابردووی دووری دانانی :** -دەستووری درووست کردنی:- (( قەدی چاوگ + بوو بـــا )).

ڕابردوی دووری دانانی سادە ----= گرتبوو // گرتبووبا     هەلگرتبوو // هەلگرتبووبا     بانگکردبوو //بانگکردبووبا

■ ئەگەر کارەکە پاشگری – ە و ە – ی پێوە بوو ناوبەندی – ی - لە دوای – بـا و پێش پاشگرەکە دا دەنێین :-وەك

سورانەوە == سورابووبا یـەوە     ڕۆیشتنەوە == ڕۆیشتبووبا یـەوە     هەلگرتنەوە == هەلگرتبوو بـا یــە وە

**-3 ڕابردووی تەواوی دانانی :-** دەستووری درووست کردنی– ( قەدی چاوگ + بـــێـت )

ڕابردوی تەواوی دانانی ← هات ← هاتبێت     دا گرت ← دا گرتبێت     گەورە کرد ← گەورە کرد بێت

ئەگەر پاشگری – ە و ە - ی پێوەبێ     سوتانەوە = سووتابـێـتـەوە     .........هەلگرتبێـتـەوە     پاککردبـێـتـەوە

*بۆڕابردووی بکەر نادیار ( ڕەگ + ڕا + با –بووبا – بێت ) نموونە :- نزیکی دانانی = نوسرابا     دوور = نوسرابووبا     تەواو = نوسرابێت

*** بۆ چاوگ بە پاشگری – ەوە - :- نموونە ... نوسینەوە     نزیك- نووسرابایەوە     دوور -نووسرابووبایەوە     تەواو دانانی-نووسرابێتەوە

■ **دووەم – کاری ڕانەبردووی دانانی//** ( نیشانەی بـ دەچێتە شوینی نیشانەی ( دە ) ی کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن )

** دەستووری درووست کردن ← ( ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو ) ----- جێناوەکانی کۆمەلەی سێ یەم ( م –ین/ یت –ن / ات+ێت –ن )

بۆکاری تێپەر ------ نووسین = نووس ------ بنووسم // بنووسین     بنووسیت // بنووسن     بنووسێت // بنووسن

بۆکاری تێنە پەر ----- ڕۆیشتن = ڕۆ ------- بـــڕۆم // بڕۆین     بڕۆیت // بڕۆن     بڕوات // بڕۆن

** ئەگەر کارە کە ڕنەبردووی سادەی دانانی بوو ( نیشانەی بـــ ) دەکەوێتە پێش ڕەگی کار ... وك:-

ڕانەبردووی سادەی دانانی --- بردن ---- بـبـە م ببەین     شووشتن ---- بشۆین - بشوات     بــشـۆن

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

** ئەکەر کارە کە رانەبردووی ( دارژاو یان لێکدراو ی دانانی بوو ( نیشانەی بـــ ) دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە ..وەك :-

دەستووری درووست کردن == - ( پێشگر + بـــ + رەگی کار + جێناوی لکاو ) کۆمەڵەی سێ یەم وەردەگرێت :-

هەلبگرم / هەلبگرین　　هەلبگرێت / هەلبگرن　　هەڵبگرێت / هەڵبگرن

هەلبگرمەوە / هەلبگرینەوە　　هەلبگریتەوە / هەلبگرنەوە　　هەلبگرێتەوە / هەلبگرنەوە

** بۆ نـــە رێ کردنی کاری دانانی ( رابردوو و رانەبردوو ) بە ئامرازی ( نــە ) نەرێ دەکرێت ... وەك ::-

ببە ینەوە ← نەبەینەوە　　هەلبژێرینەوە ← هەڵنە بژێرینەوە　　هاتبا ← نە هاتبا　　چووبا ← نە چووبا

تێبینی // پێویستە کاری دانانی وشەیەك یان کارێکی یاریدەدەری لەگەڵدا بێت . چونـکە کاری دانانی بەشێوەی ناراستەوخۆ دێـت ...

- کارە - یاریدەدەرەکان - کە لە گەڵ کاری دانانیدا بەکاردێن ئەمانەن و هەمیشە _ دە – ی لە پێش دا دێت :-
  - دەبوو – دەبوایە -دەبێت - پێویستە - دڤێت　----- بۆ پێویستی -بەکاردێن
  - دەمەوێت / بەتەمام　.................................. بۆ ویستن - بەکار د ێن
  - دەتوانـین　---------------- ------------- بۆ توانین - بەکاردێن
- وشە - یاریدەدەرەکان - ئەمانەن کە هیچ کات نیشانەی - دە – ی لە پێش نایەت :-
  - خۆزگە ( خۆزی ) + بریا – کاشکی　------------- بۆ ئاوات و ئارەزوو بەکار دێن
  - بەلکی – رەنگە - لەوانەیە　---------------- بۆ گومان بەکار دێن
  - خوایە　------------------------------ بۆ نزاو پارانەوە بەکار دێت
- تێبینی // هەر دوو جۆری کاری دانانی ( رابردوو – رانەبردوو ) بە نیشانەی – نـە – نەرێ دەکرێت :
  بکریبا == نەکریبا　　بکرین == نەکرین

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 17

رێژەو شێوازی کارەکانی ئەم رستانە دیاربخە ؟

کـــــأ رە کـــا ن　+ شێوازەکەی و رێژەکەی ................

1- لەوانەیە = کاری یاریدەدەرە بۆ شك و گومان ,,,,,,,,,,,,,,, بـــبارێت = کاری رانەبردووی دانانی یە. دارژاوە تێنە پەرە

2- کاشکی = کاری یاریدەدەرە بۆ ئاوات و ئارەزوو ,,,,,,,,, دیتبام + وەرگرتبا == هەردوو کاری رابردووی نزیکی دانانی یە... تێپەرن

3- رەنگە = کاری یاریدەدەرە بۆ شك و گومان ,,,,,,,,,,,, هاتبێت + رۆیشتبێت = هەردوکیان رابردوی تەواوی دانانیـن تێنە پەرن

4- بریا = کاری یاریدەدەرە بۆ ئاوات و ئارەزوو ,,,,,,,,,,,, پێشکەوتبا = کاری را بردووی دانانی یە لێکدراوە .تێنە پەرە

*** بۆ ناسینەوەی کاری دانانی – وشەی ( دەبێت یان دەبوو ) لە پێش کارەکە دانێ ئەگەر گونجا ئەوە کاری دانانی یە ئەگەر نەگونجا دانانی نی یە ..

مامۆستا عبدالقادر مە لازادە کۆیی

## راهێنان ( 2 ) لاپەرە 17

لەرستەی (( دەبێت ژینگە بپارێزین ))

1- دەبێت .... چجۆرە کارێکە و چی دەگەیەنێت ؟ ............. دەبێت / کاری یاریدە دەرە بۆ پێویستی بەکار دێت .

2- بپارێزین.. لە چ ڕێژەیەکدایە . چۆن درووستکراوە ...

بپارێزین ..کاری ڕانەبردووی دانانی یە سادەی تێپەڕە .... بەم شێوە درووستکراوە (( بـ + ڕەگی کار- پارێز ) +جێناوی لکاو ( ین ).

بپارێزین – بکەین بە ڕابردووی نزیکی دانانی ....... ( پاراستبا ) .

3- بۆ کەسی دوەمی تاک ( بپارێزیت ) ......... بۆ کەسی سێ یەمی کۆ ( بپارێزن )

4- رستەکە دەکەین بە شێوازی ڕاگەیاندن (( ئێمە ژینگە دەپارێزین ))

## راهێـــنان ( 3 ) لاپەرە 17 +18 هەلبژاردن

1- ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی بەکام دەستوور درووست دەبێت :-

ئـ = قەدی چاوگ +ووە    ب = قەدی چاوگ+ با    پ = قەدی چاوگ + بێت    پ = بـ +ڕەگی کار + جێناو

2- ( خانوەکەیان کریوە ) . ئەم رستەیە بگۆڕین بۆ .. شێوازی دانانی ... دەبێتە : -

ئـ – خانوەکەیان کڕیبێت    بـ- خانووەکەیان کڕیبا    پ -خۆزگە خانوەکەیان کڕیبێت    ت -بریا خانوەکەیان کڕیبا

3- ڕێژەی ڕانەبردوی دانانی دەکرێتە نەری بە ئامرازی :-    ئـ - نــا    بـ - مـــە    پ - نـــی    ت - نــە

4- لەرستەی ( خۆزگە چووبا بۆ گەشت )..  وشەی خۆزگە بۆ چ مەبەستێك بەکار هاتووە؟

ئـ – ئاوات    ب = گومان    پ = پێویستی    ت = پاڕانەوە ..

5- لە رستەی – دەمەوێت لە تاقیکردنەوە سەر بکەون – کاری - سەر بکەون –لە چ ڕێژەیکدایە ؟

ئـ- ڕانەبردووی دانانی    ب = داخوازی    3= ڕانەبردووی ڕاگەیاندن    4= ڕانەبردووی دانانی و داخوازی

| وەڵامەکان : | 1= پ | 2 = پ | 3= ت | 4= ئـ | 5 = ئـ |
|---|---|---|---|---|---|

## راهێنان ( 4 ) لاپەرە 18 شی کردنەوە

**1-خۆزگە باران باریبا**

خۆزگە / ووشەی یاریدەدەرە بۆ خۆزگەو ئاوات بەکار هاتووە

باران // ناوە گشتی یە – بکەرە .

باریبا // کاری ڕابردووی نزیکی دانانی یە- تێنەپەڕە .

**2- دەبێت چیرۆکەکە بخوێنیـــتــەوە**

دەبێت // کاری یاریدەدەر بۆ پێویستی بەکار هاتووە

چیرۆکەکە // ناوە تاکە ناسراوە .ئەرکی بەرکارە .

بخوێنێتەوە // کاری ڕانەبردووی دانانی یە دارژاوە . تێپەڕە

یت // جێناوی لکاوە بۆ کەسی 2 ی تاك ئەرکی بکەرە -- ( ەوە ) پاشگرە



مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ( ڕێژەی کاری داخوازی )

کاری داخوازی // ئەو کارەیە کە قسەکەر داوا لە کەسی دوە می تاك یان کەسی دووەمی کۆ دەکات بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام بدات یا ئەنجام نەدات هەردوو

جێناوی ( ە – ن ) لەگەل کاری داخوازی بەکار دێن و دەچنە دوای ڕەگی کا ر و هەمیشە ئەرکیان بکەرە ...

دەستوری کاری داخوازی -- (( بـــ + ڕەگی کار + جێناوی – ە یان ن ))

جێناوی لکاوی ( ە ) بۆ کەسی دووەمی تاك ... --------- جێناوی لکاوی ( ن ) بۆ کەسی دووەمی کۆ ...

- ئەگەر ڕەگی کاری داخوازی بە پیتی نـــەبزوێن کۆتایی هـــاتبوو ئەوا جێناوی لکاوی ( ە ) بۆ کەسی دووەمی تاك دەردەکەوێت .
- ئەگەر ڕەگی کاری داخوازی بە بـــزوێنی ( ۆ – ە – ێ – وو – ی ) کۆتایی هاتبوو جێناوی لکاوی ( ە ) بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێت .

س / نەبزوێنە      ( ە ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ( دەرکەوتووە ) چونکە ڕەگی کار نەبزوێنە

بـــنـــووســـە      بخوێـــنـــە      رابـــگـــرە      دا نیـــشـــە      بەرهەم بێـــنـــە

ب - نیشانەی کارە      خـۆ – ڕەگی کارە      جێناوی لکاوی ( ە ) لەهەموو کارەکاندا دەرنـەکەوتووە –چونکە ڕەگی کارەکان بە بزوێن کۆتاییان هاتووە

بـــخـــۆ      بـکـــە      بڕۆی      بـرِۆ #      بـــبـــە      بـــسووتێ      بـنـوو      بـچـۆ      بـخـە

تێبینی // جێناوی لکاوی ( ن ) ی کەسی دووەمی کـــۆ لەکاری داخوازی هەمیشە بەدەر دەکەوێت و ەك بکەر د ە چـێتە دوای ڕەگی کار .

نانەکەتان بخۆن      وانەکەتان بنووسن      پارەکانتان هەلبگرن      جلەکانتان بشۆن

* * ئەگەر ڕەگی کار بزوێنی – ە – بوو چۆن بزانین بزوێنی – ە – جێناوە یان بەشێکە لە ڕەگی کار -- بـــۆیە :-

1- ئەگەر جێناوی – ن – شوێنی – ە – ی گرتەوە ئەوە بزوێنی – ە – ی بکەر دەرکەوتووە ئەگەرنەی گرتەوە دەرنەکەوتووە ..

واتە ئەگەر بزوێنی- ە - نەماو و لاکەوت و نوون - شوێنی گرتەوە - ئەوا جێناوی لکاو ی – ە– بۆ کەسی دووەمی تاك دەرکەوتووە :- وەك :-

بنووسە ..... نامەکە بنووسـن ........... لێرەدا – ن – شوێنی - ە – ی گرتەوە ... کەواتە – ە - ی بکەر - بەدەرکەوتووە

1- بەلام ئەگەر جێناوی- ن – شوێنی جێناوی – ە – ی نـە گرتەوە .. کەواتە جێناوی لکاو ی – ە - بۆ کەسی دووەمی تاك د ە ر نـە کەوتووە ::-

برۆ - دەبێتە - برۆن      بکە - دەبێتە – بـکـە ن      بلێ - دەبێتە - بـلـێـن      بـنـوو - دەبێتە - بنـوون

*** ( بـبـە بە مامۆستا ) – بـبـە - لە بوون – وەرگیراوە بۆیە کاری تەواوی تێنە پەڕە و بزوێنی – ە - جێناوی لکاوە بۆ کـ 2 تاك بـکـە رە ( نامەکە بـبـە )- بـبـە – لە بردن - وەرگیراوە - بۆیە کاری تەواوی تێپەڕە و بزوێنی – ە - بەشێکە لە ڕەگی کار و جێناوی بکەر – ە - دەرنەکەوتووە .

** لە کاری داخوازیدا ئەگەر کارەکە ( دارژاو یان لێکدراو )) بوو دەتوانین نیشانەی ( بـــ ) لابەرین بۆ سووکی زمان ..

دابـگرە = داگرە      هەلبـگرە = هەلگرە      سەر بـگرە = سەرگرە      سەر بـکەوە = سەرکەوە      دا بـنیشە = دانیشە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

** کاری داخوازی بەنیشانەی ( مـە ) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی - بــ -

** لەکرما نجی سەروودا - کاری داخوازی بە نیشانەی – نـە – نەرێ دەکرێت ....

نیشانەی –بــ – دەگۆرین بۆ نیشانەی – مـــە – لە.سۆرانی .// لە بادینی دەیکەین بە - نــە - وەك :-

بــخۆ -- مــەخۆ هەلبــگرە = هەلـمــــەگرە بنقیسە - نـەنـقـیسە بـکـە - نـە کـە

* چاوگی - هـا تـن – رەگەکەی – هـــێ – یە بۆ سووککردن دەبێتە – ێ - واتا رەگی هاتن = ێ

- هەر لە چاوگی – هاتن – کاری داخوازی وە رە // وە رن --- درووست دەبێت- بەلام لە دەستور لای داوە ( بـــ - ی نیشانەی کاری نی یە )
- لەچاوگی – چوون – کاری داخوازی - بـچـۆ – درووست دەکرێت - ئەویش لە دەستوور لای داوە . چونکە رەگەکەی - چـ - نەبزوێنە – ە - دەرناکەوێ

بۆ نەرێ کردن هەرلە دەستوورلادەدەن :-........ وەرە = مەیە -- وە رن = مـە یەن نـەیەن ( نـیێـن )... هـەرە = هەرن

هەندێ نمونەی پرسیاری گرنگ -:

پ // لەم رستەیەدا (( لە کۆلانەکە بــســوو ڕێـوە )) .چی دەرنەکەوتووە ؟.

وەلام // کارەکە خۆی ئەوهایە - بــســوو رێ + ە + ە وە --- کەواتە جێناوی بـکەر و بەشێك لە پاشگر دەرنەکەوتووە

پ // لەرستەی ( گۆرەکە هەلدەنەوە ) چی دەر نەکەوتووە ؟

وەلام // کارەکە خۆی وەهایە (( هـە لــبــدە ە ن + ە وە ) --- کەواتە تەنها نیشانەی کاری داخوازی - بــ - دەرنەکەوتووە

پ //لەرستەی ( لاپەرەکە هەلـــدە وە ) چی دەر نەکەوتوە ؟ هـە لــبــدە ە + ە + ە و ە ) کەواتە ( نیشانەی کار و بکەر و بەشێك لە پاشگر ) دەرنەکەوتووە

پ // جێناوی لکاوی بکەر لە کاری داخوازیدا دەچێتە کوێ ؟... جێناوەکانی ( ە – ن ) لەگەل کاری داخوازی دەبن بە بکەرو هەمیشە دەچنە دوای رەگی کار

پ// ( نانەکە هەلبگرەوە ) .. لە کاری – هەلبگرەوە – چی دەر نەکەوتووە ؟ ... وەلام - بەشێك لە پاشگری - ەوە – دەر نەکەوتووە

پ // نانەکە هەلـگرەوە ) .. لە کاری – هەلـگرەوە – چی دەر نەکەوتووە ؟ ..... وەلام - بـ- ی نیشانەی کار و بەشێك لە پاشگری - ەوە – دەر نەکەوتووە

پ // لە رستەی ( لاپەرەکە هەلدەوە ) چی دەر نەکەوتووە ؟ ..... ..........وەلام ... بـ - ی نیشانەی کارو بکەرو بەشێك لە پاشگر دەر نەکەوتووە

پ / لە رستەی ( کومبارەکە راخـە وە ) چی دەر نەکەوتووە ؟ .................. وەلام ...بـ - ی نیشانەی کار و بکەر و بەشێك لە پاشگر دەرنەکەوتوە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 22

| کاری‌داخوازی | رستەکان |
|---|---|
| بخوێنەوە | 1- پەخشانەکە بخوێنەوە |
| بلێ | 2- راستی بلێ |
| بپارێزن | 3- پەرلەمانی کوردستان بپارێزن |
| پەخشبکە | 4- دیمانەکە پەخشبکە |
| مە شێوێنە | وێنەکە مەشێوێنە |

## راهێنان ( 2 ) لاپەرە 22 شی کردنەوە

1--گۆڤارەکان چاپبکەن

گۆڤارەکان // ناوە ناسراوە کۆیە .. بەرکارە

چاپ بکەن // کاری داخوازی یە لێکدراوە تێپەرە

ن // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ ئەرکی بکەرە

3- بە خۆشی بژی

بەخۆشی // هاوەلکاری چۆنی یەتی یە تەواو کەری کارە .

بژی // کاری داخوازی یە سادەیە . تێنە پەرە

لێرەدا جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك - ە - بکەرە دەرنەکەوتووە

چونکە رەگی کار بە بزوێن- ی - کۆتایی هاتووە .

2-- پەخشانەکە بلاوبکەوە .

پەخشانەکە : ------ ناوە تاکە ناسراوە ... ئەرکی بەرکارە

بلاوبکەوە -------- کاری داخوازی یە لێکدراوی تێپەرە ........ ەوە - پاشگرە

جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاك دەرنەکەوتووە چونکە رەگی کار بە بزوێنی کۆتایی هاتووە -

** تێبینی / لە کاری – بلاو بکەوە - جێناوی بکەر و بەشێك لە پاشگر ی – ەوە – د ە رنەکەوتووە ( بزوێنی – ە – پیتی یەکەم لە پاشگری –ە وە )

## راهێنان – 3 – لاپەرە 22- 23 . وەلامی راست هەلبژێرە :-

1- لەرستەی- مندالەکە جوان پەروەردە بکە ) چی دەر نەکەوتووە :- 1--جێناوی لکاوی – ن - 2- جێناوی لکاوی - ە 3- نیشانەی کار 4- بەرکار

2- لەکام لەم کارە داخوازیانە جێناوی لکاوی - ە - دەر نەکەوتوە :- 1-بنوو 2- لا دە 3- بکە 4-هەموویان

3- کامیان کاری داخوازی یەو لە چاوگی _ بوون – دروستکراوە :- 1-ببە ن 2-ببن 3-بکەن 4- بێن

4- لەکام لەم کارە داخوازیانە دەگونجێت نیشانەی کار لا ببرێ :- 1-بهێنە 2- بخوێنە 3-دابنیشە 4- بهۆنەوە

5- ( بە ئازادی بژی ) کاری رستەکە بکەیتە -دانانی - دەبێتە :- 1- بژییت 2- بژییێ 3- بژیت 4- بژیین

وەلامەکان // 1= 2 2=4 3=2 4=3 5= 1

## راهێنان ( 4 ) لاپەرە 23

لەرستەی (( پرۆژەکە تەواو بکە )) وەلامی ئەمانە بدەوە :-

1- کوا بکەری رستەکە // .... بکەری رستەکە= جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك – ە - بە دەرنەکەوتووە .. چونکە رەگی کار بزوێنە .

2- ئایا دەتوانین نیشانەی – ب – لابەرین ؟ چۆن ؟ بەڵێ دەتوانین لای بەرین چونکە کارەکە کارێکی ناسادەیە ولێکدراوە .. دەبیتە ( تەواوکە )

3- پرۆژەکە - ----- ناوە - تاکە ناسراوە . بەرکارە .

4- رستەکە بکە بە شێوازی دانانی ---- دەبێت پرۆژەکە تەواو بکەیت



مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ( شێوازی رستەی ئاوێتەی مەرجی )

رستەی ئاوێتەی مەرجی // ئەوەیە کە ڕوودانی کارێك مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر , کە لە دوو ڕستە پێکدێت :-

1- ڕستەی کاری مەرج // ڕوودانی کاری ئەم رستەیە مەرجە بۆ ڕوودانی کاری وەلامی مەرج . پێ ی دەگوترێ ( پـــارستە )

2- ڕستەی وەلامی مەرج // رستەیەکی سەرەکی یە و بەستراوەتەوە بە ڕوودانی رستەی کاری مەرج, پێ ی دەگوترێ ( شـــا رستە )

*** رستەی ئاوێتەی مەرجی پێك دێت لە دوو رستە ( شارستەو پارستە ) :-

شا رستە // ئەو بەشەی رستەیە کەواتایەکی سەربەخۆی هەیە و ئامرازی لێکدەری مەرجی تێدانی یە ...

پا رستە // ئەو بەشەی رستەیە کەواتایەکی سەربەخۆی نی یە و ئامرازێکی لێکدەری مەرجی تێدایـــە ...

رستەی کاری مەرجـــی → ئەگەر یەکگرتوو بـیـن بەسەردوژمندا زاڵ دەبین → رستەی وەلامی مەرجی

هەتا ئانەکات نەخۆیت مەرۆ بۆ سەر کارەکەت

** دەتوانین پاش و پێش بە رستەی کاری مەرج و رستەی وەلامی مەرج بکەین بەم شێوەیە :-

بەسەردوژمندا زاڵدەبین ئەگەر یەك گرتووبین -------- وەلامی مەرج لە پێشەوە هاتووە – شارستەیە

** لە رستەی کاری مەرج دەبێت ئامرازێکی لێکدەری مەرجی هەبێت کە ئەمانەن :- ( ئەگەر– کە– هەکە - – تا - هەتا – کەی – کەینێ )

- لە شێوازی مەرجیــدا کار رێژەی تایبەتی خۆی نی یە .بەڵکو هەمان رێژەی ڕاگەیاندن و داخوازی و دانانی یە :-

کاری ڕاگەیاندنی مەرجی «« ئەگەر زوو هاتیەوە دەچین بۆ بازار .................... کارەکە رانەبردوی ڕاگەیاندنە

کاری دانانی مەرجی «« ئەگەر رەنج نەکێشیت گەنج نانۆشیت .................. کارەکە ڕانەبردووی دانانی یە

کاری داخوازی مەرجی «« ئەگەر هاتیەوە ئانەکات بخۆ ...................... کارەکە داخوازی یە

تێبینی زۆر گرنگ// * هەمیشە رستەی کاری مەرج لـە رێژەی - ڕاگەیاندن و دانانی - دا دێــت .

* هەمیشە رستەی وەلامی مەرج لـە رێژەی - ڕاگەیاندن و داخوازی - دا دێــت

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە - 27

پ // لەرستەی ئاوێتەی مەرجی چەند جۆرکار هەیە ؟ لە چ ڕێژەیەکدا دەبن ؟ بۆچی بەکاردێن ؟ بە نموونە روونی بکەوە ؟

وەلام – دووجۆر کار هەیە   1- ( رستەی کاری مەرجی ) کە پێ ی دەڵێن پارستە کەهەردووڕێژەی (( ڕێژەی ڕاگەیاندن و داناني دا )) دەبێت .

2- ( رستەی وەلامی مەرج ) کە پێ ی دەڵێن شارستە لەهەردوو ڕێژەی (( ڕاگەیاندن و داخوازی )) دا دەبێت .

- بۆچی بەکاردێن // ........... بەمەبەستی مەرج بەکاردێـــن ..... وەك

( کەی هاتی , ئێرە خاوێن بکەوە )   هات ( رابردوی راگەیاندنە )   خاوێن بکەوە ( داخوازی یە )

( ئەگەر هاتی نانەکەمان دەخۆین )   هات ( رابردوی راگەیاندنە )   دەخۆین ( رانەبردوی راگەیاندنە )

( ئەگەر هەوڵی زیاتر بدرێت پرۆژەکە زووتر تەواودەکرێت ) ...   بدرێت ( رانەبردوی داناني )   تەواو دەکرێت .. رانەبردووی راگەیاندن )

( کەی هاتی یەوە نانەکەت بخـــۆ )   هات ( رابردوی راگەیاندن   بـخـۆ ( داخـوازی یە )

## راهێنان ( 2 ) لاپەرە 27 لەرستەی (( زوو برۆ کارەکە ئە نجا مـبدە ))

1- هەردوو کار لە چ ڕێژەیەکدان ؟ // هەردوو کارەکە (( زوو برۆ + ئە نجام بدە )) لەرێژەی کاری داخوازی دایە.

2- بکەری هەردوو رستەکە دیاری بکە // جێناوی – ە - ی بـکـە ر لە هەردوو رستەکە دەرنەکەوتوو چونکە رەگی کاربزۆینە

3- لەکاری ( برۆ ) ڕێژەی رابردووی نزیکی داناني درووست بکە ..................... (( رۆیـشـتـبـا ))

لەکاری ( ئە نجام بدە ) ڕێژەی رابردووی بەردەوامی راگەیاندن درووست بکە ...... (( ئە نجام دەدا ))

رستەکە بکەین بە رستەی ئاوێتەی مەرجی ......... (( ئەگەر زوو رۆیشتبای کارەکەت ئە نجام دەدا ))

## راهێنان – 3 – لاپەرە 27 - 28   وەلامی راست هەلبژێرە

1 - لە شێوازی مەرجیدا – کار بە چەند شێواز دەر دەکەوێت :-   ئـ- یەك   ب - دوو   پ- سێ   ت- چوار

2- . لە شێوازی مەرجیدا – کاری وەلامی مەرج – دێت لە ڕێژەی :-   ا-ڕاگەیاندن و داخوازی   ب- ڕاگەیاندن و داناني   پ-ڕاگەیاندن   ت- داناني و داخوازی

3-(کەی بایەخ بە پیشەسازی بدرێت ولات پێش دەکەوێت ) ئەگەر کاری رستەی مەرج بکەینە نـەرێ – کارەکە دەبێتە :-

ا - بایەخنادرێت   ب- پێشنەکەوێت   پ- بایەخنەدرێت   ت- پێشنا کەوێت

4-لە رستەی ( ئەگەر یارمەتیمان دابان کارەکەیان تەواو دەکرد ) کاری وەلامی مەرج لە ڕێژەیەکدایە :

ا-رابردوی نزیکی داناني   ب-رابردوی بەردەوامی راگەیاندن   پ-رانەبردووی راگەیاندن   ت- مـــەرجی

5-لەرستەی ( تا وانەکان نەخوێـنـــن . نمرەی باش وەر ناگرن ) – کاری وەلامی مەرج لە چ ڕێژەیەکـــدایە :-

ئـ-رانەبردوی داناني   ب- داخوازی   پ- رانەبردووی راگەیاندن   ت- رابردووی بەردەوام

وەلامەکان :-   1= پ   2= ئـ   3= پ   4= ب   5= پ

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنان ( 4 ) لاپەرە 28

* لە رستەی ( کەی نەورۆز هات ئاگری خۆشی هەلدەکەین )

1- جۆری رستەکە دیار بکە ؟ جۆرەکەی رستەی ئاوێتەی مەرجی یە .

2- ووشەی ( کەی ) شی بکەوە ؟ کەی // ئامرازی لێکدەری مەرجە لەرستەی مەرجیدا .

3- ووشەی– هات // کاری رابردووی نزیکی راگەیاندنی تێنە پەرە جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی سێ یەمی تاک دەر نەکەوتووە

ووشەی– هەلدەکەین // کاری رانەبردووی راگەیاندنە دارژاوە تێپەرە -

یـــن // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ .. ئەرکی بـــکـــەرە .

4- ئەم رستەیە لەچەند رستە پێکهاتووە ؟-- ئەم رستەیە لە دوور ستە پێکهاتووە

کەی نەورۆز هات ..... رستەی کاری مەرجە    ئاگری خۆشی هەلدەکەین .... رستەی وەلامی مەرجە

** ئایادەتوانین جێگەیان بگۆرین // بەڵێ دەتوانین (( ئاگری خۆشی هەلدەکەین کەی نەورۆزهات ))

## راهێنان ( 5 ) لاپەرە 28 شی کردنەوە

1- ( کەی بویت بە ئەندازیار گوندەکان ئاوەدان بکەوە)

کەی // ئامرازی لێکدەر مەرجە لە رستەی مەرجیدا .

بـــوویت // کاری رابردووی نزیکی راگەیاندنە سادەیە تێنە پەرە... ناتەواوە ( کاری مەرجە )

یـت // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک نیهادەبە / ئامرازی پەیوەندی یە

ئەندازیار // ناوە گشتی یە نەناسراوە تەواوکەری بەیارییدەیە .

گوندەکان // ناوە کۆیە ناسراوە .. ئەرکی بەرکارە ...

ئاوەدان بکەوە // کاری داخوازی لێکدراوە تێپەرە .–ە- لە –بکە –جێناوی لکاوە ك 2بۆ تاك بکەرە دەرنەکەوتوە/ رەگی کاربزوێنە

## ب- ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت . دەر دەچیت .

(ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت ) رستەی کاری مەرجە    ئەگەر // ئامرازی لێکدەری مەرجە

وانەکە -: ناوە تاکە ناسراوە – بەرکارە    باش // هاوەلکاری چۆنی یە تەواوکەری کارە

بخوێنیت -: کاری رانەبردوی داناتی یە– سادەیە – تێپەرە

دەردەچیت / کاری رانەبردوی راگەیاندنە ..دارژاوە – تێنە پەرە ( رستەی وەلامی مەرجە )    یـــت / جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ئەرکی بکەرە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# کاری چاوگی بـــــــوون

چاوگی ( بـوون ) چوار جۆر کاری لێ درووست دەکرێت ( کاری ناتەواو + تەواوی تێپەر + کاری تەواوی تێنە پەر + کاری یاریدەدەر )

**یـە کـە م // چاوگی بـــوو ن دەبێتەکاری تەواوی تێپەر :- ئەمەش بە دوو شێوە دەردەکەوێت ::-**

1--چاووگی (( بـــوون )) ئەگەر بەمانای خاوەنیەتی و خاوەنداری هات .. دەبێتە کاری تەواوی تێپەر ...

خانووم هەیە ------- -- هەیە... کاری تەواوی تێپەرە بۆکاتی ئێستا

خانوو ت هەبوو ------- هەبوو ... کاری تەواوی تێپەرە بۆکاتی رابردوو

خانوویان دەبوو ------ دەبوو ... کاری تەواوی تێپەرە بۆ رابردووی بەردەوام

خانوومان دەبێت ------ دەبێت .... تەواوی تێپەرە بۆکاتی ئایندە( کاتی داهاتوو )

تێبینی // دەتوانین بەرکار لابەرین ئەوکات بەم شێوەی لێدێت : -

خانووم هەیە ---- خانو لابەرین دەبێتە -- هـە مـە هـە مـبـوو دە مـبـوو د ە مـبـێـت

بۆ نەرێ ........ -- نـیـمـە نـە مـبـوو نـەمـە بـوو نـا مـبـێـت

## 2—چاوگی بوون - ئەگەر بەمانای // منداڵبوون // هات ئەوا دەبێتە کاری تەواوی تێپەر

وەك:- نازەنین منداڵی بوو ---- بــوو -- تەواوی تێپەر ----- رابردووی نزیکی راگەیاندنی

نازەنین منداڵی بووە ---- بــوو --- تەواوی تێپەر ------ رابردووی تەواوی راگەیاندن

نازەنین منداڵی دەبوو ---- بــوو --- تەواوی تێپەر -------- رابردووی بەردەوامی راگەیاندن

نازەنین منداڵی بوو بوو --- - بــوو --- تەواوی تێپەر - ------- رابردووی دووری راگەیاندن

نازەنین منداڵی دەبێت ---- بــوو --- تەواوی تێپەر ------- رانە بردووی راگەیاندن

خوشکی نەوزاد کچێکی بوو --- بــوو --- تەواوی تێپەرە -------- رابردووی راگەیاندنە

یان :- مەرەکە بەرخێکی بوو ......... . بەرخ = بەرکارە ......... بوو – کاری تەواوی تێپەرە

چـێـلـەکە گۆلـکـێـکی بوو /// ئاژەڵەکە بەچـکـە ی بوو ....... ئاژەڵ = بکەرە ..... بەچکە – بەرکارە .... بوو = تەواوی تێپەرە

** لەرستەی (( منداڵـیان بوو ))

منداڵ/ ناوە بەرکارە یان / جێناوە بۆ کـــ3 تاك بکـەرە بوو/ کاری رابردوی تەواوی تێپەرە

بۆ ئاسانکاری // ئەگەر یەك لەم جێناوانە( م – مان - ت –تان - ی – یان ) لە پێش کاری ( بوو – ە – دەبێت ) هاتبوو ئەوە بزانە کە کارەکە کاری تەواوی تێپەرە ( وەك لە سەرەوە باسکراوە ) ئەگەر ئەم جێناوانە نەهاتبوو ن - کەواتە تێنە پەرە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

دووەم // کاری چاوگی بوون وەك کاری تەواوی تێنەپەر :- ئەمەش بە دوو شێواز دەبێت : -

1--ئەگەر کاری – بوو – لە شێوەی کاری دارڕاو یان لێکدراو – بەکارهات واتای نوێ ی بەخشی و بەیەك پارچە بنووسرێت :-

** ئاگرەکە هەڵبوو * منداڵەکە لەخەو رابوو کارەکانی ( هەڵبوو+ رابوو) هەردوکیان رابردوی تەواوی تێنە پەرن- دارڕاون

** خانووەکە تەواووبوو کورد سووره لەسەر داواکانی ------- ( تەواو بوو + سوورە ) کاری تەواوی تێنە پەرن + لێکدراون

■ ئەم کارانە تێنە پەرن ( شینبوو – سەوزبوو - هەڵبوو – ئامادەبوو – پەیدابوو – فێربوو - سیسبوو – نقومبوو -زیزبوو – تەڕبوو – پڕبوو - سوو رە )

1-- ئەگەر کارەکە بەمانای بوونی یەتی هات ( الوجود ) : -

وجود – بەوە دەناسرێتەوە بە - کە لەدوای هە – جێناو نایەت .... یان لەکۆتایی کارەکە جێناوی کـــــ 2 هاتبێت

ئێمە لەکوردستان هەبووین من و تۆ لە را پارینەکە هەبووین ئێوە لە کاتی کرۆنا هەبوون

من هەبووم تۆ هەبوویت ئەو هە بوو--- - پارە هەبوو ----- بۆ کاتی رابردوو

ئێستا من هەم تۆ هەیت ئەو هەیە----- پارە هەیە ---- بۆ کاتی ئێستا

سێ یەم // کاری ناتەواو - کاری – بوون – دەبێتە کاری ناتەواو – ئەگەر کاری سەرەکی لە رستەدا نەهاتبوو

■ کاری ناتەواو کۆمەڵی 2 وەردەگرێت ( م –ین- یت – ن - # - ن ) چونکە لە چاوگی بوون وەرگیراوە بۆیە کارێکی تێنە پەرە

زیرەك بووم – زیرەك بووین زیرەك بوویت زیرەك بوون زیرەك بوو# زیرەك بوون

بەڵام // وەك گرێ یەکی ناوی جێناوەکانی ( م – مان – ت – تا – ی- یان ) وەردەگرێت ئەگەر بەناوێکەوە بلـکـێنرێت -وەك:-

دوکاندارەکە باوکـمـە کـــ 1 تاك دوکاندارەکە باوکـمـانە کـــ 1 کۆ

1-- ( ە ) دەبێتە کاری ناتەواوە بۆکاتی ئێستا // وەك - ئەم کورە زیرەکــە ئاری مامۆستایــە کچەکە جوانـە

کاری فەرمانبەرە ----- ئاری / ناوە تاکە تایبەتە ئەرکی نیهادە مامۆستا / ناوە گشتی یە تەواوکەری کاری ناتەواوە ە / کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

3- دەبێت // کاری ناتەواوە بۆ کاتی داهاتوو ( ئاییندە )

ئارام دەبێت بە فرۆکەوان منداڵەکە جوان دەبێت ئاری نەخۆش دە بێت ئاری نەخۆش نا بێت

4- بـــوو // کاری ناتەواو بۆکاتی رابردوو : - وەك :-

قوتابی یەکە زۆر زیرەك بوو ئاری مامۆستا بوو بووم بە مامۆستا

■ کاری ناتەواو دەکرێت بە ( نــە ری ) بەم پێشگرانە ( نە , نا , نی )

نە – بۆ کاتی رابردوو – ئاردەکە بوو بە هەوویر ئاردەکە نەبوو بە هەویر

نا – بۆ کاتی رانەبردوو –ئاردەکە دەبێت بە هەویر ئاردەکە نابێت بە هەویر

نی – بۆ کاتی ئێستا – ئاردەکە سپی یە ئاردەکە سپی نی یە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

■ کاری ناتەواو بە پێنج جۆر وشە تەواو دەکرێت و دەبن بە تەواو کەری کاری ناتەواو :-

--- ( ناو + جێناوی سەربەخۆ + چاوگ ) ..... ئەم سێ جۆرە بە هەردوو شێوەی - راستەوخۆ یان بەیاریدە – کاری ناتەواو تەواو دەکەن ؛ وەك

**** بۆ جێناوی سەربەخۆ == === ( من - ئێمە - تۆ – ئێوە - ئەو – ئەوان )

ئەوە من بووم .... ( تەواوکەری راستەوخۆ ....... نامەکە بۆ ئێمە بوو ....... ( تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو )

**** بۆ جێناوی پرس ====== کێ - کامە - کێژان - کیهان ....

ئەوە کێ بوو؟ ...... راستەوخۆیە    هەڵەکە لە کیهان بوو؟ ...... بەیاریدە یە( ناراستەوخۆ)

**** بۆ جێناوی نادیار =====( فلان - فیسار - کابرا - وانەك - هین

ئە مە فلان بوو    راستەوخۆیە    کەموکورییەکە لە کابرا بوو ..... بەیاریدەیە

***** بۆ جێناوی نیشانە ===== زیرەکەکە ئەمە بوو ... راستەوخۆیە    خەلاتەکە بۆ ئەمانە بوو ....... بەیاریدەیە

***** بۆ جێناوی خۆیی ====== ئەمانە خۆیان بوون ..... راستەوخۆیە    خەلاتەکە بۆ خۆمان بوو ........ بەیاریدەیە

***** بۆ ناو ============ ئەوە نەوزاد بوو ....... راستەوخۆیە    خەلاتەکە بۆ نەوزاد ە .......... بەیاریدەیە

***** بۆ چاوگ ======= ئەمە کەی سەرکەوتن بوو ... راستەوخۆیە    دەرچوونتان بە خوێندنە ............ بەیاریدەیە

■ بەلام - ( هاوەڵناو + هاوەڵکار ) تەنها بە شێوەی راستەوخۆ – دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو :- وەك

بۆ هاوەڵناو ..( خواردنەکە خۆش بوو    چایەکە شیرینــە ----- -------- بۆ هاوەڵکار -( پارییەکە دوێنێ بوو    ئاهەنگەکە شەوێ بوو

تێبینی // هەندێ وشە هەیە خۆی پێتی – بـــ - ی پێوەیە و ئامراز نی یە .. بۆ یە وەك یەك وشە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ...بە شێوە راستەوخۆ دێن ..

*** نموونە : بەهێز - بەجەرگ - بەتوانا - بەتام – بە سۆز - بەرێز – بە پیت - بەتین – بە پەلە - بە گوڕ - (( ئەوانە هاوەڵناون ))

*** هەندێك وشەش هاوەڵکارن – وەك :- (( بە رۆژ - بە سال - بە مانگ - بە خولەك = بە شەو )) ئەمانە هاوەڵکارن

دۆیەکە بەتام بوو    گە نجەکە بەجەرگ بوو    زەوییەکە بە پیت بوو    ئاهەنگەکە بەشەو بوو ....... جیاوازییەکە بەسال بوو ....

تێبینی // جێناوی هەیی – بە تەنها نابێتە تەواوکەری کاری ناتەواو – بەڵکو – دەبێت لەگەڵ دیارخەرێکی بێت ئەوجا ببێتە تەواوکەری کاری ناتەواو –

وەك :- کراسەکە هی تۆ بوو ( راستەوخۆ    کراسەکە لە هی تۆ بوو ( ناراستەوخۆ )

تێبینی // لە سەر وشەی -- سوور - ئەگەر ئەم وشەیە بەواتای - تام – یان - رەنگ - هات ئەوە دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو

وەك :- کراسەکە سوور بوو ------ ئاوەکە سوور بوو ........ وشەی – سوور – بەواتای رەنگ هاتووە- بۆیە- لێرە تەواوکەرە

** وشەی – سوور – ئەگەر بەواتای – جەختکردن و پێداگیری هات . ئەوکات لەگەڵ - بوو - دەبێتە کاری تەواوی تێنە پەڕ

وەك :- میللەت سووربوو لەسەر داواکانی    دادگا سووربوو لەسەر بڕیارەکانی

**وشەی - شین – سەوز – ئەگەر بەواتای رەنگ هاتن دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو- ئەگەر بەواتای گەشەکردن هاتن ئەوە دەبنە کاری تەواوی تێنە پەڕ

ئەمامەکە شینبوو    دارەکە سەوزبوو ( تەواوی تێنە پەڕن) .......... کراسەکە شین بوو -- چاوی منداڵەکە سەوز بوو ( تەواوکەری کاری ناتەواون

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

**کاری ناتەواوی ( ە ) دەرناکەوێت لە رستەدا ئەگەر:- لە دوو شێوەدا :-

1--ئەگەر جێناوەکانی ( م,ین / یت , ن / ×,ن ) بـچـنە کۆتایی رستە وجێناوەکان دیارو ئاشکرابن ( جگە لە کەسی سێیەمی تاك )

من کورد م ---------------------------- ئێمە کورد ین ....... ( کاری ناتەواو بەدیار نەکەوتووە لە ە موویان جگە لە ك 3 تاك )

ئێوە زۆر ژیرن .................................. ئێوە سەرکەوتوون

ئەو بە هێـزە تەنها لێرە کاری ناتەواوی ( ە ) بەدەرکەوتووە ئەوان یـەکـەمـن

2- کاری ناتەواوی ( ە ) بۆ کاتی ئێستا بەدەرناکەوێت ئەگەر نیهادی رستەکە کۆ بێ :-

کچەکە جوانـە - ە- کاری ناتەواو دەرکەوتووە کچەکا ن جوانـن . ( کچەکان = نیهادە - کۆیە بۆیەکاری ناتەواوی – ە - دەرنەکەوتووە

■ بۆناسینەوەی / ئەگەر لە ئاخیری رستە جێناوی کۆمەلەی 2 هەبوو+ بەئامرازی - نی – نەرێ بکرێ ئەوە کاری ناتەواوی – ە - دەرنەکەوتووە

■ کاری ناتەواوی ( ە ) دەردەکەوێت ئەگەر جێناوی کەسی سێیەمی تاك بەکارهات - ( نیهاد تاك بێت یان نیهاد تاییەتی بێت )

ئەو زیرەکە چیایەکە بلند ە ئەو بەتوانا یە هەولێر دێرینە رێوی فێلبازە

■ کاری ناتەواو هەرگیز ناکرێتە بکەر نادیار – چونکە – کاری ناتەواو لە – بوون – وەرگیرایەو تێنە پەرە و تێنە پەریش نابێت بە بکەر نادیار و ( را – رێ ) وەرناگرێ

چوارەم - کاری چاووگی ( بوون ) دەبێتە کاری یاریدەدەر بە سێ شێوە ( دەبێت - د ە بوو – دەبوایە )

• کاری یاریدەدەر هەمیشە دەکەوێتە پێش کاری کاری دانانی لە رستەدا :- بەم شێوەیە :-

بۆ کاتی داهاتوو ----- دەبێت نانەکەت بخۆیت

بۆ کاتی رابردو ----- دەبووایە باشت خوێندبا - دەبوو باش خۆت ماندوو کردبا

پ // کاری بـــوو لە ( 3 ) رستەدا بەکار بێنە بەمەرجێك جارێك وەك کاری ناتەواو و جارێك وەك تەواوی تێپەر و جارێکیان وەك تەواوی تێنە پەر ؟

1- بــوو - -- ---------- وەك کاری ناتەواو کورەکە زیرەك بـــوو

2- بــوو --- ------ وەك کاری تەواوی تێپەر ژنەکە منداڵی بوو+ پشیلەکە دووفەرخەی بوو

3- بــوو ---- وەك کاری تەواوی تێنە پەر ----- دارەکە شینبوو + باوکەکە سووربوو لەسەر کارەکەی

■ ناسینەوەی کاری تەواوی تێپەر و تێنە پەر :--

بۆ ناسینەوەی کاری تەواوی تێپەر- جێناوێکی لکاو هەیە لە نێوان ناوەکەو کاری بوو – بەلام لە تێنە پەر جێناو دەچێتە کۆتایی یاخود دەرناکەوێ

بۆ تێپەر = ژنەکە منداڵـــی بوو ............ مەرەکە بەرخێکـی بوو .................................. بوو = کاری تەواوی تێپەر جێناوی – مان – ی لە پێش هاتووە

لە تێنە پەر – جێناو دەچێتە کۆتایی کارەکە ...ئێمە سووربووین ... دارەکە سەوزبوو # ........سووربوو – تێنە پەرە ...ین- جێناوە لە کۆتایی هاتووە یا دەرنەکەوتوە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ئەرکی بزوێنی ( ە ) لە رێزمانی کوردیدا

**یەکەم ::-** بزوێنی (ە) دەبێت بە کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا بەمەرجێ کاری تەواو لە رستەدا نەهاتبێت - بەزۆری لە کۆتایی رستەدا دێت

■ بۆ ناسینەوەی – ئەگەر بە - نـی - نەرێ کرا و بگونجێ - ئەوە کاری ناتەواوە ..

خەڵاتەکە بۆ مـنـە ئاوەکە زۆرە زیرەکە نەوزادە یەکگرتن سەرکەوتنـە ئاری زیرەکـە ئاری زیرەك نی یـە

من= جێناوی سەربەخۆیە زۆر – هاوەلکارە نەوزاد = ناوە سەرکەوتن= چاوگە زیرەك = هاوەلناوە ( هەموویان تەواوکەری کاری ناتەواون )

**دووەم //** بزوێنی ( ە ) دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك .لەکاری داخوازی و هەمیشە دەچێتە دوای رەگی کار و ئەرکی بکەرە

بە – مە – نەرێ دەکرێ : وەك :- نامەیەکم بۆ بنێرە هەندێ نان بکـرە وانەکە بنووسـە وانەکە مـەنووسـە

**سێ یەم //** بزوێنی (ە) لە کرما نجی سەروو ) - دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك و دەبێتە بکەر لەکاری رانەبردوو و دەچێتە کۆتایی رەگی کار و (د – دێ) لە پێش کارەکە هەبێت و بە- نا - نەرێ بـکرێت - وەك:-

عەلی وانێ دنـڤـیسـە ڤی نان دکـرە ئەو نان دخازە ئەو نان ناخازە

**چوارەم //** بزوێنی ( ە ) دەبێتە ئـامرازی پەیوەندی و لە جیاتی ئامرازەکانی ( بۆ - بە – لە ) بەکاردێ ویەکسەر لەدوای کارەکە وە دێت :-

( گوڵلەیان گرتـە دوژمن ) گوللەیان لە دوژمن گرت ( ئەو دەچێتـە بازار ) ئەو دەچێت بۆ بازار ( پارەکەم دا یـە هەردی ) پارەکەم دا بە هەردی

**پێنجەم //** بزوێنی ( ە ) دەبێتە ئامرازە بانگ کردن و لە دوای ناوێك دێت کاری رستەکەش بە زۆری کاری داخوازی بێت یان دانانی بێت . ئەگەر وشەی ئەی – لە پێش رستەکە دا بنێ ی بگونجێ :

کورە یەك بگرن کورینـە با برۆین خەڵکینـە لەخوا بترسێن ئەی خەڵکینە نوێژبکەن

**شەشەم //** بزوێنی (ە ) دەبێتە – پاشگر - لەگەل ( ناو - هاوەلناو – رەگی کار ) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ .

چاکـە سەدە دەستـە سەوزە پرسـە ناڵـە کێشە تەختە بۆنە تەقە ................ ( هەرچاکە چاکە )

**حەوتەم //** دەبێتە - پاشگر - لەگەل هەندێ قەدی چاووگ دا بۆ درووستکردنی - ئاوەلناوی کراوی دارژاو

برد = ە+ برد ە کوشت + ە = کوشـتـە کرد = کرد ە

**هەشتەم //** پیتی ( ە ) دەبێتە نیشانەی پێ ناسین و لە دوای ناوێك دێت دەبێتە کورت کراوەی نیشانەی ( ەکـە )یە . ئەگەر وشەی ئەو لە پێش ناوەکە دا دابنێێن بگونجێ وەك واتا نەك وەك ئەرك -: کـورە هــە ژارە پیاوە سەری لێ شێواوە ..

**نۆیەم //** پیتی (ە) دەبێتە ئامرازی لێکدەر :- ئەگەر بکەوێتە نێوان دوو وشە – وشەیەکی لێکدراوی ناوێ درووست بکات

رەشـە با بەرزە برد پـیرە مێرد گولە گەنم عەسرە چا

**دەیەم //** پیتی (ە ) دەبێتە- ئامرازی دانە پال- ئەگەر لە نێوان ناوێکی ناسراو و ئاوەڵناوێکی چۆنی... هاوەلناوەکە نیشانەی – ەکە –ی پێوە بێ

بەرخـە قەلەوەکە سەربڕە سێوە لا سورەکە لـێـکـەوە ئەو کورە زیرەکە هاورێمە

**یازدەم //** بزوێنی – ە – دەبێتە بەشێك لە هاوەڵناوی نیشانە. ئەگەر وشەی ( ئەو – ئەم ) لەرستەدا هەبوو ئەوا ئەو بزوێنەی – ە – کە لەدوای ناوەکە دێت دەبێتە بەشێك لە هاوەڵناوی نیشانە ؛ بۆ ناسینەوەشی – رستەکە بگۆڕە بۆ - کــۆ - بزوینەکە دەچێتە سەر – ا نــ -

وەك :   ئەم کورە زیرەکە     ئەم کورانە زیرەکن     ئەو قوتا بخانەیـە باشە

■ **تێبینی   کاری ناتەواو ( ە ) بۆ کاتی ئێستا بە دوو شێوە   بــە د ە ر نــاکەوێت -:**

- ئەگەر کاری ناتەواوی – ە - بکەوێــتــە نێوان تەواوکەر و جێناوە لکاوەکانی ( م –ین -- یت – ن -- & - ن ).و جێناوەکان دیار و ئاشکرا بن تەنها لەکەسی سی یەمی تاك دەردەکەوێت. وەك

من پیاوم     ئێمە پیاو یـن     کاری ناتەواوی ( ە ) بۆ کاتی ئێستا دەرنـەکەوتووە( لەهەر پێنج رێژەکە )
تۆ پیاویت     ئێوە پیاون
ئەو پیا و ە     ئەوان پیاون
تەنها لێرەدا کاری ناتەواوی ( ە ) بۆ کاتی ئێستا دەرکەوتووە

- ئەگەر نیهادی رستەکە لە تاکەوە بکەین بە کۆ:-

گوڵەکە جوانــە     کاری ناتەواو دەر کەوتووە     بیکەین بە کۆ دەبێتە -------- گوڵەکان جوانــن --- کاری ناتەواو دەر نـەکەوتووە

**هــەروەهـــا // کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا دەردەکەوێت ...**

- ئەگەر نیهادی رستەکە تاك بێت .................. منداڵەکە زیرەکە // مامۆستاکەمان بەتوانایە
- ئەگەر ناوی باسکراو ناوەکی تایبەتی بێت ............... هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە
- ئەگەر جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك بەکارهات     ئەو کوردە ---- ئەو ئازادە

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 37

1- لەم رستانەدا ئەو کارانەی لەچاوگی بوون وەرگیراون دەربێنەو جۆرەکەشی دیاری بکە ؟

| رستەکان | کارەکە | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| 1- گەلی کورد سووربوو لەسەر بەدی هێنانی مافەکانی | سووربوو | کاری رانەبردوە ناتەواوە بۆ کاتی رابردوو تێنە پەرە |
| 2- دەبێت یەکریزی گەل بپارێزین | دەبێت | کاری یاریدەدەرە بۆ پێویستی هاتووە |
| 3- کە دایکیان منداڵی بوو, منداڵەکە نەخۆش بوو | بوو | کاری رابردووی نزیکە راگەیاندنە تەواوی تێپەرە |
| . | نەخۆش بوو ( بوو ) | کاری ناتەواوە |
| 4- کێشەی ئاوارەکانی کەرکووك کەی پەیدا بوو | پەیدابوو | کاری تەواوی تێنە پەرە لێکدراوە نزیکی راگەیاندنە. |
| 5- باوکیان لەخەو رابوو | را بــوو | کاری تەواوی تێنە پەرە دارژاوە نزیکی راگەیاندنە |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنانی ( 2 ) لاپەرە 37

ئەرکی (( ە )) لەم رستانەدا دیاری بکە :-

| رستەکان | ئەرکی ( ە ) لە ناو رستەکاندا |
|---|---|
| 1- کورە بەدانیشتن مالت وێرانە | کورە ( ە ) – ئامرازی بانگکردنە ..لەدوای ناو هاتووە بە مەبەستی بانگکردن<br>وێرانە ( ە ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا... بە ئاوەلناو تەواو کراوە |
| 2- بخوێنە چونکە خوێندن سارێژکەری برینەکانتە | بخوێنە ( ە ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك بکەرە<br>برینەکانتە ( ە ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا .. تەواو کراوە بە ناوی برین . |
| 3- رەشەبای سلێمانی بەهێزە | رەشە ( ە ) ئامرازی لێکدەرە ووشەی لێکدراوی رەشەبای دروست کردووە<br>بەهێزە ( ە ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا تەاو کراوە بە ئاوەلناو . |
| 4- چیرۆکەکێ بنڤیسـە | بنڤیسە ( ە ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك لە کاری داخوازیدا |
| 5- مندالە گەمەی دەکرد دایکەش تەماشای دەکرد | ( ە ) لە مندالە + لە دایکـە ئامرازی پێناسینـن کورت کراوەی ( ەکە ) یە |

## راهێنانی ( 3 ) لاپەرە 37 -38

وەلامی راست هەلبژێرە

1- ئەگەر کاری چاوگی بوون – بەواتای بوون- وجوود – بێت - دەبێتە :-
ئ-کاری یاریدەدەر    ب- کاری ناتەواو    پ- کاری تەواوی تێپەر    ت- کاری تەواوی تێنە پەر

2- کام لەم رستانە کارەکەی ناتەواوە :-
ئ-- ئەندازیارەکە لێهاتووبوو    ب-دەبوو تاقیکرنەوەکە کرابا    پ- مندالێکی بوو    ت- مندالی هەبوو

3- لەرستەی ( ئەوان لە ئاهەنگەکە ئامادە بوون ) کاری رستەکە :-
ئ - ناتەواوە    ب- تەواوی تێپەرە    پ- تەواوی تێنە پەرە    ت- یاریدەدەرە

4- لەرستەی _ ( من کـوردم ) وشەی – کورد ئەرکی چی یە :-
ئ- بکەرە    ب- نیهادە    پ- بەرکارە    ت- تەواوکەری راستەوخۆی کاری ناتەواوە

5- لەرستەی ( چیاکانی کوردستان بلًندن ) . چی دەر نەکەوتووە :-
ئ- ئامرازی دانە پال    ب-کاری ناتەواو    پ- نیهاد    ت- بکەر

6- ( گولە هێرۆ جوانە ) ئەرکی بزوێنی – ە - لە نێوان هەردوو وشەی ( گولً – هێرۆ ) چـی یە :-
ئ-ئامرازی دانە پالە    ب- ئامرازی لێکدانە    پ- ئامرازی بانگکردن    ت- ئامرازی پێناسین

7- هەنارە مزرەکە خۆش بوو - ئەرکی بزوێنی - ە – لە نێوان وشەکانی ( هەنار - - مزرەکە ) چـــی یە :-
ئ-ئامرازی دانە پالە    ب- ئامرازی لێکدانە    پ- ئامرازی بانگکردن    ت - ئامرازی پێناسین

8- کـورە هـــەژارە -- ئەرکی بزوێنی – ە – لەدوای - کـور - چی یە :-
ئ-ئامرازی دانە پالە    ب - ئامرازی لێکدانە    پ- ئامرازی بانگکردنە    ت- ئامرازی پێناسینە

9- ( چـاکە بە خـەلکی بـکە ) ئەرکی بزوێنی – ە - لەدوای وشەی – چـاکە - چی یە :-
ئ-ئامرازی لێکدانە    ب- کاری ناتەواوە    پ- پاشـگرە    ت - ئامرازی پێناسینە

10- ( مندالەکە ناچێتە قوتابخانە ) ئەرکی بزوێنی - ە - لە نێوان ( ناچێت – قوتابخانە ) چـی یە :-
ئ-ئامرازی دانە پالە    ب - ئامرازی پەیوەندییە    پ- ئامرازی بانگکردنە    ت- ئامرازی پێناسینە

وەلامەکان : -    1- ت    2- ئـ    3- پ    4= ت    5=ب    6=ب    7= ئـ    8= ت    9= پ    10=ب

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# هەندێ هەلبژاردنی چـــاوگی بـــوون

1- لە چاوگی – بوون – چەند جۆ کار درووست دەکرێت :- 1-دوو جۆر 2- ســێ جۆر 3- چـوار جۆر

2- کاری ناتەواو بە چەند جۆر و شێوە دەردەکەوێت :- 1- چوار جۆر 2- سێ جۆر 3- دوو جۆر

3- کاری –ە – دەبێتە کاری ناتەواو بۆ کاتی : - 1- ئایندە 2- داهاتوو 3- ئێستا

4- کاری –بـوو – دەبێتە کاری ناتەواوە بۆ کاتی :- 1 -داهاتوو 2- رابردوو 3- ئایندە

5- کاری –دەبێت - وەك کاری ناتەواو- بۆ دەمـــی : - 1 – رابردووە 2- داهاتووە 3- ئێستایە

6- کاری ناتەواو هەمیشە کارێکی : - 1- تێپەرە 2- تێنە پەرە 3- تێپەرو تێنە پەر

7- کاری ناتەواو ناکرێت بە نەرێ بە یەکێك لەم نیشانانە :- 1- نــە 2- نــا 3- مــە 4- نــی

8- کاری ناتەواو بە چەند جۆر وشە تەواو دەکرێت :- 1- سێ جۆر ووشە 2- چوار جۆر وشە 3- پێنج جۆر وشە

9- دوو لەمانە نابن بــە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو :- 1- جێناو و هاوەلناو 2- هاوەلناو و هاوەلکار 3- جێناوهاوەلکار

10- کاری چاوگی - بوون – وەك کاری یاریدەدەر دەردەکەوێت لەگەل کاری : 1- دانانی 2- داخوازی 3- راگەیاندن

11- لە رستەی ( ئەو متۆ بوویت لە بازار ) کاری ناتەواو تەواوکراوە بە :- 1-جێناوی کەسی جودا 2- جێناوی خۆیی 3- نیشانە

12- لە رستەی- تاوانەکە لە فلان بوو – کاری ناتەواو تەواو کراوە بە :- 1- جێناوی نادیار 2- هاوەلناوی نادیار 3- ناو

13- ( قوتا بخانەکەم ئەمەیە ) لەم رستەدا کاری ناتەواو تەواوکراوە بە :- 1-جێناوی نیشانە 2-هاوەلناوی نادیار 3- ناو

14- نامەکە هی دکتۆرەکەیە – کاری ناتەواو تەواو کراوە بــە :- 1- هاوەلناوی نیشانە 2- گرێ ی ناوی 3- ناو

15- کاری ناتەواو درووست دەکرێت لە یەکێك لەم چاوگانە :- 1- بردن 2- بوون 3- هەلبوون . 4- هیچیان

16- ( خانوم هەبوو –خانووم هەیــە ) کاری رستەکان کاری :- 1- تەواوی تێپەرە 2- تەواوی تێنە پەرە 3- ناتەواوە

17- ( کارەکە تەواو بوو –دارەکە شینبوو ) کاری رستەکان کاری :- 1-ناتەواوە 2-تەواوی تێنە پەرە 3-تەواوی تێپەرە

18- ( من لە را پەرینەکە هەبووم – من هــە م - من دەبــم )کاری ئەم رستانە کاری :- 1- ناتەواوە 2- تەواوی تێنە پەرە 3- تەواوی تێپەرە

19- کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا بەدەر ناکەوێت ئەگەر نیهادی رستەکە بگۆرین لە :- 1- لەتاك بۆ کۆ 2- لە کۆ بۆ تاك 3- کۆتایی ناوەکە بزوێن بێ

20- بزوێنی – ە – وەك جێناوی لکاو هەمیشە ئەرکــی :- 1- بەرکارە 2- بــکــە رە 3- ئا- لێکدەرە 4- ئا- دانە پالە

21- بزوێنی – ە – دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك و دەبێتە بـکـەر ئەگەر :-
1-بەکۆتایی کاری رانەبردوو لـکا 2-بەکۆتایی کاری داخوازی بلــکێ 3- بە کۆتایی کاری دانانی لکـا

22- لەرستەی ( نامەکە بــبە ) رەگی کار وەرگیراوەلە چاوگی : 1- بردن 2- بوون 3- هێنان 4- هیچیان

23- لەرستەی ( بــبە بە مامۆستا ) رەگی کار وەرگیراوە لە چاوگی :- 1- چوون 2- بوون 3- بردن 4-وەرگرتن

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 =1 | 2=2 | 3=3 | 2=4 | 2=5 | 2=6 | 3=7 | 3=8 | 2=9 | 1=10 | 1=11 | 1=12 |
| 1=13 | 3 =14 | 2 =15 | 1=16 | 2=17 | 2=18 | 1=19 | 2=20 | 1=21 | 1-22 | 2-23 | |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ئەرکی جێناوی لکاو لەدەوری بکەردا

هەر چوار کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان ئەرکی بکەر دەبینن . بەم شێوازانەی خوارەوە ::-

یەکەم // لەگەڵ کاری رابردوی تێپەر جێناوەکانی ( م–مان/ ت–تان/ی–یان ) دەبنە بکەر بەم شێوەیە :-

- ئەگەر بەرکار هاتبوو جێناوی لکاو ی بکەر یەکسەر و هەمیشە دەچێتە دوای بەرکار ...

مــن نــا نـم خـوارد ..... نان - بەرکارە م -بکەرە خوارد / کاری رابردووی تێپەری راگەیاندنە

دەبوو نانت خواردبا .... نان – بەرکارە ت– بکەرە خواردبا / کاری ابردووی تێپەری دانانی یە

رایەخەکەی هەڵخست رایەخ =بەرکارە ی = بکەرە هەڵخست / کاری رابردوی تێپەری ناسادەیە

*** کەواتە - ئەگەر - بەرکار لە رستەدا هەبوو - هەمیشە جێناوی لکاوی بکەر - دەچێتە دوای بەرکار ...

- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو .جێناوەکانی ( م – مان . ت –تان – ی – یان ) دەبنە بکەر بە - چوار – رێگا :-
- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو کارەکەش رابرد ووی تێپەری ((نا سـادە )) بــوو- جێناوی لکاوی بکەر- دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە :-

رام گرت / رامان دەگرت    سەرمان گرتووە/ راتان هێنابوو    هە لـیــبــژارد    سەریــان خست

** کاری رابردوی تێپەر بە ئامرازی - نــە - نەرێ دەکرێت و دەچێتە د وای جێناوی بکەر    سەرمان نـە گرتووە    هە لـیـنــە بژارد

- ئەگەر بەرکار باسنەکرابوو – کارەکەش رابردووی تێپەری سادەبوو -جێناوەکانی ( م–مان –ت– تان – ی – یان ) دەبنە بکەر بە سێ شێوە :-

a- بۆ رابردووی سادە ( نزیك و دوور ) – بکەر دەچێتە کۆتایی کارەکە :- خواردم - خوارد مان    خوارد بووم - خوارد بوومان

b- بۆ رابردووی بەردەوام ی سادە - جێناوی بکەر – دەچێتە دوای نیشانەی – د ە : - د ە مـخـوارد - د ە یـانـبـر د

c- بۆ رابردووی تەواوی تێپەر و تێنە پەر – جێناوی بکەر دەچێتە نێوان ( وە – ووە ) :- خـواردوو مـە    فرۆشتـوو مـانـە    نووستـوو یـنـە

** نەرێ کردنی – کاری رابردووی تێپەری سادە بە ئامرازی – نــە - نەرێ دەکرێت بە دوو رێگا :-

1- ( ئەگەر بەرکار هاتبێت ) ئامرازەکە دەچێتە پێش کارەکە    نانـمان نـە خوارد    کارەکە ی نـە کرد

2-.ئەگەر بەرکار نەهاتبوو - جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای ئامرازی نەرێ و پێش کارەکە :    نەم خوارد    نەمان دەشووشت

** بەلام ئەگەر کارەکە ( نـاسادە ) بوو - رابردوی تێپەر بوو - بە ئامرازی – نــە - نەرێ دەکرێت بە دوو رێگا : -

1- ( ئەگەر بەرکار هاتبێت ) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە :- خانووەکەتان سەر نـە گرت    مەرەکەیان سەر نـە برِی

2- ئەگەر بەرکار نەهاتبوو جێناوی لکاوی بکەر یەکسەر دەچنە دوای ئامرازی ( نـە ) لە کاری ( رابردووی نزیك و- دوور - تەواو - بەردەوام )

نـە مان خوارد / نەم خواردبا    نە یان دە خوارد -    نـە ی خوارد ووە    نە ت خواردبێت

بۆ زانین // ئەگەر دوو جێناو بەدوای یەکدا هاتن و بە کارێکەوە نووسان .... جێناوی یەکەم بەرکارە جێناوی دووەم بکەرە ................... برد مـا نـی

// ئەگەر دوو جێناو بەدوای یەکدا هاتن و بە نـا و یّـکەوە نووسان .... جێناوی یەکەم دیارخەری ناوە جێناوی دووەم بکەرە ...... کورەکەمـا نـی برد

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

**دووەم // ئەگەر کارەکە رابردووی تـێـنـە پەر بوو : -**

** کۆمەلە جێناوی ( م – ین / یت – ن / × - ن ) دەبنە بکەرو دەچنە کۆتایی کارەکە

** بەلام – تەنها لە کاری رابردووی تەواوی تێنە پەر دا جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە نێوان نیشانەی ( ووە - ە ) - ( و – ە )

رابردووی نزیك ......... هاتم / هاتین    هاتیت / هاتن    هات / هاتن -

رابردووی دوور ---------- هاتبووم / هاتبووین    هاتبووی / هاتبوون    هاتبوو / هاتبوون

رابردووی بەردەوام ...... دەهاتم / دەهاتین    دەهاتیت / دەهاتن    دەهات / دەهاتن

بۆ رابردووی تەواو ----- نووستوومە / نوستووینە    نووستوویتە / نووستوونە    نووستوو # ە / نووستوونە

بۆ کاری دانانیش بەهەمان شێوە -: هاتبام هاتباین // هاتبووبام / هاتبووباین    هاتـبـێـتـم    هاتـبـێـتـین

* تێبینی // ئەگەرکارە رابردووەکە پاشگری ( ەوە ) ی پێوە بوو – ناوبەندی ( ت ) دادەنێین لەنێوان نیشانەی تەواو و پاشگرەکە -:

-- رۆیشتووە تەوە    رۆیشتوومە تەوە    کۆبوو ینە تـە وە    بردووتانەتەوە    کریو یا نە تەوە    نوسیومەتەوە

* کاری رابردووی تێنە پەر دەکرێ بە نەرێ بە ئامرازی - نـە - بە دوو رێگا -:

** ئەگەر کارەکە سادەبو – ئامرازەکە دەچێتە سەرەتای کارەکە *** ئەگەر کارەکە ناسادە بوو ئامرازەکە – دەچێتە دوای بەشی یەکەم

کاری سادە // نـە رۆیشتیـن    نەچووین ---------------- کاری ناسادە // دا نـە نیشتین    تێـنە گەیشت

■ تێـبینی// جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك لەدەوری بکـەر دەرناکەوێت ئەگەر کارەکە رابردوی تێنـە پەر بوو >>>

رۆیشتم // رۆیشتین    رۆیشتیت // رۆیشتن    رۆیشـت & // رۆیشتن    جێناوی لکاو بکەبەدەر نەکەوتووە بۆ کـ 3 تاك

**سـێ یەم // ئەگەر کارەکە ( رانـە بردوو بوو ) تێپەر وتێنە پەر سادەو ناسادە -:**

جێناوەکانی ( م-ین / یت-ن / ات-ێت – ن ) دەبنە بکەر و یەکسەر دەچنە دوای رەگی کار : -

نان دەخۆم / دە خوات -    نامە دەنووسین / دەنووسێت    هەلدەگریـت / رادەخە ین

دەبێت بانەکە سەربگرین    دەبوو ئالاکە هەلبکەن    رەنگە ئەمسال دەربچێت

چوارەم //لەکاری داخوازی دا ( تێپەر و تێنە پەر ) سادەو ناسادە ( ئەرێ و نەرێ ) جێناوەکانی ( ە – ن ) دەبن بە بـکەر و دەچنە دوای رەگی کار

دەستووری کاری داخوازی (( بـ + رەگی کار + جێناوەکانی (ە- ن ))

( ە ) بۆ کەسی 2 ی تاك ------- بنووسـە    مەنووسە    بکـرە    دەست هەڵبگرە    نوێژ بکە ...... جێناوە بکەر لێرەدا دەرنەکەوتووە

( ن ) بۆ کەسی 2 ی کۆ ------- بنووسن    بکـرن    دەست هەڵبگرن    نوێژ بکەن    مـە کرن    مـە کەن

بۆ زانین // هەر کاتێك دوو جێناوی لکاو بەیەکەوە بە ناوێکەوە لـکان - ئەوا جێناوی تەنیشت ناوەکە دیار خەرە و ئەوەی تر بکەرە :

نموونە -: کتێبەکە تانم بۆ ناردن ...... تان = دیارخەرە ...... م = بکـەرە ..... ن= ت – بەیاریدەیە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

**پرسیار //** لەرستەی ( کارەکەی بۆم ئە نجامدا ) وەلامی ئەمانە بدەوە ؟

1- تەواوکەری رستەکە دیاری بکە .؟ .......... م // لەدوای - بۆ - جێناوی لکاوە بۆ کــ1ـــ تاك ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیە .

2- کوا بکەری رستەکە ؟ بۆ کەوتۆتە ئەوێ ؟ ی // دواى کارەکە – ئەرکی بکەرە کەوتۆتە ئەوشوێنە چونکە کارەکە رابردوی تێپەرەو بەرکار باسکراوە

3- ئەگەر بەرکاری رستەکە لابدەین جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کوێ و چۆن ؟

ئەگەر بەرکار لابدەین ئەواجێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دواى بەشی یەکەمی کارەکە چونکە کارەکە رابردوی تێپەرە رستەکە دەبێتە (بـۆمـی ئە نجام دا )

**پرسیار //** لە رستەی (( نامەکەت لێ وەردەگرێت ))ئەمانە وەلام بدەوە ؟

1- هەردوو جێناوی ( ت , یت ) شی بکەوە . و ەلام :- ت/ –جێناوی لکاوە بۆ : کـ2ـ تاك دیارخەری ناوە ./ یت/ – جێناوی لکاوە بۆ کـ3ـ تاك بکەرە

2- کاری رستەکە دیاری بکەو لە ج رێژەیکدایە ؟ و ەلام : - وەردەگرێت کاری رستەکەیە . لە رێژەی رانەبردووی راگەیاندنە . دارژاوە تێپەرە .

3- ئەگەر بەرکاری رستەکە لابەرین ( ت ) دەچێتە کوێ و بۆچی ؟ و ەلام : ( نامەکە ) کە بەرکارە لابەرین –ت–دەچێتە دواى ئامرازی پەیوەندی لێ دەبێتە (( لـیـتێ ومر دە گـریـێت )) چونکە بەکار لابراوەو کارەکەش رانەبردووی تێپەر

## جێناوەکانی ( م –مان – ت –تان – ی – یان ) دەبن بە بـــکـــە ر
### لە گەل کاری رابردووی تێپەر

- **بەرکار هەبێ**
  - یەکسەر دواى بەرکار
    - نانـم خوارد
- **بەرکار نەهاتبێ لە کاری سادە**
  - رابردوی نزیك + دوور
    - کۆتایی کار
      - خواردم -- خواردبووم
  - رابردوی بەردەوام
    - دواى - دە
      - دە مخوارد
  - رابردووی تەواو
    - نێوان نیشانەی – و ە
      - خواردووم
- **بەرکار نەهاتبێ لە کاری ناسادە**
  - دواى بەشی یەکەمی کار
    - هەلـم گرت / سەرم خست

## نەرێ کردنی کاری رابردوو

- **کارەکە تێپەری سادەبێ**
  - جێناوی بکەر دەچێتە دواى ئامرازی نەرێ
    - نەم برد - نەم بردووە – نەم دەبرد – نەم بردبوو
- **کارەکە تێپەری ناسادە بێ**
  - جێناوی بکەر دەچێتە دواى بەشی یەکەمی کارەکە
    - هەلتان نەگرت - سەریان نەخست
- **کارەکە تێنە پەری سادەو ناسادە**
  - جێناوی بکەر دەچێتە کۆتایی کارەکە
    - نەهاتم – نەچوون - دانەنیشتین

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

*جێناوەکانی ( م-ین-یت-ن-#-ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ رابردووی تێنەپەر و دەچنە کۆتایی کارەکە – تەنها لە رابردووی تەواو دەچێتەنێوان (وە - وو ە)

نووستـم – / نووستبووم - / دەنووستـم - / نووستـوو مـە

دەرچووم    دەرچووبووم    دەردەچووم    دەرچوومـە ..... سەرکەوتین –سەرکەوتبووین – سەردەکەوتین - سەرکەوتوومـە

*- جێناوەکانی ( م –ین / یت – ن / ات. ێت – ن ) و ( ە-ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری رانـەبردوو و داخوازی و یەکسەر دەچـنە دوای رەگی کار :-

دەنووم – دەنووین // دەنویت – دەنوون // دەنوێت - دەنوون    دەشۆین – دەشۆیت - دەشوات ........... کارەکان رانەبردوون

بنووسـە    بنووسـن    //    بژمێرە - بژمێرن ............................. کارەکە داخوازی یە

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 43

1--کەی ئەم جێناوە لکاوانە ( ات,مان , ین , ە ) دەوری بکەر دەبینن لە ناو رستەدا ...

ات // دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری رانەبردووی تێپەر و دەچێتە کۆتایی کارەکە .

نامەکە دەبات    جلەکان هەڵدەدات    بارەکە سەردەخات ............... بۆ راگەیاندن

رەنگە نامەکە بـبات    رەنگە زوو رابکات    لەوانەیە سەری بخات ............ بۆ دانانی

مان // دەبتە بکەر لە گەڵ کاری رابردووی تێپەر و دەچێتە چوار شوێن :-

دوای بەرکار // خانوەکەمان کری    کۆتایی کار // کریمان –کرییوومان    دوای –دە / دەمان کری    نێوان –ە وە- کریو مـانـە

ن // دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری رابردووی تێنە پەر ........ پار چوون بۆ ئێران .......... خۆزگە پار چووبان بۆ ئێران

ن // دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری رانـەبردووی تێپەرو تێنە پەر :-

بۆ رانەبردوی تێنە پەر ....... ئەم ساڵ دەچـن بۆ ئێران ....... دەبێت ئەم ساڵ بچـن بۆ ئێران

بۆ رانەبردووی تێپـەر .......ئەم ساڵ گەشت دەکە ن .......... رەنگە ئەم ساڵ گەشت بکە ن

ن// دەبێتە بکەر    لەگەڵ کاری داخوازی تێپەرو تێنە پەر بۆ کەسی دووەمی کۆ ...... نانەکەتان بخۆن    زوو برۆن بۆ سەرکار

ماموستا عبدالقادر مەلازادەی کۆیی

## راهێنانی ( 2 ) لاپەرە 43

لە رستەی (( وتارەکەت بلاو کردووەتەوە ))

1-کاری رستەکە لە رێژەی رابردووی تەواوی راگەیاندنە ( بلاو کردووەتەوە )

1- ت / لە ووتارەکەت .. جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ئەرکی بکەرە خراوەتە ئەو شوێنە چونکە بەرکار باسکراوە و کارەکە رابردووی تێپەرە

2- وتارەکە // ناوە تاکە ناسراوە بەرکارە .

3- ئەگەر وتار لابەرین .. ت– دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە چونکە کارەکە رابردووی تێپەرە و ناسادەیە و دەبێتە ( بلا و ت کردووەتەوە )

## راهێنان – 3 – لاپەرە 43 – 44

وەڵامی راست هەڵبژێرە:

1- باخچەکەیان بۆ رازاندەوە – جێناوی لکاوی – یان – ئەرکی چی یە :-

ئـ- بکەرە  ب – بەرکار  پ – تەواوکەری بەیاریدە  ت – دیار خەری ناوە

2- ( تاوانبارەکەمان دەستنیشان کردووە ) ئەگەر بەرکار لابەرین ( مان ) دەچێتە کوێ :-

ئـ –دوای –دەست-  ب-دوای بەشی یەکەمی کار  پ-نێوان نیشانەی کار  ت- کۆتایی کار

3- لە رستەی ( ناوی خوێندکاران تۆمار بکە ) چی دەر نەکەوتووە :-

ئـ- بکەر  ب- بەرکار  پ- تەواوکەری بەیاریدە  ت- دیار خەری ناو

4- ( کلتوری کورد دەپارێزێت ) ئەم رستە بگۆرین بۆ – رابردووی نزیکی راگەیاندن – دەبێـــتــە :-

ئـ-کلتوری کوردت پاراستبا  ب-کلتوری کوردمان پاراست  پ-کلتوری کوردتان پاراست  ت-کلتوری کوردی پاراست

5- لەکام لەم کارانە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتایی کارەکە :

ئـ-ئاوەدانکردبوو  ب- یارمەتیدا بوو  پ- فێر دەبوو  ت-دادە مەزراند

| وەڵامەکان :- | 1- ئـ | 2= ب | 3= ئـ | 4= ت | 5= پ |
|---|---|---|---|---|---|

## راهێنان ( 4 ) لاپەرە 44

لەرستەی (( لەوانەکان باش تێگەیشتووە ))

کوا بکەری رستەکە و بۆچی ؟ .....

وەڵام :- 1- بکەری رستەکە جێناوی لکاوە بۆکەسی سێ یەمی تاک- دەرنەکەوتووە چونکە کارەکە رابردووی تێنە پەرە .

2- . کاری رستەکە ( تێگەیشتووە ) بگۆرە بۆ رانەبردووی راگەیاندن ( تێدەگات ) بکەر بەدەر کەوتووە چونکە رانەبردوە لەوانەکان باش تێدەگات ..... ات / جێناوی لکاوی بکەرە بۆ ك 3 ی تاك دەرکەوتووە

3- .وانەکان // ناوە - کۆیە - ناسراوە - تەواوکەری بەیاریدەیە .

4- .باش // ئاوەلناوی چۆنی یە ... ئەرکی تەواوکەری کارە

دانانی م-عبدالقادر مەلازادە - هەولێر - بۆ پەیوەندی 07504642682

## ( ئەرکی جێناوەی لکاو لەدەوری بـــەرکـــار )

*** دو کۆمەلە جێناوی یەکەم و دووەم دەبنە بەرکار (م- مان / ت–تان / ی – یان ) و ( م –ین / یت – ن / # - ن )

*** بەرکار تەنها لەگەل کاری تێپەر دا دێت

*** دەبێت دوو جێناوی لکاو یان زیاتر لەرستەدا هەبێت .....

@@ **ئەگەر کارەکە داخوازی تێپەر بوو** : جێناوەکانی ( م-مان- ی. یان ) دەبنە بەرکار بە دوو شێواز :-

جێناوی لکاوی بەرکار لە کاری داخوازی دا یان دەچێتە دواى - بـ - ئەگەر سادە بوو - بەلام ئەگەر ناسادە بوو دەچێتە دواى بەشی یەکەمی کار

م = بەرکارە    ە = جێناوی بکەرە    یـ - بەرکارە    یان = بەرکارە

کاری سادە / بـــــمـــبــەخشـــە // بـمـان بەخـشـــە    بـیـبــەخشن // بـیـان بەخشن ← ن= بکەرە

م = بەرکارە    مان = بەرکارە

کاری ناسادە // بانگـــمـــبــکە // بانگمان بکە    بانگی بکە ن // بانگیان بکەن ← ن - بکەرە

تێبینی // ( هەر دوو جێناوی ( ت - تان ) لەگەل کاری داخوازیدا نابن بە بەرکار ,,,

@@ **لەگەل کاری رانەبردوو** :- - جێناوەکانی ( م – مان – ت – تان – ی – یان ) دەبنە بەرکار بە – دوو – شێواز :-

ئەگەر رانەبردووی تێپەری سادەبوو بەرکار دەچێتە دواى – دە - بەلام ئەگەر ناسادە بوو بەرکار دەچێتە دواى بەشی یەکەمی کارەکە

م – مان - بەرکارن    یێت - بکەرە

** کاری سادە ....... دە مـنـا سێت / دەمان ناسـێت    دە تـنـاسێت / دە تان ناسێت    دە ی ناسێت / دە یان ناسێت

ت= بەرکارە    ین = بکەرە

** ناسادە .... هەلـت دەبژێرین – هەلـمان دەبژێرێـت    هە لـم دەبژێرین / هەلـتان دەبژێرن    هەلـی دەبژێرن / هەلـیان دەبژێرن

** شایانی باسە – لەکاری رانەبردوو و داخوازی – جێناوی بکەر هەمیشە دەچێتە دواى رەگی کار

@@ **ئەگەر کارەکە رابردووی تێپەر بوو** :- کۆمەلەی یەکەم و دووەم دەبنە بەرکار بەم شێوازە :-

** جێناوەکانی ( م-مان – ت- تان –ی – یان ) دەبنە بەرکار - دوو جێناو بەدواى یەکدا دێن جێناوی یەکەم بەرکارە و جێناوی دووەم بکـــەرە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

** جێناوەکانی ( م –مان – تا – تان – ی – یان ) دەبنە بەرکار –لەگەل رابردووی تێپەر دا :-

ئەگەر کارەکە سادە بوو بەرکار دەچێتە نێوان کارو جێناوی بکەر بەلام لە کاری ناسادە بەرکار دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کار ...

کارە      م- بەرکارە      ی - بکەرە

گرتمی ........................ بە واتای ...( ئەو منی گرت )

گرتمی / گرتمانی      گرتتی / گرتتانی      گرتی // گرتیانی

برد تیان / برد تانیان      برد میان / برد مانیان      برد- یان / برد یانیان

تێبینی/ لە کەسی سێ یەمی تاك جێناوی بەرکار هەیە بەلام بۆ سوکی زمان دەر ناکەوێ

دامی مەزراند– دامانی مەزراند      داتی مەزراند      داتانی مەزراند      دا ی مەزراند – دایانی مەزراند

یارمەتیمی دا – یارمەتیمانی دا      یارمەتیتی دا      یارمەتیتانی دا      یارمەتی دا – یارمەتیانی دا

** جێناوەکانی ( م . ین –یت . ن - × ن ) لەگەل کاری رابردووی تێپەر دەبنە بەرکار بە سێ شێوە :-

1- ئەگەر کارەکە سادە بوو ( م –مان – ت- تان ) بکەر بوون ئەوا جێناوی بەرکار دەچنە دوای جێناوی بکەر :-

ن- بەرکارە      ت- بکەرە      تان- بکەرە      ن- بەرکارە

گرتمن – گرتمانن      ناردمیت - ناردتن      گرتتن - گرتتانن

2-.ئەگەر کارەکە سادە بوو ( ی – یان ) بکەر بوون ( م-ین –یت-ن - # - ن ) دەبنە بەرکار و دەچنە پێش جێناوی بکەر :-

تان – بەرکارە      یان- بکەرە

گرتمی      گرتتی      گرت # ی      ناردمیان      ناردمانیان      نارد تا نیان

گرتینی      گرتنی      گرتنی

لێرە جێناوی لکاوی بەرکار دەر نەکەوتووە چونکەکارەکە رابردووی تێپەرە

3-. بەلام ئەگەر کارەکە رابردووی تێپەری ناسادە بوو – جێناوەکانی ( م-ین-یت-ن-# - ن ) دەبنە بەرکارو هەمیشە دەچنە کۆتایی کار :-

دای مەزراندم / دای مەزراندین      یارمەتیان دام / یارمەتیان د این

دای مەزراندیت / دای مەزراندن      یارمەتیان دایت / یارمەتیان دان

دا ی مەزراند # / دای مەزراندن      یارمەتیان دا # / یارمەتیان دان

ی- بکەرە

# لێرەدا جبێناوی لکاوی- بەرکار بەدەر نەکەوتووە لەگەل کاری رابردووی تێپەر بۆکەسی 3 ی تاك

** بەکورتی – لەکاری رابردووی تێپەر ئەگەر ( ی – یان ) هەبوو هەمیشە بکەرن . ئەگەر جێناوێکی تری پێوە لکا ئەوە جێناوەکەی تر بەرکارە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

/// لەکرمانجی سەروو – جێناوەکانی ( م – ین / ی – ن / # - ن ) دەبنە بەرکار و دەچنە کۆتایی کارەکە

ئازادی ئەز دیتم - ئازادی ئەم دیتین   ئازادی تو دیتی – ئازادی وە دیتن   ئازادی ئەو دیت #   ئازادی وی دیتن   ئازادی وان دیتن

** نەرێ کردنی کاری داخوازی :-

*** ئەگەر کارەداخوازیەکە سادە بوو – جێناوی بەرکار دەچێتە وای ئامرازی نەرێ ی مـ ...... مەیان نێرن   مە مبەن

*** ئەگەر کارە داخوازیەکە – نا سادە بوو – جێناوی بەرکار دەچێتە دوای بەشی یەکەم ...... هەلی مەبژێرن   رامان مەگرن

پ // کەی جێناوی لکاو ی بەرکار دەرناکەوێت ؟

وەلام / - جێناوی لکاو لەدەوری بەرکار بەدەر ناکەوێت لەگەل کاری رابردوی تێپەر بۆ کەسی سێ ی تاك وەك ( رزگاری کرد # ) - ( هەلیبژارد )

گرنگ // ::

** بەرکار هە میشە دەر دەکەوێت لە گەل هەردوو کاری 1- داخوازی تێپەر 2- رانەبردووی تێپەر ( بینێرە = دە تنێرین )

** بۆ زانین // ئەگەر لە رستەدا ناوێك لە سەرەتا هاتبوو – ئەوە جێناوی لکاو نابێتە بەرکار ... کتێبەکەمانی بۆ بردن / مامۆستاکەیان خەلاتکرا

## نەخشەی بەرکار

## لە کاری - رانەبردوو ی تێپەر + داخوازی تێپەر

### داخوازی تێپەر

( م- مان – ی – یان )

- داخوازی سادە → سەر نیشانەی بـ → بمان بەخشە / بیبەخشن
- داخوازی ناسادە → دوای بەشی یەکەمی کار → هەلمبژێن – رزگاریبکەن

### نەرێ ی داخوازی

- نەرێ ی سادە → دوای ئامرازی نەرێ → مەینێرن
- نەرێ ی ناسادە → دوای بەشی یەکەمی کار → هەلیمەبژێرن

### رانەبردووی تێپەر

( م – مان - ت – تان - ی – یان )

- رانەبردووی سادە → بەرکار دەچێتە دوای - دە → دە تان ناسین- دە مناسێت
- رانەبردووی ناسادە → بەرکار دەچێتە دوای بەشی یەکەم → هەلمدەبژێرن - دایدەمەزرینن

### رانەبردوی تێپەری – نەرێ

- سادەی نەرێ → بەرکار دەچێتە دوای – نا → نا مناسێت - نا تان نێرین
- ناسادەی نەرێ → بەرکاردەچێتەدوای بەشی یەکەم → هەلی نابژێرین – دایان دەخەین

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## نەخشەی بەرکار

### لەکاری رابردووی تێپەڕ

**جێناوەکانی ( م – مان – ت – تان – ی – یان )**

دەبنە بەرکار

کارەکە سادە بوو

نێوان کار و بکەر

گرتمی – گرتمانی

گرتتی - گرتتانی

نەرێ کردن

دواى ئامرازی نەرێ

نەتمگرت - نەمتگرت - نەمیگرت

نەما نیگرت - نەتیانگرت - نەتانیانگرت

کارێك ناسادە بوو

دواى بەشی یەکەمی کار

هەلمی بژارد – هەلتی بژارد

هەلمانتان بژارد – هەلیانتان بژارد

هەلمتان بژارد - هەلتیان بژارد

نەرێ کردن

وەك خۆیەتی –دواى بەشی یەکەم

**جێناوەکانی ( م – ین – یت – ن – # – ن )**

دەبنە بەرکار

کارەکە سادە بوو

ئەگەر- م- مان – ت- تان - بکەر بن

دوا ی جێناوی بکەر

گرتمن – گرتمانن

گرتتن – گرتتانن

نەرێ کردن

بەرکار دەچێتە کۆتایی کار

نەمان گرتن – نەت گرتین

کارەکە سادە بوو

ئەگەر- ی – یان بکەر بن

پێش جێناوی بکەر

گرتمی - گرتینی

گرتیتی – گرتنی

گرت # ی - گرتنی

نەرێ کردن

بەرکار دەچێتە کۆتایی کارەکە

نەی گرتم – نەیان گرتین

**لەکاری ناسادە- بەرکار هەمیشە دەچێتە کۆتایی کارەکە ( ئەرێ و نەرێ )**

هەلیانبژاردم – هەلیانبژاردین    هەلیان بژاردیت – هەلیان بژاردن    هەلیانبژارد # - هەلیانبژاردن

هەلتان نە بژاردن    هەلمان نەبژاردیت    هەلیان نەبژارد #    هەلتنەبژارد # هەلمنە بژاردن

### راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 49

جێناوی کەسی لکاوی ( تان , ین ) لە دوو رستەدا بەکاربێنە .    تان / بکەرە - ین/ بەرکارە

** لە رستەی یەکەمدا تان بکەربێت و ین بەرکاربێت ................ (( بردتانین بۆ گەشتە دوورەکە ))

** لەرستەی دووەمدا تان بەرکاربێت و ین بکەر بێت .................... (( دە تان نێرین بۆ گەشتەکە خۆشەکە ))

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

راهێنان -2 - لاپەرە 49      ئەرکی جێناوە لکاوەکان لەم رستانە دیاری بکە :-

1- بەجوانی سەیری کردین ……… ی- لەدوای سەیر - ئەرکی بکەرە      ین // لەکۆتایی کارەکە = ئەرکی دیارخەری ناوە

2- بەوردی خوێـندمـنـەوە ……مـ – لە کۆتایی کارەکە = بـکـەرە      ن // لە پێش پاشگرەکە - بـەرکارە

3- دەمانـنـێرن بۆ ئاهەنگەکە ………… مـان = بەرکارە      ن = ئەرکی بکـەرە

4- هێنا مانیان بۆ ئێرە ……………… مان = ئەرکی بەرکارە      یان = ئەرکی بکەرە

راهێنان – 3 – لاپەرە 49 – 50      وەلامی راست هەلبژێرە :-

1- جێناوی - ن - دەبێتە بەرکارلەگەل کاری :- ئـ -رابردوی تێپەر      بـ - رانەبردووی تێپەر      پـ - داخوازی تێپەر      تـ - هەموویان

2- ( بانگما نـکردیت ) – ئەگەر کاری رستەکە بگۆرین بۆ رانەبردووی راگەیاندن دەبێتە :-

ئـ -بانـگمان دەکەیت      بـ -بانـگما نـدەکردیت      پـ -بانـگتـدەکەین      تـ- با نـگـتـنا کەین

3- ( ومرتان دەگرتـین ) دەتوانین - یـن - بگۆرین بە - مان - چونکە کارەکە :-

ئـ-رابردووی تێپەرە      بـ- رانەبردووی تێپەرە      پـ-داخوازی تێنە پەرە      ت- رابردووی تێنە پەر

4- ( هەلت بژارد ) – ئەگەر کاری رستەکە بکەینە داخوازی – دەبێتە :-

ئـ -هەلیبژێرم      بـ - هەلیان بژێرە      پـ -هەلی بژێرە      تـ - هەلت بژێرن

5- ( بانگیـکردم بۆ ئاهەنگەکە ) ئەرکی جێناوی لکاوی - م - چی یە :-

ئـ-بکەرە      بـ - بەرکارە      پـ- تەواوکەری بەیاریدەیە      ت - دیار خەرە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وەلامەکان :- | 1= ئـ | 2= پ | 3= ئـ | 4= پ | 5= بـ |

راهێنانی ( 4 ) لاپەرە - 50

لـە رستەی (( پار هەڵــی بــژاردیـن ))..

1-- ( یـن ) چی یە و ئەرکی چی یە ؟. بۆچی خراوەتە ئەو شوێنە ؟

ین = جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ . بەرکارە –خراوەتە ئەم شوێنە چونکە کارەکە رابردووی تێپەرە

2-- ئەگەر ( ین ) بگۆرین بۆ ( مان ) دەکەوێتە کوێ و بۆچی ؟

ئەگەر- ین – بگۆرین بۆ - مان – ئەوا مان – دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە چونکە - مان – لە کۆمەلەی یەکەمە و کارەکە رابردووی تێپەری دارژاوە بەم شێوەیە (( پـا ر هــەـلـمـا نــی بــژا ر د )).

* رستەکە بگۆرە بۆ رانەبردوو و هــەردوو جێناوە لکاوەکانیش شی بکەوە ؟ ( هـە ڵــمـان دەبــژ ێــر ێـت )

مان // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی یەکەمی کۆ بەرکارە      ێت // جێناوی لکاوە بۆکەسی سێ یەمی تاک بـکــەرە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( هەڵبژاردنەکانی بەشی – ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری بەرکاردا )

1- کۆمەڵە جێناوی (م-مان/ ت-تان / ی –یان ) دەبن بە بەرکار لەگەڵ کاری :-

1-رابردوو و رانەبردوی تێپەڕ    2-رانەبردوی تێپەرو داخوازی تێپەر    3 وەڵامی 1+ 2 ڕاستن

2- کۆمەڵە جێناوی (م- ین / یت – ن / $ - ن ) دەبن بە بەرکار لەگەڵ کاری :-

1-رابردوی تێپەر+ داخوازی تێنە پەر    2-رابردوی تێپەر    3- رابردوی تێنە پەر

3- لەکاری رابردوی تێپەری سادە کۆمەڵەجێناوی (م –مان /ت-تان / ی-یان ) دەبن بە بەرکار و دەچـنە :-

1-دوای بەشی یەکەمی کارەکە    2- نێوان کارەکەو جێناوی لکاوی بکەر    3- دوای جێناوی بکەر

4- لەکاری رابردوی تێپەری ناسادە دا کۆمەڵەجێناوی (م – مان /ت-تان / ی-یان ) دەبن بە بەرکار و دەچـنە :-

1-دوای جێناوی بکەر    2- کۆتایی کارەکە    3- دوای بەشی یەکەمی کارەکە

5- ئەگەر کارەکەرابردووی تێپەری سادە بوو و بکەرکەسی سێ یەم نەبوو جێناوەکانی (م –ین / یت – ن / $ - ن ) دەبنە بەرکار و دەچـنە :-

1- دوای جێناوی لکاوی بکەر    2- کۆتایی کارەکە    3- پێش جێناوی لکاوی بکەر

6- جێناوەکانی (م –ین / یت – ن / $ - ن ) دەبنە بەرکار لەکاری رابردووی تێپەری ناسادە ئەگەر بکەری رستەکە کەسی سێ یەم بێ – دەچـنە :-

1-دنێوان کار و جێناوی بکەر    2- کۆتایی کارەکە    3- دوای بەشی یەکەمی کارەکە

7- لەکاری ( ڕای گرتین ) جێناوی لکاوی – یـن - ئەرکی چی یە : -    1- بـکـەر    2- بەرکارە    3- دیارخەرە

8- لە کاری ( گـرتـمـانـی ) جێناوی – مان- ئەرکی چی یە :    1- دیارخەرە    2- بکەرە    3- بەرکارە

9- لەگەڵ کاری رانەبردووی سادە - جێناوەکانی (م –مان /ت-تان / ی-یان ) دەبن بە بەرکار و دەچـنە :-

1-کۆتایی کارەکە    2- دوای نیشانەی – دە    3-دوای جێناوی بکەر

10- لەگەڵ کاری رانەبردووی ناسادە جێناوەکانی (م – مان /ت-تان / ی-یان ) دەبن بە بەرکار و دەچـنە :-

1-کۆتایی کارەکە    2- دوای نیشانەی – دە    3-دوای بەشی یەکەمی کارەکە

11- لە کاری ( دە م نـاسێـت ) جێناوی - م – ئەرکی چی یە :-    1- بکەرە    2- دیارخەرە    3- بەرکارە

12- لە کاری داخوازی سادە جێناوی لکاو لە دەوری بەرکار دەچێتە :-    1- کۆتایی کارەکە    2- دوای بکەر    3- سەر نیشانەی - بـ

13- لە کاری داخوازی ناسادە – جێناوی لکاو لە دەوری بەرکار دەچێتە :-    1- دوای بەشی یەکەمی کار    2- کۆتایی کار    3- دوای نیشانەی کار- بـ

14- جێناوی لکاو لە دەوری بەرکار بۆ کەسی سێ یەمی تاکی لە رستەدا دەرناکەوێت ئەگەر کارەکە :-

1-رابردوی تێنە پەر بوو    2- رابردووی تێپەر بوو    3- رانەبردوو بوو

15- جێناوە لکاوەکانی ( ت , تان ) نابنە بەرکار لەگەڵ کاری    1- رانەبردوو    2- داخوازی    3- رابردووی تێپەر

16- جێناوی لکاوی ڕێژەی کارلە رابردووی بەردەوامی راگەیاندندا دەکەوێتە دوای نیشانەی ( دە ) ئەگەر کارەکە :

1-تێپەر و سادە بێت    2- تێپەر و ناسادە بێت    3- تێنە پەر و سادە بێت

1=16   2=15   2=14   1=13   3=12   3=11   3=10   2=9   3=8   2=7   2=6   1=5   3 =4   2=3   2=2   3=1

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( ئەركی جێناوی لكاو وەك تەواوكەری بەیاریدە )

- جێناوی لكاوی تەواوكەری بەیاریدە لە رستەدا دێت ئەگەر یەكێك لەم ئامرازە پەیوەندیانە لە رستەكە هاتبێت ( بۆ - تێ - لێ - پێ ) .
- ئەو وشەیەی كە جێناوی تەواوكەری بەیاریدەی پێوەیە یان بكەرە یان بەركارە یان جێگری بكەرە یان ئامرازی پەیوەندی یە :-
- ئەگەر بكەر یان بەركار یان جێگری بكەر لابەرین – جێناوی تەواوكەری بەیاریدە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی ,

**یەكەم // ئەگەر كارەكە تێنە پەر بوو ( رابردوو و رانەبردوو )**

** لە گەل كاری تێنە پەر - جێناوەكانی ( م – مان , ت – تان , ی – یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە و دەچنە دوو شوێن :

*** یان دەچێتە دوای بكەر یان دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی .. وەك

A - ئەگەر بكەر هاتبوو- دەچنە دوای بكەری رستەكە :-

پارەكەم بۆ هات     پارەكەمان بۆ نەهات     پارەكەی بۆ دێت     پارەكەیان بۆ دێت ......... ... پارە = بكەرە و جێناوەكان هەمویان ت بەیاریدەن

-B- ئەگەر بكەر نەهاتبوو دەچنە دوای ئا- پەیوەندی :-

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بۆم هات | بۆمان هات | پێمان گەیشت | پێیان گەیشت | بۆی هات | ...............رابردوو |
| بۆم دێت | بۆمان دێت | بۆت دێت | پێتان دەگات | پێمدەگات | ............. رانەبردوو |

**دووەم // ئەگەر كارەكە داخوازی تێنە پەر بوو –( م –مان - ت – تان – ی – یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە و یەكسەر دەچنە دوای ئامراز :-**

پێمان بگەن     پێم مەگەن     تێم بگەن     بەجوانی تێمان بگەن     لێیان گەڕێ     لێمان گەڕێن

**سێ یەم // ئەگەر كارەكە داخوازی تێپەر بوو جێناوەكانی ( م-مان- ت- تان – ی – یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە و دەچنە دوای بەركار**

بەلام - ئەگەر بەركار نەهاتبوو تەواوكەری بەیاریدە دەچێتە دوای ئامراز :-

پێنوسەكەم بۆ بێنە     بۆم بێنە     هۆنراوەكەیان بۆ بلێ     بۆیان بلێ     گۆرانی بۆی مەلێ     بۆی مەلێ

بەركارە     م- ت بەیاریدەیە

**چوارەم // ئەگەر كارەكە را نە بردووی تێپەر بوو : – ( م-مان- ت- تان – ی – یان ) دەبنە تەووكەری بەیاریدە دەچنە دوای بەركار**

بەلام ئەگەر بەركار نەهاتبوو جێناوی ت – بەیاریدە دەچێتە دوای ئامرا ز :-

جلەكانت بۆ دەشوات // بۆت دەشوات     كارەكە مان بۆ دەكەن // بۆ مان دەكەن     نامەكە ی بۆ نا بات // بۆ ی نابات

- ئەگەر کارەکە بکەر نادیار بوو:-(م-مان-ت-تان-ی-یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە دواى جێگری بکەر ,
- بەلام ئەگەر جێگری بکەر نەهاتبووجێناوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای ئامراز : -

- ت- بەیاریدەیە

خانووەکەمان بۆ تەواو کرا بۆمان تەواو کرا هۆنراوەکە ی بۆ بلاودەکرێتەوە بۆی بلاودەکرێتەوە بۆ ی بلاو ناکرێتەوە

نەخۆشەکە تان بۆ چارەسەر کرا بۆ تان چارەسەر کرا // نەخۆشەکەیان بۆ چارەسەر نەکرا بۆ یان چارەسەر نـەکرا

پێنجەم // ئەگەر کارەکە رابـــر د و و ی تێپەربێت : - هەردوو- کۆمەلەی یەکەم و دووەم - دەبنە تەواوکەری بەیاریدە :-

( م- مان / ت-تان / ی- یان ) , (م , ین / یت,ن / Ø, ن )

** جێناوەکانی ( م-مان-ت- تان – ی – یان ) لەگەل رابردووی تێپەر دەبن بە تەواوکەری بەیاریدەو یەکسەر دەچنـە دوای ئامرازی پەیوەندی -:

کارەکەی بۆم کرد کارەکەی بۆت نە نجامدا نامەکەی بۆ ی نە نووسی داوەتەکەی بۆ تان سازکرد

** تان – ت- بەیاریدەیە

** جێناوەکانی ( م-ین- یت- ن – # – ن ) لەگەل رابردووی تێپەر دەبنە تەواوکەری بەیاریدەو دەچنە کۆتایی کار

نامەکەی لێ وەرگرتـیت هۆنراوەکەی بۆ چاپکردن هەوالەکەیان پێ راگەیاندین دیاری یەکەی بۆ نارد # → ت – بەیاریدە دەر نەکەوتووە

پارەکەی بۆ ناردم پارەکەی بۆ ناردین

پارەکەی بۆ ناردیت پارەکەی بۆ ناردن

پارەکەی بۆ نارد Ø پارەکەی بۆ ناردن

ت- بەیاریدە دەر نەکەوتووە

تێبینی / جێناوی لکاو لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە بەدەر ناکەوێت ئەگەر کارەکە رابردووی تێـپـەر بێت ...بۆکـ 3 ی تاك

*** کورتە ی تەواوکەری بەیاریدە //

- ئەگەر کارەکە تێنە پەر بوو - جێناوی ت بەیاریدە دەچێتە دوای بکەر – ئەگەر بکەر لابەرین - ت بەیاریدە دەچێتە دوای ئامراز.
- ئەگەرکارەکە ( داخوازی تێپەربوو یا رانەبردووی تێپەربوو ) – ت بەیاریدە دەچێتە دوای بەرکار - بەرکار لابەرین - ت بەیاریدە دەچێتە دوای ئامرازەکە .
- ئەگەر کارەکە بکەر نادیار بوو – جێناوی –ت بەیاریدە دەچێتە دوای جێگری بکەر – ئەگەر جێگری بکەر لابەرین - ت بەیاریدە دەچێتە دوای ئامراز.
-
- ئەگەر کارەکە رابردووی تێپەر بوو- کۆمەلەی یەکەم دەبنە تەواوکەری بەیاریدەویەکسەر دەچنە دوای ئامراز بەلام کۆمەلەی دووەم دەچنە کۆتایی کار .
- تێبینی گرنگ / جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە یەکسەر دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی لەگەل هەردوو کاری -رابردووی تێپەر و داخوازی تێنە پەر کا رەکەی بۆ مان کرد ** پێمان بگەن

- کۆمەلەی دووەم تەنها لە یەك شوێن دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەل کاری رابردووی تێپەر و دەچنە کۆتایی کار
- ئەگینا لە هەموو شوێنەکانی تر کۆمەلەی یەکەم دەبنە تەواوکەر جا یان دەچنە دوای بەرکارو جێگری بکەر یان دەچنە دوای ئامراز- ناچنە کۆتایی کار.

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

ناسینەوەی جێناوی تەواوکەری بەیاریدە :-

1- مەرجە ئامرازێکی پەیوەندی هەبێت لە رستەکە ( بۆ –بە – پێ – لێ – تێ )
2- ئەگەر ئەو ناوەی کە جێناوەلکاوەکەی پێوەیە لابەرین ج و جێناوەکە بچێتە دوای ئامراز – ئەوە تەواوکەری بەیاریدەیە
نامەکەم پێگەیشت .... نامە لابەرین دەبێتە...... پێـمگـەیشت

پرسیار //لەرستەی ((نامەکەی بۆ ناردم)) وەلامی ئەمانە بدەوە ؟
A - جێناوەکان دەست نیشان بکەو ئەرکیان دیاری بکە ؟ وەلام / ی – ئەرکی بکەرە م / ئەرکی تەواو کەری بەیاریدەیە .واتە( ئەو بۆ منـی نارد )
B--کاری رستەکە بگۆرە بۆ نزیکی دانانی ؟ ........... وەلام / نارد... بیگۆرین بۆ نزیکی دانانی دەبێتە ( ناردبا )

ئەگەر بەرکار لابەرین جێناوی ت بەیاریدە دەچێتە کوێ ؟ . وەلام – هەر لە کۆتایی کار دەمێنێتەوە چونکە کارەکە رابردوی تێپەرە – دەبێتە ( بۆی ناردم )

پرسیار //لە رستەی (( هەوالە خۆشەکەم پێـگەیشت ))

لەنێوان ( هەوال ) و ( خۆش )– ە – چی یە ؟ ە / ئامرازی دانە پاڵە // م – ئەرك چی یە ؟ . م – ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیە
کوا بکەری رستەکە ؟ هەوالەخۆشەکە – بکەرە ...

- پ // جێناوەکانی ( م-مان –ت –تان – ی – یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دەچـنـە کوێ ئەگەر ( بکەر یان –جێگری بکەر یان بەرکار ) لابرابوو ؟
وەلامەکەی دەلێـیـن – یەکسەر دەچنە دوای ئامراز...

مامۆستا عبدالقادر مه لازاده كۆيى

دانانی- م-عبدالقادر مەلازادە - هەولێر - بۆ پەیوەندی 07504642682

## (( نەخشەی تەواوکەری بەیاریدە ))

### کـ 1 ( م-مان – ت-تان – ی – یان )

دەبن بە ت - بەیاریدە

1-/ ئەگەر کارەکە داخوازی تێپەڕ+ ڕانەبردووی تێپەڕ بوو

- بەرکار هاتبوو/ دواى بەرکار
  - نامەکەمان بۆ بێنە
  - نامەکەم بۆ دەهێنێت
- بەرکار نەهاتبوو- دواى ئامراز
  - بۆمـان بـێـنـە
  - بۆم دەهێنێت

### کـ 2 ( م-مان – ت-تان – ی – یان )

دەبن بە ت - بەیاریدە

2- / کارەکە داخوازی تێنە پەڕ بوو

یەکسەر دەچنە دواى ئامراز

تـێمـان بگەن - پـێـیـان بگـە

### تەواوکەری بەیاریدە

3-/ ئەگەر کارەکە تێنە پەڕ( ڕابردو + ڕانەبردوو ) + بکەر نادیار بوو

( م – مان – ت-تان –ی – یان )

دەبنە ت- بەیاریدە

- بکەر هەبوو دەچنە دواى بکەر
  - ( نامەکەمان بۆ هات ) – نامەکەم بۆ دێت
  - جێگری بکەر هەبوو دەچنە دواى جێگری بکەر
  - خانووەکە ت بۆ فرۆشرا
- بکەر نەبو و دەچنە دواى ئامراز
  - بۆمان هات – بۆم دێت
  - جێگری بکەر نەبوو – دواى ئامراز
  - بۆ ت فرۆشرا - بۆتان دەفرۆشرێ

4 - / کارە کە ڕابردوی تێپەڕ بوو

- کۆمەڵەی یەکەم یەکسەر دەچنە دواى ئامراز
  - بەسەرهاتەکەی بۆ مان باسکرد
  - بۆ مـا نـی باسکرد
- کۆمەڵەی دووەم دەچنە کۆتایی کار
  - بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد یـن
  - بۆ ی باسکرد یـن

.................. ................ ................... ............... .............. ............... ..................

بۆ زانین // هەرکاتێك دوو جێناوی لکاو بەیەکەوە بە ناوێکەوە لـکان - ئەوا جێناوی تەنیشت ناوەکە دیار خەرە و ئەوەی تر بکەرە :

نموونە :- کتێبەکە تانـم بۆ ناردن ...... تان = دیارخەرە ...... م = بکـەرە ..... ن= ت – بەیاریدەیە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 55

کەی جێناوی لکاو لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە لە رستەدا بەدەر ناکەوێت ؟ بۆچی ؟.

وەلام // لەگەڵ کاری رابردووی تێپەردا جێناوی لکاو وەك تەواوکەری بەیاریدە بەدەر ناکەوێت ئەگەر جێناوەکانی ( م-ین-یت-ن-#-ن ) بەکار هاتن

.. وەك :- وانەکانی بۆ نووسی Ø جلەکانی بۆ شووشت Ø

تەواوکەری بەیاریدە دەرنەکەوتووە

## راهێنان - 2- لاپەرە 55

لە رستەی (بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم *** دوندی هەڵگورد گۆرەپانی هەڵگورد نیم )

1- ت ـ لەرستەی - بۆت نووسیوم // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك .. ئەرکی بکەرە ( بەواتای تۆ بۆ منت نووسیوە )

ت –لە رستەی - بۆت بنووسم // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ..ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیە( واتا من بۆتۆ دەنووسم )

2- م / لەدوای - نووسیوم // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك-ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیە

م / -لەدوای - بنووسم // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك ئەرکی بکەرە

## راهێنان - 3 - لاپەرە 55   وەلامی راست هەڵبژێرە :-

1- لەرستەی – دیاریەکەمان بۆ ناردیت - جێناوی لکاوی – یت – ئەرکی چی یە :-

ئـ-بکەرە   ب- بەرکارە   پ - تەواوکەری بەیاریدەیە   ت- دیارخەرە

2- لە رستەی ( قەلەمەکەم لێ دەبات ) بگۆرین بۆ -رابردووی نزیکی راگەیاندن – دەبێتە :-

ئـ-قەلەمەکەم لێی برد   ب -قەلەمەکەی لێم برد   پ - قەلەمەکەم لێ بردی   ت- قەلەمەکەی برد

3- کۆمەلە جێناوی ( م-ین – یت-ن - # - ن ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری :-

ئـ-رابردوی تێپەر   ب-رانەبردوی تێپەر   پ-داخوازی تێنە پەر   ت-رابردووی تێنە پەر

4- لەرستەی ( شیعرەکەی بۆ نووسیم ) ئەگەر - م - بگۆرین بۆ - ت - رستەکە دەبێتە :-

ئـ -شیعرەکەت بۆی نووسی   ب-شیعرەکەم بۆت نووسی   پ-شیعرەکەی بۆت نووسی   ت- شیعرەکەی بۆ نوسیت

5- لە رستەی - کلاوەکەم لێوەر دەگرێت ) – جێناوی لکاوی – م – ئەرکی چی یە :-

ئـ-بکەرە   ب- بەرکارە   پ- تەواوکەری بەیاریدەیە   ت- دیار خەرە

| وەلامەکان :- | 1= پ | 2=ب | 3= ئـ | 4= پ | 5= پ |
|---|---|---|---|---|---|

## راهێنان 5 لاپەرە 56   شیکردنەوە

لە رستەی ( ولاتەکە یان لێ دابەشکردین ))

1- 1- ین – چی یە؟ بۆچی خراوەتە ئەوێ ؟

- ین // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ئەرکی ت- بەیاریدەیە دەچێتە کۆتایی کارەکە چونکە کارەکەرابردووی تێپەرەو بەرکار باس کراوە .

2- لێ - شی بکەرەوە ؟ ====== لێ // ئامرازی پەیوەندی یە

3 - ئەگەر –یـن – بگۆرین بۆ –مان – دەچێتە کوێ ؟ بۆچی ؟ وەلام – مان دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی- لێ ... چونکە کارەکە رابردووی تێپەرە .

4 - ئەگەر ناوی ( ولاتەکە ) لاببەین - یان - دەچێتە کوێ ؟ بۆچی ؟

ئەگەر ( ولاتەکە ))لابەرین - یان – دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی – لی- چونکە کارەکە رابردوی تێپەرە و بەرکار لابراوە دەبێتە :-

( لێـمـا نـیان دابە شکرد )

## ( هەڵبژاردنەکانی بەشی – ئەرکی جێناوی لکاو لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە )

1- لەگەڵ کاری رانەبردووی تێپەڕنەگەر –بەرکار هاتبوو جێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە :-
1-دوای بەرکار    2- دوای ئامرازی پەیوەندی    3- کۆتایی کار    4- دوای جێناوی بکەر

2- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو لەکاری رانەبردووی تێپەڕ جێناوەکانی ( م-مان-ت-تان-ی-یان ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچـنە :-
1-دوای بەرکار    2- دوای ئامرازی پەیوەندی    3- کۆتایی کار

3- لە کاری – پێم دەبەخشێ – جێناوی – م - ئەرکی چی یە :-    1-بکەرە    2- بەرکارە    3- تەواوکەری بەیاریدەیە

4- لە رستەی – نامەکە م بۆ ناردێت – جێناوی لکاوی – یت – ئەرکی چی یە :-    1- بەرکارە    2- تەواوکەری بەیاریدەیە    3- بکەر

5- ئەگەر بەرکار هاتبوولەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ جێناوەکانی ( م - مان - ت –تان – ی – یان ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە :-
1- دوای بەرکار    2- دوای ئامرازی پەیوەندی    3- کۆتایی کار

6- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو لەکاری داخوازی تێپەڕ جێناوەکانی( م- مان - ت –تان – ی – یان ) بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچـنە :-
1-دوای بەرکار    2- دوای ئامرازی پەیوەندی    3- کۆتایی کار

7- لەگەڵ کاری رابردوی تێپەڕجێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و یەکسەر دەچنە :-
1-دوای بەرکار    2- دوای ئامرازی پەیوەندی    3- کۆتایی کار

8- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو لەکاری رابردوی تێپەڕ جێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچـنە :-
1-دوای بەرکار+ پێش جێناوی بکەر    2- دوای ئا- پەیوەندی و پێش جێناوی بکەر    3- کۆتایی کار

9- لەکاری رابردوی تێنە پەڕ ئەگەر بکـەری رستەکە لابرابوو جێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) تەواوکەری بەیاریدە دەکەونە :-
1-دوای ئامرازی پەیوەندی    2- کۆتایی کار    3- دوای بەشی یەکەمی کار

10- لەکاری رابردوی تێنە پەڕ جێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە دەکەونە :-
1-دوای ئامرازی پەیوەندی    2- کۆتایی کار    3- دوای ناوی بکـەر

11- لە کاری بکەر نادیاردا- جێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) دەبنە تەواو کەری بەیاریدە و دەچـنە :-
1-کۆتایی کارەکە    2-دوای ئامرازی پەیوەندی    3- دوای جێگری بکەر

12- ئەگەر جێگری بکەر باس نـەکرابوو لە کاری بکەر نادیاردا- جێناوەکانی ( م- مان - ت –تان – ی – یان ) -دەبنە تەواوکەری بەیاریدەو دەچـنە :-
1-کۆتایی کارەکە    2-دوای ئامرازی پەیوەندی    3- بە جێگری بکەر ەوە دەلکێت

13- لە کاری – بۆی ناردین – جێناوی – یـن – ئەرکی چی یە :-    1- بەرکار    2- دیارخەر    3- تەواوکەری بەیاریدە

14- لەکاری ( پێت بەخشرا ) جێناوی – ت – ئەرکی چی یە :-    1-تەواوکەری بەیاریدەیە    2- بکەرە    3- بەرکارە

15- جێناوی لکاو لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە بۆ کەسی سێ هەمی تاک بەدەر ناکەوێت ئەگەرکارەکە :-
1-رابردووی تێنە پەڕ بێ    2- رابردووی تێپەڕ بێ    3- رانەبردووی تێنە پەڕ بێ

16- لە رستەی ( وانەکانی بۆ نوسی ) جێناوی لکاو لەدەوری تەواوکەری بەیاریدە :-
1-دەرنەکەوتووە    2- – ی – لەدوای نووس    3- جێناوی – ی – لەدوای وانەکان

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

17- لەرستەی ( نامەکەی بۆ ناردیت ) ئەگەر بەرکار لابەرین – جێناوی –ی –دەچێتە :-

1-دوای ئامرازی پەیوەندی    2- کۆتایی کارەکە    3- دەرناکەوێت    4- دوای ئامرازی لێکدەر

18- لەرستەی ( نامەکەی بۆ ناردیت ) ئەگەر بەرکاری رستەکە لابەرین – رستەکە دەبێتــە :-

1-بۆتی نارد    2- بۆی ناردیت    3- بۆی نارد

19- لەرستەی ( دەبێت پارە م پێ بدەیت ) – جێناوی – م – ئەرکی چی یە :-    1- بکەر    2- بەرکار    3- تەواوکەری بەیاریدە

20- لەرستەی ( بۆت سووتاوم ) جێناوی – م – ئەرکی چی یە :-    1- بکەر    2- تەواوکەری    3- دیارخەر

21- لەرستەی ( بۆت دەسوتێم ) جێناوی – ت – ئەرکی چی یە :-    1- تەواوکەری بەیاریدە    2- بکەر    3- بەرکار

22- لەرستەی ( هەوالی سەرکەوتنەکەم پێ راگەیاندن )جێناوی – م – ئەرکی :-    1- بکەر    2- تەواوکەری بەیاریدە    3- دیارخەر

23- رستەی (( نامەکەیان بۆ یان نارد )) ئەگەر رستەکە بگۆرین بۆرابردووی تەواوی دانانی رستەکە دەبێت بــە :-

1- نامەکەیان بۆیان ناردووە    2- رەنگە نامەکەیان بۆیان ناردبێت    3- دەبوو نامەکەیان بۆ ناردبێتن

24- لە رستەی ( پارەکەی لێ خواردین ) جێناوی لکاوی – ین – ئەرکی :-    1-بەرکارە    2- دیارخەرە    3- تەواوکەری بەیاریدە

25- لە رستەی ( پارەکەی لێ خواردین )- ئەگەر ئامرازی پەیوەندی لابەرین . ئەرکی جێناوی – ین – دەبێتــە چــی :-

1- بکەر    2- بەرکارە    3- دیارخەری ناو

26- ئەگەر لەرستەی ( پارەکەی لێ خواردین ) جێناوی – ین – بگۆرین بۆ - یـان – ئەوا جێناوی –یان – دەچێتە کوێ :-

1-کۆتایی کارەکە    2- دوای ئامرازی پەیوەندی    3- دوای بەرکار    4- دوای بکەر

27- لەرستەی ( ولاتەکەیان لێ دابەش کردین ) - ئەگەر بەرکاری رستەکە لابەرین - یان – دەچێتە کوێ :-

1-دوای ئامرازی پەیوەندی    2- دوای کارەکە    3- دوای جێناوی بکەر    4- دوای بەشی یەکەمی کار

28-جێناوەکانی ( م-ین-یت-ن- # - ین ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری :-

1-رابردووی تێپەر    2- رانەبردووی تێپەر    3- داخوازی تێپەر    4- داخوازی تێنە پەر

29-جێناوەکانی ( م –ین – یت –ن - # - ن ) دەبن بە تەواوکەری بەیا ریدەو یەکسەر دەچــنــە :-

1- دوای بکەر    2- دوای بەرکار    3- دوای ئامراز    4- کۆتایی کار

30-جێناوەکانی ( م-مان – ت- تان – ی – یان دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و یەکسەر دەچـنە دوای ئامرازی پەیوەندی لەگەڵ کاری :-

1-داخوازی تێپەرو رانەبردوی تێپەر    2-داخوازی تێنە پەرو رابردووی تێپەر    3-رنەبردووی تێنە پەرو داخوازی تێپ

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1=1 | 2=2 | 3=3 | 2=4 | 1=5 | 2=6 | 2=7 | 2=8 | 1=9 | 3=10 | 3=11 | 2=12 | 3=13 | 1=14 | 2=15 | 1=16 |
| 1=17 | 2=18 | 3=19 | 1=20 | 1 =21 | 1 =22 | 2=23 | 3=24 | 3=25 | 2=26 | 1 =27 | 1 =28 | 4 =29 | 2 =30 | | |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# (( رستـــە گـــۆڕیـــن ))

■ بۆ ئەوەی رستە لە شێوازێکەوە بگۆڕین بۆ شێوازێکی تر  پێویستمان بە چەند هەنگاوێکە .... وەك :-

1- جێناوی بکەر دیاری بکە . ئینجا جێناوەکەی تر
2- جێناوەکە کەسی چەندەم بێت دەبێت هەمان جێناوی کەسەکە وەربگرین . وەك  ین- لە کۆمەلەی 2 یەکەمی کۆیە - بەرامبەرەکەی –مان- ە لە کــۆ 1
3- کاری رستەکە – بگێرەوە بۆ – چاوگ- ئەو جا بە گوێرەی پرسیارەکە – کارەکە ی لێ درووست بکە ..
4- ئەگەر کارەکە دانانی بوو- وشەو کاری یاریدەدەر لادەبەین - - بە پێچەوانەشەوە یاریدەدەری بۆ دادەنێین ئەگەر راگەیاندن بگۆڕین بۆ دانانی
5- بۆ ناسینەوەی راستی وەلامەکە – بە گوێرەی کارەکە نەرێ ی بکە – ئەگەر گونجا تەواوە ئەگینا هەلەت کردووە ...
6- ئەگەر کارەکە – تێنە پەر – بوو تەنها جێناوی بکەر دەگۆڕین

یەکەم // ئەگەر کارەکە رابردووی تێـنــە پەر بوو - بیگۆڕین بۆ رانەبرد وو ::- (( دە + رەگ + جێناوی کـــۆ 3 ))

■ تەنها کارەکە دەکەین بە رانەبردوو- ئینجا - جێناوە بکەرەکەش - دەگۆڕین بۆ کۆمەلەی سێ یەم :

■ جێناوەکانی کۆمەلەی دووەم ( م - یـن // یـت – ن // # – یان )

دەگۆڕین بۆجێناوی بەرامبەرەکانیان

■ بـــۆ کۆمەلەی ســـێ یەم ( م – ین // یت – ن // ات + ێت – ن )

( لەسەربانەکە نووستیـن ). دەبێت بە ( لەسەربانەکە دەنویـن ) ......... ( لە تاقیکردنەوەکەسەرکەوتن ) دەبێتە ( لە تاقیکردنەوەکە سەر دەکەون )

** ئێمە لە گۆڕینی کاری تێنە پەردا دەستکاری تەواوکەرەکانی ناو رستەکە ناکەین وەك خۆی دەینوسینەوە : - بۆ نموونە

(( لە خانووەکەی ئێمە دانیشتووە )) .... لەم رستەیەدا گرێ ی ( لەخانووەکەی ئێمە ) تەواوکەرە ... بۆیە دەستکاری ناکەین وەك خۆی دەینوسینەوە

بەلکو تەنها ئیشمان بە کارەکە و بە بکەرەکەیە ... کارەکە دەکەین بە رانەبردوو - بکەرەکەش دەگۆڕین بۆ کۆمەلەی سێ یەم

• لەو رستەی سەرەوە ( دانیشتووە ) کارەکەیە هەروەها --- جێناوی بکەر # کە بەتالەو دەرنەکەوتووە

رەگی دانیشتن = دانیش ...... جێناوی بەتال دەبێتە – یـت ........ دا + دە + نیش + ن == دادەنیشێت

بۆیە رستەکە دەبێتە --- ( لەخانووەکەی ئێمە دادەنیشـێـت )

بۆ نموونەرستەی ( لەسەربانی ما لەکەتان نووستوونـە ) -- کارەکەی رابردووی تێنە پەرە .... بکەرەکەی کەسی سێ ی کۆیە – ن –

ئەگەر بیگۆڕین بۆ رانەبردوو .... تەنها جێناوە بکەرەکە دەگۆڕین - لە کـــ 2 بۆ کـــ 3 ( ن بـــۆ یـت )

رستەکە دەبێتە // ( لەسەربانی مالەکەتان دەنـوو ن )

نموونەی زیاتر //     نامەکەی گەیشت #..... دەبێتە ... نامەکە دەگات //// -- هەوالەکەیان پێگەیشت ... دەبێتە .... هەواکەیان پێدەگات

** ئەگەر بکەر ( هەوالەکە ) لابەرین لە رستەی ( هەوالەکەیان پێگەیشتووە ) رستەکە بکەین بە رانەبردوو دەبێتە ( پێـیـان دەگات )

** بالندەکان گەرانەوە ...... دەبێتە .... بالندەکان دەگەرێـنـەوە ....... مندالەکەتان نووستووە تەوە.... دەبێتە .... مندەلەکەتان دەنوێـتەوە

** بە شاخەکەدا سەرکەوتیـن ... دەبێتە ..... بەشاخەکەدا سەردەکەویـن ............... کۆترەکانت هەلفرین ..... دەبێتە ... کۆترەکانت هەلدە فـرن

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

دووەم // ئەگەر کارەکە رابردووی تێپەڕ بوو – به دوو شێواز دەکرێت بە ڕانەبردوو :-

1- ئەگەر – بکەر و بەرکار – لە کۆمەڵەی یەکەم بوون – ئەوا بەس جێناوە بکەرەکە دەگۆڕین بۆ کۆمەڵەی سێیەم : وەك

نمونە// (( سەردانــمــا نــیــکرد )) هەردوو جێناوەکە –مان + ی – کۆمەڵەی یەکەمن - کەواتە تەنها جێناوی بکەری – ی – دەگۆڕین بۆ – ا ت -

ڕستەکە دەبێتە ..(( سەردانــمــان دەکات )) ........ لێرەدا ( مان وەکوخۆی مایەوە بەڵام- ی –گۆڕا بۆ – ا ت )

** پرۆژەکەیان بۆمان تەواو کرد............ دەبێتە .. .. پرۆژەکەمان بۆ تەواو دەکەن

** پارەکەتانی خوارد ......... دەبێتە .................. پارەکەتان دەخوات

** ولاتەکەتــانــیان داگیر کرد....... دەبێتە ............. ولاتەکەتان داگیر دەکەن

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

2- ئەگەر جێناوێکی کۆمەڵەی -1- بکەر بوو- جێناوێکی کۆمەڵەی دووەمیش هاتبوو - سێ گۆرانکاری دەکەین :-

هەردوو جێناوەکان دەگۆڕین -- جێناوی بکەر دەگۆڕین بۆ کۆمەڵەی 3 --- جێناوەکەی تر دەگۆڕین بۆ کۆمەڵەی 1

کارەکەش دەکەین بە رانەبردوو – واتە (( دە + رەگی کارە+ جێناوی کۆ 3 ))

نموونە // ( سەردانیــکــرد یــن ) ....... ی – کــ 1 دەیگۆڕین بۆ کــ3 دەبێتە ا ت ---- یــن کــ 2 دەیگۆڕین بۆ کــ1 دەبێتە – مان -

-- کرد -- کارەکەیە – بۆ ئەوەی بیکەین بە رانەبردوو رەگی وەردەگرین – دەبێتە – کــە - کەواتەرستەکە دەبێتە -- ( سەردا نمــان دەکــأ ت )

■ جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ( م - مان // ت – تان // ی – یان )

جێناوی بەرامبەرەکانیان

■ دەگۆڕین بۆ کۆمەڵەی سێیەم ( م – ین // یت – ن // ات + ێت – ن )

■کۆمەڵەی دووەم ( م–ین – یت–ن - # –ن ) دەگۆڕین بۆ کۆمەڵەی یەکەم ( م- مان – ی –یان – ت- تان )

** نامەکەمــانی خوێنــدەوە ..... نامەکەی خوێند یــنــەوە )) . هەردوو ڕستەکە یەك وەلامیان هەیە- دەبێتە ... نامەکەمان دەخوێــنــێــتــەوە

** ئاین کۆی کردیــنــەوە --- ئاین کۆمانی کردەوە )).....هەردوو ڕستەکە بکەین بە رانەبردوو یەك وەلامیان هەیە .. ( ئاینْ کۆمان دەکاتەوە )

** بانگی کردیت .. ... بکەین بە رانەبردوو ئەو – با نگــت دە کــات ئەو – لادەبەین دەبێتە = با نــگــت دە کــات

** ولاتەکەیان لێ داگیر کردین == ئەوان ولاتەکەمان لێ داگیر دەکەن = ئەوان -لادەبەین دەبێتە === = ولاتەکەمان لێ داگیر دەکەن

نموونە // نامەکەی بردیت جێناوی- ی – دەبێتە ات .... جێناوی یت – دەبێتە –ت - .کارەکە بکە دە + رەگ – ئینجا شوێنیان بگۆرە

ڕستەکە دەبێتە بە -- ئەو نامەکەت دەبات ئەو لابەرین دەبێتە :(( نامەکەت دەبــات ))

** ڕستەی // نامەکەتی هێنا ..دەبێتە ...نامەکەت دەهێنێت --------- پێنوسەکەی بردیت .... دەبێتە -- پێنوسەکە دەبات

** ڕستەی // نامەکەیان پێگەیشت ==== ئەوان نامەکەیان پێدەگات ======= دەبێتە ------- نامەکەیان پێدەگات

سێ یەم // رستەگۆڕین لە رانەبردوو بـــۆ رابردوو :- دوو جۆرە گۆڕین درووست دەبێت و هەردوکیان راستن :-

■ ئەگەر کارەکە رانەبردووی تێپەر بوو :- دوو جۆر رستەی لێ درووست دەبێت ... بۆ نموونە :- فێرمان دەکات

1- دەتوانین تەنها جێناوی بکەر – ات - بـگۆڕین بۆ - ی - کـــۆمەلەی 1 دەبێتە – فێرمانـــی کرد

-2 دەتوانین جێناوی بکەر بگۆڕین بۆ - کـۆ 1 هەروەها جێناوەکەی تر بگۆڕین بۆ کـــۆ 2

فێرمان دەکات ---- دەبێتە ---- فێری کردین ................ مان - کرا بە – یـن - - ات- کرا بە – ی

** دەتوانین بە دوو شێوە رستەك بکەین بە رابردوو کـــ 1 ( م –مان –ت- تان – ی – یان ) --- کـــ 2 ( م- ین- یت- ن- # -ن )

فێرمان دەکات ... دەبێتە ... فێرمانـــی کرد.......هەروەها دەبێتە ..... فێری کرد ین

هەلـــتـــدەبژێرێت ← ئەگەر جێناوی کـــ 1 بەکار بێنین .....دەبێتە ← هەلـــتـــیـــبژارد

ئەگەر جێناوی کـــ 2 بەکاربێنین -- دەبێتە ← هەلـــیـــبژارد یـــت ( هەردوو رستە راستن کامەی دابوو لە پرسیار ئەوی هەلبژێرە)

■ بەلام ئەگەر رانەبردووی تێنە پەر بوو :-

** تەنها جێناوی بکەر دەگۆڕین بۆ جێناوی کـــۆ 2

میوانەکە یان دەرو ات .... میوانەکەیان یان رۆیشت # .................. لەم رستەدا. تەنها -ات – گۆڕاوە بۆ جێناوی بەتال #

بە فرۆکە دەرۆیت بۆ حەج ...... بەفرۆکە رۆیشتـــیت بۆ حەج ................. لەم رستەدا - یت- لە کـــۆ 3- گۆڕاوە بە - یت -لە کـــۆ 2

کاتەکەم لێ دەروات . دەبێتە ..... کاتەکەم لێ رۆیشت # ... .................. نامەکەمان پێدەگات ... دەبێتە .. نامەکەمان پێگەیشت #

مندالەکان دەسورێنەوە ...... دەبێتە ..... مندالەکان سوڕانەوە ......... بەسەر چیاکە سەر دەکەون ..... دەبێتە ..... بەسەر چیاکە سەرکەوتن

تێبینی // 1- بۆ کاری دانانی هەمان ئەو خالانەی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت .. بەرەچاوکردنی ( دانان – یا – لابردنی ) کاری یاریدەدەر لەسەرەتای رستە

بۆ نموونە // نامەکەم پێدەگات .** بیکەین بە رانەبردوی دانانی // دەبێت نامەکەم پێ بـگات بۆ رابردوو ی دانانی// دەبوو نامەکەم پێگەیشتبا

یان بە پێچەوانەشەوە :- لەکاری دانانی بیکەین بە کاری راگەیاندن :- وەك

** رستەی ( دەبوو کارەکەتان کردبا . )…. بیگۆڕین بۆ رابردوی راگەیاندن. ( کارەکەتان کرد ) بیکەین بە دووری دانانی ( کارەکەتان کردبوو )

** رستەی ( دەبێت باشتر بخوێنن )….. بیگۆڕین بۆ رانەبردووی راگەیاندن .. ( باشتر دەخوێنن ) بیکەین بە داخوازی ( باشتر بـخوێـنـن )

تێبینی 2 :- ئەگەر کارەکە داخوازی بوو – یان بیکەین بە داخوازی : تەنها جێناوەکانی – ە – ن - دەگۆڕین بۆ کەسی دووەمی تاك یان کۆ

** خانووەکە نۆژەن بکەنەوە .../ بۆ رابردوودەبێتە /خانووەکەتان نۆژەن کردەوە ..... بۆ رانەبردوودەبێتە // خانووەکە نۆژەن دەکەنەوە

** دەبێت خانووەکە نۆژەن بکەیتەوە // بیگۆڕین بۆ داخوازی دەبێتە ..... خانوەکە نۆژەن بکەوە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

پرسیار // ( لە رستەی ( خانووەکەمان پێ بفرۆشن ).... ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ رابردووی نزیکی دانانی. رستەکە دەبێت بە چی ؟

وەلام / یەکەم جار کاری رستەکە دەکەینەوە بە چاوگ .بفرۆشن – لە – فرۆشتن – وەرگیراوە -- ئەمجا بە پێ ی پرسیارەکە کاری لێ درووست دەکەین و دەیکەین بە رابردووی نزیکی دانانی و کارەکە دەبێتە – فرۆشتبـا ..... هەروەها کارێکی یاریدەدەر لە سەرەتای رستە دادەنێین ئینجا – جێناوەکانی لەسەر جێ بەجێ دەکەین ....لە رستەکەدا – ن – بکەرە و کەسی 2 ی کۆیە لەبەر ئەوەی کارەکە تێپەرە -ن- دەبێتە - تان ... هەروەها دەتوانین لە جیاتی جێناوی – مان – هەردوو جێناوی ( مان - یاخود – ین ) بەکار بهێنین واتەدەتوانین بە دوو رێگا رستەکە بگۆڕین .و هەردوو رستەکە راستن :- وەك ...

** ئەگەر مان – نەگۆڕین و وەك خۆی لێبگەڕێین – رستەکە دەبێت بە .... ( دەبوو خانووەکەتان پێـمان فرۆشتبا )

** ئەگەر مان- بگۆڕین بۆ – یـن - رستەکە دەبێتە .. (( دەبوو خانووەکە تان پێ فرۆشتبا یـن ))

پرسیار // ئەگەر رستەی ( هۆنراوەکە دەخوێنێتەوە ) بگۆڕین بۆ - رابردوی نزیکی راگەیاندن ... رستەکە دەبێتە چی ؟

وەلام// کاری رستەکە دەکەینەوە بە چاوگ ...دەخوێنێتەوە - دەبێتە - خوێنـدنـەوە- ..... نونی چاوگ لادەبەین – دەبێتە = خوێنـدەوە

بۆیە دەبێت لە هەلبژاردنەکان کاری – خوێندەوە –ی تێدا بێت ... هەروەها جێناوی بکەرعەکس دەکەینەوە – یـت ... دەبێتە – ی - چونکە کارەکە تێپەرە

*** هۆنراوەکە – بەرکارە – بۆیە هەرکاتێك بەرکار لە رستەدا هاتبوو بکەر بە بەرکارەوە دەلکێت و دەبێتە – هۆنراوەکەی .....

بەم شێوەیە رستەکە دەبێتە == (( هۆنراوەکە ی خـو ێـنـد ە وە ))

پرسیار // ئەگەر رستەی (( فێرتـان کردین )) بگۆڕین بۆ شێوازی داخوازی .... رستەکە دەبێت بە چی ؟

وەلام / کاری رستەکە - بریتی یە لە – فێرکردن – نوونی چاوگ لادەبەین دەبێتە – فێرکـرد – بیکەینە – داخوازی – دەبێتە – فیـربکــەن

تان- بکەرە دەبێتە – ن –لە کاری داخوازی دا ..... بۆیە کارەکە دەبێتە (( فێربـکەن – فێرکـەن ))

جێناوی – یـن – عەکس دەکەینەوە – دەبێتە – مان .... کارەکەش ناسادەیە – مان – دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە دوای – فێر –

بۆیە رستەکە دەبێتە (( فێرمـان بـکـە ن ))

پرسیار // لەرستەی ( راسپاردەکەی گەیاندم ) ئەگەر جێناوی - م – بگۆڕین بۆ – ت – رستەکە دەبێتە چی ؟

وەلام / کاری – گەیاند – وەك خۆی دەمێنێتەوە -- - جێناوی – م – دیارخەرە لە کـــ 2 بۆیە چووەتە کۆتایی کارەکە ... جێناوی – ی – بکەرە

ئەگەر – م- بگۆڕین بۆ – ت - دەچێتە دوای بەرکارەکە چونکە – ت – کۆمەلەی یەکەمە و دەچێتە دوای بەرکاری رستەکەو پێش جێناوی بکەر دەکەوێت

بۆیە رستەکە دەبێتە (( راسـپـا ردەکــە تـــی گەیاند ) ...... بەلام ئەگەر بیگوتبا - م- بکە بە – یــت - دەبوو بە (( راسپاردەکەی گەیاند یـت ))

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

**پرسیار //** ئەگەر رستەی ( **رەنگە خانووەکەی بکریـنـەوە** ) بگۆرین بۆ رابردووی تەواوی راگەیاندنی نـەرێ ... دەبێتە چی ؟

وەلام / کارەکە دەکەین بو چاوگ ... دەبێتە – **کرین** – بیکەین بە رابردووی تەواو دەبێتە = کریـ + وەت + وە == دەبیتە ( **کریوەتەوە** )

بیکەین بە نەرێ == **نەکریوەتەوە** ....... ئینجا کاری یاریدەدەر لادەبەین و و جێناوەکان ئالوگۆر پێ دەکەین

**ی** – وەك خۆی دەمێنێتەوە کە دیارخەرە و بە دیارخراوەکە دەلکێ ودەبێتە – **خانوەکەی** ...... جێناوی – **ین** –بکەرە - دەبێتە – **مان**

کەواتە .. رستەکە دەبێت بە (( **خانووەکەیـــمان کریـوە تـەوە** )) نەرێ ی بکەین دەبێتە (( **خانووەکەیـمان نـەکریـوەتەوە** ))

■ هەروەها ئەگەر بپرسێ بەرکار لابەرە رستەکە دەبێتە (( **کریومانـە تـە وە** )) بیگۆرین بۆ نەرێ (( **نەمان کریوەتەوە** )) بکەر دێتە دوای نەرێ

**پ//** لە رستەی (( **مامۆستاکەی ئێوە یان خەلاتکرد** )). ئەگەر جێناوی سەربەخۆ بگۆرین بۆ جێناوی لکاو و کارەکەش بکەین بە رانەبردوو.. رستەکە دەبێتە؟

و- جێناوی سەربەخۆی- **ئێوە** - دەبێتە - **تان** – دیارخەرە و ناوەدیارخراوەکە دەلکێ جێناوی - **ی** – دەبێتە – **ات** - چونکە بکەرەو دەچتە کۆتایی کارەکە

**خەلاتکردن** – چاوگەکەیە رەگی کاری لێ وەردەگرین - دەبیتە - دە + ( خەلات کە ) - چونکە پرسیارەکە دەلێت بیگۆرە بۆ – **رانەبردوو**

کەواتە رستەکە دەبێتە **ئەوان مامۆستاکەتان خەلات دەکەن --** ئەوان – لابەرین – دەبێتە (( **مامۆستاکەتان خەلات دەکەن** ))

**پرسیار /** ئەگەر کاری رستەی (( **لە باخچەکەماندا دەنوێت** )) بگۆرین بۆ رابردووی تەواو راگەیاندن .. چی دەر ناکەوێت ؟

**وەلام //** ( **بکەر بەدەر ناکەوێت** ) چونکە کاری رستەکە = دەنوێت – لە چاوگی _ نووستن – وەرگیراوە . بۆ رابردوو دەبێتە - **نووست** + **ووە** – **نیشانەی تەواو**

ئەگەر جێناوی بکەری - **ێت** – بکەین بە رابردوو **هیچ جێناوێکی بەرامبەر نی یە** لە کۆمەلەی 2 بۆ کـــــ3 ی تاك ( **واتا بکەر دەرناکەوێت** )

بۆیە کارەکە دەبێتە - **نووستووە** --- رستەکەش دەبێتە = - (( **لە باخچەکەماندا نووستـووە** ))

**کـــــــۆ تـــــا یـــــــی رســـتـــە گـــۆ ر یـــن**

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

وەرزی دووەم – ڕێزمان

## ( ئاوەڵناو لەروی پێکهاتەو ڕۆنانەوە )

**ئاوەڵناو //** وشەیە کە وەصفی ناوێك یان جێناوێك دەكات وئەركی دەبێتە دیار خەری ناو - یان ژەواوكەری بەیاریدە - یان دیارخەری هاوەڵناوێكی تر ..

** چــایەكە شیرینە //. لێرەدا وەصفی چایەكە كراوە كە چۆنە ( شیرینە ) بۆیە –شیرین - لێرە ئاوەڵناوە و تەواكەری كاری ناتەواوە .

** چیایەكە بەرزە–بەرز - ئاوەڵناوە // (كچەكە پرچی درێژە ) –درێژ – ئاوەڵناوە // ( بایەكە بەهێزە ) بەهێز – ئاوەڵناوە

بەلام** نامەكەی دابە شیرین - لێرەدا وەصفی تێدا نی یە تەنها خەبەردانە لە پێدانی نامە بە شیرین . بۆیە لێرە - شیرین - ناوە و هاوەڵناو نی یە

** شیرین هات – شیرین – لێرەدا ناوە هاوەڵناو نی یە     زیرەكەكە یەكەم بوو – زیرەكەكە – لێرەدا ناوە هاوەڵناو نی یە

- **- ئاوەڵناو لە رووی ڕۆنانەوە دوو جۆرە : -**

**یەكەم :: - ئاوەڵناوی سادە** - لە یەك وشەی سادەی واتادار پێك دێت بێ پێشگرو پاشگر . وەك ( جوان –ناسك–زیرەك –نەرم - ڕێك – بەرز – گەرم – بلند –خێرا – سپی – پاك – رەسەن – ئازا – هەژار – ترش – هتد...... )

**دووەم // هاوەڵناوی ناسادە .. دوو جۆرە ( دارژاو + لێكدراو )**

**هاوەڵناوی دارژاو:-** لەوشەیەكی سادەی واتادار پێك دێت لەگەل پێشگرێك یان پاشگرێك - یا ن پێشگر و پاشگری پێوەبێ .

- **ڕێگاكانی درووستكردنی هاوەڵناوی دارژاو:-**

1- ( ناوی سادە + پاشگر ) // هۆشیار شاخەوان مەلەوان شەرمن رەنگین كوردایەتی پیاوانە بریندار بەهرەمەند پۆلاین

2- ( پێشگر + ناوی سادە ) // بەرێز بێ شەرم بەجەرگ بێكا ر ناحەز ناپیاو بێ سوود

3-هاوەڵناوی سادە + پاشگر // رووناك پیسكە نەرمك گێلۆكە رەقەن نەرمان گەرمێن وردە یەكەمە رەقەن حەوتەم

4-. پێشگر + هاوەڵناوی سادە // ناپاك نارێك ناشیرین نارەسەن نەخۆش

5-. ڕەگی كار + پاشگر // ترسناك خوێنراو نووسەر فرۆشیار فرۆشراو زانا دانا بینراو

6-. پێشگر + ڕەگی كار // نەزان بـوێر نەبەز بكوژ نەمر بگۆڕ نابیست

7-. قەدی چاوگ + پاشگر // بردە كردە شكەستی سۆتی كەوتوو نووستوو ترساو سووتاو بەستراو رزیو مردوو شكاو

8-. پێشگر + ڕەگی كار + پاشگر // نابینا بخۆر نەزۆك

**نموونە //** نەزۆك == پێك هاتووە لە.... (( پێشگری – نـە // زیٚ – ڕەگی زان // ۆك پاشگر )) ......... كەلێرەدا بزوێنی – یٚ – تیا دەچێت

**هاوەڵناوی لێكدراو :** – لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێك دێت ...... بەم ڕێگایانەی خوارەوە :-

1- ناو + ناو // – دلسۆز   ددان زێڕ   چاوباز   گەردن بلوور   بەژن چنار

2- ناو + ئامراز+ناو //- كاربەدەست   دەست بەسەر   دەم بەخەندە   چەك بەشان   گول بەدەم   قوڕ بەسەر

3- بە دووبارە كردنەوەی ناوێك// پارچە پارچە   دەم دەم   لەت لەت   شەق شەق   چین چین   ڕێ ڕێ   جێجێ   كەرت كەرت

4- ئاوەڵناوی ژمارە + ناو // – دوو دڵ   چوارڕیان   دوو ڕوو   دووزمان   چوارشانە   یەك ڕەنگ

5- ناو +هاوەڵناو // – باڵا بەرز   چاو جوان   سەر سپی   دڵ ڕەق   سەرگەورە   خوێن شیرن   زمان لووس   دەست بلاو

6- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو // – بۆرە دەولە مەند   پاك و خاوێن   شۆخ و شەنگ   سۆر و سپی

7- ئاوەڵناو + ئامراز + ناو // – كورتە باڵا   پیرەمێرد   جوانە مەرگ   شۆرە ژن   گێلە پیا و   ڕەشە ووڵاغ   سوورە قەڵا

8- ناو + ڕەگی كار // – قورئان خوێن   ئاشتی خواز   خوێن ڕێژ   مێژوو نووس   شەو ڕۆ   بانگخواز   گۆشت فرۆش

9- هاوەڵناو + ڕەگی كار // – خۆشنووس   گەشبین   ڕەشپۆش   دوور بین   ڕاستگۆ   ڕەش بین   كورت بین   ووردبین

10- دووبارەبوونەوەی اوەڵناوی سادە := كەم كەم   جوان جوان   وورد وورد   گەرم گەرم   ساردسارد   سوورسوور

11- هاوەڵكار + ناو // – ژێردەست   بن دەست   كەم خەو   بندیوار

11- ناو + ڕەگی كار + پاشگر // شەركەر   چاو چنۆك   دەستشۆر   ڕە نجدەر   خەباتكەر   جلشۆر   ڕاوكەر

** بۆ زانین // ئەم چوار ڕێگایەش هەیە بەلام لە مەنهەج باسی لێ نەكراوە :

1-.ئاوەڵناو + ناو // ........ خۆش باوەر   زلهێز   بەد بەخت   بەدكار

2- ئاوەڵناو + ئامراز + ووشەكی بێ مانا // – نەرم و نۆل   ڕێك و پێك   گورج وگۆل   شێت و وێت   بەزم و ڕەزم   گێل و وێل

3- *ئاوەڵكار + ڕەگی كار+ پاشگر* //- زۆر خۆر   كەم خۆر

4- ناو + قەدی چاووگ + پاشگر //- دلشكا و   ستەم دیدە   با بردوو   مار گەستی

## ڕاهێنانی ( 1 ) لاپەرە 64

1-دەتوانین هاوەڵناوی دارێژراو لە هاوەڵناوی لێكدراو جـیا بكەینەوە بەم شێوانەی لای خوارەوە :-

** ئاوەڵناوی دارژاو لە ووشەیەكی سادەی واتادار لەگەل پێشگر یان پاشگر یان هەردووكیان پێكدێت . وەك:

ئاسنگەر ... مەلەوان ... نەخۆش .... نابینا ... نەزۆك   بخۆر ...نووسەر ... ژنانی ( مرۆڤی نەخۆش بێتوانایە )

** بەلام ئاوەڵناوی لێكدراو لە دوو ووشەی واتادار یان زیاتر پێكدێت .. وەك :-

شۆرە ژن ..... چاو باز ...... چین چین ....گێلە پیاو ....دلخۆش ... ژێردەست.( گەلی ژێردەست خۆشی نابینێت )

2-.هاوەڵناوی دارێژراو لە ڕەگی كار درووست دەكرێت بە سێ ڕێگا . كە ئەمانەن :-

- پێشگر + ڕەگی كار ==ئاوەڵناوی دارژاو   نە + گۆر == نەگۆر   نە + مر == نەمر
- ڕەگی كار + پاشگر == ئاوەڵناوی دارژاو   خوێن + ەر = خوێنەر   نووس + ەر == نووسەر
- پێشگر + ڕەگی كار + پاشگر = ئاوەڵناوی دارژاو   نە+خوێن + راو= نەخوێنراو   نەزۆك , ,, بخۆ ر

ماموستا عبدالقادر مەلازادە كۆیی

3-. دەتوانین هاوەلناوی دارێژراو لە قەدی چاوگ دروست بكەین بەم رێگایانە : -

- قەدی چاوگی تێنەپەر+پاشگری –وو , و == ئاوەلناوی دارژاو كوژرا + و = كوژراو سووتاو نووستوو
- قەدی چاوگە تێنە پەر + پاشگری –ی == ئاوەلناوی دارژاو كەوت + ی = كەوتی سۆتی ,, مردی
- پێشگر +قەدی چاوگی تێنە پەر+ پاشگری ( وو, و ) = ئاوەلناوی دارژاو نە + سووتا + و نەسووتاو ... نەبرژاو , نەكەوتوو

4-. دەتوانین لە دوو ناو ئاوەلناوی لێكدراو دروست بكەین بە دووبارەكردنەوە ی ناوەكە بەدوای یەكدا ...

رێ رێ ... چین چین .... پارچە پارچە ... جار جار .... جێ جێ

## راهێنانی ( 2 ) لاپەرە 64

جۆر و شێوەی دروست بومی ئەم هاوەلناوانە دیار بكە

| هاوەلناوەكان | جۆرەكەی | شێوەی درووستبوونی |
|---|---|---|
| دەنگبێژ + راستگۆ | ئاوەلناوی لێكدراون | ناو + رەگی كار |
| سەر سپی | ئاوەلناوی لێكدراو | ناو + ئاوەلناوی چۆنی |
| كەوتوو | ئاوەلناوی دارژاو | قەدی چاوگی تێنە پەر + پاشگری –وو |
| نـەمـر | دارژاوە | پێشگر + رەگی كار |
| خەباتكەر | ئاوەلناوی لێكدراوە | ناو +رەگی كار + پاشگر |
| تێكۆشەر | ئاوەلناوی دارژاو | رەگی كار + پاشگری –ە ر - |
| نا شاد | ئاوەلناوی دارژاو | پێشگر + ئاوەلناوی سادە |

## راهینان – 3- لاپەرە 64 - 65

وەلامی راست هەلبژێرە :-

1- ( خەیاری گول بەدەم ناسكە ) هاوەلناوی - گوڵـبە دەم - دروست بوە بە دەستووری :-

ئـ-ناو + ئامراز +هاوەلناو ب - هاوەلناو+ئامراز ناو پ- ناو+ ئامراز + ناو ت -هاوەلناو + ئامراز + هاوەلناو

2- یەكێك لەم هاوەلناوانە درووست بووە بە دەستووری ( پێشگر + رەگی كار ) :-

ئـ -بەهێز ب - نەخۆش پ - بوێـر ت - بە دڵ

3- هاوەلناوی ( كۆنە دەولە مەند ) بە چ دوستورێك درووست كراوە : 1- ناو + ئامراز + هاوەلناو

ئـ- ناو + ئامراز + هاوەلناو ب - هاوەلناو + ئامراز+ ناو پ- ناو+ ئامراز+ ناو ت-هاوەلناو + ئامراز+ هاوەلناو

4- كام لەم هاوەلناوانە درووست كراوە بە دەستووری ( ناو + پاشگر ) :-

ئـ- پیاوكوژ ب- پیاوانە پ- پیاوەتی ت- پیاوان

5- ها وەلناوی- دوو دڵ - درووستبووە بە دەستووری :-

ئـ-ناو+ هاوەلناو ب- هاوەلناوی ژمارە + ناو پ- هاوەلناوی چۆنیەتی + ناو ت-هاوەلناو+ هاوەلناو

وەلامەكان :- 1= پ 2= پ 3= ت 4= ب 5= ب

## راهێنانی ( 4 ) لاپەرە 65

| رستەكان | هاوەلناوەكان | جۆرەكەی لەرووی بنچینەی ووشەكانەوە |
|---|---|---|
| 1- پێشمەرگە بە جەرگە | بەجەرگ | دارژاوە |
| 2- كچێكی نووسەریان خەلاتكرد | نووسەر | دارژاوە |
| 3- ئەدیسۆنی زانا خزمەتی مرۆڤایەتی كردووە | زا نـا | دارژاوە |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە كۆیی

# جۆرەکانی هاوەلکار لە رووی رۆنانەوە

**هاوەلکار** // وشەیەکە وەصفی کارێك دەکات لە رستەدا و ئەرکی تەواوکەری کارە .

- هاوەلکار لەروی پێکهاتەوە دوو جۆرە ( ئاوەلکاری سادەو ئاوەلکاری ئاسادە ( ئاسادە = دارژاو . لێکدراو ).

**هاوەلکاری سادە :: –** وشەیەکە واتای سەربەخۆی هەیە و پێشگرو پاشگری پێوە نی یە . وەسفی کاری رستەکە دەکات . وەك :–
( زوو – , درەنگ – . کەم . – زۆر .– خێرا – هێواش . گورج – .باش .– جوان .– خراپ . ...... هتد .. )–
( وەستا دەرگاکەی باش دروست کرد )..... واتا وەستاکە بەباشی دەرگاکەی درووستکردووە

**هاوەلکاری دارژاو //**

** **رێگاکانی درووسکردنی ئاوەلکاری دارژاو :**

1- پێشگر( بە ) + ناو // بەشەو بە رۆژ بەدل بە سال بە زستان بێ شك بێ گومان بە ناز بێ دایك بێ پارە

2- پێشگر + هاوەلکار // بە زۆر لەدوور لە ژێر لەناو لەسەر لە بن لە لا لە تەنیشت لە نزیك.

3- ناو + پاشگری – انە // رۆژانە شێرانە مندالانە سالانە

4- هاوەلناو + پاشگری - انە // مەرد + انە = مەردانە ..... ژیرانە . دلێرانە . چالاکانە ئازایانە

5- پێشگر + هاوەلناو + پاشگر // بە رێکی ... بە جوانی . بە باشی . بەخۆشی . بە گەرمی . بە چاکی . بەمەردی .بەئازادی . بە ئازایی

6- پێشگر + ناو + پاشگر // بە برایەتی ... بە سواری . بێ باکانە . بە پیاوەتی . بێ کەسانە . بێ کەسی

**تێبینی** // ئەم دوو جۆرەش هەیە بەلام لەم مەنهەج باس نەکراوە :–

7- ناو + پاشگر // .بەهار + ێ شەوێ رۆژێ زستانێ پیاوانە کوردانە ژنانە مندالانە دۆستانە

8- پێشگر +هاوەلکار + پاشگر // بەزۆری لەدووری لە نزیکی لەژێردا لەناودا لە سەردا بە کەمی بە پڕی

## ** هاوەلکاری لێکدراو :–

**رێگاکانی درووستکردنی هاوەلکاری لێکدراو :–**

1- ** دووبارەبوونەوەی ناو // نم نم جار جار دستە دستە چین چین جێ جێ رێ رێ تاقم تاقم کۆمەل کۆمەل

** دووبارەبوونەوەی هاوەلناو // جوان جوان هێدی هێدی ورد ورد

** دووبارە بوونەوەی هاوەلناوی ژمارە // یەك یەك دوو دوو سێ سێ سەد سەد

2- ناو+ ئامرازی ( بە ) + ناو // شاربەشار دار بە دار مال بە مال دێ بە دێ سال بە سال روو بە روو کۆلان بە کۆلان

3- ناو + ئامرازی ( ا و ) +ناو // دۆلاو دۆل سەراو سەر دەماو دەم پشتا و پشت

4- هاوەلناو + ئامرازی ( و ) + هاوەلناو // تێر و پڕ کز و مات پاك و خاوێن مات و مەلول کەر و لال قیت و قۆز

5- هاوەلناو+ئامرازی ( بە ) + ناو // پڕ بەدل پڕ بەدەم پڕ بە دەنگ

6- پێشگر +هاوەلناوی لێکدراو + پاشگر // بەسەربەرزی بەروو خۆشی بە دلخۆشی بەدلسادی بە دلشکاوی

7- هاوەلناوی نیشانە + ناو // ئەمسال .... ئەمرۆ .. ئەم شەو .. ئەوکات .. ئەو دەم ......

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ڕاهێنانی ( 1 ) لاپەرە 69

- جۆری شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵکارانە دیاری بکە .( ئەمڕۆ – بەگوڕ –تاقم تاقم – بەدۆستایەتی –منداڵانە )

| ئاوەڵکار | جۆرەکەی | شێوازی دروستکردنی |
| --- | --- | --- |
| ئەمڕۆ | هاوەڵکاری لێکدراو | ئاوەڵناوی نیشانە+ ناو |
| بەگوڕ | داڕژاو | پێشگر + ئاوەڵناوی چۆنی |
| تاقم تاقم | لێکدراو | دووبارەبوونەوەی ناوێك |
| بەدۆستایەتی | داڕژاو | پێشگر + ناو + پاشگر |
| منداڵانە | داڕژاو | ناو + پاشگر |

ڕاهێنانی ( 2 ) لاپەرە 69

1- جوان منداڵە جوانەکەی جوان پەروەردە کردووە .

جوان // ناوە تایبەتە تاکە ناسراوە ئەرکی بکەرە    منداڵ // ناوە ناسراوە دیارخراوە    ە //ئامرازی دانە پاڵە

جوانەکە // ناوە تاکە ناسراوە دیارخەری ناوی منداڵە    منداڵە جوانەکە // هەمووی پێکەوە گرێ ی ناوی یە .. ئەرکی بەرکارە

ی // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی تاك بۆ بکەر دەگەڕێتەوە ....    جوان // هاوەڵکاری چۆنی یە تەواوکەری کارە

پەروەردە کردووە // کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە . لێکدراوە . تێپەرە

2-گەلی کوردستان دلێرانە ڕا پەڕی

- گەلی کوردستان // گرێ ی ناوی یە بکەرە-    گەل // ناوە کۆمەڵە تاکە دیارخراوە    ی // ئا . دانە پاڵە

- کوردستان // ناوە تایبەتە تاکە دیارخەری ناوی گەلە    دلێرانە// هاوەڵکاری چۆنی یەتی یە داڕژاوە .. تەواوکەری کارە

- ڕاپەڕی //کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە .. داڕژاوە تێنە پەرە

ڕاهێنان – 3 – لاپەرە 69    وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :

1- کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە ( ناو + پاشگر ) :-    ئـ-ژیرانە    ب – هێمنانە    پ – ساڵانـە    ت- ئازایانە

2- هاوەڵکاری - ئـە مـرۆ - پێکهاتووە لە :-    ئـ - پێشگر + ڕەگی کار    ب -هاوەڵناو نیشانە+ ناو    پ – هاوەڵناو نیشانە+ ڕەگ    ت- پێشگر+ ناو

3- کام لەم هاوەڵکارانە لێکدراوە - :-    ئـ – تۆزاوی    ب- بێ شەرمانە    پ – ئەوسا    ت- منداڵانە

4- کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە ( پێشگر + هاوەڵکار ) :-    ئـ-بەزۆر    ب- بە گوڕ    پ -بە باشی    ت- بە ماڵ

5- ( پڕ بەدڵ بانگدەکەم سەربەستیم دەوێت ) هاوەڵکاری ئەم ڕستەیە چۆن دروستبووە :-

ئـ -ناو+ ئامراز+ ناو    ب -هاوەڵناو+ ئامراز+ هاوەڵناو    پ –هاوەڵناو + ئامراز+ناو    ت – پێشگر + ئامراز + ناو

وەلامەکان :-    1-پ    2= ب    3= پ    4= ئـ    5= پ

ڕاهێنانی ( 4 ) لاپەرە 69

ووشەی (( خراپ , منداڵانە )) لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە , بەمەرجێك جارێك بـبـێـت بە هاوەڵناو و جارێك بـبـێـت بە هاوەڵکار .

بـبـێـت بـە هاوەڵناو .......( کاری خراپ لە ئەنجامی باش نابێت ) ........( کاری منداڵانە مەکە )

بـبـێـت بـە هاوەڵکار.......( مۆبایلەکت خراپ بەکارمەهێنە ) ..... ( منداڵانە ڕەفتار مەکە )

مامۆستا عبدالقادر مەلا زادە کۆیی

# ( ڕ ا د ە ی ئاوەڵناوی و ڕادەی هاوەڵكاری )

**ڕادە ی هاوەڵناوی //** لە دوو هاوەڵناو ی یەك لە دوای یەك پێك دێت و پێویستی بە ئامرازی دانە پالی ( ە – ی ) نابێت ,,

- ڕادەی هاوەڵناوی لە دوو هاوەڵناو پێك دێت – بەم شێوەیە -:
- ئاوەڵناوەكەی یەكەم دەبێتە ڕادە لەهەمان كاتیش هاوەڵناوێكی نادیارە و ئەركی دیارخەرە ..
- بەڵام هاوەڵناوی دووەم ئاوەڵناوێكی چۆنیەتی یە و دیارخراوە
- هەردوو ئاوەڵناوەكە – بەیەكەوە دەبنە ( گرێ ی هاوەڵناوی ) و ئەركی دیارخەری ناو یان تەواوكەری كاری ناتەواو دەبینێت ,,
- تێبینی // مـــە رجــە – لە را د ە دا – هاوەڵناوی یەكەم یەكێك لەم هاووەڵناوە نادیارانە بێ و هاوەڵناوی دووەم هاوەڵناوی چۆنی بێ ..

- هاوەڵناوە نادیارەكان ئەمانەن ( زۆر – فـرە – كەم – كەمێك – هەندێك – گەلێك – بڕێك – تۆزێك – پیچێك – نەختێك – قیچێك – گەلێك ..

جوان – هائاوەڵناوی چۆنی یەتی یە / دیارخراوە
زۆر – ڕادەیە – هاوەڵناوی نادیارە – دیاخەری ناوە

كراسێكی **زۆر جوانـت** كـریوە )

زۆر جوان – گرێ ی هاوەڵناوی یە – ئەركی دارخەری ناوی كراسە

**ناسینەوەی هاوەڵناوی نادیار //** چۆن هاوەڵناوی نادیار بناسینەوە -: ئەگەر لە پێش ئەم وشانە ی باسمانكردن – زۆر – گـەلێك – فرە – كەمێك – هەندێك ئامرازی دانە پالی ( ە – ی ) هەبوو ئەوە هاوەڵناوی نادیارە , یان لەدوای هاوەڵناوەكە كاری ناتەواوی ( ە – بوو – دەبێت ) هەبوو

كارێكـی گەلێك با شـتان كردووە     دارە زۆر بەرزەكە مەبرنەوە     پارسال نمرە ی زۆر بەرز هاتبوو

هەویرەكە هەندێك ترشـــە     دۆیەكە زۆر بەتام بوو     گولەكە گەلێك جوانـــە

جوان – هاوەڵناوی چۆنی یە دیارخراوە
گەلێك – ڕادەی هاوەڵناوە
گەلێك جوان – گرێ ی هاوەڵناوی یە – تەواوكەری كاری ناتەواوە

پرسیار -: ڕادەی هاوەڵناوی – بە چی دیار دەخرێت ؟ ........وەلام /.. بە هاوەڵناوی نادیار دیار دەخرێت

- بۆ زانین // ئەگەر وشەكانی (( زۆر – فـرە – كەم – كەمێك – هەندێك – گەلێك – بڕێك – تۆزێك – نەختێك – قیچێك – گەلێك . هتد لە ڕستەدا كارەناتەواوەكانی ( ە – بوو – دەبێت ) ی لە دوا هات ئەوا ئەم وشانە دەبنە هاوەڵناوی نادیار و ئەركیان دەبێتە تەواوكەری كاری ناتەواو ئاوی ڕووبارەكە زۆرە ) –= زۆر بوو -- زۆر دەبێت

مامۆستا عبدالقادر مەلا زادە كۆیی

## رادەی ئاوەلکاری // دوو هاوەلکار بەدوای یەکدا دێن و وەصفی کاری رستەکە دەکەن – بەم شێوەیە :-

ئاوەلکاری یەکەم – رادەی هاوەلکاری یە و هاوەلکاری چەندی یە و ئەرکی دیارخەرە ...

ئاوەلکاری دووەم ..هاوەلکاری چۆنی یا شوێنی یا کاتی یە و دیار خراو ە.

,,,, ( کەوەکە زۆر باش دەخوێنێت )

زۆر – رادەی هاوەلکاری یە

باش – هاوەلکاری چۆنی یە

هەردوو ئاوەلکارەکە ( پێکەوە ) گرێ ی ئاوەلکاری درووست دەکەن و دەبن بە تەواوکەری کاری رستەکە ,,,

- هاوەلکار لەرستە دا چەند ئەرکی هەیە :- دوو ئەرکی هەیە – یان تەواوکەری کارە – یان – دیار خەری هاوەلکارێکی ترە...

گەلێك/ رادەیە رادەی ئاوەلکاری یە / ئاوەلکاری چەندی یە/دیارخەری هاوەلکارە

باش – هاوەلکاری چۆنی یە – دیار خراوە

( پێشمەرگەکان کوردستان گەلێك باش دەپارێزن )

گەلێك باش ) گرێ ی هاوەلکاری یە / تەواو کەری کارە

- چۆن هاوەلکاری چەندی بناسینەوە // ئەگەر وشەکانی وەك ( زۆر – هەندێك – کەمێك – هتد ) ئامرازی دانە پالی لە پێش نەهاتبوو یان کاری ناتەواوی لە دوا نەهاتبوو ئەوە لەم کاتەدا دەبێتە هاوەلکاری چەندی .. ( نابێتە هاوەلناو )

- پرسیار – کام هاوەلکار رادەی هاوەلکاری دەر دەخات ؟ وەلام – هاوەلکاری چەندی رادەی هاوەلکاری دەر دەخات

بۆ نموونە (( خانووەکەتان زۆر کۆنە ))

خانووەکە // ناوە تاکە ناسراوە – بەرکارە

تان // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ ... دیارخەری ناوی خانووە .

زۆر // رادەی ئاوەلکاری یە . ئاوەلکاری چەندی یە . دیارخەری ناوی خانووە .

کۆن // ئاوەلکاری چۆنی یەتی یە – دیار خراوە

زۆر کۆن // گرێ ی ئاوەلناوی یە – تەواو کەری کاری ناتەواوە .

ە // کاری ناتەواوە .

*** رستەی (( مامۆستاکەم گەلێك باش وانە شی دەکاتەوە ))

مامۆستاکە / ناوە تاکە ناسراوە – بکەرە

م // جێناوی لکاوە بۆ کـــ 1 تاك .. دیارخەری ناوە .

گەلێك // ئاوەلکاری چەندی یە – رادەی ئاوەلکاری یە .. دیار خەرە

باش // ئاوەلکاری چۆنی یەتی یە .. دیار خراوە

گەلێك باش // گرێ ی ئاوەلکاری یە – تەواو کەری کارە

وانە // ناوە گشتی یە نەناسراوە – بەرکارە

شی دەکاتەوە // کاری رانەبردووی راگەیاندنە – دارژاوە – تێپەرە .

( ا ت ) / جێناوی لکاوە بۆ کـــ3 تاك بۆ بکەر دەگەرێتەوە .

ەوە /- پاشگرە

پرسیار //لە رستەی (( هاورێ کورتە بالاکەی کارەکەی زۆر زوو ئە نجام دا ))

1- ووشەی ( کورتەبالا ) چی یە؟ چۆن درووستکراوە ؟

کورتە بالا // ئاوەلناوی چۆنی یە .لێکدراوە بەم دەستوورە درووستکراوە ( ئاوەلناو + ئامراز + ناو )

ووشەی ( زۆر ) چی یە ؟ ئەرکی چی یە ؟

ووشەی – زۆر // رادەی هاوەلکاری یە . دیارخەری هاوەلکاری کاتی ( زوو ) ە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 72

لەرستەی ( دارشتنێکی باشم بەجوانی نووسی یەوە ) ئەمانە وەلام بدەوە ؟

1- کاری رستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە ؟      وەلام / کاری رستەکە ( نووسی یەوە ) لە رێژەی رابردووی نزیکی راگەیاندندە دارژاوە

2- ( بەجوانی ) چی یە ؟ چۆن دروستکراوە ؟  بەجوانی = هاوەلکاری چۆنی یە -- بەم دەستووری ( پێشگر + ئاوەلناو + پاشگر ) دروستکراوە .

3-ووشەی باش چی یە ؟ ئەرکی چی یە ؟ .....    باش –ئاوەلناوی چۆنی سادەیە ..... ئەرکی دیارخەری ناوە

4-. وشەی زۆر بخەینە پێش پێش –باش – و پێش – بەجوانی - ....... ( دارشتنێکی زۆر باشم زۆر بەجوانی نووسی یەوە )

- لە گرێ ی - زۆر باش //  زۆر – رادەی ئاوەلناوی یە .. ئاوەلناوی نادیارە .. دیارخەرە

- لەگرێ ی - زۆر بەجوانی //  زۆر - رادەی هاوەلکاری یە ... هاوەلکاری چەندی یە دیارخەری ناوە

## راهێنان – 2 – لاپەرە 72

1- چۆن رادەی هاوەلکاری دەردەخەیت ؟      رادەی ئاوەلکاری/واتا . بەدوای یەك داهاتنی دوو ئاوەلکار یەك لەدوای یەك.

ئاوەلکاری یەکەم – رادەی ئاوەلکاری یە ( ئاوەلکاری چەندی یە ) ڕادەیەو وئەرکی دیارخەرە ئاوەلکاری دووەم هاوەلکاری چۆنی یە یان شوێنی یە یا کاتی یە و دەبێتە دیار خراو .هەردوو ئاوەلکارەکە ( پێکەوە ) گرێ ی ئاوەلکاری دروست دەکەن و دەبن بـــە تەواوکەری کاری رستەکە (( راستەو خۆ و بەیاریدە ))

2- جیاوازی لە نێوان هاوەلناو و هاوەلکار چی یە ..

هاوەلناو // ئەو وشەیەیە کە وەصفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوەکە یان جێناوەکە ... وەك

(( کاری باش پاداشتی لای خوا زۆرە )) ... باش = ئاوەلناوە

هاوەلکار // ئەو وشەیە کە وەسفی کارێك ددەکات و دەبێت بە تەواو کەری ... وەك

(( کارەکانت بە باشی ئەنجام بدە ))      بەباشی = ئاوەلکارە

## راهێنانی ( 3 ) لاپەرە 72 + 73

وەلامی راست هەلبژێرە :-

1- بایەکی زۆر توند هەلیکرد - وشەی ( زۆر ) بریتی یە لە :-

ئـ -رادەی هاوەلناوی      ب- رادەی هاوەلکاری      پ- هاوەلناوی چۆنی      ت- هاوەلکاری چەندی

2- ( میوانە کە کەمێك درەنگ رۆیشت ) وشەی - کـە مێـك - بریتی یە لە :-

ئـ-رادەی هاوەلناوی      ب- رادەی هاوەلکاری      پ- هاوەلناوی نادیار      ت- هاوەلکاری کاتی

3- ( یاریزانەکە گۆلەکەی زۆر جوان تۆمارکرد ) وشەی زۆر جوان چـــی یە :-

ئـ-گرێ ی ناوی      ب- گرێ ی هاوەلناوی      پ- گرێ ی هاوەلکاری      ت- هاوەلناوی لێکدراو

4- وشەی - گەلـێـك - لەرستەی ( ژوورەکە گەلێك ساردە ) چـــی یە :-

ئـ- هاوەلناوی چۆنی یە      ب- رادەی هاوەلناوە      پ- رادەی هاوەلکارە      ت- هاوەلکاری چەندی یە

5- لە رستەی ( کەمێك لەدوور دانیـشە ) وشەی - کەمێك - بریتی یە :-

ئـ- رادەی هاوەلناوی یە      ب- رادەی هاوەلکاری یە      پ- هاوەلناوی نادیارە      ت- هاوەلکاری شوێنی

وەلامەکان :-   1- ئـ   2= ب   3= پ   4= ب   5 = ب

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنانی ( 4 ) لاپەرە - 73

لەم رستانەدا - گرێ هێل بە ژێرداهاتووەکان شی بکەوە :-

1- (( خانی لەپ زێرین قەلایەکی گەلێك سەختی دروستکرد )) ........ گەلێك سەخت == گرێ ی هاوەلناوی یە دیارخەر ی ناوە

2- (( مێژووی قەلای دم دم زۆر کۆنــــە )) ........................... زۆر کۆن == گرێ ی هاووەلناوی یە – تەواوکەری کاری ناتەواوە

3- (( پێشمەرگەکان سنووری کوردستانیان گەلێك باش پاراستووە )) ........ گەلێك باش == گرێ ی هاوەلکاری یە – تەواو کەری کارە

## هەلبژاردنەکانی بەشی – رادەی هاوەلکاری و رادەی هاوەلناوی

1- بە بە دوای یەکدا هاتنی دوو هاوەلناو چی دروست دەبێت :- 1- رادەی هاوەلناوی 2- رادەی هاوەلکاری 3- گرێ ی ناوی 4- گرێ ی هاوەلناوی

2- لە رادەی هاوەلناوی – هاوەلناوی یەکەم هاوەلناوێکی :- 1- لێکدراوە 2- درژاوە 3- نادیارە 4- هاوەلناوی چۆنی یە

3- لە رادەی هاوەلناوی – هاوەلناوی دووەم - هاوەلناوێکی :- 1- هاولکاری چۆنی یە 2- هاوەلناوی چۆنیەتی یە 3- هاوەلناوی نادیارە

4- لە رادەی هاوەلناوی – هاوەلناوی دووەم ئەرکی بریتی یە لە :- 1- دیارخەرە 2- دیارخراوە 3- تەواوکەری کارە 4- بکەرە

5- هەردوو هاوەلناوەکە لە رادەی هاوەلناوی بەیەکەوە دەبن بە گرێ ی هاوەلناوی و چی ئەرکێك دەبینن لە رستەدا :-
1-دیارخەر ی ناو 2- بکەر 3-دیارخراو 4- نیها د

6- لە رستەی ( خانوێکی زۆر خۆشم کری ) وشەی –زۆر– ئەرکی چی یە :- 1-رادەی هاوەلناوییە 2- رادەی هاوەلکارییە 3- هاوەلکاری چەندی یە

7- لە رستەی ( خانووەکەم زۆر هەرزان کری ) وشەی –زۆر– ئەرکی چی یە :- 1-رادەی هاوەلناوییە 2- رادەی هاوەلکارییە 3- تەواوکەری کارە

8- هەر لە رستەی ( خانوەکەم زۆر هەرزان کری ) وشەی – هەرزان – چی یە - :- 1-هاوەلکاری چۆنی یە 2- هاوەلناوی چۆنی یە 3- رادەی هاوەلکارە

9- لە رادەی هاوەلـکاری – هاوەلکاری یەکەم – هاوەلکارێکی 1- شوێنی یە 2- چۆنی یە 3- چەندی یە 4 – کاتی یە

10- لە رادەی هاوەلـکاری – هاوەلکاری دووەم – هاوەلکارەو ئەرکی 1- دیارخەرە 2- دیارخراوە 3- تەواوکەری کارە

11- هەردوو هاوەلـکارەکە لە رادەی هاوەلکـاری بەیەکەوە دەبن بە گرێ ی هاوەلـکاری - چی ئەرکێك دەبینن لە رستەدا :-
1- تەواو کەری کاری رستە 2-دیارخراو 3- نیها د

12- لەرستەی ( خانووەکەتان زۆر کـۆنە ) – گرێ ی هاوەلناوی چی ئەرکێکە بینیوە لەم رستەدا :-
1-دیارخراوە 2- دیارخەرە 3-تەواوکەری کاری ناتەواوە

13- ( قوتابی زۆر زیرەك هـەیـە ) – گرێ ی هاوەلناوی چی ئەرکێکی بینیوە :-
1-دیارخەری ناوە 2- تەواوکەری کارە 3- نیهادە

1 =1 3=2 2 =3 2=4 1 =5 1=6 2=7 1=8 3=9 2=10 1=11 3=12 1=13

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# (( ئەركی ناو لە رستەدا وەك دیارخەری ناو ))

ئەوەیە كە ناوێك ببێت دیارخەری ناوێكی تر و ئامرازی دانە پالی ( ی ) دەكەوێتە نێوانیان :-

ناوی ی یەكەم دیار خراوە ... ناوی دووەم دیارخەرە ,,,,,, دەستووری دروستكردن // (( ناو + ی – دانە پال + ناو ))

وەك -- كــور ی بــرا م دەرچوو – (كوری برا) ( پێكەوە ) گرێ ی ناوی یە ( ناو+ی+ناو) - بكەرە

كور – دیار خراوە      ی – ئا . دانە پالە      برا – دیارخەری ناوە      م - دیارخەری ناوە

تێبینی//لە كرمانجی خواروو دووجۆرە ئامرازی دانە پال هەیە ( ی , ە ), كە بۆ تاك و كۆ بەكاردێ - نێر ومێ هەمان ئامراز بەكاردێت ...بەلام -

- لە كرمانجی ژووروو پێنج جۆر ئامرازی دانە پال هەیە :-

بۆ تاكی مێ -- ئامرازی دانە پالی – ا – بەكاردێت – وەك - ( خوشكا نەوزادی ) -( نەسرین كچا كوردانە )

بۆ تاكی نێر - ئامرازی دانە پالی – ێ - بەكاردێ - وەك - ( كورێ نەوزادی ) - ( بابــێ نەوزاد گەرایەوە )

بۆ كـۆی نێرو مێ - ئامرازی دانە پالی ( ێت , ێد , ێن ) بەكاردێن - وەك- كورێن گوندی -- كچێد گوندی - مالێت كوردان )

- ( دیارخراو دیارخەر ) لەگەل ئامراز هەردووكیان بەیەكەوە ( گرێ ی ناوی ) دروستدەكەن و وەك گرێ هەموو ئەركەكانی ناوە دەبینێت .

بۆ نموونە گرێ ی ( مالی نەوزاد ) هەموو ئەركەكانی دەدەینێ :-

وەك – نیهاد ..................... مالی نەوزاد خۆشە

وەك - بكەر......................... مالی نەوزاد سووتا

وەك - بەركار.................. مالی نەوزاد نۆژن دەكەنەوە

وەك تەواوكەری بەیاریدە ......... مێوانەكە لە مالی نەوزاد دانیشتووە

تەواوكەری كاری ناتەواو .......... ئێرە مالی نەوزاد بوو

وەك دیارخەری ناو................ دەرگای مالی نەوزاد سپی یە

وەك جێگری بكەر .................. مالی نەوزاد بۆیاغكرا

*** ناسینەوەی ناو لەروی ناسیاری و نەناسیاری و تاكـو كـۆ :- چۆن دەزانین ناوێكی تاك یان كۆ - ناسراوە یان نەناسراوە :- بەم شێوەیە :

- ناوی تاكی ناسراو ... نیشانەی – ەكە – پێوەیە ( شاخەكە ) ////// ناوی تاكی نەناسراو ..... نیشانەی - ەك – ێك ی پێوەیە ( شاخێك )
- ناوی كۆی ناسراو ..... نیشانەی - ە كان – ی پێوەیە ( شارەكان ) ///// ناوی كۆی نەناسراو ..... نیشانەی – ا ن - ی پێوەیە ( شا ران )
- ناوی گشتی .... ناوێكە دیاری نەكراوە بە كەسێك یان شوێنێك یان شتێك //// وەك -- شار - چیا - گوند - مامۆستا - قوتابخانە - مال
- ناوی تایبەتی -- ناوێكە تایبەت كراوە بە كەسێك یان شوێنێك یان شتێك //// هەولێر - نەوزاد - چیای سەفین - سلێمانی - بازاری ئیسكان
- هاوەلناوی نیشانە – ئەو ناوەی دەستنیشان كراوە لە هاوەلناوی نیشانە – ناوێكی ناسراوە – تاك بێ یان كۆ بێ // ئەم كورە -- ئەم كورانە

- دەكرێت ناوێكی دیار خراو چەند ناوێك یەك لەدوای یەك بێن بە دیارخەری وەك ( كۆلانەكانی گەرەكی باداوە ی هەولێر تەسـكـن )

تێبینی// كۆكردنەوەی هەر ناوێك ئەگەر لەگەلّ راستی و واقیعدا نەگونجێت ناگونجێت بەكاربێن ئەگەرچی لە روی رۆنانی رێزمانی یەوەش دروستبن

دلەكانی مندالە ....... مندال یەك دلی هەیە بۆیە نەگونجاوە بلێین دلەكان ( دلی مندالەكان )

مامۆستا عبدالقادر مە لازادە كۆیی

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 77

لە رستەی ( کتێبەکانی خوێندکاران وەردەگرینەوە )

خوێندکاران // ,,, ناوە کۆیە نەناسراوە – ئەرکی دیارخەری ناوی پەرتووکە .

کاری ( وەردەگرینەوە ) .... لە رێژەی را نەبردووی راگەیاندنە ...

کتێبەکان ,,,,// ناوە کۆیە ناسراوە ... دیارخراوە .بەرکارە

وەردەگرینەوە == بیکەینە رابردووی بەردەوامی راگەیاندن – دەبێتە – ( وەرماندەگرتەوە )

## راهێنانی ( 2 ) لاپەرە 77

رستەی گونجاو بۆ ئەمان بهێنەوە :-

1- ناوێکی کۆی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی نەناسراو – هەردووکیشیان ببنە بەرکار :- ,,, (( زانــکۆی شــارەکانـمان بـیـنـی )

2- دوو ناوی یەك لەدوای یەك بـبـنە دیارخەری ناوێکی دیارخراوی تاکی ناسراو :-,, (( کورەکەی نەوزادی جیرانتانم دیت ))

3- ناوێکی دەستنیشان کراو بەهۆی ئاوەلناوی نیشانە بۆ نزیك بـبـێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو :- .(( باخەوانێکی ئەم قوتابخانەیە خەلاتکرا ))

## راهێنان – 3 – لاپەرە 77 – 78    وەلامی راست هەلبژێرە

1-مامۆستایانی کوردستان دلسۆزن – لەم رستەدا –دیارخراو ناوێکی :- ا-تاکی ناسراوە    ب- کۆی نەناسراوە    پ- تایبەتی یە    ت- کۆی ناسراوە

2-لە رستەی ( تابلۆکانی ئەم ژوورە لێدەکەمەوە )- ناوی تابلۆ – دیار خراوە بە :-

ا-هاوەلناوی نیشانە    ب-جێناوی نیشانە    پ-ناوی دەستنیشانکراو    ت-جێناوی کەسی سەربەخۆ

3-لە رستەی ( ئەو ە گلکۆی شەهیدی کوردستانە ) .. گرێ ی – شەهیدی کوردستان – ئەرکی چی یە :-

ا-دیارخەری ناو    ب-تەواوکەری کاری ناتەواو    پ-نیهادە    ت-بەرکارە

4-لەرستەی ( مەلایـێ جزیری هۆزانڤانەکی کورد بوو )- دیار خراو ناوێکـــی :-    ا-تاکی مێ یە    ب-تاکی نێرە    پ-کۆی نێرە    ت-کۆی مێ یە

5-لە رستەی ( ئۆتۆمبیلەکانی پیشانگاکە دەفرۆشین )- دیا رخراو و دیارخەر – بریتین لە :-

ا- ناوی تاکی ناسراو و کۆی ناسراو    ب- ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو

پ -ناوی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو    ت-ناوی کۆی نەناسراو و تاکی ناسراو

وەلامەکان // 1 = ب    2= ا    3 = ا    4 = ب    5 = ب

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ڕاهێنان – 4 – لاپەرە 78 شیکردنەوە :-

1 - تیپی کچان شانۆگەرییەکەیان نمایشکرد

تیپ // ناوە تاکە نەناسراوە گشتی یە – دیارخراوە

کچان // ناوە کۆیە نەناسراوە –دیارخەرە

یان // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی کۆ –بۆ بکەر دەگەڕێتەوە

تیپی کچان // .... گرێ ی ناوی یە – بکەرە

ی // ئامرازی دانە پالە

شانۆگەرییەکە // ناوە تاکە ناسراوە - بەرکارە

نمایشکرد // کاری ڕابردووی ڕاگەیاندنە لێکدراوە تێپەرە

1- کەلتوری کورد دەپارێزین

کەلتوری کورد // گرێ ی ناوی یە – بەرکارە

کلتور // ناوە تاکە نەناسراوە – دیارخراوە

دەپارێزین // کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە – تێپەرە

ی // ئامرازی دانە پالە

کورد // ناوە ناسراوە تایبەتی یە – دیارخەرە

ین // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ – بۆ بکەر دەگەڕێتەوە

### (( هەندێك هەلبژاردنی ئەرکی ناو لە دەوری دیارخەری ناو ))

1- ئەگەر ناوێك بوو بە دیارخەری ناوێکی تر – ئەگەر ناوی یەکەم ئەرکی دیارخراو بێت - ئەرکی ناوی دووەم چی یە ؟ :-

1-بەرکار    2- دیارخەری ناو    3- تەواوکەری کار    4- بەرکار

2- جگە لە نیشانەی (کە) ی ناسیاری - ناوی نەناسراو دەکرێتە بە ناوی ناسراو بە هۆی :-

1- هاوەلناوی نیشانە    2-نیشانەی کۆ لەکۆتایی ناوەکە    3- وا- دانە پال    4- جێناوی نیشانە

3- لە ڕستەی ( هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە بە چێژن ) ناوی شاعیر ناوێکـــــی :-

1-تاکی ناسراوە    2-کۆی ناسراوە    3-تاکی نەناسراوە    4-کۆی نەناسراوە

4- لە ڕستەی ( هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە بە چێژن ) – وشەی – هۆنراوەکان - ناوێـــکی :-

1-تاکی ناسراوە    2-کۆی ناسراوە    3-تاکی نەناسراوە    4-کۆی نەناسراوە

5- ناوی ( پێشمەرگەکان ) ناوێکی کۆی ناسراوە – بەم شێوە پێك هاتووە :-

1- پێشمەرگە + کە + ان    2-پێشمەرگە+کا +ن    3- پێشگر + ناو ی کۆی ناسراو    4- خالی یەکەم و سێ یەم ڕاستن

6- لە ڕستەی ( منداڵانی کورد بێنازن ) – پیتی – ی – لە دوای منداڵان – ئەرکی چی یە :-

1-ئامرازی پەیوەندی یە    2-ئامرازی دانە پالّە    3- ئا –لێکدەرە    4- جێناوی لکاوە

7- لە گرێ ی ( چیایـدی کوردستانێ ) - یێ – لە دوای چیـا چـــی یە : -1- ئا- لێکدەرە    2- ئا-دانە پالّە    3- ئا- پەیوەندی    4- پاشگرە

| وەلامەکان | 1= 2 | 2 = 1 | 3= 1 | 4= 2 | 5= 4 | 6= 2 | 7= 2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ئەرکی ئاوەڵناو وەك دیارخەری ناو

- ئەوەیە ئاوەڵناوێك لەدوای ناوێکەوە دێت و ئامرازی دانە پالی ( ی –ە ) دەکەوێتە نێوانیان و گرێ ی ناوی درووست دەکات -:

(( نـــا و + ئامراز + هاوەلناو ))

- ئامرازی دانە پالی - ی – لەگەل ناوی نەناسراو بەکار دێت -: بۆ نموونە ( منداڵــی زیرەك ) -- ( داری بەرز )
- ئامرازی دانە پالی – ە – لەگەل ناوی ناسراو بەکار دێت -: بۆ نموونە ( منداڵـــە زیرە کەکە ) -- ( دارە بەرزەکە ) نیشانەی ناسراوی چۆتە سەر هاوەڵناوەکە

لە چەند حالەتێکدا :- ئامرازی دانە پالی ( ە ) بەدەر دەکەوێت – کە ئەمانەن :-

1- ئامرازی دانە پالی – ە – دەردەکەوێت ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە پیتی نـەبزوێن کۆتـایی هاتبوو :- وەك :- شاخـە رەشەکە - کــورە بالابەرزەکە )

2- ئامرازی دانە پالی – ە – دەردەکەوێت ئەگەر ناوە دیارخراوەکە یەك برگەبوو - کۆتایی هاتبوو وبەبزوێنی ( ۆ- یَ -ا – ە ) ناوبەندی – یــ - دەکەوێتە نێوان ناوەکەو ئامرازی دانە پال

دۆیــە بەتامەکە    بایــە بەهێزەکە    شەیــە سپییەکە    دێــیە دوورەکە

3- ئامرازی دانە پالی – ە – دەردەکەوێت ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە بزوێنی – وو – کۆتایی هاتبوو – ئەوا یەکێك لە بزوێنی – و – لە ناوەکە لادەبەین و ئەوجا ناوبەندی – و – دادەنێین

خانــو و ە تازەکە    شاتــو و ە بەرزەکە

و – ناوبەندە    ە – ئامرازی دانە پالە

4- ئامرازی دانە پالی – ە – دەردەکەوێت ئەگەرناوە دیارخراوەکە بە بزوێنی – ی – کۆتایی هاتبوو - بە دانانی ناوبەندی – یـ - لە نێوانیان

( خانوو ە جوانەکە مەرووخێنن )........ ( خانوو ە جوانەکە ) = گرێ ی ئاوەلناوی یە

خانوو = دیار خراو / .. ە ... ئا . دانە پالە / جوانەکە = ئاوەلناوی چۆنی یە تاکە ناسراوە مەروخێنن / کاری داخوازی یە

( شاخە بەرزەکان دڵرفێنن ) ............ شاخــە بەرزەکان ( بەیەکەوە ) گرێ ی ناوی یە ( چونکە لە ناوێك و ئاوەڵناوێك پێکهاتووە )

شاخ = ناو ە کۆیە ناسراوە – دیار خراوە    ە– ئا . دانە پالە    بەرزەکان // ئاوەلناوی چۆنی یەتی یە. دیارخەری ناوە

تێبینی // ئەگەر ناوبەند بەکار هاتبو ئا- دانە پالی - ە - بەدیاردەکەوێت ئەگەر ناوبەندی ( یــ ) بەکار نەهاتبو ئەوا ئا- دانە پالی ( ە ) بەدەر ناکەوێ

- هاوەلناو چ لە پێش ناوەکە بێ چ لە دوای ناوەکە بێ هەر دەبێتە دیار خەر .... .

- ئەگەر ئەم ئاوەلناوانە ( ئاوەلناوی نادیار + ئاوەلناوی پلەی بالا + ئاوەلناوی ژمارە + ئاوەلناوی نیشانە+ ئاوەلناوی پرس )) بوون بە دیارخەری ناوێك یان جێناوێك بە دوو رێگا دەبنە دیار خەری ناو ::-

1- ئەگەر ناو لە پێش هاوەلناو هات ئەوا ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) ی دەوێت ( پێوستی بە دانە پالە ) ... وەك

سەرکردەی وەهام نە بینیوە .... سەرکردە / ناوە لە پێش ئاوەلناو هاتووە    ی / دانە پالە    وەها / ئاوەلناوی نادیارە

پۆلی شەشەم تەواو دەکەم .... پۆل / ناوە – دیار خراوە    ی / دانە پالە    شەشەم / ئاوەلناوی ژمارەیە _ دیارخەری ناوە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

2- ئەگەر هاوەڵناوەکە لە پێش ناوەکە هات ئەوکات . پێویستی بە ئامرازی دانە پالی ( ی ) نابێت :: -

چۆن دیاریەکت دەوێ .............. چۆن // ئاوەڵناوی پرسە - دیارخەری ناوە    دیاری / / ناوە – دیار خراوە

بەرزترین نمرەم وەرگرت ..........بەرزترین – ئاوەڵناوە لە پێش ناو هاتووە    نمرە // ناوە – لە دوای ئاوەڵناو هاتووە

پرسیار //چەند جۆر ئاوەڵناو دەبن بە دیارخەری ناو .؟ بیان نووسە و بۆ هەر یەکێکیان نموونەی رستە بهێنەوە ؟

وەلام // پێنج جۆر هاوەڵناو دەبـن بـە دیارخەری ناو .. وەك:-

1- ئاوەڵناوی نیشانە /// ( ئەمــ + ە ) و ( ئەو + ە )

ئەو دارانــە بەردارن    ئە م خانــووە بۆ فرۆشتنە    → ئاوەڵناوی نیشانە

2-ئاوەڵناوی پلەی بالا /// = ( ئاوەڵناو + ترین ) ←    بەرز +ترین =// بەرزترین    گەرم + ترین = // گەرم ترین

نموونە ::/ بەرزترین شاخ حەسارۆستە .......... بەرزترین / ئاوەڵناوی بالایە- دیار خەری ناوە ...... شاخ // ناوە دیار خراوە

3-ئاوەڵناوی نادیار /// ( وەها - وا + کەس + هەموو + زۆر + کابرا + فلان ...... هتد ... )

( کوری کەس نەهاتووەتەوە ) ........ کور / ناوە دیار خراوە    ی، دانە پالە    کەس / هاوەڵناوی نادیارە – دیارخەری ناوە

4- ئاوەڵناوی پرس /// دیاریەکی چۆنت کڕی (نا و لە پێشەوەهاتووە) --- یان --    چۆن (ئاوەڵناو لە پێشەوە هاتووە) دیاری یەکت کڕی

5- هاوەڵناوی چۆنی /// باش – رێك – گەرم - جوان – بەرز – نەرم – زیرەك - زانا - هتد..ز.

مرۆڤی دلسۆز خۆشەویستە    موسلمانـــی بەرەوشت زۆرن    → موسلمان- ناوە –دیار خەری ناوە    ← بەرەوشت هاوەڵناوە –دیار خراوە

پرسیار // ( ترێ کـــۆنـەکەم کردە مێووژ ) ... لەم رستەیەدا وەلامی ئەم پرسیارانە بدەوە؟

1- لە مابەینی ووشەی (( ترێ, و ووشەی - کۆنەکە ) چی دەر نەکەوتووە ؟

وەلام / ئامرازی دانە پال دەرنەکەوتووە , چونکە ناوە دیار خراوەکە بە بزوێنی - ێ - کۆتایی هاتووە و لە یەك برگە زیاترە .

2-ئەگەر ووشەی - (ترێ ) بگۆرین بۆ ( دێ ) ئایا هیچ گۆرانکاریەك روودات .روونی بکەوە ؟.

بەلێ – دەبێتە / دێــیە کۆنەکە - ئامرازی دانە پالی (ە) دەردەکەوێت و ناوبەندی (ی) یش بەکاردێ. چونکە ناوە دیارخراوەکە لە یەك برگە پێك هاتووە .

3- .. ە / لەدوای کاری (کردە ) چی یە ؟ پیتی (ە ) لە دوای - کرد - ئامرازی پەیوەندی یە لە شوێنی – بــە - هاتووە

4-. کوا بەرکاری رستەکە ؟ چۆن پێکهاتووە ؟

بەرکاری رستەکە ئەمەیە (( ترێ کۆنەکە ) .. , بەم شێوە درووست کراوە (( ناو + ئا- پال +هاوەڵناوی چۆنی + ە کە – ی ناسیاری )

پرسیار //ئایا دەکرێ چەند ئاوەڵناوێك یەك لەدوای یەك ببن بە دیارخەری ناو ؟ بە نموونە روونی بکەوە ؟    وەلام // بەلێ دەتوانین بەم شێوانە :-

1- ئامرازی دانە پالی ( ی ) دەوێت ئەگەر ناوەکە تاك بوو یان گشتی بوو ( نەناسراو بوون ) , ئاوەڵناوەکانیش دەکەونە دواى ناوەکە – وەك :-

(( یارمەتی مندالی بێ نازو بێ باوکی هەژار بدەن )).

2- ئامرازی (ە) دانە پالی دەوێت و ئەگەر ناوەکە تاکی ناسراو بوو یان کۆی ناسراو بوو . وەك :

بۆ تاکی ناسراو -- ( کورە هەژارە بێ باوکەکە ئازار مەدەن ) ........... بۆ کۆی ناسراو -- ( کورە هەژارە بێ باوکەکان ئازار مەدەن )

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

پرسیار// ئەو ناوەی کە بە ئاوەڵناوی چۆنی دیار خراوە چەند ئەرك دەبینێت لە رستە دا . بە نموونە روونی بکەوە؟

وەڵام // ناوی دیار خراو بە ئاوەڵناوی چۆنی دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت ... وەك ( قوتابی یە زیرەکەکە )

دەبێتە نیهاد.............................. قوتابی یە زیرەکەکە لاوازە .

دەبێتە بکەر.............................. قوتابی یە زیرەکەکە هات.

دەبێتە بەرکار............................ قوتابی یە زیرەکەکەم دیت .

دەبێتە دیارخەری ناو.................... نمرەکانی قوتابی یە زیرەکەکەم دیت .

دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە.............. دیاری یەکەم بە قوتابی یە زیرەکەکەدا نارد .

دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.......... ئەمە قوتابی یە زیرەکەکەیە.

دەبێتە جێگری بکەر...................... قوتابی یە زیرەکەکە خەڵات کرا .

پرسیار// ئایا ئاوەڵناوی ژمارەیی کەرتی ئامرازی دانە پالی دەوێت . وەڵامەکەت بە نموونە بنووسە؟

وەڵام // بەڵێ . هەموکاتێك ئاوەڵناوی ژمارەی کەرتی ئامرازی ( ی ) دانەپالی دەوێت ... وەك :-

سێ یەکـــی زەویەکەم تۆ نەکردووە     لە سەدا دوو ی قازانج بۆ کۆمپانیاکانە     سێ لەسەر چوار ی زەوی ئاوە

پرسیا ر // لە رستەی ( پێشمەرگە بوێرەکان وولات دەپارێزن )دا ئەمانە وەڵام بدەوە ؟

1- ناوی پێشمەرگە بە چی تەواو کراوە .؟ بیگۆرە بە هاوەڵناوە نادیار ؟

وە // ناوی پێشمەرگە بە ئاوەڵناوی چۆنی ( بوێر ) تەواو کراوە.........بیکەین بە نادیار == (( پێشمەرگەی وەها وولات دەپارێزن ))

2- بوێر – چی یە و چۆن دروووستکراوە ؟

بوێر ... لە - وێران – وەرگیراوە ئەوها درووست کراوە ( پێشگری —بـــ + رەگی کار – وێر ) = ( پێشگر + رەگی کار )

3- پێشمەرگە ناوێکی تاکە یان کۆ .بۆچی ؟

پێشمەرگە لەم رستەیەدا ناوێکی کۆیە.. نیشانەی (ان ) کۆیەکەی چووەتە سەر ئاوەڵناوەکەی چونکە بە ئاوەڵناو تەواو کراوە.

4- ن - لە دەپاریزن چی یە و ئەرکی چی یە ؟

ن – لە دەپاریزن - .... جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی کۆ .. ئەرکی بۆ بکەر دەگەرێتەوە -- ( پێشمەرگە ) بکەرە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 83

خـــۆش..... بوویێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو ..... (( خەوێکی خۆشم کرد ))

نابینا ... بوویێتە دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو .......... (( کورە نابیناکە گەڕایەوە ))

خەباتکەر ..... بوو بێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو.... (( رۆڵە خەباتکەرەکان پارێزێزگاریمان لێ دەکەن ))

## راهێنانی ( 2 ) لاپەرە 83

1- بەکام قوتابیدا نامەکەت بۆ نارد م ؟     کام – دیارخەری ناوە -- هاوەڵناوی پرسە

2- زۆر کورد بە ناهەق شەهیدکران     زۆر – دیارخەری ناوە -- هاوەڵناوی نادیارە .

3- ئێوەی زیرەك هەمیشە سەرکەوتوون     زیرەك - دیارخەری ناوە --- هاوەڵناوی چۆنی یە

## راهێنان – 3 – لاپەرە 83

وەلامی راست هەلبژێرە

1- ( شاخە بەرزەکان جوانن ) لەم رستەیە ناوی شاخ :-

ا-تاکی ناسراوە     ب-کۆی نەناسراوە     پ-کۆی ناسراوە     ت-تاکی نەناسراوە

2- ( نامەیەکی رازاوە تریان نارد ) – ناوی – نامەیەك دیار خراوە بەهاوەڵناوی چۆنی پـــلــەی :-

ا-بالا     ب- بەراورد     پ- چەسپاو     ت- هەموویان

3- ( دوو کتێبمان کڕی ) ئەرکی هاوەڵناوی ژمارە ( دوو ) چی یە ؟

ا-بکەرە     ب- بەرکارە     پ-دیارخەری ناوە     ت- جێگری بکەرە

4- ( ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت ) لە نێوان ئەستێرە و گەشەکە – چی دەر نەکەوتووە ؟

ا-ئا-دانە پاڵ     ب- کاری ناتەواو     پ-ئا- پەیوەندی     ت- بکــەر

5- ( بیی سەوز مەبڕنەوە ) ئەگەر ناوی - بــی - بکەینە کۆی ناسراو – دەبێتە :-

ا- بی سەوزەکان مەبڕنەوە     ب- بیبیە سەوزەکان مەبڕنەوە     پ- بیبیە سەوزەکە مەبڕنەوە     ت- بـیـە سەوز مەبڕنەوە

| وەلامەکان / | 1= ب | 2= ب | 3= پ | 4= ا | 5= ب |
|---|---|---|---|---|---|

## راهێنانی ( 4 ) لاپەرە 84

لەرستەی (( پێشمەرگە بوێرەکە خەلاتکرا ))

1- لەنێوان ووشەی ( پێشمەرگە + بوێرەکە ) چی دەر نەکەوتووە ؟

... ئامرازی دانە پالی ( ە ) بەدەر نەکەوتووەچونکە ناوەکە ناوێکی تاکی ناسراوە و لە برگەیەك زیاترەو بە بزوێن کۆتایی هاتووە .

2- ناوێکی تر بهێنە کە بە هەمان بزوێنی ( ە ) کۆتایی هاتبێت . بەلام ئەم جارە ئامرازەکە بەکار هاتبێت و هۆیەکەشی بنووسە ؟

ناوی - شـە - ( شەیە سورەکە شکا ) -( ە ) ئامرازی دانە پال بەدەرکەوتووە چونکە ناوە دیارخراوەکە یەك برگەیەو بە بزوێنی - ە - کۆتایی هاتووە

3- ووشەی ( بوێر ) == هاوەڵناوی چۆنی یە- دیارخەری ناوی پێشمەرگەیە ........ بـوێر- درووستکراوە لـە (( پێشگر +رەگی کار ))

4- ( پێشمەرگە ) ناوێکی تاکی ناسراوە ... نیشانەی – مکە – ناسراوی کەوتۆتە سەر ناوەلناوەکە چونکە ناوەدیارخراوەکە بە ئاوەلناوی چۆنی تەواو کراوە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## هەڵبژاردنەکانی ئەرکی هاوەڵناو لە دەوری دیار خەری ناودا

1- چەند جۆر هاوەلناو دەبێتە دیار خەری ناو یان جێناو :-
1- دوو جۆر    2- یەك جۆر    3- پێنج جۆر    4- چوار جۆر

2- لە رستەی – ( دێ یە دوورەکە )- بزوێنی – ە - لەدوای – دێ - ئەرکی چی یە :-
1-ئا – پەیوەندی یە    2-ئا – دانە پاڵە    3-ئا - لێکدەرە    4-کاری ناتەواوە

3- لە گرێ ی ( دێ یە دوورەکە ) ئامرازی دانە پالی – ە - دەرکەوتووە چونکە دیارخراو :-
1-ناوێکی ناسراوە    2- نا ویکی نەناسراوە
3- لە برگەیەك پێك هاتووە و بە بزوێن کۆتایی هاتوە    4- لە برگەیەك زیاترە و بە بزوێن کۆتایی هاتووە

4- لە گرێ ی ( ئەستێرە گەشەکان ) – ئامرازی دانە پاڵی – ە – دەرنە کەوتووە چونکە ناوەکە :-
1- لە برگەیەك پێك هاتووە و بە بزوێن کۆتایی هاتوە    2- لە برگەیەك زیاترە و بە بزوێن کۆتایی هاتووە    3- ناوێکی کۆی ناسراوە

5- ئەگەر ناوێك لە پێش ئاوەللناوێك هات بۆ درووست کردنی گرێ ی ناوی – پێویستی دەبێت بە :-
1-ئا –لێکدەر    2- ئا – دانە پاڵ    3-ئا – پەیوەندی    4- کاری ناتەواو

6- جگە لە هاوەلناوی کەرتی - ئەگەر ناوێك لە دوای ئاوە ڵناوێك هات بۆ درووست کردنی گرێ ی ناوی – پێویستی نابێت بە :-
1-ئا –لێکدەر    2- ئا – دانە پاڵ    3-ئا – پەیوەندی    4- ئا- ناسیاری

7- لە رستەی ( بەرزترین شاحەسارۆستە )- -بەرزترین – هاوەلناوی پلەی بالایە - ئەرکی چی یە :-
1 -دیارخراوە    2- دیارخەری ناوە    3- نیهادە    4- بکەرە

8- لە رستەی ( ترێ رەشەکە م کردە مێوژ )- لە نێوان وشەکانی – ترێ – و – رەشەکە - چی دەرنەکەوتووە :-
1-ئا –دانە پاڵ    2- ئا- پەیوەندی    3- ئا – لێکدەر    4-کاری ناتەواو

9- لە رستەی ( ترێ کۆنەکەم کردە مێوژ ) – گرێ ی ناوی –ترێکۆنەکە – ئەرکی چی یە :-
1 -بکەرە    2- بەرکارە    3- دیارخەری ناوە    4- نیهادە

10- ئەو ئاوەلناوانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو ئەگەر ناسراو بوون ئەوا نیشانەی ناسیاری بە ئاوەلناوەکە دەلکێ و بە یەکێك لەم ئامرازانە دەدرێنە پاڵ یەکتری:-
1-ئا-دانە پالی –ی    2- ئا –دانە پالی - ە -    3- ئا- لێکدەر    4- ئا - پەیوەندی

11- ئەو ئاوەلناوانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو یکی گشتی نەناسراو بە یەکێك لەم ئامرازانە دەدرێنە پاڵ یەکتری :-
1-ئا-دانە پالی – ی    2- ئا –دانە پالی - ە -    3- ئا- لێکدەر    4- ئا- بانگکردن

12- لە رستەی ( مامۆستا دلسۆزەکە خانەنشین کرا ) لە نێوان ( مامۆستا – دلسۆز ) ئامرازی دانە پالی – ە - دەرنەکەوتووە چونکە دیارخراو :-
1- ناسراوە لە برگەیەك زیاترە وبزوێنە    2- ناسراوە برگەیەکە و بزوێنە    3- بەرکارە    4- کارەکە بکەر نادیارە

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 -1 | 2 -2 | 3 -3 | 2-4 | 2-5 | 2 -6 | 2-7 | 1-8 | 2-9 | 2-10 | 1-11 | 1-12 |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ئەرکی جێناوە سەربەخۆکان لەدەوری دیارخەری ناو

*** ئەوەیە جێناوێکی سەربەخۆ لە دوای ناوێکی دیارخراو هاتبێ و ئامرازی دانەپالی – ی – بکەوێتە نێوانیان

-- 5- پێنج جۆر- جێناوی سەربەخۆمان هەیە کە دەبن بە دیار خەری ناو .. کە ئەم جێناوە سەربەخۆیانە هەمیشە دەکەونە دوای ناوە دیار خراوەکە و ئامرازی ( ی ) دانە پال دەکەوێتە نێوانیان .. جێناوەسەربەخۆکان ئەمانەن ::-

(( جێناوی کەسی سەربەخۆ + جێناوی خۆیی + جێناوی پرس + جێناوی نادیار + جێناوی نیشانە ))

- جێناوە سەربەخۆکان وەك دیارخەر – هەمیشە ئامرازی دانە پالی – ی - لە پێش دا دێت
-

**نموونە بۆ هەر جۆرێك ::-**

- جێناوی کەسی سەربەخۆ لە دەوری دیارخەری ناو :_ ( من–تۆ– ئەو – ئێمە – ئێوە – ئەوان )

من - کوری من زیرەکە    تۆ - باوکی تۆ مامۆستایە    ئەو - مالی ئەو زۆر دوورە

ئێمە - کوردستانی ئێمە خۆشە    ئێوە - کارگەکەی ئێوە بەناو بانگە    ئەوان - نوێژەکە ی ئەوان تەواوە

- جێناوی خۆیی لەدەوری دیارخەری ناو:-( خۆم + خۆمان + خۆت +خۆتان + خۆی + خۆیان )

خۆم // مالی خۆم نادەم بە ناکەس    خۆت // ئەرکی خۆت ئە نجام بدە    خۆی // قسەی خۆی ناگۆرێت

خۆمان // مالی خۆمان نادەین بەکەس    خۆتان // ئەرکی خۆتان ئە نجام بدەن    خۆیان // قسەی خۆیان ناگۆرن

- جێناوی پرس وەك دیارخەری ناو :: - ( کێ + کام + چی )

کێ - هۆنراوەی کێ بەناو بانگە    کام - نمرەی کامیان بەرزترە    چی - بابەتی چی هەلدەبژێریت

- جێناوی نادیار وەك دیار خەری ناو :: - ( فلان + هین + کابرا + وانەك + کەس + هەموو + فیسار ....هتد)

فلان // کوری فلان بەیەکەم دەرچوو    هین // برای هین هاتەوە    کەس // کوری کەس نەگەراوەتەوە

کابرا // کوری کابرا دوکاندارە    وانەك // مالی وانەك سووتا    هەموو // پارەی هەموومان دەدرێت

- جێناوی نیشانە وەك دیار خەری ناو :: - ( ئەوە + ئەمە + ئەمانە + ئەوانە + ئەوانێ هێ + ئەوێ هێ )

ئەمـــە // وەلامی ئەمە دەدەمەوە    ئەمانە // وەلامی ئەمانە دەدەمەوە

ئـــە وە // کوری ئەوە زۆر زیرەکە    ئەوانە // برای ئەوانە زۆر زیرەکە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

**تێبینی //** لە کرمانجی ژووروو جێناوە کەسی یە سەربەخۆکان (( من – مە / تە – وە / وی،وێ – وان ) بەکار دێت .

مــن // برایێ من مامۆستایە    تە / برایێ تــە مامۆستایە    وی ،وێ // برایێ وی مامۆستایە

مــە // مالا مە ل هەولێرە    وە // مالاَ وە ل هەولێرە    وان // مالاَ وان ل هەولێرە

**تیبینی //** جێناوی هەیی هەرگیز نابێت بە دیار خەری ناو. چونکە خۆی دیارخراوە ....

** دەتوانین چەند ناوێك یان ئاوەڵناوێك لەدوای جێناوی سەر بەخۆ بێن بە دیارخەر :- ( وانەکانی ئـێمەی قوتابیانی پۆلی دوازدەهەم گــرانـن )

*** جێناوی سەربەخۆ وەك دیار خەری ناو (( بە شێوەی گرێ ی ناوی )) هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت:..

**پرسیار //جێناوی کەسی سەربەخۆی ( ئێمە ) لەرستەدا بەکار بێنە هەموو ئەرکەکان ببینێت؟**

وەك نیهاد ............ کارگەکەی ئێمە گەورەیە .

وەك بکەر............. برای ئێمە هاتەوە

وەك بەرکار ......... برای ئێمەیان بەردا

وەك تەواوکەری بەیارێدە ....... کارەکە بۆ برای ئێمە جێ بهێڵــە

وەك تەواو کەری کاری ناتەواو .... جانتاکە هی برای ئێمــە یــە

وەك دیار خەری ناو ............ هۆنراوەکانی برای ئێمە چاپکران

وەك جێگری بکەر ............. برای ئێمە بۆ دەرەوە نێردرا

ئەم رستەیە شی بکەرەوە :: (( ئێمە باخچەی خۆمان دەپارێزین ))

ئێمە // جێناوی کەسی سەربەخۆیە. ئەرکی بکەرە .    باخچەی خۆمان // گرێ ی ناوی یە .. ئەرکی بەرکارە

باخچە // ناوە گشتی یە نەناسراوە – دیارخراوە    ی // ئا . دانە پالە

خۆمان // جێناوی خۆیی یە – ئەرکی دیارخەری ناوی باخچەیە .

دەپارێزین // کاری رانەبردووی راگەیاندنە .سادەیە . تێپەرە ...    ین // جێناوی لکاوە بۆکەسی 1ـ کۆ ئەرکی بۆ بکەر دەگەڕێتەوە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 87

لە رستەی (( شاخەکانی کوردستان سەرکەشن ))

1- ی // دوای شاخەکان ....... ئامرازی دانە پالە ... خراوەتە ئەوێ بۆ ئەوەی ناوێك بداتە پال ناوێك و گرێ ی ناوی درووست کردووە.
2- لە جیاتی کوردستان ..... .. جێناوێك بەکار دەهێنین بۆ نموونە جێناوی سەربەخۆی –ئێمە - ... (( شاخەکانی ئێمە سەرکەشن ))
3- کاری رستەکە بریتی یە لە ( ە)..... کاری ناتەواوە دەر نەکەوتووە چونکە نیهاد کۆیە .
4- سەرکەش // تەواوکەری کارە ... ئاوەڵناوی چۆنی یە لێکدراوە . تەواوکەری کاری ناتەواوە کە بەدەر نەکەوتووە .
ن // نیشانەی کۆیە .. بۆ ناوی شاخەکان ...

راهێنانی ( 2 ) لاپەرە 87

ئەرکی ئەم گرێ یانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە چی یە ؟

| رستــــــــــە | گرێ یەکان | ئەرکەکەیان |
|---|---|---|
| 1- ولاتی ئێمە ئاوەدانە | ولاتی ئێمە | ئەرکی نیهادە |
| 2- لە باغی خۆت نەمام بروێنە | باغی خۆت ............................ | تەواوکەری بەیاریدەیە |
| 3- شیعرەکانی ئەمانەی خوێندەوە | شیعرەکانی ئەمانە ................ | ئەرکی بەرکارە |
| 4- کچە زیرەکەکە خەلاتکراوە | کچە زیرەکەکە ............................ | ئەرکی جێگری بـکــەرە |

راهێنانی 3 لاپەرە 88      وەلامی راست هەلبژێرە

1- ( شیعرەکانی ئەوانەم کۆکردوەە ) .. لەم رستەیەدا دیارخەر بریتی یە لە :-

ئـ- جێناوی کەسی سەربەخۆ      ب- جێناوی نیشانە      پ – جێناوی نادیار      ت- هاوەلناوی نیشانە

2- ( ولات دەپارێزین ) - ناوی - ولات - بە جێناوی نیشانە بۆ تاکی دوور دیار بخە :-

ئـ-.ولاتی ئەوە دەپارێزین      ب - ولاتی ئەمە دەپارێزین      پ- ئەو ولاتە دەپارێزین      ت- ولاتی ئەوانە دەپارێزین

3- جێناوی نیشانە کە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە :-

ئـ - ئا-دانە پالی –ە – دەبێت      ب- ئا –دانە پالی –ی - دەبێت      پ- ئامرازی دانە پال نی یە      ت- ئا- دانە پالی ( ە – ی ) دەبێت

4- جێناوە سەربەخۆکان دەبنە دیارخەری ناو جگە لە جێناوی :-

ئـ - پرس      ب –نادیار      پ – هەیی      ت- کەسی سەربەخۆ

5- ( نمرەی هێن بەرزە ) . لەم رستەیەدا دیارخەر بریتی یە لــە :-

ئـ-.جێناوی نادیار      ب- جێناوی پرس      پ- نــا و      ت- هاوەلناوی نادیار

وەلامەکان/      1 = ب      2 = ئـ      3= ب      4= پ      5= ئـ

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

(( هەڵبژاردنەکانی بەشی ئەرکی جێناوە سەربەخۆکان لە دەوری دیارخەری ناودا ))

1- جێناوی کەسی سەربەخۆ لەدەوری دیارخەری ناودا وەك ( گرێ ی ناوی ) چەند ئەرك دەبینێت :-
1-.هیچ ئەرکێك نابینێت   2- تەنها دەبێتە دیارخەر   3- هەموو ئەرکەکان

2- جێناوی کەسی سەربەخۆ لە دەوری دیارخەردا بە یەکێك لەم ئامرازانە دەدرێن پاڵ یەکتر :-
1-ئا- دانە پاڵی - ی   2- ئا- دانە پاڵی – ە -   3- ئا – لێکدەر

3- لە جێناوی کەسی سەربەخۆ لە دەوری دیارخەردا یەکێك لەمانە هەرگیز بەکار نایەت :-
1-ئا- دانە پاڵی - ی   2- ئا- دانە پاڵی – ە -   3- ئا – دانە پاڵی – ا –یٚ

4- لە رێزمانی کوردی دا چەند جۆر جێناوی سەبەر بەخۆ دەبن بە دیارخەری ناو :-
1-چوارجۆر   2- پێنج جۆر   3- شەش جۆر

5- یەکێك لەم جێناوانە هەرگیز نابێت بە دیارخەری ناو :-
1-جێناوی خۆیی   2- جێناوی پرس   3- جێناوی هـەیی

6- لە کرمانجی سەروو جێناوی کەسی سەربەخۆ لە دەوری دیارخەردا بە یەکێك لەم ئامرازانە دەدرێن پاڵ یەکتر :-
1-ئا- دانە پاڵی - ا- یٚ - یـت   2- ئا- دانە پاڵی – ە -   3- ئا – لێکدەر

7- جێناوە سەربەخۆکان لە دەوری دیارخەری ناودا هـەمـیـشـە دەکەوێتە :-
1- پێش ناوە دیارخراوەکە   2- دوای ناوە دیارخراوەکە   3-کۆتایی کارەك

8- لە رستەی ( مامۆستای ئێمە زیرەکە ) جێناوی کەسی سەربەخۆی – ئێمە - ئـەرکی :-
1-دیارخراوە   2- دیارخەرە   3- نیهادە

9- لە رستەی ( نهێنی خۆم دەپارێزم ) – جێناوی خۆیی – خـۆ - چ ئەرکێکی بینیوە :-
1-دیارخەری ناوە   2- نیهادە   3- دیارخراوە

10- گرێ یەکانی ( کوڕی کێ - جلی کامیان - وانەی چی – پارەی چەند ) جێناوە پرسەکان - ئەرکیان چی یە :-
1-دیارخراوە   2- دیارخەرن   3- نیهادە

11- ( ماڵی فلان - برای هین – کوڕی کەس - باوکی هەمووماں ) لەم گرێ یانە جێناوە نادیارەکان ئەرکیان چی یە :-
1-دیارخەری ناون   2- نیهادە   3- دیارخراوە

12- ( ماڵی ئەمانە - ماڵی ئەوانیٚ هیٚ - کوڕی ئەوە ) لەم گرێ ناویانە جێناوەکانی نیشانە ئەرکی یان چی یە :-
1-بـکـەرن   2-بـەرکـا رن   3- دیارخەری ناون

13- ( مالاّ مـە - مالاّ تـە - کوڕێ وی - کـچـا وان ) لەم گرێ ناویانەدا جێناوە سەربەخۆکان ئەرکی یان چی یە :-
1-بـکـەرن   2-بـەرکـا رن   3- دیارخەری ناون

3 =1   1 =2   2 =3   2 =4   3 =5   1 =6   2 =7   2=8   1 =9   2=10   1=11   3=12   3 =13

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە دەوری دیارخەری ناودا

جێناوەکانی ( م.–مان , ت–تان , ی–یان ) و ( م–ین , یت–ن, × ,ن ). دەبن بە دیارخەری ناو و بە ناوێکەوە دەلکێت پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ نابێت

**چۆن جێناوی لکاوی دیارخەر بناسینەوە لە رستەدا :–**

- جێناوەکە بە ناوێکەوە دەلکێ لە سەرەتای رستەکە ...
- هەروەها ئەگەر جێناوەلکاوەکان بکەین بە جێناوی سەربەخۆ ئەگەر جێناوە سەربەخۆیەکە هاتە پێش ناوەکەی سەرەتای رستە ئەوە جێناوەکە بکەرە
- بەڵام ئەگەر جێناوە سەربەخۆکە نەهاتە سەرەتای رستە و ئامرازی دانە پاڵی – ی – وەرگرت کەواتەجێناوەکە دیارخەری ناوە

وەك :– کە پرەکەم رووخا -- م – دیارخەرە --- بەواتای ( کە پرەکە ی من رووخا )

کە پرەکەم درووستکرد -- م– بکەرە -- -- بەواتای ( من کە پرەکە م درووستکرد )

- هەروەها ئەگەر دوجێناوی لکاو بەیەکەوە نووسان ( لەدوای یەك هاتن ) جێناوی یەکەم دیار خەرە و هی دووەم بکەرە ...

- جێناوی لکاو بە چەند شێوازێك دەبێتە دیارخەری ناو :–

خالی یەکەم // ئەگەر کارەکە لە رێژانەدا بوو ( رابردووی ( تێپەرو تێنە پەر ) یان رانەبردوی تێپەر – یان - داخوازی - یان- بکەر نادیار – یان - نا تەواو بوو

کۆمەلەی یەکەم ( م–مان , ت–تان, ی –یان ) دەبنە دیارخەری ناو و دەچنە دوای ئەو ناوەی کەلەسەرەتای رستەکەیە : – وەك

- –رابردوو + رانەبردووی تێنە پەر ........جیرانەکە مان هات * جیرانەکە مان دێت // منداڵەکە یان نووست * منداڵەکە یان دەنوێت
- –رانەبردووی تێپەر ......................... کەوەکە یان دەخوێنێت * کورەکە م کار دەکات
- –کاری ناتەواو ........................ باخچەکە تان جوانە * منداڵەکانـیان زیرەکن
- –کاری داخوازی ............................ پێنووسەکە م مەشکێنە * هاورێکە تان جێمەهێڵن
- –بکەر نادیار ................ گوندەکانـمان ئاوەدان دەکرێـنـەوە * گوندەکانـمان ئاوەدانـکرانـەوە
- –کاری دانانی .............. دەبوو انەکانـتان باشتر خوێندبا * خودایە دوعاکانـمان لێ وەربگرە

** تێبینی :– ئەگەر ناوەکە ناوێکی تر یان چەند ناوێکی تری بەدوا داهات – جێناوی لکاوی دیار خەر دەچێتە دوای کۆتایەمین ناوەکە :–

(( سەربانی مالی جیرانەکە مان خاوێن کردەوە ))

خالی دووەم // ئەگەر کارەکە رابردووی تێپەر بوو – هەردوو کۆمەلەی ( م–مان–ت–تان–ی–یان ) و ( م –ین – یت –ین - # –ن ) دەبن بە دیارخەر

- –جێناوەکانی ( م– مان –ت – تان – ی – یان ) دەبن بە دیارخەری ناو – بەم شێوەیە :

** دوو جێناوی کۆمەلەی یەکەم بەدوای یەکدا دێن – کە جێناوەکەی یەکەم دیارخەری ناوە و جێناوەکەی دووەم بـکـە رە : –

وەك :– نامەکە تـم گەیاند * گوندەکە مانـیان ئاوەدانکردەوە * خانووە تازەکە مـی بۆ فرۆشتم

- –جێناوەکانی ( م– ین – یت – ن - # - من ) دەبن بە دیارخەری ناو و یەکسەر دەچنە کۆتایی کارەکە :–

وەك: – پێنووسەکەم برد یت * لافاوەکە مالەکەی بردن * خانووەکەی فرۆشتـیـن * نامەکەی گەیاند # ⟶ دیارخەر دەر نەکەوتوە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

تێبینی // جێناوی لکاوی دیارخەری ناو بەدەر ناکەوێ لەگەڵ کاری رابردووی تێپەر :- وەك ( رزگاری کرد # )

** ناوەکەو جێناوە دیارخەرەکە هەردووکیان بەیەکەوە دەبنە گرێ ی ناوی و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن ...

بۆ زانین // هەر کاتێك دوو جێناوی لکاو بەیەکەوە بە ناوێکەوە لکان - ئەوا جێناوی تەنیشت ناوەکە دیار خەرە و ئەوەی تر بکەرە :

نموونە :- پەیامەکە تانم پێراگەیاند ن ...... تان = دیارخەرە ...... م = بکەرە ..... ن= ت – بەیاریدەیە

ناوە دیارخراوە ← جلەکە

م- دیارخەری ناوە ← م

ی- بکەرە ← ی

کاری رابردووی تێپەر ← دووری

ناوە.بەرکارە ← منداڵەکە

م = دیارخەرە ← م

کاری رانەبردی تیپەرە ← فێر دە کا

ت- بکەرە ← ت

رەنگە قوتابخانەکەمی ناونوس کردبێت

وشەیەکە بۆ گومان ← رەنگە

ناوە = دیارخراوە ← قوتابخانەکە

م/جێناوی لکاوە = دیارخەری ناوە ← م

ی/جێناوی لکاوە = بکەرە ← ی

کردبێت/ کاری رابردووی تەواوی دانانی یە

( قوتابخانە ی من- بەرکارە )

منداڵەکەی فێرکردم

مندال = ناوە ناسراوە- بەرکارە

ی - جێناوی لکاوە کـــ3 تاك – بکەرە

فیرکرد= کاری رابردوی راگەیاندنە لێکدراوە تێپەرە

م = جێناوی لکاوە= دیارخەری ناوە

(دەبوو منداڵەکەی فێر کردبا م ) ( دەبوو منداڵەکەی فێر کردبا یت ) ( دەبوو منداڵەکەی فێرکردبا × ) ← جێناوی دیار خەر دەر نەکەوتووە

تێبینی // ناوی دیارخراو لەگەڵ جێناوی لکاوی دیارخەر ( وەك گرێ ی ناوی ) لە ناو رستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت :-

گرێ ی ( ولاتەکەمان ) ........... 1- دەبێتە نیهاد -------------------- وولاتەکەمان خۆشە

2- دەبێتە بکەر -------------------- وەلاتەکەمان پێش کەوتووە

3- دەبێتە بەرکار --- ----------------- وولاتەکەمان دەپارێزین

4- دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو -----------ئەوە وێنەی ووڵاتەکەمانە

5-دەبێتە تەواو کەری بەیاریدە ------------ لە وولاتەکەمان ژیان بەسەر دەبەم

6- دەبێتە دیارخەری ناو ------------ ژینگەی وولاتەکەمان دەپارێزین

7-دەبێتە جێگری بکەر ----------- ولاتەکەمان ئاوەدان کرایەوە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

پرسیار // ئەگەر جێناوی لکا بوو بە دیار خەری ناوێك هیچ ووشەیەکی تر نابێتە دیارخەری چونکە دارشتنی رستەکە دەشێوێنێت و ماناکەشی لێل دەکات . . .

وەك ..... ناتوانین بلێین .......( دلەکانی مرۆڤ ) بەلکو دەگوترێ ( دلی مرۆڤ ) چونکە لە گەل واقیع دا ناگونجێت ....

پرسیار // کەی جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك بەدەر ناکەوێت لە دووری ( دیارخەری ناودا ) ؟..

وەلام // جێناوی لکاو کە ئەرکی دیارخەری ناو بێت .. بەدەر ناکەوێت لەگەل کاری رابردووی تێپەردا بۆ کەسی سێ ی تاك ::-

| | |
|---|---|
| وێنەکەی دراندم | وێنەکەی دراندین |
| وێنەکەی دراندیت | وێنەکەی دراندن |
| وێنەکەی دراند × جێناو بەدەر نەکەوتووە | وێنەکەی دراندن |

** ئەرکی ئەم جێناوانە لە م رستانە دیاری دەکەین //

خانووەکەت فرۆشتـــــن ....................... ت // بکەرە      ن // دیارخەری ناوە

رەنگە ولاتەکە یان داگیر کردبا یـن ........... یان // بکەرە      ین // دیار خەری ناوە

پاسپۆرتەکە ی نوێکرد یـنـەوە ........ .....ی // بکەرە      ین // دیارخەری ناوە

پاسپۆرتەکە تان نوێکــــرد × ە و ە ......... تان// بکەرە      # // جێناوی لکاو بۆ کــ 3 تاك بەدەر نەکەوتووە / دیار خەری ناوە

پرسیار // لە رستەی (( گولە باغی باغەکەمان جوانە ))

بزوێنی – ە – لە نێوان ( گول و باغ ) چی یە ؟      وەلام == بزوێنی – ە – ئامرازی لێکدەرە بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو

بزوێنی – ە – لەدوای جوانـــە شی بکەوە ؟      وەلام == بزوێنی - ە - کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا .

1- مان – چی یە و ئەرکی چی یە ؟      وەلام == مان – جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ئەرکی دیارخەری ناوە

پرسیار // ئەرکی جێناوە لکاوەکانی ئەم رستەیە دیاری بکە (( نـا مـە کـە ما نـی بۆ برد ن ))

ی // جێناوی لکاوە ئەرکی بکەرە .      مان // جێناوی لکاوە - دیارخەری ناوە      ن // جیناوی لکاوە – تەواوکەری بەیاریدەیە

پرسیار // جێناوی لکاوی _ ین – ن ) لەگەل چی جۆرە کارێك دەبن بە دیارخەری ناو ؟ دەچنە کوێ ی رستە ؟

ووە // جێناوی لکاوی - ن - دەبن بە دیارخەری ناو - لەگەل کاری رابردووی تێپەر و یەکسەر دەچێتە کۆتایی کارەکە چـــونکە جێناوی - ن – لە کۆمەلەی دووەمەوبۆیە هەمیشە دەکەوتە کۆتایی کار . . . وەك (( پایسکیلەکەت بۆیاغ کردن ))

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

پرسیار // لە رستەی (( دەبوو زەویەکەتان داگیرنەکرد با ن ))

1- ن – ئەرکی چی یە . ؟ بۆ خراوەتە ئەوێ ؟

ن / جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ – دیارخەری ناوە خراوەتە ئەو شوێنە چونکە کارەکە رابردوی داناني یە ( ن ) لە کۆمەڵەی دووەمی جێناوەلکاوەکانە بۆیە هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە ..

2- ئەگەر – ن – بگۆرین بۆ - مان - دەچێتە کوێ و بۆچی ؟

مان / دەچێتە دوای بەرکار و پێش جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێت .( دەچێتە نێوان بەرکارو بکەر ) چونکە کارەکە رابردووی داناني یە ....

3- کاری رستەکە لە چ رێژەیەکدایە ؟ بیگۆری بۆ رابردووی دووری داناني ؟ وەڵام == رستەکە دەبێتە (( دەبوایە زەویەکەتان داگیر نەکرد بوو بان ))

4- دەبـــوایە - شی بکەوە ؟ دەبوایە // کاری یاریدەدەرە بۆ پێویستی بەکار هاتووە

.

## راهێنانی ( 1 ) لاپەرە 92

لە رستەی (( مۆبایل پەیوەندی یەکانی ئێمەی ئاسانتر کردووەتەوە ))

1- ووشەی – پەیوەندی یەکان – جێناوی کەسی سەربەخۆی – ئـێـمـە - بویتە دیارخەری

2- هەروەها –جێناوی خۆیی و جێناوی نادیار و جێناوی پرس و جێناوی نیشانە ) دەبن بە دیارخەری

3- ( ئێمە ) بگۆرین بۆ ( جێناوی لکاو ) ئەم گۆرانکاریانە روو دەدەن :-

((مۆبایل پەوەندی یەکا نمانی ئاسانتر کردووە ))ئامرازی دانە پالی ( ی ) نامێنێت لە نێوان پەیوەندی یەکان و جێناوی مان چونکە لەکاری رابردووی تێپەر ئەگەر بەکار باسکرابوو ئەوا جێناوی لکاو بە بـەرکـارەوە دەلکێت )

4- گرێ ی (( پەیوەندی یەکانی ئێمە )) ..لەرستەکەدا ئـەرکـی بـە رکـا رە .

راهێنانی 2 لاپەرە 92

1- ئایا دەتوانین بـلـێـیـن (( مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە ))–

و - نەخێر ناتوانین وا بلێین - چونکە ئەگەر ناوێك بە جێناوی لکاو دیاربخرێت هیچ ووشەیەکی تر نابێتە دیارخەری–هەروەها - لە واقیعیشدا ناگونجێت و لەرووی واتاو دارشتنەوە تێك دەچێت و دەشێوێت .

2- گرێ ی ( دەمەکانی مندالەکە ) درووستە یان درووست نی یە ؟ بۆچی ؟

- نەخێر گرێ ی (( دەمەکانی مندالەکە ) درووست نی یە .. چونکە لەگەل راستی و واقیعدا ناگونجێ .. بۆیە دەبێت لە هەردوو رووی تاك و کۆ یەکسان بن و لەرووی نەناسراوی و ناسراویش بگونجێن لەگەل یەکتری .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

**راهێنان – 3 - لاپەرە 92 +93**

**وەلامی راست هەلبژێرە**

1- ( میوانەکا نمان گەیاندبوو ) ئەگەر جێناوی – ت - وەك دیارخەر - بەکار بهێنین دەکەوێتە کـوێ :-

ئـ – دواى –میوانەکان    ب – دوای –مان    پ – دواى – گەیاند    پ – دواى – بـوو

2- (گوندەکەتان ئاوەدان کرایەوە ) . ئـــە رکی -تـــا ن - چی یە :-

ئـ- بکەرە    ب- بەرکارە    پ- تەواوکەری بەیاریدەیە    ت – دیارخەری ناوە

3- لەرستەی ( نامەکەی گەیاند یت ) – ئـــە رکی – یــت -:

ئـ –بکەرە    ب- بەرکارە    پ–تەواوکەری بەیاریدەیە    ت- دیارخەری ناوە

4- ( قەلەمە سەوزەکەتـانم نەبرد ) – تان – لەدوای – سەوزەکە – بگۆرین بــۆ - ن - ئەوا دەچێتە -:

ئـ – دواى – قەلەم    ب - دوای - ( م )    پ- کۆتایی کارەکە    ت- دواى – ( نــــە )

5- ( دەبوو خانووە کۆنەکەمانیان نۆژەنکردبایەوە ) دەتوانین – مان – بگۆرین بۆ – یـن - چونکە کارەکە -:

ئـ – رابردووی تێپەرە    ب – رانەبردووی تێپەرە    پ- داخوازی تێپەرە    ت- داخوازی تێنە پەرە

**وەلامەکان : - 1 = ئـ    2= ت    3= ت    4= پ    5= ئـ**

**راهێنانی ( 4 ) لاپەرە 93**

لە رستەی (( دەبوو رۆمانە تازەکەتیان چاپ کردبا ))

1- بکەری رستەکە دیاری بکە ............ یان- بکەری رستەیە ... جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێ یەمی کۆ

2- ت - چی یە و ئەرکی چی یە؟ بۆ کەوتۆتە ئەوێ ؟ .... جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ...ئەرکی دیارخەری ناوە - چونکە کارابردوی تێپەرە
بۆیە کاتێك جێناوی لکاوی ( ت ) دەبێتە دیارخەر بەبەرکارەوە دەلکێت ...

- ئەگەر لە جیاتی - ت - جێناوی – یـــت – بەکار بێنین....ئەوکاتە جێناوی - یت – دەچێتە کۆتایی کارەکە . چونکە کارەکە رابردووی تێپەرەو ( یت )

- لە کۆمەلەی دووەمی جێناوەکانە بۆیە وەك دیار خەری ناو دەچێتە کۆتایی کارەکەوە .. (( دەبوو رۆمانە تازەکەیان چاپکردبایت ))

3- ە // لەدوای رۆمان -- ئامرازی خستنە سەرە ( دانە پالە )

4- رستەکە دەبێتە (( رۆمانە تازەکەتیان چاپکردووە ))

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( هەڵبژاردنەکانی بەشی ئەرکی جێناوی لکاو لەدەوری دیار خەری ناودا )

1- جێناوی لکاو دەبێتە دیارخەری ناو و پێویستی نی یە بــە :-　1-ئا – پەیوەندی　2-ئا- ی - دانە پاڵ　3- ئا - پەیوەندی

2- یەکێك لەم کـۆمەلە جێناوانە هەرگیز نـابن بــە دیارخەری ناو :-
1-کۆمەڵەی ( م-مان /ت-تان/ ی-یان )　2- کۆمەڵەی ( م-ین/یت-ن/ $-ن )　3-کۆمەڵەی ( م-ین / یت-ن / یت.ات - ن )

3-کام لەم کۆمەڵە جێناوانە کاتێك کە دەبن بە دیارخەری ناو یەکسەر دەچنە کۆتایی کار :-
1- ( م -یت – ات – ن )　2- ( م - یت – ن )　3- ( م – ی – تان )

4- ئەگەر جێناوی لکاو بە ناوێکەوە لکا ئەرکی جێناوە لکاوەکە دەبێتە چــی :-
1-بەرکار　2- دیارخەری ناو　3- تەواوکەری بەیاریدە

5- لـە کاری بـکـەر نادیاردا جێناوی لکاو لەدەوری دیارخەری ناودا دەچێتە کوێ :-
1-کۆتایی کارەکە　2-بەجێگری بکەر دەلکێت　3- دوای ناوە دیارخراوەکە　4= 3+2 راستن

6- جێناوی لکاوی دیارخەری ناو- هەمیشە بە ناوە دیارخراوەکە دەلکێت ئەگەر کارەکە :-
1-رابردو و رانەبردوی تێنە پەر بوو　2- داخوازی و رانەبردوی تێپەر بوو　3- بکەر نادیار بوو　4- هەموویان راستن

7- لەکاری را بردوو ی تێپەردا جێناوەکانی ( ت – یان ) دەبن بە دیارخەری ناو دە چـنە :-
1-کۆتایی کارەکە　2-نێوان بەرکارو جێناوی بکەر　3- دوای ناوی دیارخراو　4= دووم و سێ یەم راستن

8- کۆمەڵە جێناوەکانی ( م – یت / یت – ن / # – ن ) دەبن بە دیارخەری ناو لە گەڵ کاری رابردوی تێپەر داو هەمیشە دەچنە :-
1-کۆتایی بەرکار　2-کۆتایی کارەکە　3- بە بکەرەوە دەلکێت

9- گرێ ی ناوی ( نامەکانم ) لە رستەدا چ ئەرکێك دەبینێـت :-
1-تەنها دەبن بە بکەر　2- دیارخەرو تەواوکەری کار　3- هەموو ئەرکەکان دەبینن　4- بەرکار

10- لە رستەی ( ولاتەکەمان پێش کەوتووە ) گرێ ی – ولاتەکەمان – ئەرکی :-
1-بـکـــەرە　2- بـەرکـارە　3- تەواوکەری کارە

11- جێناوی لکاو وەك – دیارخەری ناو - دەرناکەوێت لە گەڵ کاری :-
1-رابردووی تێنە پەر　2- رانەبردووی تێپەر　3- رابردووی تێپەر　4- رانەبردووی تێنە پەر

12- لە رستەی ( خانوەکەت فرۆوشتین ) جێناوی لکاوی - یـن – دوای فرۆشتن – ئەرکی چی یە :-
1-بـکــــەرە　2- بـەرکـارە　3- دیارخەری ناوە

13- لە رستەی ( پاسە پۆرتەکەی نوێ کردنــەوە ) جێناوی لکاوی – ن - ئەرکی چی یە :-
1-دیارخەری ناوە　2- بکـەرە　3-بەرکارە

14- ( ئەوە وێنەی ولاتەکەمانــە ) لەم رستەدا – گرێ ی ناوی –ولاتەکەمان – ئەرکی چی بینیوە :-
1 – دیارخەری ناوە　2- بـەرکـارە　3- تەواوکەری کاری ناتەواوە　4- وەلامی 1+ 3 راستن

15- جێناوی لکاو بۆ کەسی سێ یەمی تاك لە دووری دیارخەری ناودا بــە دەر ناکەوێت ئەگەر کارەکە :-
1-رابردووی تێنە پەر بوو　2-رانەبردووی تێنە پەر بوو　3-رابردووی تێپەر بوو

16- لە رستەی ( کراسەکەی لێ دڕاند )- جێناوی لکاو لە دووری دیارخەری ناو بریتی یە لــە :
1- ی. –　2- کراسەکە　3- دەر نەکەوتووە　4- هیچیان

17- لە رستەی ( بە ئۆتۆمبێلەکەیان نەخۆشەکە دەگوازینەوە ) ئەرکی جێناوی – یــان - لەم رستەدا چــی یە :-
1-بەرکار　2- بکـەرە　3- دیارخەری ناوە　4= تەواوکەری بەیاریدە

| وەلامەکان :- | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 = 1 | 3 = 2 | 2 =3 | 2 =4 | 4 =5 | 4 =6 | 2 =7 | 2=8 | 3 =9 | 1 =10 |
| 3 =11 | 3 =12 | 1 =13 | 1 =14 | 4 =15 | 3 =16 | 3 =17 | 3 =18 | | |

مامۆستا عبدالقادر مەلا زادە کۆیی

بەشی ئەدەب      ( ڕێڕەوی شیعری کوردی لە نێوان سالانی 1939 تاکو 1991 )      وەرزی یەکەم

## قۆناغی یەکەم –سالانی 1939 – 1958

- شیعری کوردی لە پێش 39 هەنگاوی زۆر گەورەو کاریگەری ناوە بۆ ئەوەی گۆرانکاری نوێ و گرنگ لە روخسارو ناوەرۆکی شیعریدا بەدی بێنێت کە بەشی زۆری ئەو رەوتە نوێ یەی لە شیعری قۆناغی 39-58 دەی بینین درێژە پێدەری هەمان رەوتی گۆرانکاری شیعری کوردی قۆناغەکانی پێشووترە .

- هیچ هێلێکی ئاشکراودیار لە نێوان قۆناغی پێش 39 و قۆناغی دوای 39 و خالی جیاکەرەوی بنەرەتی نـی یـە لە بواری شیعریدا ...
- لە پال پەیدابونی هەندێك شاعیری نوێ دەنگی هەمان شاعیرانی پێشوو لە قۆناغی 39 دا دەبیسترێت ولەم قۆناغەش بەردەومیان بە شیعر داوە .

** شیعری زیندوو ئەوە یە کە گوزارشت لە کات نوسینی دەقە شیعریەکە بکات و هەلگری سیماو تایبە تمەندیەکانی قۆناغی نوسینی شیعرەکە بێ ...

** سیماکانی شیعری زیندوو ئەمانەن

1 – ساتە وەختی پەژارە      2- ژەنگی سیاسی کاتی شەری جیهانی دووەم

3- خەباتی سیاسی گەل      4- خۆپیشاندانەکانی گەل لە عیراق و کوردستان .

** شیعر لەو قۆناغەدا 39-58 بووە هۆکاری هۆشیار کردنەوەی گەل بۆ بەدەست هێنانی مافەرەواکانی .. بۆیە شیعری ئەو ماوەیە – بەتەواوی گوزارشتی لە هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد دەکرد.

** شیعری کوردی لە 39-58 لە روی ناوەرۆکەوە گۆرانیکی گەورەی بەسەر داهات . چونکە سەرەرای خالەهاوبەشەکانی لەگەل قۆناغی پیش – 39 گەلێك لایەنی جیاوازیش دێنە بەرچاو کە خاسیەتی ناوەرۆکی شیعر لە قۆناغی پیشتر نەی بووە

* گرنگترین گۆرانکاریەکانیش.لە قۆناغی 39-58 لەرووی ناوەرۆکەوە ئەمانەبوون (( سەرهەلدانی شیعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی ووەصفی سرووشت و کێشەکانی ئافرەت و کێشەی کۆمەلایەتی بوون ))

** بە هۆی سەرهەلدانی گەلێك رووداوی گرنگ کە بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا هات هەستی کوردایەتی لەلای گەلی کورد شێواز و ئاراستەیەکی تری وەرگرت و ئەمەش لە شیعری شاعیران رەنگی دایەوە . چونکە خەباتە رامیاریەکەی ئەو سەردەمە چووە ناودەقی شیعری یەوە .

** ئەم شاعیرانە کە لەناو کۆری خەباتی سیاسی و قۆناغەدا ( 39 – 58 ) هاتنە ناو جیهانی شیعری کوردی یەوە ئەمانەبوون

( هەردی ..دیلان .. هەژارموکریانی .. کامەران موکری ..دلدار. هێـمن . جگەرخوێن )

** لە لای – هێـمن – هەست و نەستی کوردایەتی بەتەواوەتی شیعری کوردی قۆناغی – 39 – 58 ی داگیر کردووە .... وەك دەلێت :-

( کوردم ئەمن )      ( هێمن )

گەرچی تووشی رەنجەرۆیی و حەسرەت و دەرد م ئەمن ,,,,,,,,, قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵـە نابەزم مەردم ئەمن

ئاشقی چاوی کـــە ژاڵ و گـە ردنی پـڕ خاڵ نـیـم ,,,,,,,,, ئاشقی کـێـو و تەلان و بـەنـدەنر و بـەردم ئـەمن

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

** جگەر خوێن – لە بابەتی – نیشتیمان پەروەری – دا هاتە گۆرەپانی شیعری کوردیو هەستی کوردانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەلکردنی ئالای کوردستان دەر دەبرێت . بە شیعرێك بە ناو نیشانی ( ئـالا مـن )

( ئـالا مـن ) ( قەدری جان )

ئالا سێ رەنگی توو ,,,,,, بناڤ و دەنگی توو

نیشانا جەنگی توو ,,,,,,,, ئەی خورتێن کوردان سلاڤێ لێ بکەن

** شیعری کوردی لە قۆناغی -39-58 – پەیامێکی مرۆڤانەی هەلگرتبوو... چونکە هەرگیز بە تەنها لە بیری نەتەوەکەی خۆیدا نەبووە و دوور بووە لە رەگەز پەرستی ... شیعری کوردی کانیاوی بیری ئازادیخوازی گەلانی تری جیهان بووە .

** تێروانینی شاعیران لە ماوەیەدا 39-58 –بۆ سرووشت لەو وەصفە رووتە هاتوونەتەدەر کە شاعیرە کلاسیکیەکانی پێشوو پەیرەوویان دەکرد .ئەمەش بۆ درووست کردنی هەستی خۆشەویستی نیشتیمان لە ناخیا رۆلەکانی گەلند ا- تا وەلاتەکەیان زیاتر خۆش بوێت و بەرگری لێ بکەن .

** دیلان – لە شیعری بەهاردا بەم شێوە وەصفی سرووشت دەکات ..لەشیعری (( بــە هــار ))

(( بەهار )) (دیلان)

وا بـەهار دیـسان تـارای لـە پۆشی *** گـولاڵە پـیالـەی خوێنین ئەنۆشێ

نـێرگز ئـەندام شـۆر رەنگی زێرینی *** وەنەوشەو کورنووش پەرەی چین چینی

** بێکەس – دەربارەی ژن – دیمەنێکی دواکەوتووی ناوکۆمەلگا بەرجەستە دەکات ....لە شعرێکی دا بەناوی – نەسرین- دەلێت :-

(( نەسرین )) ( بێکەس )

مەلێ من کچـم تۆش وەکـو مـنی ,,,,,,,, موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی

مەجـبـووری ئیش و خزمەتکردنی ,,,,,,,, هەسـتە تێکۆشە تا خوێنت گەرمـە

سەرپۆش فرێ دە چ وادەی شـــەرمـە

** ناوێتەکردنی ژن لە گەل کێشە سیاسی یەکاندا بووە هۆی ئەوەی رەنگدانەوەی – ژن – لە شیعری کوردی ئەم قۆناغە -39-58 تەنها وەك خۆشەویست سەیر نەکرێت بەلکو لا لە کێشکەکانیان کراوەتەوە

,,,, دیارترین شاعیری ئەم قۆناغە 39 – 58 لەبواری – خۆشەویستی بۆ ژن – ئەحمەد هەردی – یە .... کە دەلێت :-

(( چەپکە گولێك بۆ ست فاتیمە ))

گەرچی دلداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە ,,,,,,, هەربەتەنها بۆ کتوری خاوەن تەلارو عـانـەیـە ( ئەحمەد هەردی )

گیانەکەم ئەمما دلی من لەو دلە شێتانەیە ,,,,,, بێئەوەی هیچ شك بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیـە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

** لەم قۆناغەدا 39-58 جیاوازتر باسی لە ژن کردووە و لە چوار چێوەی جــوانی روخــساردا هاتەدەرەو بەلکو – لا لە کێشەکانی کراوەتەوە شاعیران وا باسی - ژنیان – کردووە کە وەکــ پیاو مرۆڤــە وەك پیاو ئەرکومافی هەیە و دەبێت لەکۆری خەباتی سیاسی وتێکۆشاندا بەشدار بــێت و دەڵێن دەبێت ژنی کورد لە کۆتی دیلی و دواکەوتوویی بێتەدەر و لە و داب و نەریتانە رزگاریان بێت کە رۆلی ژنان لاواز دەکەن لە بوارەکانی ژیاندا ...

** لە پال کێشە رامیاریەکان دیارترین کێشەن کە شاعیران ئاوێتەی شیعرەکانیان کردوە کێشەی (کۆمەلایەتی و چینایەتی یە) - بۆیە شاعیرانی کورد لەم قۆناغە 39 – 58 زیرەکانەوووشیارانە کێشەکانی کۆمەلایەتیان ئاوێتەکردووە بە کێشە سیاسی یەکانی گــەلەوە .

** دیارە کە شاعیران – لەسەرجەم دەقە شیعریەکانیاندا – لە قۆناغی 39-58 – پاڵپشتی لــە چینی چەوساوە دەکەن و دژی زۆرداران وەستاو نەتەوە وهەردەم هاوڕێ ی جووتیارو کرێکاری زەحمەتکێش بوون ...

** قانیــع – پالپشتی دەکات لە چینی چەوساوە و دژی زۆر داران وەستاوەتەوە وبەردەوام هاوڕێ ی جوتیار و کرێکارو خەلکی زەحمەت کێش بووە بووە .

لە شیعری – قەلاچۆی دوژمن – دەلێت

( قەلاچۆی دوژمن )      قانیع

باهەموو جووتیارو پاڵەو رەنجدەران ,,,,,,, یەکگرن تا دەبنە هــێزو پــشتیوان

هەلگرن یەکسەر درووشمی هاو بەشی ,,,,,,, بێ جیاوازی لــە سەر رە مـزو نیشان

- شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا ( 1939 – 1958 ) روویان لە کێشەی - سیاسی و - نەتەوایەتی و - چینایەتی ( کردووە
- هەروەها بــایەخیان بە ئاشتی و هاوخەباتی و مرۆڤ دۆستی داوە ..

( روخسار و تەکنیکی شیعری کوردی قۆناغی ( 1939 – 1958 )

** لەگەل ئەوەی شاعیران لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگیان بە ناوەرۆك داوە . بەلام هەندێ هەولی تاکەکەسی دەبینرێت بۆ گۆڕین و نوێ کردنەوەی - روخسارو تەکنیکی شیعر .. ئەمەش لەهەندێك لە شیعرەکانی ئەم شاعیرانەدا بەدی دەکرێت ( گــۆران - قــەدری جــان - کــامەران - دیــلان )

** دیلان - لە سالی 1954 لــە پارچە شیعری (( رێــگەی خەبات )) بنیاتی دەقی شیعری کوردی دەگــۆرێت و بەرەو قالبــێکی ئــا زا د ی دەبات ..

** کامەران موکری – لە سالی 1957 لــە پارچە شیعری ( ئەی کــچە شــوان ) روو لە شیعری ( ئازاد ) یان – تازە و سەربەست - دەکات ...

مامۆستا عبدالقادر مەلا زادە کۆیی

** زمانی شیعری لە قۆناغی 39 – 58 - بەرە و – کـوردی پـەتـی - هەنگاوی ناوە - هەروەها فەرهەنگی شیعریش زیاتر دەولەمەند کراوە و بوارە جیا جیا کانی خەباتی سیاسی و شیعری جوانی سروشت و کێشەکانی ژن و دەیان وشەی تریان هێنایە ناو شیعری کوردی ....

** شیعری کوردی لە قۆناغی 39 – 58 سوودی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە– گەلێك لەشاعیران زمانی شیعری ئەم قۆناغەیان دەولەمەندتر کردووە

** ( قەدری جان ) بە سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی زمانی شیعری دەولەمەند کردووە بەناونیشانی ( کاروانیٚ مـە ).

** لە 39 – 58 ئەو دەولەمەندی یەی زمانی شیعر لە لایەك و فراوان بونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشەکەی بووە هۆی ئەوەی کە وێـــنەی شیعریش گۆڕانی بەسەر دا بێت و – *مەبەستی دەربڕین* – لە بیرو هەست و سۆزی شاعیراندا - بنیات بنرێت و بابەت و ناوەرۆکە شیعریەکانیان پێ بەرجەستە بکرێت .

لەگەل فراوان بونی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد لەم قۆناغەدا ســروودیش بەرەوپێش چونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بین بە تایبەتی ئەو سرودانەی کە بۆ جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی کوردی دەوتران ... وەك پیرەمێردی شاعیر لە شیعری – نەورۆز – دا دەڵـێ ::

( نـەورۆز )

ئـەم رۆژی ســـاڵـی تازەیــە نـەورۆزە هـاتــەوە ,,,,, جـەژنێکی کـۆنی کوردە بــەخــۆشی و بـە هاتەوە (( پیرە مێرد ))

چەند سال گولـی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار ,,,,, هـەر خـوێنی لاوە کان بـــوو گوڵی ئاڵی نەو بەهار

** بە شێوەیەکی گشتی – ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە – کە شیعری کوردی ئەم قۆناغە – 39 – 58 - لە رووی تەکنیك و ناوەرۆکەوە هەلقولاوی ناو جەرگەی کۆمەلی کوردەواری بوو بێت - واتە - گوزارشتێکی راستەقینەی ژیانی ئاسایی خەلك بووە .....

** شاعیران لەم قۆناغە – 39 – 58 ویستوویانە و مەبەستیان بووە خەلك هۆشیار بکەنەوە – بۆ ئەوەی لە مافە رەواکانی خۆیان بێدەنگ نەبن - هەر بۆیە – بەزمانی ئەوان شیعریان نووسیوە ( بە زمانی خەلك ) واتە دەتوانین بلێین – شاعیران زما نحالی بەوەفای میللەت بوون و خۆیان لە سەنگەری میللەت جیا نەکردۆتەوە ......

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ماوەی سالانی 1958 تاکــو 1970 )

** لە قۆناغی ماوەی نێوان ( 58 بۆ 70 ) شیعری کوردی ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پال ئاما نجە کانی ئەم شۆڕشەو بەهیوای ئەوەی ك لەسایەی ئەم شۆڕشە گەلی کورد بە مافەکانی خۆی بگات .هەرئەم تێڕوانینەش بووە هۆی ئەوەی شاعیرانی کـــوردلەم قۆناغە دەیان پارچە شیعر بەسەر شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی بلێـــن .بەرگریان دەکرد لە دەستکەوتەکانی شۆڕش کە بە دەستی – هێنابوون .بەم پێیە شیعری سیاسی ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ چووە ناو بازنەی شۆڕشی 14 ی گەلاوێژەوە ...

** شیعری کوردی لە ماوەی - 58 –70 پەیوەستە بە دوو ڕووداوی سیاسی گرنگ لە عیراقدا.

یەکەم – ڕوودانی شۆڕشی 14ی گەلاوێژی سالی 1958 کە ئەمە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر باری ڕوناکبیری وئەدەبی گەلانی عیرا ق بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی هەبوو .

دووەم – سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول کە شۆڕشی گەلی کورد بوو سالی 1961 کــە ئەم شۆڕشەش بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو کارتێکردنی هەبــوو لەسەر باری ڕووناکبیری و ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عیراقدا ..

** سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول – 1961 کاریگەری هەبوو ئەویش ئەوەیە کەشیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناوسەنگەری پێشمەرگەوە و شاعیرانی ئەو سەردەمە زۆر پتەوتر جەختیان لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکردەوە ...

** شیعری کوردی لەم ماوەیەدا ڕەنگ دانەوەی ئەو بێ ئومێدی یەی کورد بوو بەرامبەر شۆڕشی 14 ی تەمموز کە وردە وردە پشتی لە داواکاریەکان و مافەکانی گەلی کوردستان دەکردو پشت گوێ ی دەخست ..هەربۆیەش شۆڕشی ئەیلول بەرپا بوو .

** ئەو هیوایەی کورد بە شۆڕش هەیبوو هەر زوو پوکا یەوە چونکە وردە وردە پشت لە مافەکانی کورد دەکرا .بۆیە دەبینین کۆمەڵێك دەقی شیعری کوردی لە سەرەتای شەستەکانی ئەم قۆناغە ڕەنــگ دەدانەوەی ئەو نائومێدیانەبوون و بە نائومێدی باسیان لێوە دەکرد .

** بەشداری ڕاستەوخۆی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شانبەشانی پێشمەرگە لە شیعرەکانی (( هەژار موکریانی )) دا دەردەکەوێت – کە دەڵێت ::–

(( سروودێك بۆ پێشمەرگە ))                هەژار موکریانی

نیشتیمانی کورد گەلێك پیرۆزی سوێندت پێ دەخۆم *** بۆ سەربەخۆییت بەگیان و بەماڵ بەقوربانی تـــۆم

زۆر لاوی ئازات لــە کۆڕی خەبات خوێنی خۆیان ڕشت *** زۆر شێخ و پیران لــە زاناو ژیران خۆیان دا بە کوشت

** بایەخدان بە کێشەی نەتەوایەتی لە قۆناغی 58 – 70 - نەك هەر نەبووە هۆی ئەوەی کە ئاسۆی بەردەمی شاعیران تەسك بێــتەوە بــەلکو فراوانتری کرد شاعیرانی کورد لە پال ئاوڕدانەوەلە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی خۆیان باوەشیشیان بۆ خەباتی گەلانی تری ماف خوراو لە جیهان کردەوە هەروەك (کامران موکری – ڕوو لە شۆڕشی گەلی جەزائیر) دەکات دیــلان پشگیری لە گەلی – کۆنگۆ – دەکات ...

** خەباتی گەلی کورد و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە تیشکی گەشبینی پەخش کرد , هەر بۆیە زمانی شیعریش بەرە و شەقلی بەرەنگار بوونەوەو چۆك دانــەدان دەڕۆیشت , بەو پێ یەشیعر لەم سەردەمەدا زیاتر مەبەستی گەیاندنی پەیام بوو ئەوەندە مەبەستی دەرخستنی توانستی زمانی شیعر نەبووە

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

** لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکی لە ناوەرۆکی دەقە شیعریەکاندالە ماوە 58 – 70 بابەتی - سیاسی بووە - بۆیە ش زمانی شیعریش هەر لە چوارچێوەی - شیعری سیاسی دا دەسووڕایەوە .

** سیمای هەرە دیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی ماوەی سالانی ( 58 بـــۆ 70 ) مـەبەستی سیاسی و نەتەوایەتی بوو.

** سۆزی شاعیران لە سەرەتای 58-70 - هەلگری سیمای خۆشی و شادی بووە بەرامبەر بە شۆرش و بە ئومێدی بە دیـهـێنانی مافەکانی کورد هەر بۆیەش وشە شیعریەکان شادی و گەشبینی و ئومێدی تێدا دەبینرا .

** بابەتی سەرەکی لە ناوەرۆکی دەقی شیعری و زمانی شیعری لە قۆناغی – 1958 -1970 - بابەتی سیاسی بوو ..

** لەماوە نێوان ( 61 بـــۆ 70 ) زمانی شیعر - بەرگی خەم وپەژارەو نائومێدی پۆشی بەتایبەتی لەسالانی سەرەتای هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلوولەوە … چـــونکە . لەم ماوەیەدا رژێم بەو پەری توندو تیژی یەوە کوردستانی کاول دەکرد و کوردی دەچەوساندەوە …

** شیعری ئەم قۆناغە 58 – 70 هەروەك قۆناغی پێشوو زیاتر کێشی برگەیی و سەرواى مەسنەوی - جووت سەروا - ی پەیرەو کراوە …

* شیعری بێشکە منال – هی شاعیر – گـــۆ را ن – ە , کـەلـە 12-6-1962 ماوەیەك پێش مردنی نووسیویەتی .. لەم شیعرە دا سەرواى تازەی بەکارهێناوە - شیعرەکە د ژی شەر و شەرخوازان وەستاوەتەوەو لە گەل ئاشتی دایە …

( بـێـشـکـەی مـنـا ل )

ئــای چەند خـۆشە مالێکی بێ وا
رووی دونیا ئەم پەڕتا ئەوپەڕ
دڵـنـیا بین بـێـشـکەی ســاوا
نابێ بـە خۆڵـە مێشی شـەر

(( شاعیر - گۆران ))

* لەلا ی شاعیران ( قەدری جان و دیـلان ) سەرواى شیعر تا رادەیەك گۆرانی گرنگی بەسەر دا هاتووە و دەقە شیعریەکانیان بەرەو بنیاتی شیعری سەربەست برد بەلام ئەم هەولانەیان ئەو کاتە نەبوون بە دیاردە چونکە لە چوار چێوەی هەولی تاکە کەسی بوو .

• سوارەی ئیلخانی زادە سەرکەوتوو نەبوو بۆ گۆرینی قالبی شیعر لە کوردستانی رۆژهەلات . چونکە هـە ولـە کانی هەر لە چوار چێوەی هەولی تاکەکەسیدا مایەوەو نەبوو بە رەوتێکی دیاری شیعری کوردی لەقۆناغی دووەمــدا .

** لە شیعری ئەم قۆناغەدا – ( 1958 – 1970 شاعیران زیاتر کێشی برگەیی و سەرواى مەسنەوی واتە ( جووت سەروا ) پەیرەو کراوە …

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## هەندێك هەلبژاردنی قوناغی دووەمی شیعر 1958 -1970

1-لەقۆناغی دوەمی شیعر( 1961-1958 ) شیعر راستەوخۆ دەنگی خستە پال :- 1- پێشمەرگە 2- رژێمی داگیرکار 3-ئاما نجی شۆرش

2-لە چ قۆناغێك شاعیرانی کورد- دەیان پارچە شیعریان بەسەر شۆرش و سەرکردایەتی شۆرش گوتووە :- 1- 39-58 2- 58-70 3- 70-91

3-لەگەل سەرهەلدانی شۆرشی ئەیلول – شیعری کوردی راستەوخۆ چووە ناو 1- ئاما نجەکانی شۆرش 2- سەنگەری پێشمەرگە 3- هیچیان

4-کامەران موکری روو لە شۆرشی جەزائیر دەکات بەلام دیلان پشتگیری دەکات لە شۆرشی : 1- لیبیا 2- ئەفریقیا 3- کۆنگۆ

5-گۆران لە شیعری بێشکەی منال دا رووی کردە بەکارهێنانی کێشی :- 1- جووت سەروا 2- یەکێتی سەروا 3- سەرواى تــازە

6-زیاتر کێشی ( برگەیی وسەرواى مەسنەوی ) بەکار هاتووە لە قۆناغی :- 1-1958 -1970 2-1970-1991 3- 1939-1958

7- ( سروودێك بۆ پێشەرگە ) ناونیشانی شیعرێکی کێ یە ؟ 1- جەمیل رە نجبەر 2- هەژار موکریانی 3- شێرکۆ بێکەس

8-لەقۆناغی 1958 – 1961 شیعر بەزۆری مەبەستی :- 1- ئاما نجی شۆرش بو 2- گەیاندنی پەیام بوو 3- بەکار هێنانی رەوانبێژی قولّ

9-لەقۆناغی 1958 – 1961 شیعر گرنگی نەداوە بە : 1- دەرخستنی توانستی زمان 2- کێش و سەروا 3- کوردی پەتی

10- زمانی شیعری لە قۆناغی 1958 – 1961 هەلگری سیمای :- 1- نائومێدی بوو 2- خەم و پەژارە بوو 3- خۆشی و شادی بوو

11- زمانی شیعری لە قۆناغی 1961 -1970 بریتی بوو لە پۆشینی بەرگی 1- خەم و پەژارەو نائومێدی 2- خۆشی وشادی 3- ئاوات و ئومێد

12-زمانی شیعری مەبەستی – رامیاری – بوو لە قۆناغی :- 1- 1939 – 1958 2- 1970- 19 91 3-1958 -1970

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ڕێرەوی شیعری کوردی ماوەی نێوان سالانی ( 1970 تاکو 1991

## قۆناغی ماوەی نێوان سالانی 1970 تاکو 1975

- لەگەل ئەوەی ماوەی نێوان 70 – 75 – ماوەیەکی کورت بوو کەمی خایاند . بەلام هەتا بلێ ی گرنگ و کاریگەربوو . هەروەکو کاردانەوەی گەورەی بەسەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و بەتایبەتی لەسەر شیعر بەجێ هێشت لەرووی روخسارو ناوەرۆکەوە و ئەم کاریگەریەش تاماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو

- لەئە نجامی ئەو گۆرانە سیاسی یانەی بەسەر کوردستان و عیراقدا هات لەم ماوەیەدا ( 70-75 ) شیعری کوردیش گۆرانی زۆری بەسەرداهات ...

- شاعیرانی ( گرووپی روانگە ) هەلگری تێروانینی جیاواز بوون لە چاو شاعیرانی تر .ئەوان لە پال ئەو گۆرانەی کە هێنایان بەسەر فۆرمی شیعری کوردیدا , دەیانویست شیعریان ( پەیامی یاخیبوون )بگەیەنێت .ئەم هەستەش بە شێوەیەك بوو تێکرایتێکرای شیعری کوردی لەم قۆناغەدا گرتبووە وە .

- دیارترین سیمای شیعری لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە سەرهەلدانی گرووپی (( ڕوانگە )) لە سالّی 1970 دا ,ئەم گرووپە توانی رۆلێکی کاریگەرو گرنگ ببینێت . ئەو گۆرانانانەش بەسەر ناوەرۆك و فۆرمی قۆناغەکەدا هات . ئەم رۆلەش تا سالانێکی زۆ ر بەردەوامبوو.

## تاییە تمەندی قۆناغی ( 70 – 75 ) لەڕووی ناوەرۆکەوە

- لە پال ناوەرۆکە باوەکەی شیعری کوردی وەك نیشتیمانی و خۆشەویستی .. گەلێك بابەتی نوێ لە شیعری ئەم قۆناغەدا هاتە پێش چاوان وەك- بابەتەکانی ( مرۆڤ و مرۆڤایەتی و شارستانیەت و کێشەی کۆمەلایەتی و کێشەکانی ئافرەت و ژیان و مردن ).

* شیعر لەم قۆناغەدا 70-75 هەلگری وتارێکی نەتەوایەتی قـــوول بوو .ئەویش ئەو پەیامە بوو کە بەرگری دەکرد لە پێناومانەوەو پارستنی کوردبوو

** بۆیە شیعر لەم ماوەیەدا دژی ستەم و زۆرداری دوژمنان دەوەستایەوەو وەکوو هێزێکی کاریگەر رۆلی بینیوە .ئەم هەستەش وا کاریگەر بوو کە کەم شاعیر هەیە لەم قۆناغەدا شیعری بۆ کوردو سەربەخۆیی کوردستان نەنووسیبێت .

- شیعر لە ماوی( 70 – 75 ا هەلگری بـیـری فەلسەفی و مەعریفی یە .بەتاییەتی لەو بیرە فەلسەفیانەوە سەرچاوەی دەگرت کە لــە لە سەرچاوەی بیرە فەلسەفیەکانی رۆژئاوا بوو . .. لە کاتێکا لە قۆناغەکانی پێشوو ئەم سەرچاوانە لە بیرە فەلسەفیەکانی گەلانی رۆژهەلاتەوە وەر دەگیران ...

- یــا خــیــبوون – دیارترین خاسیەتی شیعری کوردی ئەم قۆناغە بوو .... ئەم یاخیبونەش دوو شێوەی هەبوو :

1- یاخیبوونی سیاسی – کە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ دا بوو .

2- یاخیبوونی کۆمەلایەتی – کە یاخیبوون بوو لە داب و نەریتە باوە کۆمەلایەتیەکان .

- شاعیرانی ئەم قۆناغە ( 70-75 ) کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی شاعیرانی پێش خۆیان و لە هەولی ئەوەدابون لە شیعری ئەوان لابدەن . تەنها لەو کاتانە سوودیان لێ بینیون کە شیعرەکانیان درێژە پێدەری رەوت یاخیبونی ئەم شاعیرانە بووە لەگەلّ ئەوەشدا کاریگەری ئەم قۆناغە ماوە کورتە بەسەر تەواوی شیعری شاعیرانی سالانی دواتری ئەم قۆناغەدا بە جێماوە .

* -لە شیعرێکی شاعیر (( لەتیف هەلمەت )) دا پەیامی یاخیبوون دەر دەکەوێت کە یەکێکە لە شاعیرانی قۆناغی ( 70 – 75 ) .. بۆ ئەم یاخیبوونەش شاعیر سوودی بینیوە لە ئەفسانەو هێما مێژوویی یەکانی ناو کلتووری نەتەوەکانی جیهان... کە دەڵێت : –

( یاخی بـبـن )

پێتان دەڵێم یاخی بـبـن .. یاخی ببن ------ لەم هەموو نەخشەو باجـە
یاخی بین لەم مەیدانە .... لەم گەراجە ------ کە مرۆڤ وەك ئـامـرا ز تیا یا هــەراجە

- لە شیعری (( گــینگـڵ )) دا شێرکۆ بێکەس تێڕوانینی خۆی بۆ فەلسەفەی ژیان ومردن دەخاتە روو ... کە دەڵێت ::-

(گــینـگـڵ) ( شێرکۆ بێکەس )

ویستم ئەوە لە زەریایەك بگەیەنم ,,,,,,, گەر جۆگەکان نەبن ..... ناژی .. خنکاندمی
ویستم ئەوە لە برووسکە بگەیەنم ,,,,,,, گەر هەورەکان نەبن ..... ناژی .... سووتاندمی
تۆ کێ ی تۆ کێ ی ؟ ,,,,,,, هەتاوێکم بە بێ ئاسۆ .....

(( ڕوخسارو تەکنیکی قۆناغی - 70 - 75 ))

- وێنەی شیعر ی یەکێکە لە خاڵە هەرەبنەرەتی یەکانی ئەو گۆرانەی کە بەسەر فۆرم و تەکنیکی شیعری کوردیدا هات ئەم قۆناغەدا وێنەی شیعری لەم قۆناغە بەتەواوەتی خۆی دەرباز کردووە لە لاسایی کردنەوە و جوینەوەی وێنەی دووبارە .لە شیعری ئەم قۆناغەدا گەلێك وێنەی شیعری جوان بەکار هاتووە کە سەرچاوەکەی لە رووداو کارەساتە مێژوویی و نەتەوەیی و جیهانی یە کانەوە وەرگیرابون بەڵام لە شیعرە ئەم ماوەیەدا وێنەی رووتی رەوانبێژی تێدا بەکار نــەهاتووە ..

- لەم ماوەیەدا ( 70-75 ) شاعیران هەوڵیانداوە کە ووشەکان لەناو دەقە شیعریەکاندا لەئاماژەکۆنەکان دا بــڕن و ئاماژەی نوێ و تازەیان پێ ببەخشن .بەواتای ئەوەی کە – واتای فەرهەنگی لە ووشەکان دادەماڵێت و واتای نوێ یان پێ دەبەخشێت .

- وێنەی شیعری لەماوەی سالانی - 1970 بۆ 1975 - لە پێناو ( گەیاندنی پەیام ) بووە و مەبەستی تایبەتی لەگەڵدابووە .

- لە ماوەی -70 – 75 زمانی شیعری لە چوار چێوەی کوردی پەتی دا دەسورایەوە - بەڵام لەئاستێکی دەوڵەمەند تر لە چاو قۆناغەکانی پێشووتر

- بەکارهێنانی ( هێما و نیشانە ) لایەنێکی گرنگی ترە کەلەم ماوەیەدا دەرکەوت لە دەقە شیعریەکاندا ( خۆماڵی و جیهانی ) .

- زمانی خــوازە یی ) لەم ماوەیەدا پانتایی دەقی شیعری داگیر دەکات - بۆیە گۆرانکاری لە بەکار هێنانی ووشە زۆر کاریگەر بوو ئەمەش وادەکات کە ووشەکان راستەوخۆ – واتا نەدەن بەدەستەوە . هەر بۆیەش زمانی شیعری لەم قۆناغەدا ئاڵۆزەو خوێنەر بەئاسانی لە واتای ووشەکان ناگات ,,,,

- له ئه نجامی ئەو گۆرانکاریانەی کە بەسەر زمانی شیعرداهات گەلێك ووشەو زاراوەی نوێ هاتنە ناو زمانی شیعری کوردی ماوەی 70- 75 دا . وەك

( ئەهریمەن –گیڤارا – ئاڤێستا – ئاهورامزدا – زەردەشت )

- سەرەرای ئالۆزی له زمانی شیعریدا بۆچی گەلێك دەقی شیعر- زۆر سادەو ساکار خراونەتە روو لەماوەی نێوان سالانی (70 – 75 ) چونکە شیعر لەم ماوەیەدا زیاتر مەبەستی گەیاندنی پەیام و مەبەسایێك بووە نەکلایەنی هونەریو رەوانبێژیو وشەکاری بۆیە دەبینین زۆربەی دەقە شیعریەکانی ئەم قۆناغە سادەو ساکا ر نوسراون تاکو خەلکی بەگشتی تێ ی بگەن و پەیامی شاعیر بەخەلکی بگات ...

- گۆرانی شاعیر له جیاتی ئەوەی کە پالەوانی دەقەکان له مرۆڤ درووست بکات , ئەو پالەوانەکانی لە( شاخ و دەشت وناو..... هتد ) درووست کردووە .
- لەرووی تەکنیکەوە – گۆران – بە دوو شێوە مامەلەی لەگەل مرۆڤ و شتە بێ گیانەکاندا کردووە : –

1- مامە لە لەگەل شتە بێ گیانەکاندا کراوە وەکــو مـــرۆڤ

2-لەگەل شتە بێ گیانەکاندا وەك مرۆڤ دوواون ...

- تەکنیکی شیعری کوردی له سالانی ( 70 – 75 ) سوودی له داستانە میللی و فۆلکلۆریەکانی ناو کەلتووری کوردی و جیهانی بـینیوە ئەم سوود بینینەش بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بووە ...

- له روی کێشەوە لەم قۆناغەدا شاعیرانی کورد زیاتر پەیرەویان لە شیعری سەربەست کردووە لەگەلّ کرانەوە ی ئەم رێچکەشد دیاردەی مامەلە کردنێکی جۆراو جۆر لەگەل چەمکی هۆنراوەی سەربەستدا سەری هەلدا و بـوە هۆی ئەوەی کە زۆر جار هەر ســێ چەمکی هۆنراوەی سەربەست و بێ سەرواو پەخشانە شیعر ) تێکەلّ بکرێت ... هەربۆیە تارادەیەك بەرهەم چاکەکانی شیعری سەربەست دەشار درانەوە .

- بەهەمان شێوەی کێش – سەروای شیعری کوردی مامەلەی لەگەلدا کراوە . چونکە سەروای یەکگرتوو مسنوی یان بەکاریان نەهێناوە بەلکو بە شــێوەیەکی ئازادانە مامەلە لەگەل سەروادا کــراوە ...
- دیارترین شەقلی شیعری ئازادی سالانی 70-75 ئەوەبوو کە شاعیران – رویان کردە بەکار هێنانی کێشی هەشت برگەیی و چوار برگەیی

- لە ماوەی سالانی _70 – 75 ) دەنگی شاعیری ئافرەت پەیدابوو کە لە گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەوکاتە دەبینران .کاریگەری دەنگی ئەم شاعیرە ژنانە لە قۆناغی دوای ئەم قۆناغە بەدەرکەوت کە بوون بە هەوێنی لە دایکبوونی دەنگی زیندووی شاعیری ژنی نو یّ لە سالانی دواتر دا
- .لەم شاعیرە ئافرەتانەش کە لەم ماوەیەدا شیعریان دەنووسی – ئەمانە بوون : دایکی سۆلاڤ – شەونم بەرزنجی – ئەرخەوان – دایا جوان

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## هەندێ پرسیاری هەڵبژاردنی وەزاری گرنگ

1- لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1961 شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو :-
1- ( ئاما نجی شۆڕش)   2- ( سەنگەری پێشمەرگە)   3- ( پێشکەوتنی زانستەوە)   4- شاعیرانی کلاسیك

2- یەکێکە لەو شاعیرانەی کە باسی سروشتی کردووە شیعرەکەی بەناوی ( بەهارە).   1-( قانع)   2 ( هەژار)   3( دیلان)   4- گۆران

3- دیارترین سیمای شیعری کوردی قۆناغی 1970- 1991 بریتی بوو لە سەرهەڵدانی گروپی ڕوانگە – لە ساڵی
1- ( 1976)   2-( 1970)   3-( 1975).   4- 1981

4- دیار ترین خاسیەتی شیعر لە قۆناغی سێ یەم سەرهەڵدانی شیعری 1- ( یاخیبون)   2- ( ڕوانگە)   3- ( سەربەست ).   4-( زانستی)

5- ( ڕوباریکی خوێناوی ) بەرهەمێکی شاعیر :- 1-( ئەنوەر قادر)   2- جەمیل ڕەنجبەر   3- ( لەتیف هەڵمەت   4-موئەییەد تەیب

6- ( عبداللە پەشێو ) لەسەرەتای حەفتاکاندا ئەم شیعرەی نوسیوە   1- سەربازی وون   2- گینگل   3 - هەڵەبجە هاتن   4 - هبچیان

7- یەکێك لەم شاعیرانە لە جیاتی پاڵەوان لە مرۆڤ دروست بکات- لە شاخ و دەشت وشتی تر دروستی دەکرد:-
1- ( گۆران)   2- ( نالی )   3- ( سالم )   4-( لەتیف هەڵمەت

8- یەکێك لەم شاعیرانە زۆر هیوای بە پاشەڕۆژ هەیەو زوڵم و زۆرداری چۆکی پێ دادادات :-
1-( موئەیەد تەیب   2-( ئەنورر قادر )   3-( لەتیف هەڵمەت )   4- ( شێرکۆ بێکەس)

9- لەقۆناغی سێ یەمی شیعرکێشی شیعر زیاتر مامەڵەی لەگەڵ کراوە بە شێوەی
1- ( یەکیەتی سەروا )   2-( جوت سەروا )   3-( سەربەست و ئازاد).   4-( عەروزی عەرەبی )

10- زمانی شیعری کوردی زیاتر زمانی خوازەیی- پانتایی دەقی شیعر داگیر دەکات لە قۆناغی :-
1-( 1970-1991)   2-( 1975-1991)   3-( 1958-1970)   4- 1970-1975)

11- شاعیرانی کورد لە قۆناغی 1939-1958 ڕویان کردە کێشە ی :- 1- سیاسی   2- جینایە تی   3-نە تە وایە تی   4- هە مویان راستن

12- شیعری ( ئاڵا من ) هی یەکێك لەم شاعیرانەیە :.-   1- هێمن   2- جگەر خوێن   3- قانع   4- دیلان

13- یەکێ لە شیعرەکانی هەردی یە : -   1- قەڵاڵضۆی دوذمن   2- سرودێك بۆ ئێشمەرطە   3- ضةثكة طوليَك بۆ ست فاتيمة

14- شیعری قۆناغی 1958-1970 دەسوڕایەوە لەچوار چێوەی :-   1- سیاسی   2- کۆمە لایە تی   3- نە تە وایە تی

15- پارچەهۆنراوەی (بەهار ) یەکێکە لە شیعرەکانی شاعیری گەورە.   1- بیکەس   2- جگەر خوێن   3- دیلان   4- ئەحمەد هەردی

16- یەکێ لەوشاعیرانەی کە شیعری بەرەنگاریان نوسیوە   1- ئەنوەر قادر   2 - پیرەمیرد   3- گۆران   4- قەدریجان

17- لەوشاعیرانەی کە هەوڵی دا قالبی شیعری بگۆڕێ و سەری نەگرت   1- بێکەس   2 - هە ژار   3- هێمن   4- سوارەی ئیلخانی زادە

18- ڕوبارێکی خوێناوی یەکێك لە هۆنراوەکانی شاعیر   1 – جەمیل ڕەنجبەر   2- موئەیەد تەیب   3- سەعدولاپەڕۆش   4- شێرکۆبێکەس

19- یـەکێك لەسیماکانی شیعری زیندووە   1- ژەنگی سیاسی   2- خەباتی سیاسی   3- ساتەوەختی پەژارە   4- هەموویان راستن

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2-1 | 3 -2 | 2-3 | 1-4 | 2-5 | 1 -6 | 1 -7 | 1-8 | 3-9 | 4 -10 |
| 4 -11 | 2-12 | 3-13 | 1-14 | 3-15 | 1-16 | 4-17 | 1-18 | 4 -19 | |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( ڕێڕەوی شیعری کوردی قۆناغی سێ هەم 1975 - 1991 )

لە ئە نجامی ئەو ننسکۆیەی کە بەسەرشۆرشی ئەیلول دا هات . گەلی کورد بۆ ماوەیەك تــاســا . شاعیرو نوسەرانیش ماوەیەك بەدوای وەلامێکی مەنتیقی و هۆکارەکانی ئەم شکستە دا وێــڵ بوون . بۆیە هەر لەگەل دەستپێکردنەوەی شۆرش شیعر ی کوردی وەك چەکێکی کاریگەر گڕی سەند ...

- شۆرشی کورد لەکاتێکی زۆر دژواردا دەستی پێکردەوە . کە پێویست بوو بە هەمووشێوەو شێوازەکانی خەبات بەشداری لەم شۆرشەدا بکەن . یەکێك لەم شێوازانەش کەبەشداری لە سەرهەلدانەوەی شۆرش کرد ئەدەب و شیعر بوو بەتایبەتی ...
- لەم سالانەدا 75 – 91 شیعر بووە هۆی ڕەت کردنەوەی واقیع و زیندوو کردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و شان بەشانی تفەنگ لە دژی دوژمن لە سەنگەردا بووە –بۆچی . چونکە نەدەکراڵەو سەردەمی کە سەردەمی بەرەنگاربوونەوەو لێپرسراویەتی بوو شاعیران بێدەنگ بونایە ... بەلکوو دەبوو ڕۆلە پێشڕەوی لە شۆرشدا ببینن...
- شیعری بەرەنگاری / بریتی یە لەو جۆرە شیعرانەی کە درێژە بەشەڕ دەدات و ڕەت دەکاتەوەو بەرەنگار دەبێتەوە و دەگۆرێت و سەر لەنوێ بنیات دەنێتەوە ...

** شیعری بەرەنگاری ( سێ ) جۆر شاعیر دەیان نووسی بەم شێوەیە : –

1- ئەم شاعیرانە دەیان نووسی کە لەناوەوەی کوردستان بوون بەلام نارازی بوون لە دوژمن .
2- ئەو شاعیرانەش دەیان نووسی کە لە دەرەوەی کوردستان دەژیان.
3- ئەو شاعیرانەش دەیان نووسی کە لەگەل پێشمەرگەدا بوون و پێشمەرگەبوون و ڕاستەوخۆ بەشداری شۆرش بوون ...

هەروەك نمونەی شیعری بەرەنگاری ( ئەنور قادر محمد ) دەنووسێت :: –

خۆ من چەمە زستان نیم , هەر هاوین هات هەلپروکێم

ئەستێرە نیم , شەو نەبێ , نەتوانم بــفــرم

خۆریش نیم بەبالەوە , لە ڕۆژدا ئاسمان تــەی کەم

چۆن کپ ئەبم

- ڕۆلی لەی شاعیران بووە هۆی ئەوەی کە شیعر بەرەو بەرەنگار بوونەوەی ڕاستەوخۆ بچێت لە بیــر و لە مەبەســتدا . بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر شیعری بەرەنگاری لە ئەدەبی کوردیدا بــبوژێتەوە بەلام ئە مجارەیان شیعر درێژەی بە شەری ڕەوای کورد دەدات و بەرەنگار دەبێتەوە ڕەتی دەکردەوەو و دەیگۆری و نەفرەتی لە دوژمن دەکرد و واقیعی دەگۆری و هەولی دەدا سەرلەنوێ کۆمەلگای کوردی بنیات بنێتەوە . چونکە شیعری کوردی ئەرکی گۆڕا بۆ بەرەنگاری

- توخمە سەرەکیەکانی شیعری بەرەنگاری ئەمانەن ::–

1- پیشمەرگە وەك داینەمۆی شۆرش    2- شەهید وەك هێمای قوربانی دان    3- کوردستان وەك مەلبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە .

- ئەم شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان شیعریان دەنووسی زیاتر هەستێکی پر لە خۆشەویستی یان بۆ کوردستان بە تایبەتی هەستی گەرانەوە بۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە دەقە شیعریەکان ڕەنگی داوەتەوە .

- لەم قۆناغەدا ئەو واقیعە تالەی کە هەبوو نە بووە هۆی ئەوەی کە شیعری کوردی بەرەو ڕەش بینی بروات بەلکو بەردەوام هیوای بە ئاینەیەکی گەش بووە .هەر بۆیەش شاعیرا نمان بە چاوی ئومێد و گەشبینی بۆ ئایندەیان ڕوانیوە .بەگەش بینی یەوە ئاسۆی ڕوناکیان لە ئاسمانی کوردستاندا بینیوە .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

- شاعیر ( موئەیەد تەیب ) کە لەم ماوەیەدا بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو شیعری دەنووسی هیوایەکی گەورەی بی پاشەرۆژێکی مەزن هەیە؟. هەر بۆیە زوڵم و زۆرداری دوژمنان چۆکی پێ داناداات ..بەسەربەرزی دەڵـــێ :-

( سبە ئەکە گری دایی )

سبە دا یـێ ................. پێلاڤا من ....... ژتاجا میری بلند ترە (( موئە یید تەیــب ))

داوەتا من ............... ژ هەمی گوڤەندا خۆشترە ...... .

بەژن و بالا من ........... ژ بوهارێ ب خەملترە

ئەڤجا ..چاوا دێ کەی گری ........... سینگێ خوێ تەمەت دەریا ........................ دێ ڤە قوتی ؟

- دوودەستە شاعیر لە ماوەی سالانی 1970 – 1991 شیعریان دەنووسی :-

دەستەیەکیان ئەو شاعیرانەن کەبوونە دەنگی دیارلە ماوەی نێوان سالانی (1970-1975) ( شێرکۆ بێکەس – عبداللە پەشێو – لەتیف هەڵمەت – عبدالرحمن مزوری- دلشاد مەریوانی ...هتد) .

دەستەیەکی تریان کە سالانی 1975 -1991 بوونە دەنگی دیار – ئەمانە بوون ( ئەنوەر مەصیفی – جەمیل رەنجبەر – موئەیەد تەیب – جەوهەر کرمانج )

- لەماوەی (75 –91 ) ناوەرۆکی شیعری کوردی زیاتر ناوەرۆکی بەرەنگاریانەی هە بووە . بەلام لە چوار چێوەی بەرەنگاریدا گەلێك بابەتی لە خۆ گرتوو وەك ئەوەی شیعر دەبێتە هۆکارێك بۆ شکاندنی ترس لە دوژمن بەرز کردنەوەی ووەرەی مرۆڤی کورد بەرامبەر بە دوژمن و بەخشینی هیواو ئومێدی سەرکەوتن بە خەڵکی .چونکە شکست هێنانی شۆرشی ئەیلول تارادەیەك ئەو هیواو ئومێدەی بەرەو کزی بردبوو . بەلام .. شیعر وەك هۆکارێکی بەهێزی رووناك بیری -- توانی بەشداریەکی کارا بکات لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد داو هاوکاری پێشمەرگە بووە لە سەنگەری بەرگریدا ...

- جەمیل رەنجبەر – کە خۆی پێشمەرگە بووە لە شیعری بەرەنگاریدا دەنوسێت لە شیعری ( روبارێکی خوێناوی ) بە وردەیەکی بەرزو گەشبینی یەکی زۆرەوە

– دەلێت : - ( روبارێکی خوێناوی ) ( جەمیل رەنجبەر)

مەلـــی هەژار ,,,,,,لە فرگەی ژان هەڵدەنیشێ

پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ ,,,,,,,,,

هەرچی کانیاوی سەنگەرە ......... بۆ رووباری بەهاری دەزێ

- شیعری کوردی لە سالانی هـە شـتـا کـا نـد ا هەوڵی داوە لە ئاست خەمی پرناسۆری گەلەکەیدا بێت و ئەو کارەساتانە ببنە هەوێنی دەقە شیعریەکان , هەروەها شاعیران ویستیان لە رێگەی شیعرەوە هاواری کورد بۆ رای گشتی بەرز بکەنەوە و داوایان لە گەلانی ئازادیخوازی جیهان کردووە کە پاڵپشتی گەلی کورد بن بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانی .

جەوهەر کرمانج - بە نووکی قەڵەمەکەی شیوەن بۆ مەرگ بارانی هەڵەبجە دەکات بە ناونیشانی ( هەڵەبجە دووەم هاتن)

هەڵەبجە ........ بێشکەی جۆلانەی ........... ئەحمەد موختار و گۆران بوو

هەڵـــە بـــجە ,,,, جێگا ئەزرگەی ئاشقان بوو

هەڵەبجە ,,,,,, تاجی سەروەری ........ شەهیدانی کوردستان بوو

- شێرکۆ بێکەس- لە شیعری – سەربازی وون – لە ساڵی 1978 دا نووسیویەتی . تیایدا هەستی پڕ تاسەی بەرامبەر بە خاکی کوردستان و ژمارەی زۆری شەهیدانی کوردستان دەربڕیوە ..کە دەڵێت :-

( سەربازی ون ) عەبدوڵلا پەشێو

کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ ......... بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون ......... تاجە گولینەیەك دێنێ

ئەگەر سبەی ............... وەفدێك بێتە وڵاتی من ............... لێم بپرسێ ....... کوانێ گۆڕی سەربازی ون

دەڵێم .. گەورەم ...... لەکەناری هەر جۆگەیێ ......... لە سەر سەکۆی هەر مزگەوتێ .....

لە بەر دەرگای هەر ماڵێ ...... هەر کلێسایێ ....... هەر ئەشکەوتێ

لە سەر گا بەردی هەر شاخێ ..... لەسەر درەختی هەر باخێ ......... لەم وڵاتە

لە سەر هەر بستە زەمینێ ....... لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ ........ مەترسە کەمێك سەر داخە و

تــا جــە گــو لــیــنــە کــە ت د ا نــێ

- یەکێك لە سیما دیارەکانی شیعری ئەم ماوەیە سەرهەڵدانی هەستی نامۆبوون و غەریبی شاعیرانە کە لەرێ ی شیعرەکانیانەوە گەیاندویانەتە کوردستان
- شیعری ئەم ماوەیە ( 75–91 ) جگە لە گیانی بەرەنگاربونەوە ....جوانترین شیعری بۆ- ژن و بۆ مەبەستەکانی تری شیعر نوسیوە

-- لەم قۆناغەدا دەنگی ئەو شاعیرانە دەبیسترێت فەرەیدون عەبدول بەرزنجی – محمد عومەر عوسمان – قوبادجەلی زادە - جمال غمبار – دلاوەر قەرەداغی

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( هەندێك هەڵبژاردنی گرنگی قۆناغی سێ یەمی شیعر )

1- لەکام قۆناغی شیعردا –شیعر دژی ستەم وزۆرداری دوژمن دەوەستایەوە ووەکو هێزێکی کاریگەر رۆلی بینیوە ------------------ 1958-1961

2- دیارترین سیمای شیعری قۆناغی 1970 بریتی بوولـــە :- ---------------------------------------- سەرهەلدانی گروپی روانگە

3- شیعری کوردی لە قۆناغی 1970 – چی پەیامێکی دەگەیاند --------------------------------------------- پەیامی یاخیبون

4- شیعری کوردی قۆناغی 1970 -1975 چی بابەتێکی لە خۆ گرتبوو -------------------------------- نیشتیمانی و خۆشەویستی

5- یەکێك لەم جۆرە یاخی بوونـە لە پێناو ئازادیو سەربەستی دایە ------------------------------------------ یاخیبونی رامیاری

6- شیعری قۆناغی 1970 -1975 وێنەی جوانی بەکارهێناوەکە وەرگیراون لە سەرچاوەی ------------------ کارەساتی مێژوویی و نەتەوایەتی

7- لە سالانی 1970 -1975 –زیاتی ئەم کێشە پەیرەو کراوە --------------------------------------------- کێشی سەربەست

8- شێرکۆ بێکەس- لە شیعری گێنگل- دا چی دەخاتە روو ------------------------------------------ فەلسەفەی ژیان و مردن

9- دیارترین خاسیەتی شیعری قۆناغی 1970 - 1975 پەیدابوونی شیعری -------------------------------------- یاخیبوونە

10- ئەم دێرە شیعرە هی کێ یە ( ویستم ئەمە لەدریایەك بکەیەنم گەر هەورەکان نەبی ناژێ ) - ------------------------- شێرکۆ بێکەس

11- شاعیر – لەتیف هەلمەت –لەوشاعیرانەیە کە شیعری نووسیوە بـۆ ------------------------------------------- یاخی بوون

12- شیعری کوردی قۆناغی 1970 – 1975 هەلگری بیری ---------------------------------------------- مەعریفی و فەلسەفی یە

13- لە کام قۆناغدا هەرسێ چەمکی هۆنراوە ( سەربەست –بێ سەروا – پەخشانە شیعر ) تێکەڵ کراوە --------------------- 1970- 1975

14- چەند شاعیرێکی ئافرەت هاتنەکۆری شیعر نوسین لە قۆناغی ------------------------------------------- 1970 – 1975

15- شاعیرانی ژنی وەك ( دایکی سۆلاڤ .دایا جوان . ئەرخەوان . شەونم بەرزنجی ) شیعریان نووسیوە لە ---------------------- 1970 -1975

16- لەم قۆناغەدا تارادەیەك بەرهەمە چاکەکانی شیعری سەربەست دەشار درانەوە ------------------------------- 1970 – 1975

17- نموونەی شیعری –بەرەنگاری- سالی 1975 بەدی دەکرێت لە شیعرەکانی ----------------------------- ئەنوەر قادر محمد

18- جەوهەر کرمانج یەکێك لە بەرهەمەکانی بریتی یەلــە ------------------------------------------ هەلە بجە دووەم هاتن

19- روبارێکی خوێناوی- شیعرێکە لە شیعرەکانی شاعیر ----------------------------------------------- جەمیل رە نجبەر

20- هیوای بە پاشەرۆژێکی مەزن هەیە و زولم چۆکی پێدادادات ----------------------------------------- موئەیەد تەیب

21- شیعر بووە هۆکاری شکاندنی ترس لە دوژمن لە قۆناغی ---------------------------------------- - 1975 – 1991

22- لەکام قۆناغی شیعریدا شاعیران ویستوویانە هاواری کورد بۆ رای گشتی بەرز بکەنەوە --------------------------- 1975 – 1991

23- شیعری کوردی لەقۆناغی -1975- 1991 جگە لە رۆحی بەرەنگاری – جوانترین شیعری نووسیوە بـۆ ------------- خۆشەویستی بۆ ژن

24- شیعر بەشداری کارای بینیوەلە بزوتنەوەی رزگاری کورد و بووە هۆی بەرزکردنەوەی وەرەی‌مرۆڤی کورد لە قۆناغی ---- ------- 1975 – 1991

25- نەدەکرا - شاعیران بێدەنگ بن . بەلکو دەبوو رۆڵی پێشرەوی لە شۆرشدا بگێرن ئەمە لە قۆناغی ------------------ 1975 -1991

26- عبداللە پەشێو لـە 11-5-1978 دا ئەم شیعرەی نووسیوە --- ----------------------------------------- سەربا زی ون

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( ر ە خـنـە ی ئـە د ە بـی )

ڕەخنە //بەواتای ڕەخنەگرتن دێت و لە عەرەبی پێ ی دەگوترێت ( نقد ) و لە ئینگلیزی پی ی دەڵێن ( کریتیك ) و لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەکار دێت

ڕەخنە//لقێکە لە ( لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی ) و لە پاڵ هەردوو ( مێژوی ئەدەب و تیۆری ئەدەب ) دەبن بە سێ لقی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی

- ڕەخنەی ئەدەبی ئەرکی شیکردنەوەو ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاری کردنی بەهای دەقی ئەدە بی یە . و لەو بنەما هونەری و بیریانە دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبی یان لێ بنیات دەنرێت بە شێوەیەکی زانستانە بەهای ئەو بنەمایانە دیاری دەکات . بەمەش ڕادەو ئاستی گرنگی و بایەخی دەق بۆ خوێنەرو داهێنەریش دەستنیشان دەکات .

- دەتوانین بڵێین .. ئەگەر ئەدیبان بەرجەستەکەری جوانی و ڕەنگ پێدەرەوەی و ڕەنگ ڕێژکەری ژیان و دەروونی مرۆڤ بن ئەوا ڕەخنەگران بۆ خۆیان بزوێنەری چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبین .
- ڕەخنەگر دەبێ لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شارەزا بێت و زانیاری تەواوی دەربارەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی میلەتەکەی خۆی و میللەتانی تریش هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا ( وەك چێژ لێوەرگرێکی ئەدەبیش ) دەبێ زانیاری لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆشەنبیری دا هەبێت و شارەزایەکی گشتیشی لە زانستە مرۆیی و زانستی یەکاندا هەبێت ...

- دوو ڕێرەوی ڕەخنەی جیهانی بەدی دەکرێت کە ئەمانەن :-

1- ڕەخنەی ڕۆژهەلاتی  2- ڕەخنەی ڕۆژئاوایی ..... ئەم دوو ڕێرەوە تایبە تمەندی خۆیان هەبوو و هەروەها کاریگەریشیان لەسەر یەکتری هەبووە .

## ڕەخـنـەی خۆرئاوایی

- سەرەتای ڕەخنە ی ڕۆژئـاوا – بۆ پێش زاینی- دەگەڕێتەوە و لە ئەدەبی یـۆنانی دەستی پێکردووە ..

- یەکەم هەنگاوی ڕەخنەیی لەوکاتەوە بەدی هاتوە کە لەکاتی ئاهەنگێران بەبۆنەی جەژنەکانیانەوە شانۆگەری یان پێشکەشکردووە ولیژنەیەکیان بۆ هەڵبژاردنی باشترین دەقی شیعری ( تراجیدی یان کۆمیدی ) دەستنشانیان کردووە .ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە بۆ دەقە شیعری یەکان لەلایەن ئەم لیژنەوە خۆی لەخۆی دا چالاکی یەکی ڕەخنەیی بووە . چونکە بە پێ ی چەند پێوانەیەکی هونەری و بیری دەقەکانیان هەوڵبژاردووە ...

- ئەفلاتۆن – ڕای وابوو کە شاعیران ناتوانن ڕاستیەکان بەخەڵکی بگەیەنن و لە بری ئەوە چاکەیان فێر بکەن بەلکو هەڵیان دەخەڵەتێنن و دەروونیان تێك دەدەن و وایان لێ دەکەن کە جـلـە و بدەنە دەست هەست و سـۆز – ( نەوەك بیرو عەقل )
- ئەرستۆڤانیس – شاعیرێکی یۆنانی یە بەرهەمێکی هەیە بە ناوی ( بـۆقەکان ). لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین نووسیویەتی تیایدا ڕاو بۆچونی ڕەخنەیی دەربارەی دووشاعیری گەورەی یۆنانی ( یۆریبیدس ) و( ئەسخیلۆس ) خستووەتە ڕوو .

- دیار ترین ڕێچکەی ڕەخنەی ئەدەبی لە لایەن یۆنانیەکان کرایەوە . لە هەموان دیار تریش لە فەیلەسوفەکان ( ئەفلاتۆن و ئەرستۆ ) بون کە تا ئێستاش بیرو ڕاکانیان جێگای بایەخ پێدانن ...
- ئەرستۆ – ڕای بەرامبەر شاعیران ئەوەبوو کە – بەرهەمی شیعری بە سوودمەند داناوە . بەتایبەتی ( تراجیدیا ). کە بەلا ی –ئەرستۆ – شیعر دەتوانێ دەروونی خوێنەر لە هەردوو لایەنی هەست و سۆزی ترس و بەزەیی پاك بکاتەوە ...

بەلام – ئەفلاتۆن دەلێت : –

(( شاعیران – مرۆڤەکان هەڵ دەخەڵەتێنن و دەروونیان تێك دەدەن و وایان لێ دەکەن کە جلەو بدەنە دەست هەست وسۆزیان ( نەك بیرو عەقلیان ))

..

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

- ئەرستۆ بەرهەمێکی هەیە بەناوی ( هونەری شیعر ) کە تیایدا کۆمەڵێ دەستووور یاسای هونەری بۆ تراجیدیا دارشتوە کە بووەتە بناغەی‌تیۆری رەخنەی ئەوروپی بە گشتی و بوونەتە بنەمای رەخنەی کلاسیکی نوێ . کاتێك وەك رێبازێکی ئەدەبی لەسەدەی حەڤدەدا لە فەرەنسا سەری هەڵداو گەشەی کرد .

- بوالۆ – رەخنەگرێکی بەناو بانگی فەرەنسی یە راو بیرو بۆچوونەکانی ئەرستۆی پەسەند کرد و جێگیری کرد و کردیە پێوانەیەك بۆ رەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەورووپا هۆی ئەوەش ئەوەبوو کە رێبازی کلاسیکی بۆخۆی لە ئاکامی لاسایی کردنەوەی بەرهەمی یۆنانیەکان ورۆمانیەکان سەری هەڵدا ...

- گرنگترین بنەماو رەخنەی کلاسیکی نوێ بریتی بوون لە :-

1- جلەو دانە دەست ئەقل و ژیری و ... دوور کەوتنەوە لە هەست و سۆزو دەربرینی کەسی .

2- بایەخدان بە چێژی درووست و گرنگیدان بــەبەها مرۆڤایەتی یە گشتی یەکان .

3- گرنگیدان بە ئەرك و ئاماجی شیعر .

4- پیشاندانی لایەنی چاك و بەرزی ژیان ە تراجیدیاکاندا .

5- روونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە چارە نووسی مرۆڤیان تێدا بەرجەستە دەکرێت ...

- لەدوای رێبازی کلاسیك – رێبازی رۆمانتیك سەری هەڵدا لە ئەورووپا . پێوانە رەخنەیی یەکانی رێبازی کلاسیکی راستەو خۆ رەت کردەوە بەرادەیەك کە دەتوانرێ بگوترێ – ئەگەر پێوانەکانی رەخنەی کلاسیکی پـیـچەوانە بکەینەوە ئەوا پێوانەکانی رەخنەی رۆمانتیکیمان بۆ بەدەر دەکەوێت ...

پ// دیارترین پێوانە رەخنەییەکانی رێبازی رۆمانتیك کامانەن ؟

وە// ئەمانە بوون 1- بایەخدان بە هەست و سۆزی تناکە کەسی 2- دورکەوتنەوە لە عەقل

3- گرنگیدان بەو بەهایانەی کە کەسین و بەلای تاکە کەسەکانەوە گرنگن .

- : بوالۆ – دەڵێت :: –( هەمیشە بەدەنگ عـە قـڵـەوە برۆ و لەوێوە یەکیەتی بەرهەمەکانت بە دەست بێنە )

- : ئەلفرێد دی موسێ – دەڵێت ::- ( ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ نەدەم بە عەقـل )

- دیارترین رەخنەگری رێبازی رۆمانتیك ئەمانەبوون ( مەدام دی ستال – سانت بیف )
- مەدام دی ستال – دەڵێ ::- (دەبێ دەقی ئەدەبی رەنگ پێدەرەوەی ژینی کۆمەلایەتی و خورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت . )
- سانت بیف – دەڵێت :- ( دەقی ئەدەبی رەنگ پێدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە . هەربۆیەش دەبێت رەخنەش تیشك بخاتە سەر دەروونی نووسەر و ناخی نووسەرمان بۆ روون بکاتەوە . )

- ئەم پێوانانە بۆ بۆ شیعری تراجیدی و کۆمیدی دەستیان دەدا ... چونکە.. بابەتەکانیان مەوزوعی بوون نەك خودی و کەسی .
- پێوانە رەخنەیی یەکانی رۆمانتیکی بۆ شیعری ( لیریکی و ویژدانی ) دەستیان دەدا کە دیار ترین بەرهەمی رۆمانتیکەکان ئەم جۆرە شیعرانە بوون چونکە بابەتەکانیان بابەتی و کەسی بوون و مەوزوعی نەبوون ...
- لە دوای رێبازی رۆمانتیك گەلێك رێبازی ئەدەبی تر سەریان هەڵدا..وەك ( ریالیزمی – پرناس – هێماگەری – فۆرمالیزمی ) هەروەها رێبازی رەخنەیی تر سەریان هەڵدا کە دیار ترینیان ( رێبازی شیکاری دەروونی و رێبازی مارکسی و رێبازی شێوە گەرایی یان بنیاتگەری‌بوون ...

- رەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەورووپی لە سەدەی رابردوودا بەگشتی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێت پێوانە رەخنەیی یەکان بابەتی تر بن و لە بازنەی تێروانینی کەسیی رەخنەگردا نەهێڵرێتەوەو راستەوخۆ لە سرووشتی دەقی ئەدەبی خۆیەوە بە دەست بێت .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# رەخنەی خۆرهەلاتی

رەخنەی خۆرهەلاتی // ئەو رێرەوە رەخنەییە کە سەرەتا لە ئەدەبی عەرەبییدا سەری هەلداوە و پاشان لە لایەن ئەدەبی میللەتە موسلمانەکانی ترەوە فراوانتر و بەر بلاوتر کراوەتەوە و بووەتە تیۆرێکی رەخنەیە تایبەت بەوگەلانەی رۆژهەلات .

- سەرەتا ئەم رێرەوە لە ئەدەبی عەرەبی (سەردەمی جاهیلی) دەست پێدەکات .ئەوەش کاتێك کە هۆزە عەرەبەکان سالآنە لەبازری (عوکاز) لە نزیك مەککە کۆ دەبوونەوەو شاعیرانی هەر هۆزێك بەرهەمی خۆی بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەوکاتەدەخوێندەوە بۆ ئەوەی باشی و بەهێزی هۆنراوەکانیان هەلبسەنگێنێت . ئەم شاعیرەگەورەیەش ناوی (نابغە ئەلزوبیانی) بوو .

وە// نابیغەی زوبیانی – بەدادوەرێکی ئەدەبی و رەخنەگرێك دادەنرێت چونکە راو بۆچونی خۆی دەربارەی دەقە شیعریەکانی شاعیران دەخستە روو . پێوانە رەخنەیی یەکانیش زیاتر هونەری بوون و لە دەوری ووشەو واتای جوان و گونجاو و شیاو شایستە سوراونەتەوە .

- دوای بلاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێوانە رەخنەیی یەکان لە رێنماییەکانی ئاینی ئیسلامەوە بەدەست دەهێنران لەروانگەی ئایینی شاعیرەوە لە دەقی هۆنراوەکە تەماشاکراوە .دوایان لێ دەکرا کە – دەبێت شاعیران (پەیامدار) بن و بەرهەمەکانیان لەخزمەتی کۆمەلگا ئیسلامی یەکاندا بێت

## (( هەندێك پرسیاری هەلبژاردنی گرنگ // تایبەت بە رەخـنـەی ئەدەبی ))

1- –خاوەنی کتێبیی (ئە نجومەنی ئەدیبان) کێ یە ؟ 1- رەفیق حیلمی 2- علاالدین سجادی 3- مارف خەزنەدار 4- ئەمین فەیزی بەگ

2- کتێبێکی ئەمین فەیزی بەگە – لە سالی 1920 لەئەستنبوڵ چاپی کردووە:

1- ئە نجومەنی ئەدیبان 2- مێژوی کورد 3- شیعروئەدەبیاتی کوردی

3- (مێژوی ئەدەبی کوردی) سالی 1952 چاپکراوە لەبەرهەمەکانی 1- رەفیق حیلمی 2- علاالدین سجادی 3- مارف بەرزنجی

4- لە چلەکانی سەدەی رابردووبەرگی یەکەمی شیعروئەدەبیاتی کوردی دەرچوو .. ئەی بەرگی دووەمی کەی دەرچوو؟

1-سالی 1952 2- سالی 1954 3- سالی 1956 4- سالی 1958

5- (هونەری شیعر) بەرهەمێکی کۆنی یۆنانی یە , بەرهەمی کێ یە ؟ 1- افلاتۆن 2- سوقرات 3- ئەرستۆ 4-یۆرپیدس

6- –دیارترین رەخنەگری رۆماناتیکی جگە لە سانت بیف 1- ئەرستۆ 2- افلاتۆن 3 - مادام دی ستال 4- بوالۆ

7-هەمیشە بەدەم عەقلەوە برۆو لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بێنە. ئەمە ووتەی 1- افلاتۆن 2- ارستۆ 3 - بوالۆ

8- ئەوەی گرنگ بێ لای من ئەوەیە کە گوێ نەدەمە عەقل ) ئەمە ووتەی کێ یە ؟ 1- بوالۆ 2- ئەلفرید دی موسێ 3- افلاتۆن

9- –ئەگەرپێوانەکانی رەخنەی کلاسیکی هەلگێرینەوەبە پێچەوانە دەبێتە پێوانەکانی 1- رەخنەی ریالیزمی 2- رۆمانتیکی 3- رەخنەی ئازاد

10- بەرهەمی کلاسیکەکان بریتی بوون لە 1- ئاینی و کلێسایی 2- تراجیدی وکۆمیدیا 3- شیعری لیریك 4- شیعرو پەخشان

11- رێبازی شێوەگەرایی و شیکاری دەروونی یەکێکە لە رێبازەکانی 1- رەخنەیی 2-ئەدەبی 3-ئایینی

12- بە پێ ی رەخنەی نوێ ی ئەورووپی دەبێت پێوانە رەخنەیی یەکان وابن: 1- بابەتی بن 2- خودی تاکەکەسی بن 3- هەردوکیان

13- پێوانە رەخنەیی یەکانی رەخنەی عەرەبی بەدەست دەهێنران لە رێنماییەکانی : 1 –کلاسیکیەت 2- رۆمانتیکیەت 3-ئاینی ئیسلام

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

14- دادومرێك و رەخنەگرێکی ئەدەبی عەرەبی بوو راو بۆچونی دەردەبری لەسەر دەقە شیعریەکان ... کێ بوو
1-جاحظ    2- نابغة الزوبیانی    3- ابن خلدون    4- محمد بن ادریس الشافعی

15- شاعیران دەبێت پەیامدار بن... ئەم داوایە بەدی دەکرێت لە رەخنەی    1- ئەورووپی    2- ئیسلامی عەرەبی    3-ئەدەبی کوردی

16- رەخنەگرێکی بەناوبانگ بوو . راو بۆچونەکانی ئەرستۆی جێگیر کرد    1- سوقرات    2- بوالۆ    3 – مادام دی ستال

17- ( بۆتەکان ) بەرهەمی شاعیرێکی یۆنانی یە هی کێ یە : –    1- سوقرات    2- بوالۆ    3- ئەرستۆفانیس    4- ئەفلاتۆن

18- ئەرستۆفانیس – لە بەرهەمێکی دا راو بۆچونی خۆی دەربارەی سێ شاعیری گەورەی یۆنانی دەخاتە روو کە ئەمانەن :

1-ئەرستۆ و بوالۆ و ئەسخیلۆس    2- سۆفۆکلیس و ئەرستۆ و یۆریپیدز    3- ئەسخیلۆس و یۆریپیدز و سۆفۆکلیس

19- ئەرستۆ – لە( هونەرە شیعر ) ە کەی دا کۆمەڵێ دستووروو یاسای دارشتووە بۆ هونەری    1- سینەما    2- تراجیدیا    3- کۆمیدیا

20- بنەماو پێوانەی رەخنەی کلاسیکی نوێ بریتی بووە    1- جلەو دانە دەست عەقڵ و ژیری    2-بایەخ دان بە چێژی درووست    3- هەردوکیان

21-دیارترین رێبازی رەخنەیی لای ئەم دوو فەیلەسوفە یۆنانییە نەخشێنراوە:    1-سوقرات و ئەرستۆ    2- ئەفلاتۆن وئەرستۆ    3-ئەفلاتۆن و بوالۆ

22-سەرەتای رەخنەی رۆژئاوایی دەستی پێکردوە لە ئەدەبی :–    1- رۆمانی    2- یۆنانی    3- فەرەنسی    4- ئەلـمانی

23-ئەوبەرهەمە رەخنەیی کوردی یانەی کەهەن مێژوەکەیان دەگەرێتەوە بۆ سالانی دواى بیستەکانی سەدەی :–
1- بیستەم    2- نۆزدەم    3- هەژدەم    4- کۆتاکانی سەدەی بیستەم

24- کۆنترین جۆری ئەدەبی کوردی یەکێك لەمانەیەك    1- پەخشانە    2- شیعرە    3- داستانە    4- چیرۆکی کورتە

25- لە پێش سەدەی بیستەمیش چالاکی رەخنەیی کوردی هەبووە.. ئەمە لە شیعرەکانی کام شاعیرێدا دەردەکەوێت :–

1 -بابەتاهیرو عەلی بەردەشانی و نالی    2- مەلای جزیری و حاجی قادر و خانی    3- بابەتاهیر و سالم و خانی

26-شیعر ئەو شیعرەیە کە ووشەکانی جوان و چێژبەخش و رەوان بن – ئەمە وتەی کێ یە؟    1- خانی    2-حاجی قادر    3- مەلای جزیری

27-شاعیرێکە کە بە ووردی ئاوڕی لەچەند کێشەیەکی رەخنەیی داوەتەوە    1- حاجی قادر    2- نالی    3- ئەحمەدی خانی

28- لەمەم و زینەکەیدا کۆمەڵێ پێوانەی رەخنەیی ئەو سەردەمە دیاری دەکات :–    1- ئەحمەدی خانی    2- حاجی قادر    3- مەلای جزیری

29-داوا دەکات لەکاتی رەخنە گرتن دا رەنج و ماندووبونی شاعیران لەبەر چاو بگرن    1- حاجی    2- مەلای جزیری    3- ئەحمەدی خانی

30-( هەمودەقێك کە رەسەن بێ و دزراو نەبێت وەك رۆلەی شاعیر وایە ) کێ وا دەڵێ    1-حاجی    2- نالی    3- ئەحمەدی خانی

31- خانی – ئاوڕی لە باسێکی گرنگی رەخنەیی داوەتەوە ئەویش باسی :    1- کوردی پەتی    2- داهێنان    3- کورتبڕی

32-( بەهای دەق واتای جوان و نوێ یەنەك هەر بەتەنها وشەی جوان و رازاوە)ئەمە وتەی کێ یە :–    1- نالی    2- حاجی    3- خانی

33- بە لایانەوە ( شیعر ئەو شیعرەیەبە کەمترین ووشە زۆر ترین واتا بداتە دەستەوە ... ئەمە ووتەی دووشاعیرە .. کامانەن ؟

1-حاجی و ئەحمەدی خانی    2- ئەحمەدی خانی و نالی    3- مەلای جزیری و سالم

34- کێ وتویەتی –(شاعیرانی کورد تواناییانە رەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە :–    1-خانی    2- نالی    3- سالم

35- ( رەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزاوبەتوانا بن ) ئەمە قسەی کێ یە ...    1- نالی    2- حاجی قادر    3- خانی    4- سالم

36- رەخنەگران ناو دەبات بە ( صەرافی زێرو زیو ) ... کێ ؟    1- حاجی قادر    2- ئەحمەدی خانی    3- سالم

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

37- بە پێوانەی ( ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی ) بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات ...  1- نالی  2- سالم  3- حاجی قادر

38-کتێبی – ئە نجومەنی ئەدیبان – دەچێتە خانەی :-  1- ڕەخنەی ئەدەبی  2- تیۆری ئەدەبی  3- مێژووی ئەدەبی

39- نالی – لە داهێنانی شیعری دا زیاتر گرنگی داوە بە  1- جوانکاری  2- یەکیەتی سەروا  3- واتا سازی

40- داهێنانەکانی شیعری –نالی –لە ئاکامی :-  1- هەلقولاوی بەهرەی شیعری  2- زانست وزانیاری شیعری  3- هەست و سۆز

41- نالی دەلێت – مەولەوی- داهێنانی کردووە لە  1- جوانکاری  2- هونەرەکانی ڕەوانبێژی  3- ڕێکخستنی سەروا

42- شێخ نوری لەوباسانەی کەدەربارەی جوانی دەقی ئەدەبی یە نزیك دەبێتەوە لە :-  1- مێژوی ئەدەب  2- ڕەخنەی ئەدەبی  3- تیۆری ئەدەب

43- زنجیرە لێکۆلینەوەکەی شێخ نوری شێخ صالح –دەچێتە خانەی  1- مێژووی ئەدەب  2- تیۆری ئەدەب  3- ڕەخنەی ئەدەبی

44- سەروای یەکەم و سێهەمی هاو سەروا کردووە.و دووەم و چوارەمیش بە سەروایەکیتر :-  1- سالم  2- نالی  3- مەولەوی  4- حاجی

45- وتارێکی سیا پۆشە–دەرگایەکی نوێ لەبەردەم ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دەکاتەوە :-  1- شاعیرەکا نمان  2- نوسەری کورد  3-خانزاد

46- (سیا پۆش) ناز ناوی خوازراوی یەکێك لە مانەیە ؟  1- هێمن  2- برایم ئەحمەد  3- ئەمین فەیزی بەگ  4- احسان فوئاد

47- زنجیرە لێکولینەوەیەکی لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە ) بلاوکردووە سالی 1926  1- شێخ نوری شێخ صالح  3- ڕەفیق حیلمی  4- علاالدین سەجادی

48- (گول دەستەی شوعەرای هاو عەصرم )سالی 1939 بلاو کراوەتەوە.. هی کێ یە ؟  1- سیا پۆش  2- ڕەفیق حیلمی  3- عەلی کەمال با پیر

49- کتێبیی ( گولدەستەی شوعەرای هاو عەصرم ) دەچێتە خانەی  1- مێژوی ئەدەب  2- ڕەخنەی ئەدەب  3- تیۆری ئەدەب

50- وتاری ( شیعرو نووسینی کوردی ) – بەرهەمی کام نووسەرە :-  1- علاالدین سجادی  2- ڕەفیق حیلمی  3- مارف بەرزنجی

51- وتاری (کوردو ئوسلوبی شیعر )...بەرهەمی یەك لەم نووسەرانەیە :-  1- مارف خەزنەدار  2- ڕەفیق حیلمی  3- سیا پۆش

52- کامەران و دیاری یەکە ...بەرهەمێکە لە نووسینی :  1- علاالدین سجادی  2- ڕەفیق حیلمی  3- مارف بەرزنجی

53- نامەی دکتۆرا بە ناونیشانی (ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا ) نامەی کێ یە ؟  1- عیزەدین مستەفا  2- احسان فواد  3- کامیل حەسەن بەسیر

54- نامەی دکتۆرای (کورتەی مێژوی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی ) نامەی کێ یە ؟  1-عزەدین مستەفا  2- مارف خەزنەدار  3- رفیق حیلمی

55- نامەی دکتۆرا ی (حاجی قادری کۆیی ژیان وبەرهەمی ) نامەی کێ یە ؟  1- عیزەدین مستەفا  2- احسان فواد  3- جەمال خەزنەدار

56- کامیران شاعر من کردستان(لێکۆلینەوەیەکی عەرەبی یە.. هی کێ یە ؟  1- گۆران  2- کامل حەسەن بەصیر  3- احسان فواد

57- ئەحمەدی خانی باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەورووژێنێت ئەویش باسی :-  1- کوردایەتی  2- ئاینی  3- سرووشت  4- کورتبڕی

4=1  1=2  2=3  3=4  3=5  3=6  3=7  2=8  2=9  2=10  1=11  1=12  3=13  2=14  2=15  2=16
3=17  3=18  2=19  3=20  2=21  2=22  1=23  2=24  2=25  3=26  3=27  1=28  3=29  3=30
2=31  1=32  2=33  3=34  2=35  1=36  3=37  3=38  1=39  2=40  3=41  2=42  2=43  3=44  1=45
2=46  1=47  3=48  1=49  2=50  1=51  3=52  1=53  2=54  2=55  2=56  4=57

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ڕەخنەی ئەدەبی کــوردی

- بێگومان ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە و کۆنترین جۆری ئەم ئەدەبەش ( شیعرە ... بۆیە هەر لەگەڵ لەدایك بوون و بەرەوپێش چوونی شیعری کوردیشدا ڕەخنەی ئەدەبیش سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە . بەو پێ یەی هەر لەگەڵ پەیوەندی کردنی دەقی ئەدەبی بە گوێگرەوە یان بە خوێنەر سەر هەڵدەدات ...
- چالاکی و بەرهەمی ڕەخنەییمان لەچاو بەرهەمی شیعریدا کـز و لاواز دەبینرێت چونکە .. تاکو ئێستاش وتارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان نەهاتووەتە بەردەست..- ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان بۆ سالانی دوایی بیستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە
- لە قۆناغە جیا جیا کانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەمدا چالاکی ڕەخنەیی لە ئارادا بووە و شاعیرانی کورد خۆیان لە بەرهەمە شیعریەکانیاندا تێروانین وبۆچونی ڕەخنەییان خستووەتە بەردەست و دەستنیشانی کۆمەلێك پێوانەی ڕەخنەیی یان کردووە ...

- مەلای جزیری– لە بەیتە شیعریەکانیدا ( کۆمەڵێ باسی ڕەخنەیی وروو ژاندووە )

- مەلای جزیری - وشەی ڕەخنەی بەوو واتایە بەکار هێناوە کە ئێستا بەکاری دەهێنن , لە پاڵ ئەو ووشەیەشدا کۆمەڵێ زاراوە ڕەخنەیی بەکار هێناوە کە هەریەکەیان تایبەتن بە چەند پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعری یەوە وەك ( نەزمی لەتیف – سقك – ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع )

- بەلای- مەلای جزیری - باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوان بن و وواتاکانیشیان سوود بە خشن بن ...

- ئەحمەدی خانی- بەوردی ئاوڕی لە چەند کێشەیەکی ڕەخنەیی داوەتەوە..
- ئەحمەدی خانی دەڵێ – دەقی شیعری هەر دوای لە دایك بوونی لەلایەمن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت .

- ئەحمەدی خانی داوا لە ڕەخنەگران دەکات–لەکاتی ڕەخنەگرتن دا – ڕەنج وماندووبونی شاعیریان لەبەر چاوبێ- ئەگەر کەم و کوریەکیش هەبێ نەیکەنە

= بەهانە و بەیەکجاری دەقە شیعری یەکە بێسوود و بێکەلك دامەنێن ....

- ئەحمەدی خانی– دەڵێت - هەموو دەقێك ئەگەر ڕەسەن بێت دزراو نەبێت وەك ڕۆڵەی شاعیر وایەو لای شاعیر خۆشەویستە- کەسیش حەزناکات کە بەخراپی لە منداڵەکانی بڕوانرێ
- ئەحمەدی خانی – ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە ئەویش کێشەی –داهێنانە...... وەك دەڵێت :-

ئەی خامە تەژی گەلەك درێژ کرد *** نەڤ نامە بەسە تە پر قرێژ کر

هەرچەندە کەلام شوبهی دوڕبت *** بێ قەدر دبت دەما کو پر بت

- ئەحمەدی خانی- باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دە وروژێنێ- ئەویش باسی – کورت بری یە- لە دەقی شیعریدا
- کورتبڕی هەتا ئێستاش بێوانەیەکی ڕەخنەی شیعری یە کە هەمیشە داوا لە شاعیران کراوەکە هەولبدەن بە کەمترین وشە زۆر ترین واتا بەدەستەوە بدەن
- ئەحمەدیخانی لە (مەموزین ) دا کە بەرهەمی خۆیەتی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی سەردەمی خۆیمان بۆ دیاری دەکات .

پ// لە شیعری شاعیرانی – کرمانجی خواروو –سۆرانی –چالاکی ڕەخنەیی چۆن بووە ؟

وە // لە شیعری شاعیرانی کرمانجی خواروودا چالاکی ڕەخنەیی هاوتەریبی شیعر بووە و بە پێ ی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی راو بۆچوونی ڕەخنەیی یان

دەربارەی دەقی شیعری دەر بڕیوە . جا شاعیرەکان خۆیان بوونن بە ڕەخنەگر یا گوێرەکانیان بوونن .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

- نالی روی رەخنەی لەو کەسانە کردووە کەرەخنەیان لێ ی گرتووەو توانجی ئەوەیان لێ داوە کە شیعربەزمانی کوردی دەنوسێت دەڵێن شیعری کوردی بەهرە و هونەر مەندیەتی تیادا نی یە ...نالیش پێ یان دەڵێ- هونەرمەندی لەوەدایە کە چۆن توانیویەتی بە زمانی کوردی ئەو واتا جوان وناسکانە دەربڕێت
.
- نالی بە پێوانەی ( وشە واتا ) ی شیعری هەلسەنگاندووە . کە بەلای نالی ( بەهای دەق واتای جوان و نوێ یەنەگ هەر بەتەنها واژەی جوان و زاراوە )
- نا لـیـش هەروەك- خانی - دەستنیشانی ئەو بنەرەتە رەخنەیی یە دەکات کە بەلایەوە ( شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیەبەکەمتر ین ووشە زۆر ترین واتای دەربڕیوە )

- سالم – شانازی بە توانای شیعری خۆی وشاعیرانی هاورێ یەوە دەکات. پەردە لەسەر ئەوراستی یە هەلدەداتەوە کە بنەرەتێکی گرنگی رەخنەیی لەو قۆناغە ئەدەبی یە دا توانای بەکار هێنانی هونەرەکانی رەوان بێژی بووە . لەم بارەوە - سـا لــم - دەڵێت :

( شاعیرانی کورد توانیویانە رەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و بە زمانی کوردی لە مەیدانی ئەو زانستەدا ببنە سوارچاکی سەردەمەکەیان ) .

- حاجی قادر –لە چەند بەیتێکی شیعریدا - ئاوڕی لە چالاکی رەخنەیی سەردەمەکەی داوەتەوەو کۆمەلێ بنەرەتی رەخنەییـمان بۆ دیاری دەکات .
- حاجی - زیرەکانە گرنگی رەخنەمان بۆ دەست نیشان دەکات و ئەو راستی یە دەخاتە بەردەست کەرەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزاو بەتوانا بن
- چونکە هەموو کەسێك ناتوانێ ببێتە رەخنەگر, کە حاجی قادر ناویان دەبات بە ( سەررا فی زێرو زیوی قـسـە

- حاجی قادر – بە پشت بەستن بە پێوانەیەکی رەخنەیی ئەوسەردەمە کە پێوانەی – رەوانبێژی ورون بێژی – بوو بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات و شانی پێ لەشانی شیعری فارسی دەدات .

// نوسەری گەورە –ە ئەمین فەیزی بەگ – ئە نجومەنی ئەدیبان – ی چاپکرد لە ئەستەمبۆڵ .. لەم کتێبەدا بەکورتی باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کورد دەکات و نموونەی شیعریان دەخاتە بەردەست . بەم پێ یە ئەم کتێبە (( دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبی )) و ناچێتە خانەی رەخنەی ئەدەبی , ئەگەرچی هەندێك راو بۆچونی رەخنەیی دەربارەی ئەو شاعیرانە خستووەتە روو ...

1- ( بەرگی یەکەمی (( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی )) رەفیق حیلمی -لە سالانی چلەکانی سەدەی رابردوو چاپ کراوە ..باس لە ژیان وشیعری چەند شاعیرێك دەکات دەچێتە خانەی مێژویئەدەبی یەوە. بەلام لە هەندێ شوێندا راو بۆچونی رەخنەیی دەربارەی شاعیران خستوەتە روو

3- ( بەرگی دووەمی (( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی )) ... لە سالی 1956 چاپکراوە .. . باسی ژیان و شیعری دەستەیەك لە شاعیرانی کورد دەکات لە پاڵ باسی ژیان و شیعرەکانیاندا کۆمەلێ راو بۆچوونی رەخنەییووردی دەربارەیان خستووەتە روو ...

- گۆڤاری شەفەق – لە سەرەتای ( 1958 ) لە شاری کەرکوك دەرچووە کە زۆر وتاری رەخنەیی تیادا بلاو کراوەتەوە .

// ئەو وتارە رەخنەیی یانەی کە لە گۆڤاری – شەفەق – دەردەچوون - ئەمانەبوون :-

- وتاری ( کامەران و دیاری یەکە ) وهەروەها وتاری ( کۆن و تازە لە شیعری کوردیا ) هی نووسەر– مارف بەرزنجی یە ...
- وتاری – ( کورد و ئسلوبی شیعر ) هی نووسەر - مارف خەزنەدار ە ... هەروەها وتاری ( کورد و شیعر ) هی نووسەر – هـە سـان –ە .
- وتاری–( شیعر و نووسینی کوردی ) هی نووسەر–رەفیق حیلمی یە ...

مامۆستا عبدالقادر مەلا زادە کۆیی

- ئەو لێکۆڵینەوە رەخنەیی یانەی لە دوای چواردەی تەمموزی 1958 پەیدا بوون ئەمانە بوون : -

1- لێکۆڵینەوەکەی (( حوسێن عارف )) بەناوی ( محمد سدیق عارف ) بەناو نیشانی (( کامەران و هۆنراوەی نوێ ))

2- لێکۆڵینەوەکەی ( محمدی مەلا کەریم ) دەربارەی ( حاجی قادری کۆیی ) بوو

3- لێکۆڵینەوەکەی ( کامیل خەسەن بەصیر ) – بە زمانی عەرەبی نووسراوە – بەناونیشانی (( کامران شاعر من کردستان ))

- کاتێك لەکۆلیجی ئاداب ی زانکۆی بەغدا بەشی کوردی کرایەوە . بوونی بابەتی رەخنە لە پرۆگرامی خوێندن لەو بەشەداو وتنەوەی بابەتی ( وانەی رەخنە ) لەلایەن – گۆرانی شاعیرەوە وەك مامۆستا.سیماو شەقلێکی گەشتروزانستانەتری بە رەخنە بەخشی ...

- لەگەڵ درووست بوونی ( گرووپی روانگە ) لە سالی 1970 – ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم چالاکی و جموجۆلی رەخەیی دا کرایەوە ولە پاڵ بەرهەمی بلاوکراوەی نووسەرانی سەر بەو بزووتنەوەیە ... کۆمەڵێ ووتاری رەخنەییش دەربارەی بزووتنەوەی روانگە ودەربارەی بەرهەمە ئەدەبی یە کان بلاو کرانەوە ... بەم پێ یە خودی بزووتنەوەکە بوارێکی نوێ و فراوانی لەبەردەم رەخنەشدا کردەوە ...

- شێرکۆ بێکەس – لە باسی رەخنەدا دەلێت – ( هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە دوو پێوانەی بۆ بکرێت – ( پێوانەیەکی سیاسی و پێوانەیەکی هونەری )

ئەم دوو پێوانەیەش دوولای یەك مەسەلە پێك دەهێنن کە ئەویش رەخنەگرتنی ئەدەبی یە بۆیە بەیەکەوەگرێدراون و یەك کاردەکاتە سەر ئەوی تر

- لە دوای سالی 1975بەهۆی ئەوەی شۆرشی کورد نووشی نسکۆهات بەم هۆیەش – تاردەیەك ئەدەب و رەخنەی کوردی تووشی جۆرێك لە نوشستییەك هات بەلام خۆراگری و چۆك دانەدانی ئەدیبان و نوسەرانی کورد نەك هەر بووە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبیمان بەردەوام بێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە .

-- مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرهەمی نووسەری گەورەی کورد – عەلائەددین سەجادی یە -. سالی 1952 بە چاپ گەیشتووە.

- // ئەمین فەیزی – رای وایە نالــی – لە داهێنانی شیعری دا زیاتر بایەخی بەلایەنی ( جوانکاری ) داوە و هونەرمەندانە مامەلەی لەگەل دەقی شیعریدا کردووە و ( داهێنانەکانی ئاکامی زانست و زانیاری شیعری یە ) زیاتر لەوەی کە هەلقولاوی بەهرەی شیعری بێت .

- // ئەمین فەیزی بەگ رای وایە کە – مەولەوی– لەرێکخستنی سەروادا – داهێنانی کردووە...کاتێك لە چوارینێك دا سەرواى دێرى یەکەم و سێ یەمی هاوسەروا کردووە و دێری دووەم و چوارەمیش – بەسەروایەك تر هاو سەروا کردووە . ئەم چەشنە بەکارهێنانانەی سەروا شی لە شیعری هیچ میللەتێکی تر وەرنەگرتووە .. بەلکو خۆی دای هێناوە ...

- // لەو باسانەی کە – دەربارەی ( جوانی دەقی ئەدەبی یە ) - شیخ نووریشێخ سالح – لە رەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە بەتایبەتی لــەو باسەیدا کە جیاوازی نێوان زمان و شێوازی ئاخاوتنی رۆژانە و شێوازی زانستی و شێوازی ئەدەبی دیاری دەکات ...

- // لێکۆڵینەوەکانی – شێخ نووری – دەربارەی ئەدەب بوو بەگشتی و شیعر بەتایبەتی.. سالّی 1926 لە رۆژنامەی (( ژیانەوە )) بلاّویکردووەتەوە
- // ناونیشانی ووتارەکەی – سیا پۆش – بەناوی (( شاعیرەکانمان )) بوو ... سالی 1932 بلاوی کردووەتەوە ...

- // ووتارەکەی سیا پۆش –راستەوخۆ دەچێتە خانەی رەخنەی ئەدەبی یەوە ولەگەل ئەوەشدا دەرگایەکی نوێش لەبەردەم ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەکاتەوە . وشیارانە دەیەوێت سیمایەکی تازە بەئەدەبی کوردی ببۆشێت و بەرگێکی نوێ بکاتە بەر رەخنەی ئەدەبی ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

* سیاپۆش لە وتارەکەیدا- هەول دەدا چەمکێکی نوێ بۆ شیعری کوردی دابرێژێ و بە پێ ی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەلسەنگێنرێت .بۆیە دەلێت :-

( شیعر تەرجومانی دلە چی بە دلاّ بێت ئێش و ئازارو دەرد و خەفەت و هیواو نائومێدی..هەرکەس لە ئانی خوێدنەوەیدا شێوەیەکی دلّی خۆی تیا دەبینێت )

- کتێبی _ گول دەستەی شوعەرای هاو عەسرم )– هی نوسەر - عەلی کەمال باپیرە - سالی 1939 بلاوی کردووتەوە .دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە و ناچێتەخانەی رەخنە ی ئەدەبی ..چونکە شاعیر – بەکورتی باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کوردی هاوچەرخ دەکات و نموونەی شیعری یان دەخاتە روو

## هەندێ هەلبژاردنی تایبەت بە // رە خـنـە ی ئە د ە بی جیهانی

1- رەخنەی ئەدەبی بایەخ دەدات بە لیکۆلینەوەوی : - 1- مێژوی ئەدەبی 2- تیۆری ئەدەبی 3 بەرهەمی ئەدەبی

2- وشەی – کریتیك – لە زمانی لاتینی دا بەواتی چی دێت :- 1- رەخنە 2-نەقد 3- هیچیان 4- وەلامی 1+2

3- بڕوای وایە کە شاعیران ناتوانن راستی یەکان بە خەلك بەگەیەنێ و هەلیان دەخەلەتێنن :- 1- ئەرستۆ 2- سوقرات 3-ئەفلاتۆن

4- یەکەم بەرهەمی شانۆیی کە ئەرستۆڤانیس نوسیویەتی لە سەدەی شەشەمی پ. ز - بەناوی :- 1- هونەری شیعر 2 سۆفۆکلیس 3-بۆقەکان

5- لە کاتی ئاهەنگێران بە بۆنەی جەژنە ئاینی کانی یۆنانەوە دا پێشبرکێ ئە نجام دەدلارا بۆ دیاری کردنی بشترین دەقی :-

1- پەخشان 2- چیرۆك 3- تراژیدی و کۆمیدی 4- وتار

6- شیعر – بەرهەمێکی سوودمەندە-بە تایبەتی شیعری تراژیدی. ئەمە بیرو باوەری کێ یە :- 1- ئەفلاتۆن 3- یۆریدز 3- ئەرستۆ یە

7- ( هونەری شیعر ) – بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی - :- 1-ئەرستۆ 2- بوالۆ 3- ئەفلاتۆن 4- ئەسخیلۆس

8- رێبازەکانی ( شیکاری دەرونی و مارکسی و شێوەگەرایی و بنیاتگەری ) سەر بە رێبازی-:- 1-رەخنەیی یە 2- مێژوویی یە 3- تیۆری یە

9- یەکەم رێبازێکە لە دوای رێبازی کلاسیك سەری هەلدا -:- 1-رێبازی ریالیزم 2-رێبازی رۆمانتیك 3- رێبازی هێماگەرایی

10- بوێنەری چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبین :- 1- شاعیران 2- رەخنەگران 3- رۆمان نووسان 4- هەموویان

11- رەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی سەدەی 19 پێداگرە لەوەی دەبێت پێوانە رەخنەیی یەکان :- 1- شیکاری بن 2 -بابەتی بن 3- لاوەکی بن

12- وتەی ( ئەوەی گرنگە بەلای منەوە کە گوێ نەدەمە عەقل )– ئەمە بیرو رای کێ یە 1- بوالۆ 2- ئەرستۆ 3-ئەلفرێد دی موسێ

13- دەقی ئەدەبی رەنگ دانەوەی خوورەوشتی کۆمەلایەتی یە . ئەمە بڕوای : 1- مادام دی ستال 2- ئەلفرید دی موسێ 3-سانت بیف

14- - (( دەقی ئەدەبی رەنگدانەوەی هەست و سۆزی نووسەرە )). ئەمە بڕوای :- 1- ئەرستۆ 2-( سانت بیف ) 3- مادام دی ستال

15- رەخنەگری فەرەنسی ( بوالۆ ) راو بۆچونەکانی ئەرستۆی جێگیر کرد و کردی بە پێوانی رەخنەی :-

1-رێالیزمی نوێ 2- کلاسیزمی نوێ 3- رۆمانتیکی نوێ 4- وەلامی 1+3

16- رێبازی کلاسیزمی – لە ئاکامی بوژانەوەولاسایی کردنەوی بەرهەمەکانی پەیدابووە:- 1- رۆمانی 2- یۆنانی 3- وەلامی 1+2

17- پێوانە رەخنەیی یەکانی رێبازی رۆمانتیکی دەستیان دەدا بۆ :- 1- شیعری گۆرانی( لیریك ) 2- تراژیدی 3- کۆمیدی 4- هیچیان

18- پێوانە رەخنەییەکانی رێبازی کلاسیکی چۆن بوون :- 1- تراژیدی بوون 2- کۆمیدی بوون 3- بابەت بوون 4- هەمویان راستن

19- رێبازیکلاسیك لەلاسایی کردنەوەی ئەدەبی رۆمانی و یۆنانی سەری هەلدا لەفەرەنسا لە : 1- سەدەی 18 2- سەدەی 19 3- سەدەی 17

20- ( ئەلفرێد دی موسێ ) – نووسەرێکی رێبازی :- 1- کلاسیکی بوو 2- شێوەگەرایی بوو 3-رۆمانتیکی بوو

21- رەخنەی ئەدەبی عەرەبی سەری هەلداوە لە بازاری عوکاز لە سەردەمی :- 1- جاهیلی 2- ئیسلامی 3- شۆرشی پیشەسازی ئەوروپا

22- دادوەرو رەخنەگرێکی ئەدەبی عەرەبی بوو ك - 1- جاحیز ا 2- ئەحمەد شەوقی 3- نابغە الزوبیانی

23- لە دوای بلاو بونەوەی ئاینی ئیسلام پێوانە رەخنەییەکان وەردەگیران لە :-   1- رێبازی کلاسیك   2- ئاینی ئیسلام   3- رێبازی رۆمانتیك

24- لەروانگەی ئاینی شاعیرەوە لە دەقە شیعریەکاندا داوادەکرا کە دەبێت شاعیران :-   1- پەیامدار بن   2- بێلایەن بن   3- هیچیان

25- پێوانە رەخنەییەکانی رۆژهەلاتی عەرەبی –زیاتر هونەری بوون و سوراونەتەوە لە دەوری : 1-وشەی جوان و واتای گونجاو   2- درێژی بابەت

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1-13 | 3-12 | 2-11 | 2-10 | 2-9 | 1-8 | 1-7 | 3-6 | 3-5 | 3-4 | 3-3 | 4-2 | 3-1 |
| 1-25 | 1-24 | 2-23 | 3-22 | 1-21 | 3-20 | 3-19 | 4-18 | 1-17 | 3-16 | 2-15 | 2-14 | |

( پرسیارەکانی تایبەت بە رەخنەی کوردی )

1- ئەوبەرهەمە رەخنەیی کوردی یانەی کەهەن مێژویان دەگەریتەوە بۆ سەدەی بیستەم لە نێوان سالانی :- 1- بیستەکان   2- سی یەکان   3- چلەکان

2- کۆنترین جۆری ئەدەبی کوردی یەکێك لەمانەیەك   1- پەخشانە   2- شیعرە   3- داستانە   4- چیرۆکی کورتە

3- شیعر ئەو شیعرەیە کە ووشەکانی جوان و چێژبەخش و رەوان بن – ئەمە وتەی کێ یە   1- خانی   2-حاجی قادر   3- مەلای جزیری

4- شاعیریکە کە بە وردی ئاورێ لەچەند کێشەیەکی رەخنەیی داوەتەوە   1- حاجی قادر   2- نالی   3- ئەحمەدی خانی

5- داوا دەکات لەکاتی رەخنە گرتن دا رەنج و ماندوبونی شاعیران لەبەرچاو بگرن   1- حاجی   2- مەلای جزیری   3- ئەحمەدی خانی

6- ( هەمودەقێك کە رە سەن بێ و دزراو نەبێت وەك رۆلەی شاعیر وایە ) ئەمە وتەی کێ یە؟   1-حاجی   2- نالی   3- احمدی خانی

7- خانی – ئاوری لە باسێکی گرنگی رەخنەیی داوەتەوە ئەویش :   1- کوردی پەتی   2-کێشەی داهێنان   3- لاسایی

8-هەرچەندە کەلام شوبهی دورێت= بێ قەدر دبت دەما کو پر بیت- ئەمە هی خانی یە باس دەکا لە 1- کورت بری   3- تیرو زۆری

9-( بەهای دەق واتای جوان و نوێ یەنەك هەر بەتەنها وشەو واژەی جوان و رازاوە ) ووتەی   1- نالی   2- حاجی   3- خانی

10-بە لایانەوە ( شیعر ئەو شیعرەیەبە کەمترین ووشە زۆر ترین واتا بدات بە دەستەوە ... ئەمە ووتەی دووشاعیرە .. کامانەن :-

1-حاجی و ئەحمەدی خانی   2- ئەحمەدی خانی و نالی   3- مەلای جزیری و سالم

11. 1-خانی   2- نالی   3- سالم   :- دەلێت -(شاعیرانی کورد توانیویانە رەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە)

12 - دەلێت ( رەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزاوبەتوانا بن ) ئەمە قسەی کێ یە ...   1- نالی   2- حاجی قادر   3- خانی

13- کێ بوو رەخنەگران ناو دەبات بە ( صەررافی زێرو زیو ) ؟   1- حاجی قادر   2- ئەحمەدی خانی   3- سالم

14-- بە پێوانەی ( رونبێژی و رەوانبێژی ) بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات شان لەشانی شعری فارسی دەدا   1- نالی   2- سالم   3- حاجی قادر

15- کتێبی – ئە نجومەنی ئەدیبان – دەچێتە خانەی :-   1- رەخنەی ئەدەبی   2- تیۆری ئەدەبی   3- مێژووی ئەدەبی

16- نالی – لە داهێنانی شیعری دا زیاتر گرنگی داوە بە   1- جوانکاری   2- یەکیەتی سەروا   3- واتا سازی

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

17- داهێنانەکانی شیعری –نالی –لە ئاکامی :- 1- هەلقولاوی بەهرەی شیعرە 2- زانست و زانیاری شیعری یە 3- هەست و سۆزە

18- نالی دەلێت – مەولەوی- داهێنانی کردووە لە 1- جوانکاری 2- هونەرەکانی ڕەوانبێژی 3- ڕێکخستنی سەروا

19- لەوباسانەی کەدەربارەی - جوانی دەقی ئەدەبی یە - شێخ نوری شێخ سالح نزیك دەبێتەوە لە :-

1- مێژوی ئەدەب 2- ڕەخنەی ئەدەبی 3- تیۆری ئەدەب.

20-زنجیرە لێکۆلینەوەکەی شیخ نوری شێخ صالح –دەچێتە خانەی 1- مێژووی ئەدەب 2- تیۆری ئەدەب 3- ڕەخنەی ئەدەبی

21-لەچەند بەیتێکی شیعرەکانیدا ئاوری لە چالاکی ڕەخنەیی سەردەمەکەی داوەتەوە و -کۆمەلێ بنەرەتی ڕەخنەییمان بۆ دیاری دەکات:

1-ئەحمەدی خانی 2- سالم 3- حاجی قادری کۆیی 4- نالی

22- لە سالی 1932 وتارەکەی سیا پۆش-کە دەچێتە خانەی ڕەخنەوە.بە ناونیشانی 1- شاعیرەکا نمان 2- نوسەری کورد 3- مێژوی کورد

23 - بە پێوانە ڕەخنەیی یەکانی – وشەو واتای شیعری – هەلسەنگاندووە :- 10 حاجی قادری 2- نالی 3- سالم

24- (گول دەستەی شوعەرای هاو عەصرم )سالی 1939 بلاو کراوەتەوە.. هی کێ یە 1- سیا پۆش 2- ڕەفیق حیلمی 3- عەلی کەمال با پیر

25- کتێبیی ( گولدەستەی شوعەرای هاو عەصرم ) دەچێتە خانەی 1- مێژوی ئەدەب 2- ڕەخنەی ئەدەب 3- تیۆری ئەدەب

26- جەمیل بەندە ڕۆژبیانی- تکا لە گۆڤارێك دەکات و دەلێ ( تکا دەکەم لێت دەپارێمەوە ) . 1- روناهی 2- گەلاوێژ 3- شەفەق

27-کێ دەلێت ( گۆران شاعیرێکی فە نان وا قیعی یە ) : - 1- علاالدین سجادی 2- ڕەفیق حیلمی 3- سیا پۆش

28- شیعرو نووسینی کوردی – بەرهەمێکی نووسەر 1- علاالدین سجادی 2- ڕەفیق حیلمی 3- مارف بەرزنجی

29- –کوردو ئسلوبی شیعر...بەرهەمی نووسەر 1- مارف خەزنەدار 2- ڕەفیق حیلمی 3- سیا پۆش

30-کامەران و دیاری یەکە ...بەرهەمێکە لە نووسینی : 1- علاالدین سجادی 2- ڕەفیق حیلمی 3- مارف بەرزنجی

31-نامەی دکتۆرا بە ناونیشانی ( ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا ) نامەی کێ یە ؟ 1- عیزەدین مستەفا ڕەسول 2- احسان فواد 3- مارف خەزنەدار

32-نامەی دکتۆرای ( کورتەی مێژوی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی ) نامەی کێ یە ؟ 1-عزەدین مستەفا 2- مارف خەزنەدار 3-سیا پۆش

33--( حاجی قادری کۆیی - ژیان وبەرهەمی ) ئەم بەرهەمەلە نوسینی کێ یە ؟ 1- عیزەدین مستەفا 2- احسان فواد 3-ڕەفیق حیلمی

34-( کامیران شاعر من کردستان )لیکۆلینەوەیەکی عەرەبی یە .. هی کێ یە ؟ 1- گۆران 2- کامل حەسەن بەصیر 3- احسان فواد

2-19 3-18 2-17 1-16 3-15 3-14 1-13 2-12 3-11 2-10 1-9 1-8 2-7 6-6 3-5 3-4 3-3 2-2 1-1

2-34 2-33 2-32 1-31 3-30 1 -29 2-28 2-27 2-26 1-25 3-24 2-23 1-22 3-21 2-20

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## (( پـەخـشـا ن ))

پەخشان //بەشێکە لە ئەدەب , بریتی یە لە و دەربڕین و نوسراوانەی کە هەست و سۆزی مرۆڤ پیشان دەدات و- هیچ بایەخ بـە سەروا – نادات...

پ // چەند جۆرە پەخشان هەیە ؟ ...... وە // دوو جۆرە پەخشانمان هەیە .... پەخشانی زانستی و پەخشانی ئەدەبی ..

پەخشانی زانستی //ئەو ەیە باسی بابەتی زانستی دەکات هەست و سۆز ی تێدا نی یە –وەك ( کیمیا .. بیرکاری – پزیشکی – فەلەکناسی – هتد ... )

پەخشانی ئەدەبی // ئەو پەخشانەیە کە زیاتر بایەخ بە هەست و سۆزدەدات تاکو کار لە کەسی بەرامبەر یان خوێنەربکات و چێژی پێ ببەخشێ ... وەك وتاری ئەدەبی – چیرۆك – ژیان نامە – یاداشت – وەرگێرانی ئەدەبی – هتد ...

- وتار چوار خاسیەتی هەیە کە ئەمانەن -:

1- وتار دەبێت کـــورت بێت ... و لەچەند لاپەرەیەك تێپەر نەکات .
2- جوانکاری لە دەربڕین دا .
3- تەکنیك لە نووسین دا .ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ روون کردنەوەو دارشتنی بابەتەکە بە زمانی روناکبیری سەردەم .
4- وتار .. رەنگدانەوەی بیرو هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی ...

- جۆرەکانی وتار چـــیـــن ئەمانەن ( وتاری سیاسی – وتاری ئایینی – وتاری رەخنەیی – وتاری مێژوویی – وتاری کۆمەلایەتی – وتاری بۆنەیی )

## قۆناغی یەکەمی وتار سالانی 1939 تا 1958

و تـــار// هونەرێکی ئەدەبی یە , نووسەر بەشێوەیەکی کورت و ورد و سەرنج راکێش- لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیرورای خۆی دەربارەی دەخاتە ڕوو

- گۆڤاری گەلاوێژ سالی –1939 – دەرچوو لە بەغدا. بۆماوەی ( 10 ) سال بەردەوام بوو تاکو سالی ( 1949 )
- هەر لەگەل دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ – تەوژمێکی تری وتار دەبینین و بەهۆی دامەزراندنی کۆماری کودستان لە مهاباد لە 1946 کە لەو ماوە کورتەی تەمەنی ئەو کۆمارە کوردی یەدا – ئەدەب بەگستی هەنگاوی بەرەو پێشی ناوەو چەندان گۆڤارو رۆژنامەی هەمە چەشنە دەرچوون ,, لە وانە -: ( رۆژنامەی کوردستان – هەلالە – گروگالی مندالان ) کە هەرسێکیان لەسالی 1946 دەرچوون
- لە سالانی چل و پە نجاکاندا لە عیرا ق لە پێش رووداونی شۆرشیتەمووزی 1958 چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تر هاتنە ئاراوە کە بە هۆی ئەوانەوە وتارهەنگاوی بەرچاوی ناوە وەك (( رووناهی سالی 1941 ) و ( نزار سالی 1948 ) و ( هیوا سالی 1957 )...
- بابەتی وتار رەنگدانەوەی بیرو هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی .

** وتار نووسە دیارەکانی قۆناغی ( 1939 -1958 ) ئەمانەبوون : – حوزنی موکریانی – عەبدوالرحمان زەبیحی –جەلادەت بەدرخان – روقیەی قادری

### ( خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی 1939 // 19 58 )

1- وتارەکان لە رووی بەکارهێنانی زمانەوە گەشەیان بە خۆیانەوە بینیوە ... چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دە بران ..
2- خالبەندی بایەخی زیاتری پێدراوە
3- بەهۆی سەرهەلدانی ووتار نووسی ژن زیاتر هانی ئافرەتی کوردی دا بۆ خوێندن و خوێندەواری کە بابەتی سەرەکە ناوەرۆکی وتارەکانیان بوو
4- زۆر وتاری وەرگێردراولە زمانەکانی دیکەوە دەکرانە کوردی و ناوەرۆکی وتاری کوردی پێ دەولەمەند تر کرا ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( قۆناغی دوەمی وتار لە سالانی 1958 تاکو 1970 )

- لەم سالانەدا زۆر گۆرانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رووناکبیری رویاندا - کە کاریگەر یەکی قولیان لەسەر ئەدەبی کوردی درووست کرد ...
- لە قۆناغی ( 1958 – 1970 ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی بلاو کرانەوە ( شەفەق – 1958 رای گەل -1959 بلێسە - 1959 رۆژی نوێ – 1960 )

- لە دوای شۆرشی 14 ی تەموزی 1958 یاساکانی رژێمی پێشوو گۆڕان - لەوانە بواری را دەربرین و چاپە مەنی تێدا فراوانترو ئازادتر بوو ئەمانە – هەمووی بوونە هۆی بەرەو پێش چوونی وتار لەم قۆناغەدا .. بەتایبەتی بەهۆی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە بلاو دەکرانەوە . – وەك :-
  رۆژنامەی برایەتی ( برایی ) سالی 1967 ) - و ( گۆڤاری ی سلێمانی -سالی 1968 )
- نووسەرە ناودارەکانی ئەم قۆناغە ئەمانەبوون :- ( عیزە دین مستەفا رەسول- ئەبو زەید مستەفا سندی - شێخ محمدی خالْ - رەمزی قەزاز )

(( روخسارو ناوەرۆکی وتار لە قۆناغی 1958 / 1970 ))

- لە قۆناغی 1958 -1970 زمانی وتارەکان پوخت تر بوون و- لەرووی ووشەو زاراوەشەوە دەولەمەند تر بوون بەتایبەتی کە زمانی نووسینی وتار بە زاری کرمانجی خوارو بوو هەروەها وشەو زاراوەی زارەکانی تری تێکەڵکراوە ..

- لەم قۆناغەدا لە رووی ناوەرۆکەوە – بابەتی سیاسی – سەرەکی ترین بابەتی وتار بوو کە باسی بیری ئازادیخوازی و پێشکەوتن خوازی کراوە .
- لە پال گەشەی وتاری سیاسی – وتاری کۆمەلایەتی و مێژوویی ئاسۆی فراوانتری لەبەردەمدا کرایەوە و بە پێز تر بوو بەتایبەتی باسی نەتەوەی کورد .

- نووسەران لە وتاری مێژوویی لە ناوەرۆکی بابەتەکانیاندا لەو باسانە دواون کە پەیوەندیان بە نەتەوەی کورد و مێژووە پر سەروەریەکەی هەبوو

- زۆر وتار لە زمانەکانی تری بێگانەوە وەرگێردران بۆ زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و روناکبیری
- وتارەکەی - رەمزی قەزاز–کە باس لە گرانی دروستکراو دەکات . سالی 1967 لە ژمارە ( 29 ) رۆژنامەی برایی بلاو کراوەتەوە

- خاسیەتەکانی وتار لەم قۆناغە ( 1958 – 1970 ) ئەمانەبوون :-

1- زمانی وتار پوخت تر بوو , لەرووی وشەو زاراوەوە دەولەمەند تر بوون ( وشەی دیالێکتەکانی تری کوردی بەکار هێنراوە )
2- هەول دراوە رێنووسێکی راس و درووست پەیرەو بکرێت . شێوازە هونەریەکەشی بەرزو پر جوانکاری بێت ..
3- بابەتی سەرەکی لە رووی ناوەرۆکەوە وتاری سیاسی بوو .
4- لە پال گەشەی ووتاری سیاسی .. وتاری کۆمەلایەتی و مێژوویی ئاسۆی فراوانیان لەبەردەمدا کرایەوە .
5- زۆر وتار لەزمانەکانی تر وەرگێردرانە سەر زمانی کوردی .لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و رووناکبیری دا ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# وتار لە سالانی 1970 هە تا 1991

- هەر لەدوای دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار ی 1970 – تارادەیەکی باش بزووتنەوەی ئەدەبی پێشکەوتووە .
- گەلێك یانەو کۆمەلە دەرکەوتن کە هەر یەکەیان بۆ گەیاندنی بیری خۆیان چەند گۆڤار و رۆژنامەیان دەرکرد کە ئەمەش وتاری بەرەو پێش برد .
- ئەم بارودۆخە بووە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و هۆشیاری لە ناو نووسەران و جەماوەردا خولقاند .

1- گەلێك رۆژنامەوگۆڤاری ئەدەبی و زانستی و روناکبیری هاتنە مەیدانەوە ... لەو گۆڤارو رۆژنامانە ئەمانەن : –

(( زانیاری 1970 -- نووسەری کورد 1971 -- گۆڤاری کۆری زانیاری کورد 1973 – گۆڤاری رۆژی کوردستان 1971

- نووسەران لە شارەکاندا توانیان لەو چەند ژمارە کەمەی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە لەو سەردەمەدا دەر دەچوون ووتار بەرەوپێش بەرن نووسەرانی شاخی لەبلاوکراوەکانی ناو شۆرش دا چالاکانە بایەخیان بە وتار داوە .. بەتایبەتی ووتاری سیاسی .
- ئەو بلاو کراوانەی کە لە شاخ دەر دەچوون دوای نسکۆی سالی 1975 ... ئەمانە بوون :–

(( نووسەری کوردستان // گزنگ // هەلمەت // قەندیل // بانگ // هەلوێستی ئەدەب )) ...

- لە نووسەر و دەنگە دیارەکانی ئەم سالانە ئەم نووسەرانە بوون (( تەها بەرواری -- مستەفا نەریمان -- جەمال خەزنەدار )
- گەشە سەندنی وتار لە سەرەتای سالانی حەفتاوە بووە هۆی ئەوەی کۆمەلێك وشەو زاراوەی نوێ بێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی و زمانی وتاری گەلێك پێ دەولەمەند بێت ...
- لەو ماوەیەدا .. زمانی وتار –گەشەیەکی زۆر دیاری بە خۆیەوە بینی کە لە قۆناغەکانی تردا بەو رادەیە نەبینرا بوو ... ئەمەش بەهۆی بەرەو پێش چوونی کەنالە نووسراوەکان و هەروەها بەرنامەی خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییدا بوون بە کوردی..
- لە بلاو کراو کراوەکانی ناو شاردا .. زمانی وتار لە دوای سالی 1975 –وە کە هەستی پێ دەکرێت ... بریتی بووە لە دەربرینی ناراستەوخۆ بە شێوەی پەنا بردنە بەر – هێما – لە نووسیندا ... بۆیە وتار لەم قۆناغەدا وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکار دەهێنرا ...

- ناوەرۆکی وتار لە سالانی حەفتاکاندا فـرە لایەن بو گۆرانکاریەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری گەلی کورد لە سالانی حەفتاکاندا – بووە هۆی فرە لایەنی ناوەرۆکی وتار لەو سالانەدا ...

- نووسەرانی کورد لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو – لە رێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بەرگریان لە سیاسەتی توانەوەی نەتەوەکەیان دەکرد .

هەر بۆیە وتارەکانی ئەو سالانە بۆ خۆیان دەبوونە بنەماو پێك هێنەرێکی پتەوی ئەدەبی کوردی

- لە دوای نسکۆی -1975 – جیاوازی کەوتە نێوان منوسەرانی شارو نوسەرانی شاخ چونکە ئەو سەربەستی یەی نووسەرانی شاخ هەیان بوو – نووسەرانی شار نە یان بوو –
- بۆیە وتاری سیاسی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ناو شاردا پاشەکشەی کرد ز بەلام لە شاخ بایەخی زۆری پێدرا ..
- هەر بۆیە نووسەرانی شار – هەولیان دەدا لە چوار چێوەی بابەتەکانی تردا وەك ( کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و مێژوویی دا ) بیرو بۆچون و هەست و سۆزی نەتەوایەتیان نیشان بدەن

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

پ // گرنگترین خاسیەتەکانی وتارلە قۆناغی ( 1970 – 1991 ) – ئەمانەن :-

1- لەسەرەتای سالانی حەفتاکاندا .. زمانی وتارگەشەیەکی زۆر دیاری بە خۆیەوە بینی کە لە قۆناغەکانی تر نەبینرابوو .

2- بەهۆی ئەوەی کە خوێندن بوو بە کوردیلە قۆناغەکانی خوێندن – کۆمەلێ وشەو زاراوەی نوێ هاتە کایەوە و فەرهەنگی کوردی پێ دەولەمەند بوو وتاریش زیاتر پەرەی سەند .

3- دەربڕینی ناراستەو خۆ و – و پەنا بردنە بەر بەکار هێنانی ( هێما و نیشانە ) لە بلاو کراوەکانی نـا وشار دا .

4- لەم قۆناغەدا وتار بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکار دەهێنرا تا لەدەست دوژمن لە شێواند ن و لەناو بردن زمانی کوردی بپارێزن .

5- پەیدابوونی جیاوازی لە نێوان نوسەرانی شاخ و نووسەرانی شار دا . نووسەرانی شاخ ئازادانە دەیان نووسی بەلام هی شار جیاوازبوو .

6- وتار لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ناو شاردا پاشەکشەی کرد بەلام لە بلاوکراوەکانی شاخ دا زیاتر گەشەی کرد ...

## ( هەڵبژاردنەکانی تا یـبەت بەرەخـنـە و وتـــا ر )

1- وتارە رەخنەیی یەکان ( 1958 ) گەشەسەندنێکی دیاریان بەخۆیانەوە بینی لە گۆڤاری :- 1- هاوار 2-گەلاوێژ 3- شەفەق

2- ( کورتەی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی ) لە نوسینی کێ یە ؟:- 1- مارف بەرزنجی 2-عیزەددین مستەفا رەسول 3-مارف خەزنەدار

3- یەکێك لە وتارە رەخنەیی یەکانی – هەسان – بریتی یە لە - :- 1-کامەران و دیاری یەکە 2-مێژووی ئەدەبی کوردی 3-کورد و شیعر

4- لێکۆلینەوەی – کامەران و هۆنراوەی نوێ – یەکێکە لە بەرهەمەکانی :- 1- محمد مەلاکەریم 2- حسێن عارف 3- جەمال نەبەز

5- لێکۆلینەوەی – کامران شاعر من کردستان – بەرهەمی کامە نووسەرە :- 1- سدیق عارف 2-احسان فواد 3- کامل حەسەن بەصیر

6- شاعیرێك بوو لە کۆلێجی ئادابی بەغداسالی 1959-1960 وانەی رەخنەی گوتووتەوە :- 1- حسین عارف 2- محمد مەلا کەریم 3- گۆران

7- لێکۆلینەوەکانی ( حاجی قادری کۆیی – کامەران و هۆنراوەی نوێ – کامران شاعر من کردستان ) دەردەچوون لە گۆڤاری :- 1-روناهی 2-گولاوێژ 3- شەفەق

8- لێکۆلینەوەی ( حاجی قادری کۆیی ) بەرهەمی کام نووسەرە :- 1- احسان فواد 2- شیخ محمدی خال 3- حسین عارف 4- محمد مەلا کەریم

9- یەکێك لە وتارە رەخنەیی یەکانی مارف بەرزنجی یە :- 1-شیعرو نوسینی کوردی 2- کورد و ئسلوبی شیعر 3- کۆن و تازە لە شیعری کوردی دا

10- شیعرو نوسینی کوردی – وتارێکی رەخنەیی یە لە نووسینی : 1-شێرکۆ بێکەس 2- مارف خەزندار 3- حسین عارف 4- رەفیق حیلمی

11- ( ریالیزم لە ئەدەبی کوردی دا ) بەرهەمی کێ یە :- 1-عیزەدین مستەفا 2- احسان فواد 3- مارف خەزنەدار 4- حسین عارف

12- ( حاجی قادری کۆیی . ژیان و بەرهەمی )- نامەی دکتۆرای کێ یە : 1-مارف خەزنەدا 2-جەمال نەبەز 3- ئیحسان فواد

13- لێکۆلینەوەکانی شێخ نوری شێخ سالح لە 1926 دەربارەی چی یە :- 1- شیعر 2- رۆمان 3- چیرۆك 4- وتار

14- لێکۆلینەوەیکەی – شێخ نوری شێخ صالح – دەکەوێتە خانەی :- 1- مێژووی ئەدەب 2- رەخنەی ئەدەب 3- تیۆری ئەدەب

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

15- لێکۆڵینەوەکەی حسین عارف ( کامەران و هۆنراوەی نوێ ) بلاوکرایەوە بە ناوی :- 1- محمد مەلا کەریم 2-کامل بەسیر 3-محمد صدیق عارف

16- وتارەکەی- سیا پۆش – لە سالی 1932 بلاوکراوەتەوە بە ناو نیشانی :- 1-کورد و شیعر 2-کۆن و تازە لە شیعردا 3-شاعیرەکا نمان

17- وتارەکەی ( سیا پۆش ) بەتەواوی دەچێتە ناو خانەی :- 1- مێژووی ئەدەبی 2- تیۆری ئەدەب 3- رەخنەی ئەدەبی

18- سیا پۆشی- ناوێکی خوازراوە – کی بەکاری هێناوە ؟ :- 1- حسێن عارف 2- ابراهیم ئەحمەد 3- ئەمین فەیزی بەگ

19- ئەمین فەیزی بەگ - یەکێك لەمانەی نووسیوە : 1- گول دستەی شوعەرای هاو عەسرم 2- ئە نجومەنی ئەدیبان 3- هەردوکیان

20- داهێنانەکانی ئاکامی زانست وزانیاریی شیعری یە زیاتر لەوەی هەلقولاوی شیعری بێت:- 1- نالی 2- حاجی قادر 3- مەولەوی

21- پەخشانی نوێ بەگشتی بایەخ نادات بە : - 1- سۆزو بیر 2- سەروا 3- عەقل

22- گول دستەی شوعەرای هاوعەسرم- لە نوسینی کێ یە :- 1- عەلی کەمال باپیر 2- ئەمین فەیزی بەگ 3- ابراهیم ئەحمەد

23- پەخشانی ئەدەبی دەربڕینێکە کە 1- هەست و سۆزی نووسەر 2- بیرو عەقل 3- کێش و سەرواى شیعر ------- نیشان دەدات .

24- نوسەرانی شاخ زیاتر گرنگیانداوە بە ووتاری : - 1- ئاینی 2- سیاسی 3- کۆمەلأیەتی

25- پەخشانی زانستی گرنگی نادات بە : 1- هەست و سۆزی نووسەر 2- بابەتی زانستی 3- یەکێتی بابەت

26- رۆژنامەی کوردستان لە مهاباد سالی 1946 دەرچووە. ئەی چی گۆڤارێکی تر هەر لەو ساڵەدا لە کۆماری کوردستان دەر دەچوو :

ژین و ژیان 2- هەلاَلـە وگروگالی مندالان 3- دەنگی گێتی تازەوشەفەق

27- ئەم گۆڤارانە لە کام ولات دەر دەچون ( نزار –رووناهی – هیوا ) 1- عیراق 2- شام 3- عیراق و شام

28- لە سالی 1957 لە عیراق ئەم گۆڤارە دەرچووە 1- نزار 2- هیوا 3- رووناهی 4- گەلاوێژ

29- لە قۆناغی(39-58 ) زمانی ووتار گەشەیان بەخۆیانەوە بینی بەهۆی : 1- کوردی پەتی 2- وتارنوسی ئافرەت 3- وەرگێران 4- هەمویان راستن

30- وتاری – شەو نمی بەری بەیان – سالی 1946 بلاوکراوەتەوە لەلایەن – کامەرا ن موکری -لە گۆڤاری :-

گەلاوێژ 2- دەنگی گێتی تازە 3- شەفەق 4- رووناهی

31- ئەم دوو رۆژنانە لەهەمان سالی 1959 ا دەرچوون :- 1- شەفەق و رای گەل 2- رای گەل و بلێسە 3- بلێسەو هاوار 4- هاوارو ژین

32- ( رۆژی نوێ ) - ئەو گۆڤارەیە کە دەر چووە لە سالی 1- 1955 2- 1960 3- 1961 4- 1963

33- رۆژنامەی برایەتی سالی 1967 دەرچووە ئەی گۆڤاری سلێمانی سالی چەند دەرچووە :. 1- 1966 . 2- 1965 3- 1968

34- عیزەدین مستەفا رەسول و محمدی خال و ئەبوزێد سندی – لە ووتارنووسە ناودارەکانی 1- 39-58 2- 58- 70 3- 70-75

35- زمانی ووتار پوخت تر بوو لەرووی ووشەوزاراوە دەولەمەند تر بوون ... ئەمە لە قۆناغی 1- 58-70 2- 39-58 3- 70-91

36- لە رووی ناوەرۆکەوە کام بابەت سەرەکی ترین بابەتی قۆناغی ماوەی نێوان سالانی 1958 – 1970 بـــوو ؟ :-

1-بابەتی سیاسی 2- بابەتی ئایینی 3- بابەتی کۆمەلایەتی و مێژوویی

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

37- هەردوو گۆڤاری – ڕۆژی کوردستان و- نووسەری کورد - لە هەمان ساڵدا هاتنە مەیدانی چاپەمەنی کوردی یەوە ... لە ساڵی :-

1- 1970     2- 1971     3- 1973     4- 1975

38- گۆڤاری – کۆڕی زانیاری کورد – لە چ ساڵێکدا بلاوکرایەوە؟     1- 1978     2- 1973     3- 1970     4- 1968

39- ڕۆژنامەی ( زانیاری ) لەم ساڵەدا دەرچووە :-     1- 1978     2- 1973     3- 1970     4- 1968

40- ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە( هاوکاری –بەیان – ڕۆشنبیری )پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول توانیان چی بەرەو پێش ببەن ؟

چیرۆك     2- شیعری کلاسیکی     3- وتار     4- ڕەخنەی ئەدەبی

41- لە بلاو کراوەکانی شاخ - کە لە ماوەی سالانی هەشتاکاندا بلاودەکرانەوە جگە لە ( بانگ و هەلوێستی ئەدەب و نوسەری کوردستان ) چیتر بوون :-

1-گزنگ و هەلەت و قەندیل     2- هاوکاری و بەیا ن و ڕۆشنبیری     3- زانیاری و نووسەریکورد

42- لەدەنگە دیارەکانی ووتار لە سالانی هەشتاکان جگە لە ( جەمال خەزنەدار ) کێ ی تر بوون ؟

1-مستەفا نەریمان و تەها بەرواری     2- ڕەمزی قەزاز وگۆران     3- شێخ محمدی خاڵ و مارف بەرزنجی

43-زمانی ووتار گەشەیەکی دیاری بەخۆیەوە بینی کە لە قۆناغەکانی پێشتربەم ڕادەیە نەبینرابوو , ئەمە کەی بوو ؟

1-سەرەتای حەفتاکان     2- کۆتایی حەفتاکان     3- سەرەتای هەشتاکان     4- سالانی شەستەکان

44- لەدوای نسکۆی 1975 لە بلاوکراوەکانی ناو شاردا , دیاردەیەك بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت ... ئەویش :-

1-بێ دەنگی بەرامبەر دوژمن     2- داخستنی گۆڤارو ڕۆژنامەکان     3- بەکار هێنانی هێماو نیشانە

45- یەکێکە لە خاسیەتەکانە ووتار : -     1- درێژ بڕی     2- کورت بڕی     3- درێژو مام ناوەند     4- هەر سێ کیان

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

کۆتایی وەرزی یەکەم – ئەدەب

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3-1 | 3-2 | 3-3 | 2-4 | 3-5 | 3-6 | 3-7 | 4-8 | 3-9 | 4-10 | 1-11 | 3-12 | 1- 13 | 3-14 | 3-15 | 3-16 |
| 3-17 | 2-18 | 2-19 | 1 -20 | 2-21 | 1-22 | 1-23 | 2 -24 | 1-25 | 2-26 | 1-27 | 1-28 | 3-29 | 2-30 | 2-31 | |
| 2-32 | 3-33 | 2-34 | 1-35 | 1-36 | 2-37 | 3-38 | 3 -39 | 3-40 | 1-41 | 1-42 | 1 -43 | 3-44 | 2 -45 | | |

## چیرۆکی کوردی لە شەڕی دووەمی جیهان

## ( چیرۆکی کوردی لە سالانی 1939 / 1958 )

- دەتوانین قۆناغی ( 1939-1958 ) بە قۆناغی گەشەسەندنی چیرۆکی هونەری کوردی دا بنێین چونکە نووسینی چیرۆکی کورت گەشەی کرد.
- چەند گۆڤارو رۆژنامەیەك لەم قۆناغەدا دەرچوون وەك :- رۆژنامەکانی ( ژین و ژیان ) لە سلیمانی و – ( گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە ) لە بەغدا و ( هاوار و رۆژا نوو ) لە شام – دەر دەچوون ...
- گۆڤاری گەلاوێژ لە سالانی ( 1939 – 1958 ) کە رۆڵێکی ئاشکراو دیاری هەبووە لە جێگیر کردن و رەگدا کوتانی چیرۆکی هونەری کوردی یە هەبوو ...
- .هەر لەیەکەم ژمارەی گەلاوێژ – گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆك داناوە ناوی لێناوە ( چیرۆکی ئەم مانگە ) ..کە ( 116 ) ژمارەی لێ دەرچووە...
- هەر لەم گۆڤارەدا ئاوڕدانەوە لە چیرۆکی وەرگێڕدراو کارێکی زۆر بە جێ بووە – کە زۆربەیان لە ئینگلیزی و عەرەبی وەردەگێڕا بۆ کوردی ...

- بابەتێکی دیاری ناوەرۆکی چیرۆکەکانی سالانی ( 1939 – 1958 ) -1- ململانێ و ناکۆکی نێوان دوو چینی سەرەکی کۆمەڵ بوو ئەویش ئاغاو دەرەبەگ لەلایەك و جوتیارو کرێکارو رەش و رووتی کوردستان لەلایەکی ترەوە ...
- هەروەها .. رەخنەگرتن لە نەریت و خووڕەوشتی دواکەوتووی کۆمەلایەتی بووە بابەتێکی تری چیرۆك
- لەو ماوەیەدا . لە گۆڤاری گەلاوێژدا . ئەوە دەبینرێت کە .. نووسەران بەتەواوی لایەنگیری چینی کرێکارو جوتیاراران .

- ... هەروەها لە بەشێك لـــە چیرۆکەکانی گەلاوێژدا – ئافرەت کراوە بە پالەوانی چیرۆکەکان ,,
- رەخنە گرتن بووە لە دواکەوتوویی کۆمەڵگا هەروەهاباس لە دەردەکانی چەوساندنەوەی ئافرەت کراوە وەك ( شیر بایی و کچ فرۆشتن ..
- بایەخدامن بە دیاردە کێشە کۆمەلایەتی یەکان بووە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ – چیرۆکی کوردی بەرەو رێبازی ریالیزمی هەنگاو بنێت ,,,

- لە چیرۆکنوسە دیارەکانی ئەم گۆڤارە ( عەلائەدین سەجادی – برایم ئەحمەد – شاکر فەتاح ) بوون
- زمانی نوسینی چیرۆکەکانی سەرەتای گۆڤاری گەلاوێژ پێشکەوتنی ئەوتۆیان پێوە دیار نی یە – پر بوو لەوشەی عەرەبی و فارسی ..
- دواتر – زمانی نوسینی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بەرەو کوردی پەتی رەوان دەروات و پاك دە بۆ وە لە ووشەی بێگانە ووشەی گونجاو بەکار دەهێنرا ...

- دەتوانین بلێین چیرۆکەکانی گەلاوێژ بە رووی تەکنیکی هونەری یەوە لەچاو پلەی پێش خۆیان بەرەو پێش چوون و سیمای هونەری نوێ یان پێوە دیارە رستەو وەسفەکان بە سۆز و کاریگەرن و زنجیرەی باسەکان ( هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی باش بەیەکەوە بەندن و خوێنەر را دەکێشن بۆ چێژ لێ وەرگرتنیان )

## چیرۆکی کوردی – لە گۆڤاری – هاوار سالانی 1941 / 1943

گۆڤاری – هاوار – سالی -1932 – دەرچووە لە شام ...لە سالی 1941 بایەخی داوە بە بلاوکردنەوەی چیرۆك ..

- چیرۆك نووسە بەتواناکانی گۆڤای هاوار ئەمانە بون ( جەلادەت بەدرخان – کەمەران بەدرخان -- نورەددین زازا -- – ئوسمان سەبیری -- قەدری جان )
- چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار – بەزاری کرما نجی سەروو – نووسراون ..
- هەندێك لە چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار– بە چیرۆکی هونەری دادەنرێن .
- هەندێك چیرۆکیش سیمای چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی یان پێوە دیارە ,,, هەندێکیشیان بە زمانی گیانداران نوسراون ....

- لە رووی ناوەرۆکەوە چیرۆک نووسانی گۆڤاری هاوار – زیاتر هەولیانداوە پرسی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بخەنە روو و رەخنە لەباری ناهەمواری کۆمەلگا بگرن و دەردی هەژاری و نەخوێندەواری بخەنە روو ,..
- گۆڤاری –هاوار - بایەخی داوە بە چیرۆکە وەرگێردراو بەتایبەتی لە – فەرەنسی و عەرەبی دەکرانە کوردی- هەروەها لە کورد یش دەکرانە فەرەنسی
- لە روی تەکنیکیەوە بەشی زۆری چیرۆکە نوسراو و بلاوکراوەکانی گۆڤاری – هاوار – لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان – چونکە چیرۆکنووسەکان زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانی یان دەزانی ,,,,,

## (( چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری – شەفەق ))

- گۆڤاری – شەفەق – سالی 1958 لە کەرکوک دەرچووە و رۆلێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی چیرۆکی هونەری کوردی
- گۆڤاری – شەفەق- گرە ویکی – پێشبرکێ - رێکخست بۆ باشترین سێ چیرۆک .-

- چیرۆکی – ( چای شیرین ) – پلەی یەکەمی وەرگرت کە لە نووسینی – حسێن عارف - بوو بەناوی خواستراوی ( محمد صدیق عارف )
- چیرۆکی – ( چەندم لێ دەستێنی ) پلەی دووەمی وەرگرت لە نووسینی – مستەفا سالح کەریم
- چیرۆکی –( شەوێکی درێژ ) پلەی سێ یەمی وەرگرت کە لە نوسینی – محمد سالح دیلان – بوو

- ئەو نوسەرانەی لە قۆناغی ماوەی نێوان سالانی 1958-1970–بۆ یەکەم جار دەستیان دایە بلاوکردنەوەی چیرۆکی کورت – ئەمانەبوون :-
  ( حسێن عارف – جمال بابان – محرم محمامین – حسن قزلجی )
- ئەو نوسەرانەی کە لە قۆناغی نێوان سالانی 1958-1970 چیرۆکی – مام ناوەند – یان بۆ یەکەمجار بلاو کردەوە ئەمانەبوون :
  1-جەمال بابان هەردوو چیرۆکی مام ناوەندی ( خانزاد + پەلە هەورێکی چلکن ) بلاو کردەوە
  2-جەمال نەبەز بە چیرۆکی مامناوەندی – ( لالۆ کەریم ) ی بلاوکردەوە .
  2- محمد سالح سەعید چیرۆکی مامناوەندی ( کاروانی ) بلاو کردەوە ,,,

- لە چیرۆکە مامناوەندەکان –ژمارەی کەسەکان و ماوەی رووداوەکان لە چیرۆکی کورت زیاترە بەلام ناگەنە چیرۆکی درێژ واتە ( رۆمان ) .

- لە پێش قۆناغی (39-58 ) دوو چیرۆکی مام ناوەند نوسراونەتەوە . بەلام لەبەرئەوەی لەکاتی خۆیدا بلاو نەکراوەتەوە بۆیە ئەو دوو چیرۆکە . نەیان توانیوە کاریگەریەکی ئەوتۆ بکاتە سەر بەرەو پێش چوونی چیرۆک لەو سەردەمەدا : - ئەو دوو چیرۆکەش ئەمانەن :-

1- چیرۆکی - لــە خەوما - ی جەمیل صائیب - لە سالی 1925 نوسراوە .... بەلام لە سالی 1975 چاپ کراوە .

2- چیرۆکی - مـەسەلەی ویژدان– ی ئەحمەد موختار جاف - - لە سالی 1929 ... بەلام لە سالی 1970 چاپ کراوە .

- چیرۆکەکانی قۆناغی ( 1958 – 1970 ) دوو جۆری سەرەکی چیرۆک هەبوون – کە ئەمانەن :-

1- هەندێك لەو چیرۆکانە زۆر سادەن و بابەتەکانیان دوور لە روخساری هونەری خراونەتە روو , لە بازنەی نائومێدی دەخولانەوە و پێشکەوتنیان بەدەست نەهێناوە ...

2- هەندێك لەو چیرۆکانەی تریش – گەشەو پێش کەوتنیان پێوە دیارە . چ لەرووی ناوەرۆك و رووالەتی هونەری و رەوانی زمانەوە بێ لەرووی ئەوەی کە مۆرکی کوردەواریان پێوە دیار بێت ...قارەمانەکانیان کەسانی کوردی بوون, رووداوەکانیش هی سەردەمەکە بوون ناوەرۆکی چیرۆك لەم قۆناغەدا ( 1958-1970 ) بایەخی بە کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی سەردەمەکە داوە ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

- ناوەڕۆکی چیرۆک لە قۆناغی 1958- 1970 - بایەخی بە کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی داوە ,,,
- لەم قۆناغەوە بەدواوە چیرۆکنووسەکان هەولیانداوە زۆر بە ئاشکرا باسی بابەتە سیاسی یەکان بکەن کە ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە نرخی هونەری – چیرۆکەکان بێتە خوارەوە و لە داهێنان بکەوێت و زمانی چیرۆکەکان سادەبێت و شێوەو تەکنیکیان لاواز بێت و بە ئاشکرا مەبەست بدەن بەدەستەوە ,,,
- هەندێک جاریش بارو دۆخی سیاسی - پوختی ورەوانی - پێشوی لاواز کردووە و لە رووی دارشتنەوە چیرۆکەکانی بەرەو چرکردنەوە بردووە ,,
- لە قۆناغی 1958- 1970 چیرۆک نوسانی ئەم قۆناغە تارادەیەک – رەمزیان بەکار هێناوە ,,,

## چیرۆکی هونەری کوردی لە نێوان سالانی 1970 – 1991

- سالی 1970 بەقۆناغێکی نوێ دادەنرێت لە مێژووی عیراق و گەلی کورد بەتایبەتی ... لەبەر ئەوەی لەو سالەدا بۆ یەکەمین جار - حکومەتی عیراق دانینا بە مافی رەوای کورد .. لە بەرواری 11 ی ئاداری سالی 1970 ..
- رێککەوتن نامەی 11ی ئاداری 1970 بوە هۆی مایەی گەشە سەندن و ئالوگۆری لە هەموو رووەکەوە ئەوەش زمینەیەکی لە بار و رێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی چەندین دەزگای رۆشەنبیری کوردی بێتە کایەوە ... کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤاری جۆراوجۆر بە زمانی کوردی دەرچوون ..وەک : – گۆڤارەکانی - بەیان – و – رۆژی کوردستان – رۆشنبیری نوێ ...هەروەها.. رۆژنامەکانی – هاوکاری - و - بیری نوێ – و - ژین
- سالی 1970 بەیانی – ڕووانگە – دەرچوو ؟
  - 1- بەیانی رواانگە - وای کرد - ژمارەیەک چیرۆکنوس پەیدا بین
  - 2- سازدانی کۆری ئەدەبی و زالبونی کەش و هەوایەکی باش بۆ گفتو گۆکردن دەربارەی باری رۆشنبیری گشتی .
  - 3- روانگە – چیرۆکی کوردی لە سـستی ز دوبارەبوونەوە رزگار کرد و زەمینەیەکی نوێ ی بۆ چیرۆکی کوردی ئامادەکرد.
  - 4- روانگە دیوارێکی لە نێوان چیرۆکی کۆن و نوێ دا درووستکرد بە- تەکنیکی تازە .
  - 5- بەکار هێنانی ( دیالۆگ و مکەنەلۆج ) و چرکردنەوەی گێرانەوەو بەکار هێنانی تەوژمی هۆش - ئاستی چیرۆکی کوردی بەرز کردووە..
- // ئەوانەی لەسەرەتاکانی سالانی حەفتاکان چیرۆکیان دەنووسی ...دوو دستە بوون کـــە ئەمانەبوون :-
  - 1- کۆمەلێکیان هەمان چیرۆک نووسانی پێشوو بوون بەلام بە بۆچوونی تازەو کەرەستەی تازەوە.. کە ئەمانە بوون :- (( حوسێن عارف -- محمد مەولود مەم - کاکە مەم بۆتانی -- مستەفا سالح کەریم ))
  - 2- کۆمەلێکیشیان ئەوانە بوون کە تازە دەستیان بە نووسینی چیرۆک کردبوو .و دواتر ناوبانگیان پەیدا کرد ... کە ئەمانەبوون :- ( محمد فەریق حەسەن – محمد موکری – رەئوف بێگەرد – شێرزاد حەسەن )
- رووداوەکانی سالانی حەفتاکان-کاریگەریەکی زۆریان بەسەر چیرۆکی کوردی و ئەدەبی کوردی بە گشتی هەبوو ... لە سالی 1970 بە دواوە بابەتەکانی چیرۆکی کوردی گۆڕران . هەرچەندە هەندێک لەو بابەتانەی پێشوو دووبارە دەبنەوە بەلام لە پاڵ کێشەی کرێکارو خاوەن کاری دەولەمەند گیرو گرفتی ئـا و شـا ریش – بووە هەوێنی چیرۆکەکان ..
- لەماوەی سالانی 1970- 1991 – دوو رووداوی تر کاریگەریان بەسەر رەوتی چیرۆکی کوردی یەوە هەبوو کە ئەوانیش :-
  - 1- شکستی شۆرشی مەزنی ئەیلول لە سالی 1975 بە پیلانی دوژمنانی کورد ..( لە سالانی حەفتاکان )
  - 2- هەلگیرسانی شەری هەشت سالەی نێوان عیراق و ئێران لە سالی 1980 تاکو سالی 1988 .

- // لە پاش سالی 1975 جۆرە چیرۆکێك پەیدا بوو – کە دەتوانین ناوی بـنـیـیـن چیرۆکی (( بەرگری لە مافە رەواکانی گەلی کورد ))

  چونکە –لە پاش شکستی سالی 1975 – بـوون و مانەوەی گەلی کورد کەوتە مەترسی یەوە

- لە قۆناغی 1970-1991 چیرۆك نوسانی کورد ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەر شان .. ئەویش ئەرکی – داکۆکیکردن بوو لە مانەوە نەتەوەی خۆیان و هاندانی خەلك بوو بۆ بەرگری کردن و هۆشیارکردنەوەی کورد لە رووی بیر و باوەرەوە ..
- لە قۆناغی 1970 -1991 –چیرۆکی کوردی سودی لە بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە . کە ئەمەش ئاوڕدانەوەکی پیرۆز سەرەتایەکی لە بار بوو بـۆ چیرۆك نووسانمان .. کە ئاوڕ لە گە نجینەی ( بەیت و لاوکی کوردی ) بدەنەوە

( محمد فەریق حەسەن بە چیرۆکی ( لاوکی سوارە ) - و ( رەئوف بێگەرد بە چیرۆکی – ( بەیتی سمۆ ) - و ( عەبدوللا سەرج بە چیرۆکی – ( هێلەگ )

- لە چیرۆکی کوردی قۆناغی 1970-1991 بە شێوەیەکە فـراوان و بەربلاو رە مــز بەکار هێنراوە ..... وەك :-

  رەوەبەراز = رەمزی داگیر کەر و شەر خوازی یە     داربەروو= رەمزی کوردو خۆراگری کوردە     ئەسپ = زۆر جار رەمزی شۆرشە

- کاریگەری ئەدەبی بێگانە – و چیرۆکی گەلانی تر زۆر بە ئاشکرا دیارە بە سەر چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە . بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتینی و ئەلمانی و رووسی ... بە ئاشکرایی لە نیوەی دووەمی سالانی حەفتاو هەشتاکاندا . ...
- چیرۆکی کوردی لە قۆناغی 1970 – 1991 سوودی لە هونەری سینەما وەر گرتووە کە ئەمەش چەکێکی تازەی دایە دەست نووسەران و بوە هۆی شکاندنی قالبی خۆ بەستنەوەی چیرۆك نووسان بە کاتێکی دیاری کراو .... ئەوسوو بینینەش لە چیرۆکی ئەو سێ نووسەرە دا دەر دەکەوێت :-

  ( ئەحلام مەنسوور –عەبدوللا سەراج – ئەنوەر محمد تاهیر )

- لە رووی زمانەوە لە قۆناغی ( 1970-1991 ) ناکرێت بلێین کە زمانی چیرۆك لەلای هەموو چیرۆك نووسەکانی ئەم قۆناغە وەك –یەکن یا بەیەك ئاست ناو بنرێن .. بگرە لەلای یەك چیرۆك نووسیش زمانی نووسینی چیرۆکێکی بۆ چیرۆکێکی تری وەکو یەك نی یە ..
- زمانی چیرۆکەکان لە قۆناغی 1970- بۆ 1991 لای هەندێك چیرۆك نووس زۆر سادەو ساکارە و درێژە پێدەری زمانی نووسینی چیرۆکە .لە قۆناغەکانی پێشووتر لەگەل چەند گۆرانکاریەکی کـەم - - بەلام لە لای هەندێك چیرۆك نوسی تر زمانی نووسینی چیرۆکەکان تۆکمە ترو چرو پرتر بوون ...

- لە چیرۆکەکانی – شێرزاد حەسەن –زمانی شیعر زالە بەسەر زمانی چیرۆکەکانیدا –
- ( شێرزاد حەسەن ) خاوەن زمانێکی دەولەمەندی تایبەت بە خۆیەتی کەخوێنەر رادەکێشێت و وای لێدەکەن چێژ لەخوێندنەوەی چیرۆکەکانی وەر بگرن ئەمەش بە ئاشکرا لە هەردوو کۆمەلە

- چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن (( چیرۆکی ( تەنیایی ) سالی 1983 -- و چیرۆکی ( گولەرەش ) سالی 1989 بلاو کراونەتەوە ...

- زمانی چیرۆکەکانی ( حسین عارف ) زمانێکی کوردی تۆکمە و بە پێزە .. بەتایبەتی لە هەردوو کۆمەلە چیرۆکی ( تویشووی سەفەرێکی سەخت 1987 ) و ( گەلە گورگ – سالی 1983 ) بلاو کرانەوە ...
- لە کۆمەلە چیرۆکی ( گەلە گورگ ) ی حسین عارف زمانی نوسین زۆر دەولەمەند تر و شیرینتر و سەرنج راکێشترە لە چاو هەموو چیرۆکەکانی پێشووتری

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## (( هەندێ پرسیاری هەڵبژاردنی وەزاری - چیرۆك ))

1- گۆڤارێکە هەر لەیەکەم ژمارەیدا گۆشەیەکی بۆ چیرۆك داناوە: 1- هاوار 2- گەلاوێژ 3- شەفەق

2- رۆژنامەی ( ژین ) و( ژیان ) دەردەچوون لە شاری : 1- هەولێر 2- سلێمانی 3- کەرکوك

3- لەم قۆناغەدا نوسینی چیرۆکی کورت -نەش و نمای کرد : 1-( 1958-1939 ) 2-( 1970 – 1958 ) 3-1970-1991

4- ( چیرۆکی ئەم مانگە ) گۆشەیەکی تایبەت بوو بۆ چیرۆك لە گۆڤاری :- 1- هاوار 2- گەلاوێژ 3- شەفەق

5- گۆڤاری گەلاوێژ دەرچووە لە نێوان سالآنی : - 1-( 1958-1939 ) 2-( 1949 – 1939 ) 3-( 1946-1936 )

6- گۆڤاری گەلاوێژ کە لە بەغداد دەرچووە چەند ژمارەی لێ دەرچوو ؟ 1- 88 -ژمارە 2-102 - ژمارە 3- 116 -ژمارە

7- لە بەشێك لە چیرۆکەکانی کام گۆڤاردا ئافرەت کراوەبە پاڵەوانی چیرۆك 1- روژانو 2- گەلاوێژ 3- شەفەق

8- لەکام قۆناغ چیرۆکی کوردی راستەوخۆ بەرەو رێبازی ریالیزمی هەنگاوی نا 1- 1958-1939 2- 1958 – 1970 3-1970-1991

9- بابەتێکی دیاری ناوەرۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ -بریتی بوو لە 1- مافی ئافرەت 2-ململانێ ی ئاغاو جوتیار 3- ئایینی

10- علاالدین سەجادی و برایم احمد و شاکرفتاح - لە دیارترین نووسەرانی کامە گۆڤارن : 1- گەلاوێژ 2- شەفەق 3- هاوار

11- شێوازی نوسینی چیرۆکەکانی سەرەتای گۆڤاری گەلاوێژ- بەگشتی شێوازێکی: 1- هونەری نوێ یە 2- گێرانەوە یە 3- مەنەلۆجە

12- چیرۆك نووسانی کام گۆڤار باسێکی ئەفسانەیی یا فۆلکلۆریان هێناوەو بەرگی چیرۆکێکی هونەریان بەبەردا کردووە

1-گۆڤاری گەلاوێژ 2- گۆڤاری شەفەق 3- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ

13- دواتر زمانی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بە چ ئاراستەیەك ڕۆیشت : 1- کوردی پەتی رەوان 2-زمانی تێکەڵ 3- نوسینی عەرەبی

14- گۆڤارێکە باش لە نرخ و بەهای هونەری چیرۆك تێگەیشتووە : 1- گەلاوێژ 2 - هاوار 4- شەفەق

15- گۆڤارێکە بۆماوەی 3 سال دەرچووە لە شام لە سالانی ( 1941-1943 ) 1- هاوار 2- شەفەق 3- دەنگی گێتی تازە

16- گۆڤارێك بوو پێشبرکێ یەکی بۆ باشترین سێ چیرۆك رێکخست :: 1- گەلاوێژ 2- شەفەق 3- دەنگی گێتی تازە

17- لە پێشبرکێکەی گۆڤاری شەفەق کام چیرۆك پلەی دوەمی هێنا 1- چەندم لێ ئەستێنی 2- چای شیرین 3- شەویکی درێژ

18- چیرۆکەکەی حسین عارف پلەی یەکەمی بەدەست هێنا بەناوی 1- چەندم لێ ئەستێنی 2- چای شیرین 3- شەویکی درێژ

19- چیرۆکی ( شەویکی درێژ ) یەکێك لەبەرهەمەکانی نوسەر 1- مستەفا سالح کەریم 2- محمد صالح دیلان 3-حسین عارف

20- ( خانزادو پەلە هەورێکی چلکن ) دوو چیرۆکی ئەم نووسەرەیە 1- جەمال بابان 2- محمد صالح دیلان 3-حسین عارف

21- جەمال نەبەز – چیرۆکێکی هەیە بەناوی :- 1- لالۆ کەریم 2- چای شیرین 3- شەویکی درێژ

22- ژمارەی رووداوەکان زیاترەو کەسەکانیش زۆر ترن لە چیرۆکی :- 1- مامناوەند 2- کورت 3- کورت و مام ناوەند

23- چیرۆکی ( گەلەگورگ ) حسین عارف - نوسراوە لە ساڵی :- 1- 1983 2- 1972 3- 1989

24- لە یەکێك لەم چیرۆکانە ی چیرۆکنوسێك- زمانی نوسین- زۆر دەولەمەند ترو سەرنجراکێشترە لە چاو زمانی چیرۆکەکانی پێش خۆی :-

1-گەلە گورگ 2- بەیتی سمۆ 3- هێلەگ

25- یەکێك لەم چیرۆکانەسالی 1929 نوسراوە بەلام لەکاتی خۆی جێگیر نەکراوە 1- چای شیرین 2- مەسەلەی ویژدان 3- لالۆ کەریم

26- چیرۆکی- مەسەلەی ویژدان- نوسەرەکەی کێ یە ؟ 1- جەمیل صائب 2-احمد موختاربەگ 3- عەلائەدین سەجادی

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

27- چیرۆکی –لەخەوما- ی جەمیل صائب سالی چەند چاپکراوە ؟     1- 1929     2- 1965     3- 1975

28- سالانێك لەم قۆناغەدا ئەدەبی کوردی بە سەردەمێکی تاریکی و شەوەزەنگدا تێپەری     1-( 58-39 )     2 -( 70-58 )     3-1970-1991

29- گرووپی ( رووانگە ) لە یەکێك لەم سالانەدا پێك هێنرا     1- 1961     2- 1970     3- 1973

30- یەکێك لەمان چیرۆکی کوردی لە جوینەوەو سستی رزگار کرد     1-چیرۆکەکانی کاکەمەم بۆتانی     2- روانگە     3-گێرانەوە

31- لە سالی 1970 بەدواوە لە پال کێشەی کرێکارو خاوەنکاری دەولەمەند کێشەیەکی تریش بووە هەوێنی چیرۆك چی بوو ؟

1-کێشەی ئایینی     2- کێشەی شار     3- کێشەی ئافرەت

32- دوو لەم چیرۆك نوسانەی قۆناغی پێشوو لەقۆناغی ( 70- 91 ) بەردەوام بون لە نوسینی چیرۆك بەلام بە تەکنیك و رای تازەوە

1-حسێن عارف و محمد مەولودمەم     2- شێرکۆ بێکەس و مستەفا سالح     3- رەئوف بێگەرو محمد موکری

33- دوو لەم چیرۆك نوسانە لەدواهەمین قۆناغدا بۆ جاری یەکەم دەستیاندایە نوسینی چیرۆکی کوردی و تا ئێستاش بەردەوامن :-

1-ئەنوەر محمد و شێرزاد حسن     2- کاکەمەم بۆتانی و حسین عارف     3- شێرزاد حەسەن و رەئوف بێگەرد

34- لەدوای سالی 1975 چیرۆك نووسان ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەر شان کە ئەویش بریتی بوو لە :

1- پاك کردنەوەی شیعر     2- داکۆکیکردن لە نەتەوەی کورد     3- واز هێنان لە چیرۆکی سیاسی

35- چیرۆکی کوردی لەکام قۆناغدا سوودی لە بەیتو لاوکو داستانی کۆنی فۆلکۆری بینیوە کەئاوردانەوەیەکی پیرۆزە لە بەیت و لاوك

1- قۆناغی 1939-1958     2-قۆناغی 1958-1970     3- قۆناغی 1970 – 1991

36- چیرۆکی ( لاوکی سوارە ) هی کام لەم نوسەرانەیە     1-شێرزاد حسن     2- محمد فەریق حسن     3 – محمد موکری

37- بە شێوەیەکی بەرفراوان ( جەفەنگ ) رەمز – بەکار هاتووە لە     1-( قۆناغی ( 58-70 )     2-(قۆناغی 1970-1991 )     3-( 39-58 )

38- چیرۆکی ( بەیتی سمۆ ) یەکێکە لە چیرۆکەکانینووسەر :-     1- عبدالله سەراج     2-رەئوف بێگەرد     3 – محمد موکری

39- یەکێك لەم چیرۆك نوسانە خاوەن زمانێکی دەولەمەندی تایبەت بەخۆیەتی و زمانی شیعر زالە بەسەر زمانی چیرۆکەکانیدا :

1-ئەحلام مەنسور     2- شێرزاد حسن     3- ئەنوەر محمد تاهیر

40- لە کام قۆناغی نوسینی چیرۆك ئاستی زمان لای چیرۆك نووسان وەك یەك نی یە لای هەندێکیان زمانی چیرۆك چڕترو تۆکمەترە :

قۆناغی 39 -58     2- قۆناغی 58 – 70     3- قۆناغی 70 – 1991

41- چیرۆکی ( هێلەگ ) یەکێکە لە بەرهەمەکانی نووسەر :     1 – عبدالله سەراج     3- شێرزادحسن     4- حسین عارف

42- کۆمەڵە چیرۆکەکانی( تەنیایی و گوڵی ڕەش ) لە نوسینی     1- رەئوف بێگەر     2- عبدالله سەراج     3- شێرزادحسن

43- چیرۆکی تەنیایی لە سالی 1983 بلاوکرایەوە- بەلام چیرۆکی ( گوڵی ڕەش )لە ساڵی     1- 1991     2- 1989     3- 1985

44- کاریگەری ئەدەبی بێگانە جگە لە روسی و ئەڵمانی و ولاتانی دراوسێ چ ولاتێکی تریش کاریگەری لەسەر چیرۆکی کوردی هەبوو:-

1-نەمسا     2- سوید     3- ئەمریکای لاتینی     4- بەریتانیا

45- لە چیرۆکی کوردی سالانی ( 1970 -1991 ) وشەو رەمزی ( رەوە بەراز ) بە چ واتایەك بەکار هاتووە :-

1- رە مـزی داگیرکەر یان شەڕ خوازی یە .     2-.رە مـزی خـۆراگری کورد لەخاکەکەیدا     3- شـۆرشگێری

46- لە چیرۆکی کوردی سالانی ( 1970 بۆ 1991 ) وشەو رەمزی ( ئـــە سپ ) بە چی واتایەك بەکار هێنراوە :-

1- رە مـزی داگیرکەر یان شەڕ خوازی یە     2-.رە مـزی خـۆراگری کورد لەخاکەکەیدا     3- شـۆرش و شۆرشگێری

وەلامەکان // 2-1     2-2     1-3     2-4     2-5     3-6     2-7     1-8     2-9     1-10     2-11     1-12

1-13     2-14     2-15     2-16     1-17     2 -18     2 -19     1-20     1-21     1-22     1-23

1-24     2-25     2-26     3-27     2-28     2-29     2-30     2-31     2-32     3-33     2-34

3-35     2-36     2-37     2-38     2-39     3-40     2-41     3-42     2-43     3-44     1-45     3-46

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ( رۆمـــان لە ئەدەبی کـوردیدا )

رۆمان //واتا- چیرۆکی درێژ – ڕوداوەکانی چڕو پڕن ماوەی روداوەکان زۆر دورو درێژترە لە هی چیرۆکی کورت و مامناوەندو ژمارەی کەسەکانیشی زیاترن

- رۆمان نووسین یەکێکە لە هونەرە ئەدەبی یە گرانەکان . لە سەدەی – حەڤدەم لە ئەورووپا سەری هەڵداوە .. بەلام چاخی زێڕینی رۆمان لە ئەوروپا بۆ سەدەی 19 و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە ...

- نووسینی رۆمان لە ناو ولاتانی رۆژهەلات زۆر دواکەوتووە لە چاو ولاتانی رۆژئاوا .......گەلێك رۆمان نوسی ناودار لە ئەوروپاو ولاتانی جیهان هەلکەوتوون کە رۆمانەکانیان بەبەردەوامی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکانی جیهان کەمتر ناوی ( رۆمان نووسی –عەرەب – یان – فارس – یان – تورك –دەبینرێت.

- نوسینی رۆمان لەناو کورد دا زۆر دواکەوتووە لە چاو نەتەوەکانی تردا وەك عەرەب و تورك و فارس چونکە . ئەو بارو دۆخەی کە بۆ نوسەرێکی ئەوان هەلکەوتوە بۆ نوسەرێکی کورد هەڵنەکەوتووە بگرە زۆر جار دژایەتی نووسەری کورد دەکرێت و دەرفەتی چاپ کرد نیشیان زۆر دژوار و ئەستەم بوو

- بۆ یەکەم جار نووسینی رۆمان بە زمانی کوردی لە ناو کوردەکانی – یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەستی پێکرد . یەکەمین هەوڵیش لە لایەن نووسەری گەورەی کوردی سۆڤیەت ( عەرەبی شەمۆ ) دراو لە سالی 1935 رۆمانی ( شڤانی کورد ) ی نووسی.
- ( عەرەبی شەمۆ) – چوار بەرهەمی هەیە کە ئەمانەن (( شڤانی کورد 1935 + کوردی ئەلە گەز + بەربانگ + قەلای دمدم- 1966 )

1- حاجی جوندی --- دوو رۆمانی هەیە بە ناوەکانی ( بەهارهات ) و ( هەواری )
2- عەلی عبدالرحمن --- دوو رۆمانی هەیە ..بەناوەکانی ( خاتـێ خانم ) و ( گوندێ مێرخاسا )

- رۆمانی ( شڤانی کورد ) بە کرما نجی ژوروو نووسراوە و بە پیتی لاتینی . ئەم رۆمانە ومرگێردراوە بۆ سەر زمانەکانی ( رووسی و فەرەنسی و ئەرمەنی ).
- رۆمانەکانی کوردانی سۆڤیەت – کاریگەریان لە سەر رەوتی گەشەسەندنی رۆمانی لە کوردستان نەبوو چوونکە تاکو درەنگ نەگەیشتوونەتە بەشەکانی کوردستان تاکو سوودیان لێوە ببینن . و نووسەرانی کوردستان ئەو رۆمانانەیان نەکەوتۆتە بەردەست و نەیان خوێندۆتەوە لە کاتی خۆیدا ....
- ڕە خنە گران – ڕۆمان – بەداستانی سەدەی تازە ناو دەبەن .
- تایبە تمەنی رۆمانەکانی کوردانی سۆڤیەتی جاران ئەمانەن :-

1- زمانی نووسینی رۆمانەکان زۆر سادەو ساکارو ڕەوانە .
2- رۆمانەکان بە شێوزاری –کرما نجی سەروو و بە پیتی لاتینی نووسراون .
3- شێوازی ڕۆمانەکان گێڕانەوەیە وەکو داستان و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان..
4- بناعەی نوسینی رۆمانەکان- داستان و ئەفسانەو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردین و دوورن لە تەکنیکی تازەو هاو چەرخ .
5- بیرو باوەڕی سیاسی ئایدۆلۆژیەتی سۆشیالیزمی سۆڤیەتی جاران بەسەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکادا زاڵــە ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## قۆناغی جێگیر بوون رۆمانی کوردی

- له کوردستاندا تاکو سالانێکی درەنگی سەدەی بیستەم هیچ رۆمانێك بە زمانی کوردی نە نووسراوەتەوە ..بەلام دواتر دوو هەوڵی دیار هەن کە دەشێ بیان کەین بە بناغەی ڕۆمانی کوردی . چونکە لەهەر بارێکا تەماشایان بکەین ناتوانین بە دەست پێشخەریەکی گەورەیان نەزانین ....
  ئەم دوو هەوڵەش ئەمانەن :
- رەحیمی قازی -سالی 1960 رۆمانی (( پێشمەرگە )) ی نووسی و ....
- برایم ئەحمەد -سالی 1956 رۆمانی (( ژانی گەل )) ی نووسی بەڵام سالی 1972 بلاوی کردووەتەوە
- له سالی 1960 رەحیمی قازی – رۆمانی – ( پێشمەرگە ) کە باس لە رووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد ... چونکە نووسەر خۆی لە رووداوەکان بەشدار بووە و لەناو جەرگەی رووداوەکاندا ژیاوە ... بۆیە لە رۆمانەگەیدا لە خەباتی ئەو سالانەی کورد دەدوێت .. رووداوەکانیش تێکەڵ بە کێشەیەکی تر دەکات بە تایبەتی - کێشەی جووتیار لەگەل دەرەبەگــــدا ...

- رۆمانی – (( ژانی گەل ))ی ( برایم ئەحمەد ) زیاتر دەنگی دایەوە چونکە لەکاتی بلاوکردنەوەی دا چەندین ووتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر بلاو کرایەوە ...
- رۆمانی ( قەلای دمدم ) ی عەرەبی شەمۆ لە لایەن ( شوکر مستەفا ) لە سالی 1976 وەری گێراوە شێوەزاری کرما نجی خواروو ..

- ناوەرۆکی رۆمانە کوردی یەکان ( ژانی گەل – پێشمەرگە – قەلای دمدم ) سیماو شەقلی خەباتی نەتەوایەتی کوردی پۆشی بو روداوەکان خۆماڵین و لەناوجەرگەی کۆمەڵی کوردەواری هەلهێنجراون زیاتریش .. کێشەی نەتەوایەتی و خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی هەستی پێ دەکرێت ...

* زمانی نووسینی رۆمانە کوردییەکان - لە قۆناغی چەسپاندن دا - زمانێکی تۆکمە و کوردی یەکی زۆر رەوان بوو کە خوێنەر بۆخۆی رادەکێشی

* ناوەرۆکی ئەم سێ رۆمانە سیماو شەقلی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشیبوو .. رووداوەکان خۆمالین و لەناو جەرگەی کۆمەلی کوردەواری هەلهێنجراون ....

* شێوەی نووسینی ئەم سێ رۆمانە – زیاتر گێڕانەوەیە و دوورە لە تەکنیکی هاوچەرخ ... هەروەها دوورە لە تەم و مژ و ئالۆزی ...

## قۆناغی گەشەسەندنی رۆمان

- سالانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم – بە قۆناغی گەشەسەندنی رۆمانی کوردی دادەنرێت ... دوو دیاردە دێتە بەرچاو وەك :-

1- ژمارەی رۆمانی خۆمالی کوردی زیاتر دەبینرێت .. کە بەکوردی نووسراوە لە چاو قۆناغەکانی پێشووتر ..
2- ژمارەی رۆمانی وەرگێرراو لە زمانی بێگانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات ...

ئەم دوو دیار دەیە لەو کاتەدا دڵخۆش کەر بوون ..کەبوونە رێگا خۆشکەر بۆ گەشەسەندنی رۆمان بە زمانی کوردی ... چونکە پێشتر ژمارەی رۆمانی کوردی لە پە نجەکانی دەست تێپەری نەدەکرد ...

- گرنگترین رۆمان نووسانی کوردی سالانی هەشتاکان ئەمانەن کە سێ جۆرن ... وەك ::-
  1- عەزیزی مەلای رەش --- رۆمانی ( کوێخا سێوێ ) و رۆمانی ( غەوارەی ) ی چاپکرد
  2- حوسێن عارف --- رۆمانی ( شار ) و رۆمانی ( ئەندێشەی مرۆڤێك ) ی چاپکرد
  3- خوسرەو جاف - رۆمانی ( کۆر دەرە ) و ( هیچ ) ی چاپکرد .
  4- عەبدوللا سەراج --- رۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لووتکە ) ی چاپکرد .
  5- دکتۆر نافع ئاکرەیی – رۆمانی ( بوهژین ) ی چاپکرد

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

- لە شاخ -- دوور لە سانسۆری حکومەت - ئەم ڕۆمانانە چاپ کران :-

1- حەمە کەریم عارف --- ڕۆمانی ( کۆچی سوور ) ی لە شاخ چاپکرد .

2- محمد موکری ---- هەر سێ ڕۆمانی ( سەگ وەڕ ) و ڕۆمانی ( تۆڵــە ) و ڕۆمانی ( هەرەس ) ی لــە شاخ چاپکرد ..

1- محمد ئۆزۆن -- ڕۆمانی ( مرنا کاڵەکی ڕەند ) و ڕۆمانی ( هاوارا دیجلەیێ ) ی لــە سوید بــە شێوەزاری کرمانجی ژووروو چاپکرد

- زمانی ڕۆمانەکان لە قۆناغی گەشەسەندندا – پاراو تر و پوخت تر و چڕ تر بوون – ئەوەش لە پاڵ دیاردەی بایەخدان بە شێوەزاری ناوچەیی جوتیاران – لەم ڕۆمانانەدا هەروەها باس لە کێشەی گوند نشینەکانەکراوە – وەکو ڕۆمانەکانی ( عەزیزی مەلای ڕەش ) ..
- ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی قۆناغی گەشەسەندن بریتی بوون لــە ڕوداوی سیاسی و خەباتی ڕەوای گەلی کورد و ژیانی پێشمەرگایەتی و ژیانی نێو شاخەکانی کوردستان ... کە بوونە هەوێنی ڕۆمانەکانی قۆناغی گەشەسەندن و پەیدابوونی ئەم بەرهەمە تازانە ...

- – شێوازی گێڕانەوە – بە زۆربەی ڕۆمانەکانەوە دیارە ... هەست بەوەش دەکرێت کە ڕۆمان نووسەکان بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و مە نـەلـۆج داوە

- ڕۆمان لە سالانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو زۆر زیاتر پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی ...چونکە قۆناغی گەشەسەندن ڕێگا خۆشکەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەم پێشکەوتنە بە دی بێت ...کە هەرگیز گەشەسەندنی وای بەخۆیەوە نەدیبوو ؟

- هەندێك ڕۆمان نووس هەبوون کە بەرەچەڵەك کـو ر د بوون بەڵام بە زمانی بێگانە ڕۆمان یان نووسیوە نەوەك بە کوردی ئەمانەن :-

1- یەشار کەمال -- بە زمانی تورکی دەنوسێت و هەندێك ڕۆمانی کراوەتە کوردی وەك ( ڕۆمانی ( ئەفسانەی چیای ئاگری - حەمەدۆك – کاریتە )

2- سەلیم بەرەکات -- کە کوردی سوریایەو بەعەرەبی دەنووسێت --- ڕۆمانی ( پەڕ ) و ( ڕۆمانی دلشاد ) ی نووسی کە کراون بە کوردی

3- عەبدولمەجید لوتفی --- بە عەرەبی دەنووسێت ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکان ) ی نوسی کە / شوکر مستەفا- کردویەتی بە کوردی

4- ئیبراهیم یونسی -- کە بە فارسی دەنوسێت و ڕۆمانی ( دایکم دووجار گریا ) ی نووسیوە .ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و باس لە ئەنفالکردنی گەلی کورد دەکات لە لایەن ڕژێمی بەعس لە کۆتایی هەشتاکاندا ...

- لەڕووی زمانەوە ئەو ڕۆمانانە بە کوردی دانانرێن ..چونکە بە کوردی نەنووسراون . بەلام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە کوردی دادەنرێن بەلام بەشێکی زۆریان باسی ژیان و خەبات و مافی ڕەوای گەلی کورد دەکەن ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ( هەندێ پرسیاری هەڵبژاردنی گرنگی تایبەت بە رۆمان )

1- لەقۆناغی گەشەسەندنی رۆماندا. نوسەرانی رۆمان زیاتر بایەخیان داوەبە شێوازی  1- مەنەلۆج  2- دیالۆگ  3- هەردوکیان

2- (دایکم دوجار گریا) هی شاعیرئیبراهیم یونسی یە .بەم زمانە شیعری بۆ ئەنفال نووسیوە  1- کوردی  2- تورکی  3- فارسی

3- هەردو رۆمانی ( پەر – دڵشاد ) هی نوسەرێکی کوردەخەڵکی سوریایە  1- سەلیم بەرەکات  2- یەشارکەماڵ  3-عبدالمجید لوتفی

4- رۆمانی ( پێبینی لێزانەقەرەجەکان ) لە فارسی کراوە بە کوردی لەلایەن  1- مارف خەزنەدار  2- شوکر مستەفا  3- رفیق حیلمی

5- رۆمانی ( قەلای دمدم ) لە کرمانجی سەروو کراوە بە کرمانجی خواروو  1-شێرزاد حەسەن  2- رەئوف بێگەرد  3- شوکر مستەفا

6- لەلایەن –شوکر مستەفا- ئەم رۆمانە کراوە بە کوردی سۆرانی  1- پێشمەرگە  2- قەلای دم دم  3- حەمەدۆک

7- بناغەی نووسینی سەرەتای رۆمانی کوردی ئەوانەن  1-چیرۆکی درێژ  2- حکایەتی کۆنو ئەفسانە  3 – شیعر

8- عەربی شەمۆ رۆمانیکی بە پیتی لاتینی نووسیوە سالی 1935- بە ناوی  1- کوردی ئەلەگەز  2- هەواری  3- شڤانی کورد

4- رۆمانی ( پێشمەرگە ) باس لە چی دەکات؟  1- مافەکانی کورد  2- کۆماری کوردستان لە مهاباد  3- ئاغاو جوتیار

5- یەکێك لەم رۆمانانەکاریگەریان نەبو لە گەشەی رۆمانی کوردی  1- خاتێ خانم  2-سەگوەر  3- کۆردەرە

6- هەردووڕۆمانی ( شار-ئەندێشەی مرۆڤێك ) هی ئەونووسەرەیە  1- حوسێن عارف  3-یەشارکەماڵ  4- محمد ئۆزۆن

7- ( ئەفسانەی چیای ئاگری ) رۆمانێکە خاوەنەکەی بە تورکی دەنوسێت  1- سەلیم برکات  2- محمد ئۆزۆن  3- یەشارکمال

8- رۆمانەکانی ( کوێخا سێوێ-غەوارە ) لە نووسینی کێ یە ؟  1- نافع ئاکرەیی  2- عەزیزمەلای رەش  3- حاجی جوندی

9- محمد ئۆزۆن –دوو رۆمانی هەیە – یەکیان –هاواری دیجلەیێ – لەگەڵ :-  1- مرنا کالەکی رەش  2-بوهژین  3-تۆڵە

10- رۆمانی _گوندی مێرخاسا ) لە نووسینی کێ یە ؟  1- عەلی عبدالرحمن  2- سەججادی  3- رەحیمی قازی

11- براہیم احمد – رۆمانێکی سالی 1956 نووسیوە بەلام چاپی کردووە لە سالی :-  1- 1970  2- 1974  3- 1972

12- شێوەی نووسینی رۆمانەکانی کوردی سۆڤیەت :-  1- دیالۆگە  2- مەنەلۆجە  3- گێرانەوەیە

13- یەشارکەماڵ رۆمانێکی هەیە بە چوار بەرگ چاپکراوە  1- کاریتە  2- ئەفسانەی چیای ئاگری  3- حەمەدۆک

14- یەکێك لەم نووسەرانە تەنها یەك رۆمانی چاپکردووە  1- خەسرەوجاف  2- عبداللە سراج  3- محمد موکری

15- رۆمانی ( بۆهژین ) لە نوسینی کامە نووسەرە ..  1- حسێن عارف  2- نافع ئاکرەیی  3 – عەزیزی مەلای رەش

16- رۆمانی _ کۆچی سوور) یە کێکە لە رۆمانەکانی :  1- حەمەکەریم عارف  2- سلیم برکات  3- حسین عارف

17- رۆمانی _ هەرەس ) ی بە دووبەرگ چاپکردووە ...  1- محمد ئۆزۆن  2- محمد موکری  3- ئیبراهیم یونسی

18- قۆناغی گەشەسەندنی رۆمانی کوردی دەست پێدەکات لە :-  1- سالانی سیەکان  2- هەفتاکان  3- سالانی هەشتاکان

19- عەرەبی شەمۆ رۆمانی ( قەلای دمدم ) ی نووسیوە لە سالانی :-  1- 1935  3- 1966  4 – 1925

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1-1 | 3-2 | 1-3 | 2-4 | 3-5 | 2-6 | 2-7 | 3-8 | 1-9 | 1-10 |
| 3-11 | 3-12 | 3 -13 | 2 -14 | 2-15 | 1-16 | 2-17 | 3 -18 | 1-19 | |

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# ( ڕە و ا نـــبـــێـــژی )

وەرزی یەکەم

ڕەوان بێژی // ئەوەیە – قسە ڕەوان و جوان و کاریگەر بێ و لەگەڵ بارو دۆخی گوێگر و هەڵوێستی قسە کردنەکە بگونجێت ..تاوەکو مەبەستەکەی بە ڕوونی لە خوێنەر بگەیەنێ و چێژی پێ ببەخشێت و کاری تێ بکات ئەمەش بە هەڵبژاردنی ووشەی لەبار وداڕشتنی تۆکمەو ڕیکخستنی ژێر بێژیانە دێتە دی ...

- زانستی ڕەوان بێژی لەو هونەرو دەستوورو بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەری قسەو پاراستنی لە ـیـلی و شل و شێواوی
- زانستی ڕەوانبێژی لە ماوەی گەشەسەندنی دا بۆ سێ بەش دابەش کراوە کە ئەمانەن :- ڕوونـبێژی          جوانکاری          واتا ناسی

## ڕەگەز دۆزی

ڕەگەز دۆزی // -ئەوەیە دوو ووشە یان زیاتر لە شکل و شێوەدا لە دەنگەکان وەك یەك بن یان لەیەکەوە نزیك بن بەلام واتایان جیاواز بێ چونکە ئەگەر هەردوو ووشەکە یەك واتایان هەبوو ڕەگەز دۆزی دروست نابێ ( بەزۆریش زۆربەی جار وشەکان لە کۆتایی شیعرەکە دێن

-1 ڕەگەز دۆزی تەواو // - ئەوەیە کە دوو وشە دەقاودەق وەکو یەك بن بەلام واتایان جیاواز بێت ...

(( ئەگەر خاڵت بڵێم مشکی خەتای ***** عەزیز من ئەمەم عەینی خەتایە ))

ئەوە =ڕەگەز دۆزی تەواوە// چونکە دووجار ووشەی ( خەتا ) هاتووە یەکەمیان – ناوی شوێنیکە لە توکستانی چین .... دوەمیشیان- بەمانای خەتاباری و گوناهباری دێت

(( ئای لە بەیاندا وای لەبەیاندا ***** ئای لەو بەیانـەی دیم لە بەیانـدا ))

** ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە – لە نیوان وهەردوو وشەی بەیان ( لەنیوەی دووەمی شیعرەکە ).... . بەیانی یەکەم = ناوی کچێکە          بەیانی دووەم = کاتی بەیانی یە

(( هەرچەندە کە ڕووتم بەخوا مایلی ڕووتم ***** بێ بەرگی یە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە ))

** ڕەگەز دۆزی تەواوهەیە -لە نێوان هەردوو ووشەی ( ڕووت ) دایە -- ڕووتی یەکەم = ڕوتو قوتی و بێ بەرگ و بێ پارە          ڕووتی دووەم = ڕووی یارە

(( داخی حەسرەت نەخشی گرت ئەمساڵ لە تەختی سینەما *** بۆ ئەوانەی ڕادەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما ))

ڕەگەزدۆزی تەواوە // چونکە دوجار ووشەی سینەما هاتووە .. سینەمای یەکەم بەمانای سینگ دێت و ئەویتربەمانای سینەمای فیلم

(( ئەوەی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی *** لەعنەتی خوا لە ئەلحەدو گۆڕی ))          ( مەلای گەورە )

ڕەگەزدۆزی تەواوە // دووجار ووشەی ( گۆڕی ) هاتووە یەکەمیان بەمانای گـۆران دێت و دووەمیان بەمانای قەبر دێت ...

** ڕەگەز دۆزی ناتەواو:- ئەمەش سێ جۆری هەیە :-

1-ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیت ::-

■ ئەوەیە کە دوو وشە جیاوازیان هەیە لە پیتێکی سەرەتای وشەکان :

نموونە :- ( ڕەنگ –دەنگ – هەنگ - سەنگ– تەنگ – مەنگ – . شار دار مار خۆر مۆر بۆر زۆر -.. گەرما .. سەرما ..ئەرزی – بەرزی....... هتد )

(( پیری بە تەنیا ڕەحمەتە ***** پیری و هەژاری زەحمەتە )) (حەمدی)

ڕەگەزدۆزی لە نێوان هەردوو وشەی ( ڕەحمەتە - زەحمەتە ) دایە بە جیاوازی جۆری پیتی سەرەتای ووشەکان

(( بە زستان دڵشکستەی بەرد و سەرمام ***** بەهاوین جەستە خەستەی دەرد و گەرمام ))

** ئەم دێرە شیعرە دوو هونەری ڕەوانبێژی تێدایە 1- ڕەگەزدۆزی ناتەواو و 2- دژیەکی ئەری

1- ڕەگەز دۆزی ناتەواو لە نێوان ( بەرد – دەرد )( سەرما – گەرما )( جەستە – خەستە ) لە جیاوازی جۆری پیتێك لە سەرەتای وشەکان

2- هەروەها := دژیەکی ئەرێ هەیە لە نێوان _ سەرما + گەرما ) کە دژبە یەکن ...

2- ڕەگەز دۆزی ناتەواو لە ژمارەی پیت :-.

■ ئەوە یە- دوو وشە وەك یەك بن تەنها یەکێکیان پیتێکی زیاتر بێت لە وشەکەی تر . وەك ( ئا و – ئا و ر )( ناز – نیاز )( کورد – کرد )...... هتد

(( مەعشوق تویی ب فەخرو نازی ***** عاشق تویی لێك بێ نیازی )) ( ناز –نیاز ) ( خانی )

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردی یە خۆ کردی یە *** هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مانا دەکا ( کوردی - کردی ) نالی

3-. ڕەگەز دۆزی ناتەواو لە ڕیزی پیت :-

■ ئەوەیە دوو وشە جیاوازیان هەیە لە ڕیزی پیتەکانیان :-وەك ( حوور – ڕوور ) - ( خۆش – شۆخ ) –( ڕەش – شەر ) –( سامی – ما سی )

((خاترێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمـعـەم هەبوو *** ئـێستا بۆ زولـفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا ))

** ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە نێوان ( شۆخ و خۆش ) دا هەیە لە جۆری – ڕیزی پیتەکان

(( یەك زێدە شیرین زیادە مەحبوب ***** یەك ڕووحی قولووب حووری مەقلوب )) ( خانی )

** ڕەگەزدۆزی ناتەواوە : - لە نێوەی دووەمدا ڕەگەز دۆزی هەیە لە نێوان ( ڕوور ) و ( حوور ) دا هەیە ... گۆڕان لە ڕیزی پیتەکان هەیە.

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## (( ڕاهێنان لاپەڕە 155- ڕەگەزدۆزی ))

**ئەم دێڕە شیعرانەی لای خوارەوە ڕەگەزدۆزی تەواو و ناتەواو دەربێنەوە جۆرەکەی بنووسەو دیاری بکە ؟**

1- نە قابیلی حەملیٚ داغ و دەردان *** نە قابیلی سەیری باغ و وەردان

** ڕەگەزدۆزی ناتەواوە ... لە نێوان ( دەردان – وەردان ) و ( داغ و باغ ) بە جیاوازی لە جۆری پیت لە سەرەتای وشەکان

2- کا وە کە هەلیکرد ئالاٚ *** گەل لە قەلای زۆردار ئالاٚ ( کامەران موکری )

ڕەگەزدۆزی تەواو لە نێوان هەردوو وشەی ( ئالا ) هەیە - ئالای یەکەم بەواتای ئالای ولات دێت - هەروەها ئالای دووەم بەواتای تێك ئالان دێت .

3- شکانیان کەمانچەی دەستم ***** بەلام زوو فریاکەوت هەستم (کامەران موکری)

*** ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە نێوان ( دەستم و هەستم ) بە جیاوازی لە جۆری پیت لە سەرەتای ووشەکان

4- ئەم وەتەن و ئاو و گــڵــە **** پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵــــە ( شێخ سەلام )

**** ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە–لە نێوان هەردوو ووشەی ( گــڵــە - دڵــە ) دا دێت بە جیاوازی لە یەك پیتی سەرەتا .

5- قژکاڵی لێو ئاڵی پڕشنگی نیگای کاڵ ***** ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ ( گۆران )

***** ڕەگەزدۆزی ناتەواو // لە نێوان ( کاڵی – ئاڵی ) و ( کاڵ و ئاڵ ) .... بە جیاوازی لە جۆری پیتی سەرەتای وشەکان

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

دانانی مامۆستا - عبدالقادر مەلازادە - هەولێر - بۆهەر پرسیارێک پەیوەندی بکە بە 07504642682

## (( لـــێـــکـــچـــوانـــدن ))

**لـێکچواندن// ئەوەیە شتێك بە شتێکی تر بچوێنرێت ...**

- ■ لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراوورد هاتووە – شتێك لەگەڵ شتێکی تر بەراورد دەکرێت کە سیفەتەکەمەبەستەکەی تێدا زاڵە-
- ■ ئەو شتەی باسی بابەتەکەیە – پێ ی دەگوترێ ( لێچوو ) – بەلام – ئەوەی بۆ بەراوورد و رونکردنەوە هاتووە پێ ی دەگوترێ ( لەو چوو ) ...
- ■ ئەو وشانەی لێکچواندن درووست دەکەن بەزۆری ئەمانەن ( وەك – هەروەك – بەوێنەی – بە میسلی – عەینی – میسالی – چەشنی – چوون – نموونە – شوبهی – لەو دەکا – ئاسا – شەبیهی – مانەند – نەزیر – لەو دەچێ ............ ) هەمووشیان بەواتای – وەکوو – دێ

** سیفەتی هاوبەشی نێوان ئەو دوو بنەرەتە ( لێچوو + لەو چوو ) پێ ی دەگوترێ ( روی لێکچوواندن ).
** دەشێت ئامرازێکیش هەبێت کە دوو بنەرەتەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە ..ئەویش پێ ی دەگوترێت ( ئەوزار )...

منیش ئارەزوی ئەوسام نەماوە عەشقم گۆراوە
دلم هەروەکو گولی بێ باران سیس و ژاکاوە

** لێکچواندن لە نیوە دێری دووەمدایە .. شاعیر بێکەس- دەیەوێ باسی دلی خۆی بکات . بۆ روونکردنەوە دلی خۆی لەگەل گولی سیس بەراورد کردووە ...
– دلی شاعیر – لێچووە ...... گولی بێ باران – لەوچووە ..
سیفەتە هاوبەشەکەش لەنێوان دلی شاعیرو گولەکە بریتی یە لە سیس و ژاکاوی کە پێ ی دەگوترێ ( رووی لێکچوون ....... هەروەك = ئەوزارە.

دڵـم هەر وەك سەماوە پڕ لە جۆشە
خـەریکی سـۆز و گـریان و خـرۆشە

دڵی شاعیر ( دڵم ) لێچووە ..... هەروەك ) ئەوزارە ) ... سەماوەر – لـەو چووە
جۆش و خرۆش ) روی لێکچواندنە )

- هەر دوو بنەمای (( لێچوو – لـەو چوو )) دوو بنەمای بنچینەیین لە لێکچواندن دا ...بە بێ ئەو دوو لایەنەش – لێکچواندن درووست نابێت

پ // لێکچواندن چەند بنەرەتی هەیە و چین ؟ ..... وەلام // لێکچوواندن لە چوار بنەما – پێك دێت کە ئەمانەن :-

1- لێچوو // ئەم بنەمایە بابەتی باسەکەیە – لە هەموو بنەرەتەکان لە پێشترە .چونکە باس باسی ئەوەو ئەوانی تر خزمەتکاری ئەون.

2- لەوچـوو // ئەم بنەمایەیە بۆ روونکردنەوەی لایەنێـکی – لێچوو – بەکار دێ

3- ئەوزار // ئەو ووشەیەیە کە دەوری بەیەکەوە بەستنی هەردوو بنەرەتی بنچینەیی لێکچوواندن ( لێچوو و لەوچوو ) دەگێڕێ..

4- رووی لێکچوون // ئەم بنەرەتە – سیفەتی هاوبەشی نێوان ( لێچوو و لەوچوو ) بە دیار دەخات .

*** ئەم سیفەتە –لە لێکچواندنی ئاساییدا لە لێچوو – بێ هێزە -- و لـە - لەوچوو – بەهێزە

- جاری وا هەیە هەر چوار بنەرەتەکە هاتووە جاری وا هەیە سێ یان هاتووە یان دوو یان هاتووە ... بەم شێوەیە :-

1- هەر چوار بنەرەت هاتبێت // -

دڵم زنجیر ئەکەم ئەمـما لەیاری دڵـروبا چی بکەم
ڕەگم ووشکە وەکو پووشە لە قووەی کارەبا چی بکەم

( ڕەگم– ڕەگی شاعیر ) = لێچووە    ( پووش ) = لەو چووە    ( وەکو ) = ئەوزارە    ( ووشکە ) = روی لێکچوون



مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

2- أ // تەنها (سێ) بنەرەت هاتبێت :-( لێچوو + لەوچوو + ئەوزار )

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت
شەرابم عەینی زەهری مارە بێ تۆ

(شەرابی شاعیر) = لێچووە     (عەینی) = ئەوزارە     ( ژەهری مار ) = لـەو چووە     )...... ( روی لێکچوون ) نەهاتووە

3- أ // تەنها (سێ) بنەرەت هاتبێت بەم جۆرە (لێچوو + لەوچوو + رووی لێکچوون ) : -

کــوڕ ئـاینەیــێ جــەمالی زاتن
کچ مەزهەری پورتەوا صیفاتن

( کوڕ ) = لێچووە     ( ئایینە ) = لەو چووە     ( جەمالی زاتن ) = رووی لێکچوون ........... ئەوزار ( نەهاتووە)

4- تەنها ( دوو ) بنەرەت ها تبێت ( لێچوو + لەوچوو ) :-

دەمـێـك بوو چاوەڕێ ی بەفرێکی وابووم مۆژدەبێ بـاری
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵـەمە بۆ یاری     ( لێکچواندن + رەگەزدۆزی ئاتەواو)

(سەری شاعیر ) = لێچووە     ( بەفر) = لەو چووە     ( ئەوزارو رووی لێکچوون نەهاتوونە )

- هەر دوو بنەرەت هاتبێت ( لێچوو + لەو چوو ) :-

پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ
ئەکێشتە ناو باخ تولە ماری ڕێ     لێرەدا شاعیر ڕێگای بە تولەمار چەواندووە

( ڕێ ) = لێچووە     ( تولە مار ) = لەوچووە     ( ئەوزار و روی لێکچوون نەهاتووە )     ( لێکچواندن و رەگەزدۆزی ئاتەواو)

■ ئەوزاد شێرە .....     ئەوزاد – لێچووە     شێرە – لەوچووە     واتا ( ئەوزاد وەك شێرە لە ئازایەتی )

کوردستان بەهەشتە     کوردستان – لێچووە     بەهەشت - لەوچووە

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# پرسیارەکانی لاپەرە 159- لێکچواندن

لەم دێڕە هۆنراوانە– لێکچوواندن دەربێنەو بەنەرەتەکانی دیاری بکە ؟

1- ( ئەمن کێوم سەرم شاخە هەناسەم )
( نەسیـمـە چاوەکانم مێزەرم تەم )

سێ لێکچواندنی تێدایە :- ئەمن = لێچووە....... کێو = لەو چووە
سەرم =لێچووە.... شاخ – لەو چووە ... هەناسە = لێچووە نەسیم – لەوچوە
مێزەرم = لێچوو ..... تەم = لەوچوو
هونەری ڕەوانبێژی تەنها ( لێکچوواندنە )

2- ( قەلبێ مە شوبهی زێڕ ژ فەیزاتە جـەلا گرت )
( مـا روو سـیەهـ و سیفەت ڕەنگی سـەدا گرت )

قەلبێ مە= لێچووە    زێڕ = لەو چووە    شوبهی = ئەوزارە
هونەری ڕەوانبێژی ( لێکچوواندنە )

3- چ سرِ یـێـکـت لەناو دڵدا حەشار داوە بە پەنهانی
کە چاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکانی

چاوی یار – لێچووە // چەشنی – ئەوزارە ئاوێنە/ لەوچووە
بێ پەردە : ڕوی لێکچواندنە
هونەری ڕەوانبێژی تە نها ( لێکچوواندنە )

4- تاکەی چون مەجنون وێڵی هەردان بم
تاکەی خەمزە دەی باری هیجران بم

من = لێچووە    مەجنون = لەوچووە    چون = ئەوزارە
وێڵی هەردان = رووی لێکچوون
هونەری ڕەوانبێژی تە نها ( لێکچوواندنە )

5- بەژن و بالاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی یە
لارو لە نجەت بەستەیە مۆسیقا یە گۆرانی یە

بەژن وبالای یار =لێچوو    هەیکەلی یۆنانی= لەوچوو    نموونە = ئەوزار
لارو لە نجەی یار = لێچووە    مۆسیقایە – بەستەیە– گۆرانی = لەو چووە
هونەری ڕەوانبێژی تە نها ( لێکچوواندنە )

6- نـە یلـوفەر دڵ تو ئا فتابی
تەن شبـهی کەتان تو ماهتابی

دڵی شاعیر = لێچوو    نەیلوفەر = لەوچووە    تو = لێچو    ئافتاب =لەوچو
تەن =لێچووە    کەتان = لەوچووە    شوبهی =ئەوزار
تو = لێچووە    ماهتاب = لەوچووە
هونەری ڕەوانبێژی تە نها ( لێکچوواندنە )

تێبینی // لە لێکچواندن و خواستن دا .... ئەصلی شتەکە چی بێت ئەوەیان لێچووە ( بۆ نموونە جوانی یار) .. بەلام ئەو شتەی کە بە شتە ئەصلەکە دەچوێنرێت

بۆ نموونە لە جوانی یارەکەی دەچێت ( ئەوە لـەوچووە ..وەك ئەوەی شاعیرێك جوانی مانگ بە جوانی یارەکەی بچوێنێت ...

ئەصلی جوانی – یار– د مبێتە لێچوو ...... مانگ – کەجوانی یەکەی وەك یارە – دەبێتە – لەوچوو .

ماموستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## (( خـــوا ســـتـــن ))

خواستن // وشەیەکە بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستێکی تر جگە لە واتا راستەقینەکەی خۆی - دەبێت نیشانەیەك هەبێت بۆ زانینی هۆی خواستنەکە :

- ئەو وشانەی کە نیشانەی خواستن- درووستدەکەن ئەمانەن ( گوڵ – خونچە – نێرگز - مانگ - ئاسمان - رۆژگار - ئالتوون - شێر - غەم )
- لەناو شیعرەکە ئەو وشانە دیاری بکە کە بۆ خواستن بەکارهاتووە .واتە نیشانەی خواستن
- ئینجا ئەگەر ئەندامێکی لەشی مرۆڤی لە تەنیشت هاتبوو لە پێش و لە پاشی ئەوا خواستنی درکاوە ئەگەر هیچ نەهاتبوو ئەوە خواستنی ئاشکرایە

خواستن دوو جۆرە :-

1- خواستنی ئاشکرا //– ئەو خواستنەیە کە تەنها – لەوچوو – هاتبێ و لێچوو نەهاتبێ .. هەروەها ئەگەر هیچ ئەندامێکی لەشی مرۆڤ لەگەڵدا نەهاتبێ ( لە پێش یان لە پاشی وشەی خواستنەکە )

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین **** ئاڵتونی دار ئەرژێ بگرین. ( خواستنی ئاشکرایە )

** وشەی خواستن ( ئاڵتونی دار ) لەوچووە    مەبەست لە ئالتونی دار- گەڵای زەردە – کە باس نەکراوە ( لێچوو نەهاتووە )

خواستنی ئاشکرایە - چونکە هیچ ئەندامێکی لەشی مرۆڤی لە پێش و پاشی نەهاتووە

ئیلاهی نەرگزا مە مەست و نازك *** ژدەستی خوارو بەد خوهان بپارێز    خواستنی ئاشکرایە = نەرگز == لەوچووە

2- خواستنی درکاو // ئەو جۆرە خواستنەیە کە تەنها- لێچوو - هاتبێ بەوەش دەناسرێتەوە کە یەکێك لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤی لەگەڵدا د یێت ...

ئەو وشانەی کە خواستنی درکاو درووست دەکەن ئەمانەن ( برۆ - چاو - دەست - لێو - سەر - دڵ - بەژن - زولف - هەناو - هتد )

تـانەگـریا ئـاسمان و تـەم وولاتی دا نـەگرت    ( خواستنی درکاوە )
گوڵچەمەن ئارا نەبوو ,هەم لێوی خونچە وانەبوو

خواستنی درکاوە ( ئاسمان = لێچووە = چونکە بارانی ئاسمان بە گریانی مرۆڤ چوێنداوە – مرۆڤ- باسنەکراوە- لە وچووە
لێوی خونچە = لێچووە - چونکە لێوی خونچە بە لێوی یار چوێنراوە    لێوی یار– باسنەکراوە - لەوچووە )

( وانەزانی دەستی غەم یادت لە دڵ دا دەردەکا ) ( ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕنەکا )*    خواستنی درکاوە = دەستی غەم == لێچووە

- لە خواستندا – دەبێت نیشانەیەك هەبێت تاکو بزانین وشەکە بۆ مانای بـنـچـی خـۆی بەکار نەهاتووە ...
- بۆ ناسینەوەی لێچوو ........... لـیـچـو و = پێنج پـیـتـە -- -- هەروەها - د ر کـا و = ئەویش پێنج پیتە
- بۆ ناسینەوەی لـە و چوو ...... لـە و چـو و = شـە ش پـیـتـە -- هەروەها - ئـا شـکـر ا = ئەویش شـە ش پیتە

ئەوهەردوو هیلالی عەرعەری شەنگ *** رووشینی میسالی خونچە دڵتەنگ .................... خواستنی درکاوە

ئاسمان گریا بە ئەحوالم کە دیمی زارو زەلیل *** من گرفتارم بە دەست دوو نەرگزی پر خەوتەوە ........... خواستنی ئاشکرایە

ئەو جووتە شێرەی دلێرەی شەرزە *** لەناو مێژوودا ناویان زۆر بەرزە ---------- خواستنی ئاشکرا و رەگەزدۆزی ناتەواو

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ڕاهێنانەکانی لاپەرە 162

- لەم دێرە هۆنراوانەدا – خواستن دەر بهێنەو بنچینەکەی ڕوون بکەرەوەو جۆرەکەشی دیاری بکە ؟

1- لای ئا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ *** مـانگێك هاتە دەر پـرلـە خەت و خاڵ ( حەمدی )

خواستنی ئاشکرایە// مانگ = لەوچووە ( شاعیر بەئاشکرا ڕوی یارەکەی بەمانگ چواندوە . ( مانگ هاتووە- یار –لێچوو و نەهاتووە

2- شێر لە بێشە دەرپەری دەست بەخە نجەر *** ڕووبەڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنان ( سالم )

خواستنی ئاشکرایە // شێر = لەوچووە مرۆڤی ئازای دەست بەخە نجەر= لێچووە ( کە نەهاتووە )

3- کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من **** سەری شوشەی شەراب وا چاکە بادەم

خواستنی درکاوە - ڕۆژگار لێچووە دەست – لەوچووە کەمەبەست لێ ی دەستی مرۆڤە و مرۆڤ باس نەکراوە

4- ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لە بنی بەفری گران *** کانی پێ ی سر بوو چناریش دەستی چوو پە نجەی تەزی ( حاجی قادر )

خواستنی درکاوە // کانی + داری چنار= لێچووە لەوچوو نەهاتوە

شاعیر دەست و پە نجە تەزینی مرۆڤی بە ساردی ئاوی بەفراو چواندووە بۆیە لێرە مرۆڤ - لەووچوە - نەهاتوە

5- (( ئەڵـــێن ســاڵ دوازدە مانگە **** من مانگم دیت چواردە ساڵە )) ( پیرە مێرد )

خواستنی ئاشکرایە // مانگ = لەوچووە لێچووە و نەهاتووە ( کچێکی جوانی وەک مانگ )

6- چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند * نەك نمەك گیربم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەم دواند وەفایی

خواستنی ئاشکرایە // گــوڵ = لەوچووە یاری شاعیر گە بە گوڵ چوێنراوە – لێچووە و نەهاتووە

کۆتایی وەرزی یەکەمی ڕەوانبێژی

(( وەرزی دووەم – ڕەوانبێژی ))

## ( دژیــەك )

دژیەك // ئەوەیە کە دوو ووشە دژ و پێچەوانەی یەکتری بن وەك ( سادر وگەرم- گەورەو بچووك – دوورو نزیك و تاڵ و شیرین – ژیان و مردن – خۆشی و ناخۆشی – پاك و ناپاك –بڵند و نەوی – دوو جۆرە دژیەکمان هەیە 1- دژیەکی ئەرێ 2- دژیەکی نەرێ

1- دژیەکی ئەرێ // ئەوەیە ووشەکان هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆ بن و لەماناادا دژ و پێچەوانەی یەکتری بن

( مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان ***** چۆن قازانج دەکەی تا نەکەی زیان ) ( دژیەکی ئەرێ + ڕەگز دۆزی ناتەواو)

دژیەکی ئەرێ هەیە ... لە نێوان ( مردن و ژیان ) و ( قازانج و زیان )

ڕەگەزدۆزی ناتەواو// لە نێوان ( ژیان و زیان ) بە جیاوازی جۆری پیتی سەرەتای ووشەکان ( برایم ئەحمەد )

چ ڕووناك بێ چ تاریکی چ نزمی بێ یا بەرزی * بە خۆشی بێ وەیا تاڵی هەمووی ئەڕوا لەسەر ئەرزی ( پیرەمێرد )

دژیەکی ئەرێ + ڕەگز دۆزی ناتەواو

- دژیەکی ئەرێ هەیە لە نێوان ووشەکانی ( ڕووناك و تاریکی + بەرزو نزمی + خۆشی و تاڵی...
- هەروەها ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە نێوان ( بەرزی و ئەرزی ) لە جۆری پیتی یەکەمی هەردوو ووشەکان

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم *** کەوا فەقری غینایە مردنی ژین

ڕەگەز دۆزی تەوا و// هەیە لە نێوان ووشەکانی ( فەقر و غینا ) هەروەها ( مردن و ژین )

1- دژیەکی نەرێ //-ئەوەیە کە دوو ووشەکە یەك جۆر بن بەلام بــە نیشانەی _ ( نــا یان نــە ) نەفی کرابن .. وەك پاك و ناپاك – برۆ و مەرۆ - مەرد و نامەرد بەهێز و بێ هێز – ڕێك و نارێك – ڕەسەن و نارەسەن ... هتد ...

(( ئەی کوردی جەفا دیدە بەسە قەیدی ئەسارەت *** نادان بەکوتەك حاڵی دەبێ دانا بە ئیشارەت ))

دژیەکی نــەرێ –هەیە لە نێوان _ ( دانا و نادان ) هەردوو ووشەکە یەك ڕەگەزن و بە - نا - ی نەفی بوونەتە دژیەك

(( تاڵ و شیرین پێکەوە نەم دیوە چابێ چا نەبێ ***** هەرکەسێکی هاونشینی چا نەبێ پێت چا نەبێ ))

- - دژیەکی ئەرێ هەیە– // لە نێوان ( تاڵ و شیرین )

-- ڕەگەز دۆزی تەواو هەیە– لە نێوان هەردوو( چانەبێ ) نیوە دێری یەکەم ... یەکەم بەواتای چاك دێت دوەم بەواتای چای دێ.

-- دژیەکی نەرێ– هەیە لە نیوان هەردو ( چابێ ) لە نیوەدێری یەکەم و – و( چانەبێ ) – لە نیوە دێری دوەم چا کبون و چاك نەبون

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ڕاهێنانەکانی لاپەڕە 165 / دژیەك

**لەم دێرە شیعرانەیخوارەوە هەرچی دژیەك هەیە دەریان بهێنەو جۆرەکەشی دیاری بکە ؟**

1- گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ ***** مەرگ مەودا دەدا ببینم سەردەمێکی تر ( هێمن )

دژیەکی ئەری هەیە – لە نێوان هەردوو ووشەی ( تاڵ و شیرین )

2-ئەوەی ڕزقی موقەڕڕەرە بۆخۆی دێ ***** سەد دەفعە بخوازێ یا نەخوازێ ( حاجی )

دژیەکی ئەری هەیە– لە نێوان ( بخوازێ و نەخوازێ )

3-- یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لەدەستا ***** غەمناك و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا( سالم )

دژیەکی ئەریٚ هەیە– لە نێوان هەردوو ووشەی ( غەمناك و شادمان ) هەروەها لە نێوان ( ڕەحمەت و عەزاب ) ...

4-- نێرگزێن شەنگن و مەستن چەپ و ڕاست ***** ساقیان جام و دەستن چەپ و ڕاست( جزیری )

-- دژیەکی ئەریٚ هەیە– لە نێوان هەردوو ووشەی ( ڕاست و چەپ ) ...

- - ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە– لە نێوان ( مەستن و دەستن ) بە جیاوازی جۆری پیتێك لە سەرەتای ووشەکان ....

5-- لەگریەی زۆری من و خەندەی کەمی تۆ **** هەموو دونیا بووەتە شینو ڕۆ ڕۆ ( ڕەمزی )

دژیەکی ئەریٚ هەیە لەنێوان ( گریە – خەندە ) و ( زۆر – کەم )

6-- ئەگەر دۆستم ئەگەر دوژمن بزانم ***** ئەوەندەم تێگەیێنە کامەیانم( مەحوی )

دژیەکی ئەریٚ هەیە– لە نێوان _ دۆست و دوژمن ) ...

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

# (( جوانی با یس ))

جوانی بایس // ئەوەیە دیاردەیەك هۆی دروست بوون وراستەقینەی خۆی هەبێت . بەلام ئەم هۆیە بخرێتە لاوە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکە هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست بکرێ کە دوور بێت لە هۆیە راستەقینەکەی خۆی ...

هەندێ وشە بناسین ( لەترسی – لەخەوفی – مانگی نەو – بای شەمال – نارنج و تورنج – خوێنی شەهیدان –رووزەرد –شینکردن – حەوز – گولالەو چنوور

**مانگی بە جێماو لە سەفەری شەو      *****      زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

*** زەرد بوونی مانگ لە بەرەبەیاندا دیاردەیەکی سرووشتی یە .کەچی لێرە شاعیر هاتووە هۆیەکی تری بۆ دروستکردووە و دەلێت مانگ لە ترسی دەنگی قاسپە قاسپی کەو رەنگی زەرد بووە ..... بەمە دەگوترێ - جوانی بایس ..

نموونە یەکی تر :-

**مانگی نـەو بۆیە هەموو شەو زیاد دەکاو ئەشنـێتەوە      *****      تاجوانی خۆی وەکوو رووی تۆ برازێنێتەوە**

**کاتێ گەیی یە چواردەمین شەو تێ ئەگا ناگا بە ڕووت      *****      جا لەداخا وردە وردە کز ئەبێ و ئەتوێتەوە**

جوانی بایس– لە نێوان هەردوو ووشەی ( یاری شاعیر ) و ( مانگ ) دایە..

شاعیر لێرەدا – زۆر وەستایانە دەیەوێ بەخۆشەویستەکەی بلێ کە کەس لەو جوانتر نی یە... بۆیێ مانگی یەك شەوەخۆی بەیارەکەی دەچوێنێت لە جوانی دا ... وەك چۆن ماگی یەك شەوە لە شەوانی دواتر دا ووردە ووردە گەورە دەبێتو گەشتر دەبێت و رووناك تر دەبێت - شاعیر یش ئەم دیاردەیە وا لێدەکات کە ئەویش چاو لە یارەکەی دەکات وەك چۆن یارەکەی شەو بەشەو جوانتر دەبێت مانگیش دەیەوێت وەك یارەکەی خۆی برازێنێتەوەو چاو لە یارەکەی بکات ... بەلام کاتێ دەگاتە شەوی چواردە ( مانگی تابانی پێ دەلێن ) دەزانێ ئیتر ناگات بەیارەکەی بۆیە لە داخان وردە وردە کزدەبێت و دەتوێتەوە ( واتە بەرەبەرە مانگ لە کورتی دەدات لە روناکی لە شەوی پازدەوە بەو لاوە تاکو وا ی لێ دێت دیار نامێنێت ...

( جا ئەو دیاردە ی مانگ –خۆی لە خۆی دا هۆکارێکی راستەقینەیە .. بەلام شاعیر هاتووە هۆکارێکی تری بۆ داهێناوە ئەویش ئەوەیە کە –دەلێت مانگ بۆیە هەر خۆی جوان دەکات تا بگات بەیارەکەی و پاشان نایگاتێ بۆیە لە داخان دەتوێتەوە ) هەر شتێك هۆکاری خۆی هەبێ بەلام هۆکارێکی تری بۆ دروست بکرێ بۆ جوانی و باشتر نیشان دان ئەوە پێ ی دەگوترێ ( جوانی بایس )

نموونە :- (( نیگار شین پۆشە بۆیە ئاسمانیش      *****      هەمیشە رەنگی شینە وا دەکا شین ))

جوانی بایس –لە نێوان ئەو کچەی کە ناوی نیگارە جلی شینی لەبەردایە لە گەل ئاسمان دا کە خۆی رەگی شینە بۆیە ئاسمانیش وەك یاری شاعیر دەستی بە شین و تازیەباری کردووە بۆیە رەنگی شینی پۆشیوە( کەئەمەش هۆی راستەقینە نیە )هەروەها ( رەگەز دۆزی تەواویش هەیە ) لە نێوان ( شین ) وەك رەنگ و ( شین ) وەك تازیە بارو دگرانی .

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## راهێنان – جوانی بایس - لاپەرە 167

**1- لەخەوفی تەلعەتت ڕۆژ هەروەكو شێت     *****     بەڕوو زەردی هەڵات و كەوتە كێوان**     ( جوانی بایس + لێكچواندن )

هەروەها لێكچوان هەیەهەرچوار بنەرەت هاتووە ..... یار – لێچووە ..... ڕۆژ – لەو چووە .......... هەروەك – ئەوزارە ....... زەردی – روی لێكچوواندنە

** واتە لە ترسی بەدیاركەوتنی یارە جوان و رووگەشەكەی - ئەو رۆژەی ئاسمان خۆی پێچاوەو - رۆیشت ورەنگی زەرد بوو و هەلات .     ( نالی )

**2- شەماڵ لە ترسی شنەی نسێ ی سەخت     *****     پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە**     ( جوانی بایس )     ( دیلان )

با كاتێك كە هەلدەكات بەبەر شاخ و كێو دەكەوێت و ڕێرەوی خۆی دەگۆرێت .بۆیە بایەكە بلاو دەبێتەوە بەدەشت ودەردا بەلام شاعیر پەنابردنی بایەكەی بە ترسان داناوە و دەلێت لە ترسی سەرمای سەری شاخەكەو سێبەری سەختی بن شاخەكان بای شەمال هەلدێ و پەنا بۆ دەشت دەر دەبات( كە ئەوەش هۆی راستەقینەكەی نی یە ...
.

**3- (( نارنج و تورنج شوبهی زینێ     *****     زەر بویێ ل عیللەتا ئەڤینێ))**     ( ئەحمەدی خانی )

دوو هونەری تێدایە = لێكچواندن و جوانی بایس

جوانی بایس هەیە لە نێوان ( زین ) و ( نارنج و تورنج ) دا. چۆن نارج و تورنج كە پێدەگەن رەنگیان زەرد دەبێت ئەوە هۆی راستەقینەیە بەلام شاعیر هاتوە ئەو حالەتی وەك ئەوەداناوە كە زین لە گەرمەی خۆشەویستی قوڵدایە بۆیە رەنگی زەردبووە .

هەروەها لێكچواندیش هەیە( هەر چوار بنەرەتەكە هاتوون ) لێچوو – زین ) لەوچوو ( نارنج وتورنج ) شوبهێ ( ئەوزارە ) زەربوون = رووی لێكچوونە ...

**4- لە لێواری حەوزا گوڵاڵەو بەیبوون     *****     ساوان ئەلەرزین لەتاو نقووم بوون**     ( جوانی بایس )

** جوانی بایس هەیە - لە نێوان _گوڵاڵەو بەیبوون ) و ( لەرزین ) دا یە

** شاعیر حالەتێكی ئاسایی جولانی گەلاو پەلكە دارو شتی تر كە لە سەر ئاو دەلەرێنەوە –ئەمەی بە ترس داناوە لە ترسی نقوم بونیانكە لە راستیدا وانی یە

( گۆران )

**5- پەڵەی گوڵاڵە لە ترسی چنوور     *****     ناو جەرگی سووتاو ڕەش هەڵگەڕاوە**     ( جوانی بایس )

جوانی بایس هەیە لە نێوان –پەڵەی گوڵاڵە و گوڵی چنوور – دا ...

گولالە خۆی ناوەوەی ڕەشە و زۆر كات لە تەنیشت چنوور شین دەبێت ... شاعیر هاتووە ئەو جەرگ رەش بونە ( كە مەبەستی ناوەوەی گولالەیە ) بەوە دەچوێنیت كە گولالە لە ترسی پەلكە دڕكاویەكانی چنوور هەناوی ڕەش بووە ( كە ئەمەش وا نی یە )

**6- خوێنی پاكی لاوی كوردانە ڕژاوە كێو و كەژ     ***     بۆیە وا ئێستاكە سوورە ڕەنگی گوڵناری هەیە**     ( جوانی بایس )

جوانی بایس هەیەلە نێوان-خوێنی سووری مرۆڤ و رەنگی سووری كەژ و كێوان دا ...     ( هەردی )

سووری كەژوو كێوەكانی شاخەكانی كە بەڕەنگی گولالە سوورەكان بە سرووشتی سوور دەنوێنێت ..شاعیر هاتووە ئەمەی چواندووە بە خوێنی رژاوی لاوی كوردان كە هەندە زۆر لاو شەهید كراون خوێنیان رەنگی شاخ و كێوەكانی هەمووی سوور كردووە .كە ئەمەش هۆی راستەقینەكەی نی یە ).

**بەفریش لەتاو شەرمی هەتاو     ***     ئەتوایەوە ئەبوو بە ئاو** ................................. جوانی بایس

**هەتا مۆزو سێو وپرتەقاڵ مابن     ***     كۆبوونەوەكان قەت تەواو نابن** ................................ جوانی بایس + ڕەگەزدۆزی ناتەواو

ماموستا عبدالقادر مەلازادە كویی

## (( تێـهـەڵـکـێـش ))

تێکهەڵکێش :-ئەوەیە کە شاعیرێك یا نووسەرێك .دێڕە شیعرێك یان نیوە دێڕێك یاهۆنراوەیەك یا پەندێکی کۆن یان قسەیەکی نەستەق یاخود ئایەتێکی قورئانی پیرۆز یان فەرکوودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام ( درودی خوای لێبێ ).. بە بێ دەستکاری وەر بگرێت و لە ناو دوو کەوانە بیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە .. جا ناوی خاوەنەکەی بیات یان نا ..

- بەوە دەیناسینەوە کە شاعیر کەوانە بەکار دێنێت – یان ناوی شاعیرێك دەهێنێ – یاخو پێنج خشتەکی تێکەل شیعرەکەی دەکات ...

جا هیـل زلیش بێت وەك کەندووی بۆشە * ( دەنگی دەهۆلیش هەر لە دوور خۆشە ) ( تێهەلکێش +ڕەگەزدۆزی ناتەواو )

لێرەدا شاعیر – پیرەمێرد – پەندێکی پێشینانی تێهەلکێشی شیعرێکی خۆی کردووە و لەناو دوو کەوانە دای ناوە ... پیرە مێرد

بۆفەلەك ناکەم تەنەزول هەروەکوو نووری ئەڵێ *** (من بەچەرخی ئاسمان سپڵە ئیستیهزا ئەکەم) (تیهەلکیش )

شاعیر نیوە دێڕێکی نوری شاعیری هێناوە و خستویەتیە ناو کەوانەوە بە بێ دەستکاری .و ناتوی شاعیرەکەشی هێناوە . (کەمالی )

دەمێ کۆچبارەکەت ناچێ لە یادم ***** دەبێ وەك کوشتمت بشپرسی دادم ( هەژار )

((کەبارگەت بۆ هەوار تێك نا عەزیزم **** شکا ئەستوندەگی تاوڵی موڕادم )) ( تێهەلکێش + ڕەگەزدۆزی ناتەواو )

** هەژاری شاعیر نیوە دێڕێکی شاعیرێکی تری هێناوە و لە نێوان دوو کەوانەدا خستوویەتیە ناو هۆنراوەکەی خۆی ناوی شاعیرەکەی نەهێناوە

بۆچی فەرموویە نەبیی ئەمین *** (( اطلبوا العلم ولو بالصين )) ( حاجی قادر ) ( تێهەلکێشە )

حاجی قادر – فەرمودەیەکی – پێغەمبەر( درودی خوای لێبێت ) هێناوەو خستویەتیە ناو هۆنراوەکەی خۆی و ناوی خاوەنەکەی هێناوە.کە ( پێغەمبەر –س)

لە ڕووی ئەوماهەدا وەستام بە نائومێدی و غەمباری *** ( شکاندی پە نجەکەم تامن ئەنووسم وەصفی روخساری ). تێهەلکێشە

مەحویا بەس بێ شیرکی تەشەبوسی بەم و بەو *** بگرە بەس دامەنی تەوحیدی (( قل هوالله احد )) . تیهەلکێشە

یەقین (( انی لغفار لـمن تـاب )) *** پەری پەخشا پیمان شاهی بەحالا ................................ تێهەلکێشە

بۆیە دەت نێمە پەردەی چاوم *** (( کـە بـپۆشم ز چەشمی ئەعیارت )) ........................ تێهەلکێشە

قەدری میللەتـتـان بەجاری شکان *** نەحەیاتان ما نە ناو ونیشان *** باری تەعنەتان وا هاتە سەر شان

(( وەفدی کوردستان , میللەت فرۆشان **** هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان )) ( بێکەس )

تێبینی // هونەری پێنج خشتەکی دەکەوێتـە قالبی هونەری ( تێهەلکێش )

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

## ڕاهێنانەکانی لاپەڕە 170 / تێهەڵکێش

هونەرەکانی ڕەوان بێژی لەو دێڕە شیعرانە دەر بێنەو دەست نیشانیان بکە .؟

1- (( چلکی دەستە مالی دونیا )) وەك دەڵێن *** مالپەرست پەیمان شکێن و بێ بەڵێن ( هێمن )

** لێرەدا شاعیر – هێمن - پەندێکی پێشینانی کوردی تێکەڵی شیعرێکی خۆی کردووە و لە نێو دوو کەوانەی داناوە . ( تێهەڵکێشە )

1- گوڵ لە لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە ***** ((بەردیش لە جێگای خۆیا سەنگینە )) ( پیرەمێرد )

پیرەمێردی شاعیر–پەندێکی پێشینانی هێناوەتەوەو لە نێوان دوو کەوانەدا خستوویەتی یە ناو هۆنراوەکەی خۆیەوە ... ( تێهەڵکێشە )

2- ڕ(ۆژێ فەرموون ( لیس للانسان الا ما سعی ) ***** هیچ کەسیش هێزی فەلاح ئیشی کێڵانی نی ی (دڵدار)

شاعیر – دڵدار–ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی هێناوەتەوەو لەنێوان دوکەوانەدا وخستوویە ناوهۆنراوەکەی خۆی .وناوی الله ی نەهێناوە .. ( تێهەڵکێشە )

3- لە دوو ئاوان کەیەك دەگری ***** دوو میسرەعی بەیتی مەولەوی( ( پیرەمێرد )

(سیروانی ئەم چەم تا نجەرۆی ئەم چەم *****بدەن بەیەکدا ئەم چەم بۆ ئەم چەم )

پیرەمێردی شاعیر–دێرە شیعرەکی مەولەوی هێناوەلە نێوان دوو کەوانەدا خستویەتیە ناو هۆنراوەکەی خۆی و ناوی مەولەویشی هێناوە

4- سەیری کە ئەڵێ ی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە *** ( سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لەسەردا ) (عەلی کەمالی)

شاعیر –کەمالی–نیوە دێرێکی شاعیرێکی هێناوەبە بێ ئەوەی ناوی بهێنێ و لەنێوان دوو کەوانەدا خستویەتیە ناو هۆنراوەی خۆیەوە ... ( تێهەڵکێشە )

5- تا نەناسی ئایات و ساعەتی ئەوقاتی دوعا *** فائیدەی چی (( ربنا انزل علینا مائدە )) ( صابری )

صابری شاعیر–ئایەتێکی کەلامی خوای هێناوەو لەنێوان دوو کەوانەداوا خستویەتیە ناو شیعرەکەی بە بەٚ ئەوەی ناوی الله بهێنێت ... ( تێهەڵکێشە )

تێبینی //هەر جۆرە شیعرێك لە نێوان دوو کەوانەدا- دانرابێت ئەوا دەچێتە ناو خانەی هونەری ( تێهەڵکێش)

(( ڕاهێنانی گشتی – 171 - وەلامی ڕاست هەلبژێرە ))

1- یەکێك لەم جۆرە شیعرانە بە گشتی دەبێت بە تێهەلکێش :-

ئـ-دوو بەیت    ب- غەزەل    پ- موستەزاد    د- پێنج خشتەکی

2- چی بابەتێکی ڕەوان بێژی لەم پەندە پێشینانە دا هەیە ( دونیا ببیتە پۆست – دوژمن نابیتە دۆست ) .

ئـ-دژیەك ورەگەز دۆزی    ب- خواستن    پ- تێهەلکێش    د- لێکچواندن

3- ئەو هونەرە ڕەوانبێژییە کە لە چوار بنەما پێك دێت :-

ئـ-جوانی بایس    ب- لێکچواندن    پ- خواستن    د- دژیەکی نـەرێ

4- ( پیری بە تەنیا ڕەحمەتە *** پیری و هەی زەحمەتە ) ... ڕەگەزدۆزی ناتەواوە لــــە :-

ئـ-ژمارەی پیت    ب- جۆری پیت    پ- ڕیزی پیت    د- ڕیزو جۆری پیت

5- چبابەتێکی ڕەوانبێژی یە . کە دیاردەیەك هۆی ڕاستەقینەکەی دەخرێتە لاوە :-

ئـ-خواستن    ب- جوانی بایس    پ- ڕەگەزدۆزی    د- لێکچواندن

6- ڕەگەزدۆزی – وەك – دژیەك چەند جۆرە :-

ئـ-یەك جۆرە    ب- دوو جۆرە    پ- سێ جۆرە    د- چوار جۆرە

7- لە هەموو بنەماکانی لێکچواندن لە پێشترە . ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەو هاتوون :-

ئـ-ڕووی لێکچواندن    ب- لـەو چـوو    پ- ئەو زار    د- لـێـچـوو

8- ئەم دێرە شیعرە لێکچواندنە :- ( کورئانێیێ جەمالی زاتن - کەچ مەزهەری پر تەوا سیفاتن ) . :-

ئـ-یەك بنەمای تێدایە    ب- دوو بنەمای تێدایە    پ- سێ بنەمای تێدایە    د- چوار بنەمای تیایە

9- ( ئەم کۆمەڵێ گوڵاڵە کەئاڵن لە کێو کەژ *** ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە ڕژاوەکەم ) - چ بابەتێکی ڕەوانبێژی تێدایە ؟

ئـ-خواستن    ب-جوانی بایس    پ-دژیەك    د- لێکچواندن

10- لەم دێرەدا ( مەژی بۆ مردن بنرە بۆ ژیان - چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان ) چی هەیە ؟

ئـ-دژیەکی ئەرێ    ب- دژیەکی نـەرێ    پ- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    د- هەرسێکیان

11- لەم دێرە شیعرەدا چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هەیە ؟ ( ئەم جووتە شێرە دلێرەی شەرزە - لە ناو مێژوو دا ناویان زۆر بەرزە )

ئـ-دژیەك    ب- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    پ-خواستن    د- خواستن و ڕەگەزدۆزی ناتەواو

12- لە کام هونەری ڕەوانبێژیدا مــەرجـــە دوو کەوانە هەبێت ؟

ئـ-جوانی بایس    ب- خواستن    پ- تێهەلکێش    د- لێکچواندن

کۆتایی - ڕەوانبێژی وەرزی دووەم

وەلامەکان // 1- د    2- ئـ    3- ب    4- ب    5- ب    6- ب    7- د    8- پ    9- ب    10- د    11- د    12- پ

## (( هەندێ هەڵبژاردنی وە زاری بابەتی رەوانبێژی ))

1- پۆل پۆل نازداران گەردن پرخاڵان - - رومەت پەرەی گوڵ باڵا شمشاڵان    1- رەگەزدۆزی    2- تێهەڵکێش    3- لێکچواندن

2- لە رووی عەکسی خەیاڵی لەعلی لێوت –دوڕی ئەشکم وەکو مەرجانە ئیمشەو:    1- دژیەك    2- جوانی بایس    3- لێچواندن

3- مەشریق توی ئاگری تە زاهیر – مەغریب ئەزو باتینی من ئاگر :-    1-لێکچواندن    2- جوانی بایس    3- دژیەکی ئـەرێ

4- بوکی ژێر تارای رەنگ ئەرخەوانی – شۆخ و شەنگ وەکو گوڵی بەیانی:-    1-خواستنی دڕکاو    2- رەگەز دۆزی    3- لێکچواندن

5- جا چلۆن دلێکم نەبێت نەگرین –جا چلۆن کۆڕی شیعری بۆ نەگرین :    -1- دژیەکی    2- رەگەزدۆزی تەواو    3- جوانی بایس

6- هەتاوی نەورۆز مانگی جۆ درەو – زۆر هاتن و چوون بە رۆژ و بەشەو :-    1- خواستن    2- رەگەزدۆزی    3- دژیەکی نەرێ

7- رۆژتە ئەی بادی نەورۆز لەبنی بەفری گران – کانی پێ ی سربوو چناریش دەستی چوو پە نجەی تەزی    1- خواستنی دڕکاو    2- رەگەزدۆزی

8- کیژۆڵە لە ژێر چیلکەو بارە زەڵدا -- وەك نەنـکـی لێ هاتبـوو :-    1-دژیەکی نەرێ    2- جوانی بایس    3- لێکچواندن

9- ئەڤ هیجر و ویسال و شاهی غەم – ئەڤ مەوت و حەیات و سووروماتەم :    1-خواستن    2- جوانی بایس    3- دژیەکی ئەرێ

10- جلەوت با بەس بەدەست هەوەس بێ –بە گرێ سەودا دڵت قەفەنەس بێ :    1- جوانی بایس    2- دژیەك    3- خواستنی دڕکاو

11- خەیالاتی شەو و رۆژم لای ژیانی میللەتی کوردە- تەمەنام لای خوا ژیانی میللەتی کوردە:    1-دژیەکی ئەرێ    - دژیەکی نەرێ

12- بای بەهار هات وخاکی زیندوو کردەوە – بۆیە نێرگز چاوی مەستی کردەوە:    1-خواستن    2-جوانی بایس    3-رەگەزدۆزی

13- ئەی بێ نەزیرو هامتا هەر تۆی کە بەر قەراری – بێ دارو بێ دیاری بێداو پایەداری :    1- لێچواندن    2- رەگەز دۆزی نا تەواو

14- ئەوەی رێگای لە کوردکان گۆری ,,, لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆری    1-رەگەزدۆزی تەواو    2-رەگەزدۆزی ناتەواو    3- خواستن

15- هەناسەی ساردی دەم گەرمی گەرمام –ئیتر ناگەمە جێ ی گەرم گەرمام :    1- رەگەزدۆزی و دژیەك    2- خواستن    3- تێهەڵکیش

16- رەمزی ئەویینداری لەزینی فێربوم یارم دەنا – کوا ئەویینداری و وەفاداری وەکومن مەم نەبێ :    1-لێکچواندن    2-دژیەك    3- خواستن

17- دوو شتە رێگای رزگاری من نەبێ – یا یار هی من بێ یا یار هێمن بێ :    1- رەگەزدۆزی ناتەواو    2- دژیەك    3- خواستن

18- بە بیرت دێ کە لەدایك بووی ...تۆ دەگریای و خەڵك پێدەکەنی :    1-لێکچواندن    2- رەگەز دۆزی    3- دژیەکی ئەرێ

19- ئەگەر رووتم ئەگەر قووتم – ئەگەر دێوانەو پەرپووتم :    1-لێکچواندن    2- رەگەزدۆزی ناتەواو    3- رەگەزدۆزی تەواو

20- بەوێنەی نەچیر زامان ئاوەردەم – نش گولوولەی خەمباری وەردەم :    1- دژیەکی نەرێ    2-لێکچواندن    3- رەگەزدۆزی

21- غەبغەب وخاڵ ولەب وتورەیی یار- سونبول و سیب و بنەفشەو گوڵلەنار :    1- لێکچواندن    2-دژیەك    3- جوانی بایس

22- ئەوانەی مولکی خۆیان کردە دەولەت – وەکو بت دەیپەرستن جەمعی میللەت :    1- دژیەك    2- لێکچواندن    3- رەگەز دۆزی

23- لە دوگمە سینە دوێننێ نوێژی شێوان-- بەیانیدا سپێدەی باغی سێوان :    1- خواستنی ئاشکرا    2- دژیەکی ئەرێ    3- جوانی بایس

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

24- تۆ بنی ماهی نەو ودەستی قەزایێ هەی هەی – نەزەرعی فەلەکێ ,بەلکە ل عومرێ مەب داس : 1- جوانی بایس    2- خواستن    3- دژیەك

25- ئەی داری مەمك پڕ لەشیلەی ئاڵ - کۆرپەی مێشکی برسی شیرن تاڵ : 1- خواستن و ڕەگەز دۆزی ناتەواو    2- دژیەك + ڕەگەز دۆزی    3- لێکچواندن

26- خێزان و گەدا ,غەدا غەنی و زەنگین – شادان و حەزین شاو غەمگین:- 1-دژیەك و ڕەگەزدۆزی ناتەواو    2- تێهەڵکێش    3- خواستن

27- هەش شکستی ئەهلە مەعنای مەتلەبە دەورانی پیر – ڕەش ئەخاتە سەرسپی پیسی ئەخاتە پاکەوە : 1- ڕەگەزدۆزی 2 - دژیەکە ئەرێ

28- مەرگ وژین میسلی سێبەرو تاوە – ئەوەی باقی بمێنی هەر ناوە :- 1- لێکچواندن ودژیەك و ڕەگەزدۆزی    2- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    3- جوانی بایس

29- بازارمن وادەی مامەڵەن ساقی – هەی بگرە فانی وەی بەردە باقی :- 1-دژیەکی ئەرێ + ڕەگەزدۆزی    2- دژیەکی نەرێ    3- خواستن

30- دڕا بوسا سەمەن سایێ م تێری بەژن بالایێ- ( لعلی ابلغ الاسباب اسباب السماوات ):- 1- دژیەك    2- تێهەڵکێش    3- جوانی بایس

31- خودا لەقورئان دەفەرموێ ( الطلاق مرتان – فامساك بمعروف او تسريح باحسان ) :- 1- جوانی بایس    2- تێهەڵکێش    3- ڕەگەزدۆزی

32- یەقین ( انی لغفار لمن تاب ) – پەڕی بەخشاییمان شاهی دبە حالا :- 1-ڕەگەزدۆزی    2- دژیەکی نەرێ    3- تێهەڵکێش

33- تووڵانی چون هیجر خاتر پڕداران – ڕەوان وێنەی وەصڵ گەردن بێ گەردان : 1-دژیەك    2- ڕەگەز دۆزی    3- لێکچواندن

34- چون دێوانەی شۆڕ ئازیز نەسەردا – شەتاو سەرهۆرگرت وەدەشت وەردا : 1 - خواستن    2- لێکچواندن    3- ڕەگەز دۆزی

35- وەهاران سەیرمن سەوزەی دیاران – نم کەوت نەدیدەش چون شەو بێداران : 1- خواستن    2- لێکچواندن    3- ڕەگەز دۆزی

36- بەرف ئەداو ئەرژێ وەکوئەمواجی گەوهەر چەشمەکان – ئاوە یا ڕۆحی ڕەوانی چەشمەی حەیوانتە 1- لێکچواندن    2- دژیەك    3-خواستن

37- بەستە سەربەرزی ئێواران سیەینان مانگ و ڕۆژ—وەك نیشانی ئیفتیخاری سنگ و نەجمەی شانتە 1- دژیەك ولێکچواندن    2- خواستن

38- نالی عەجەب بە قوووەتی حیکمەت ئەدا دەکا – مەعنایی زۆروگەورە بە لەفزی کەم و بچوك : 1- خواستن    2- دژیەك    3 - جوانی بایس

39- کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کردییەخۆکوردییە – هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا :
1- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    2- دژیەك    3- جوانی بایس

40- لێ هێڤی دەکەم ژموستەعیدان --- حەرفان نەگرن ل موستەفیدان:- 1- ڕەگەزدۆزی تەواو    2- ڕەگەز دۆزی ناتەواو    3- لێکچواندن

41- یاخی بن لەم مەیدانە لەم گەراجە—کەمرۆڤ وەك ئامراز تیایا هەراجە : 1- لێکچواندن    2- دژیەك وڕەگەزدۆزی    3- جوانی بایس

42- ئەی ئەو ماڵە چەن ئاوایە کەدایك وباب-لای بێشکەداگوێ یان لە مشەی ساوایە : 1- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    2- دژیەك    3- جوانی بایس

43- باوك هەر ئارەقێکی ڕشت بۆئە وی ڕشت – من دلنیام نەمری کات برپڕەی پشت : 1- جوانی بایس    2- ڕەگەزدۆزی    3- دژیەك

44- بڕیارمان وایە یان ئازاد ژیان یا ئازاد مردن – بەسەر چوو ئەم دەم لەڕوی بێگانان سەرنەوی کردن
1- دژیەك و ڕەگەزدۆزی    2-خواستن    3- لێکچوواندن

45- ئەوروز بو ئاگرێکی وەهای خستەجەرگەوە-لاوان بەعەشق ئەچون بەبەرەو پیری مەرگەوە
1- ڕەگەزدۆزی و دژیەك    2- جوانی بایس    3- تێهەڵکێش

46- هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە-سەرپۆش فرێدە ی وادەی شەرمە : 1- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    2- دژیەکی ئەرێ    3- جوانی بایس

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

47- دۆست و خزمی ئەماوە بۆ رەفیقی خۆی فەلاح –حەز ئەکابەوشەرتە گەر بێ گانەبێ بێگانەبێ
1- رەگەز دۆزی تەواو+ دژیەکی ئەرێ     2- جوانی بایس     3- رەگەزدۆزی ناتەواو

48- کەیفێ دڵی ڤی پیرەمەلایی راگرە رەقسێ –ما پیر وەکی جان بوونڤەکەرەم کاری خودایە ؛ 1-دژیەك     2- خواستن     3- جوانی بایس

49- خۆشی ئەئەوە با پاخلی تەژی کەی ژدراڤا–دل خۆشی نەبێت مال هەمی دەردو بەلایە ؛ 1- دژیەك     2- خواستن     3- رەگەزدۆزی ناتەواو

50- زاهیر فەقیرو سالم بەرەنگ و بەرگی عالم- ئەمما لەناو دەروونا مارێکی زەهرداری ؛ 1- دژیەك و رەگەز دۆزی     2- جوانی بایس

51- عەرەق نی یە لە عالەما کەلابەرێ لەدڵ غەما – بەغەیری قەترە عارەقێ لە ڕووت کە دێتە خوارەوە

1-جوانی بایس     2- رەگەز دۆزی تەواو     3- دژیەك

52- ڕووت وەکو ئاتەش موژەت وەك شیشە ئەبرۆت قیمە کێش - -میرووەحەت زولف وکەبابت جەرگی پارەی ناربیە
1- جوانی بایس     2- خواستن     3- لێکچواندن

53- مەربوتە حەیاتم بە سولە یمانی وخاکی – خۆزگەم بەسەگی ڤاپیەکەی ئەحمەدی کاکی ؛ 1- دژیەك     2 – رەگەز دۆزی ناتەواو

54- ئەمان مردم عیلاجی سا لەرێ ی پێغەمبەرا چارێ -- ویسال یا قەتل یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ

1- لێچواندن     3- رەگەزدۆزی تەواو     4- رەگەز دۆزی ناتەواوە

55- هەموو هەورازێك نشێویەکی هەیە ؛ ........................     1- لێچواندن     2- جوانی بایس     3-دژیەکی ئەرێ

56- دڵی زارم وەکو ئاگر بەدایم کاری سووتانە --کەچی روی یار وەکو ئاگر هەموو دەم وایە تابانە

1-لێکچواندن     2- رەگەزدۆزی تەواو     3- خواستن

57- گەر خو دای گەورە پێ ی بەخشی هەتیوێ پێ ی بلێ رۆڵە – لەمن فرمێسکی ویست لە تۆش داوادەکات تۆڵە
1-رەگەز دۆزی نا تەواو     2- لێچواندن     3- دژیەك

58- سەیری کەن بەم مشتەڤەومی کورد مانەندی شێر –گاهی حەملە ڕووبەڕووی ئێران و تورکانی ئەکەم
1-جوانی بایس     2- دژیەکی ئەرێ     3- لێکچواندن

59- بێستتونی عەشقی شیرینێك ئەوا هاتۆتە پێش -- گەر لە هەق بێم و ئەیەم تەئکیدی فەرهادی دەکەم
1-دژیەکی ئەرێ و لێکچواندن     2- رەگەزدۆزی تەواو     3- جوانی بایس

60- لە باخو چڵ ئەوەی ئەوەی دارو درەختە -- هەمووی زەردن لە ترسی هێرشی شەختە

1-دژیەکی ئەرێ     2- جوانی بایس     3- رەگەز دۆزی

61- دەستی دۆستانت لە خەنە بگرە -- دەستی دوژمنان ماری پێ بگرە ؛ 1- دژیەکی ئەرێ     2- رەگەز دۆزی     3- جوانی بایس

62- مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان – چۆن ڤازانج دەکەی تا نەکەی زیان؛ 1-خواستن     2- دژیەکی ئەرێ ورەگەزدۆزی ناتەواو

63- مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە—ئەوەی باقی بمێنێ هەرناوە ؛ 1-تێهەڵکێش     2- جوانی بایس     3- دژیەکی ئەرێ

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

64- لە لاپاڵی کێو قاسپەی کەودەهات- بێ کەوش کەوتمە ڕێ ی هات و نەهات

1-جوانی بایس    2- ڕەگەزدۆزی تەواو    3- ڕەگەز دۆزی ناتەواو دژیەکی نەرێ

65- ئەو هەردو هیلالی عەرعەری شەنگ -- ڕوونشینی میسالی خونچە دڵتەنگ

1-ڕەگەزدۆزی    2- جوانی بایس    3- خواستنی دڕکاو لێکچواندن

66- گەرمەی تێکەڵی لە گەرما – بۆ سەرما بکێشی بەسەرما ؛    1- دژیەکی ئەرێ و ڕەگەزدۆزی ناتەواو    2- خواستن    3- جوانی بایس

67- چەند ساڵ ئاشنای یەکتری شەوی بێداری یەکتری – - وەکو سەرسەرین شەو سەرناکەینە سەرسەرین

1-جوانی بایس    2- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    3- ڕەگەزدۆزی و لێکچواندن

68- لەلایەك چارە ڕەش کەوتوە لە کۆڵان --- لەلایەك پارە بەش دەکرێ بەکۆڵان

1-دژیەکی نەرێ    2- ڕەگەزدۆزی ناتەواو    3- جوانی بایس

69- ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو -- وەکو من بەداخەوەن نەسرەوتیان هەیە نەخەو

1-جوانی بایس    2- ڕەگەزدۆزی ناتەواو لێکچواندن    3- دژیەکی ئەرێ

70- هەڵسە گەشتی چیمەن و گوڵزاری کوردستان بکە – گەر لەبۆ دەردی دەروونت داو و دەرمانت دەوێ

1-جوانی بایس    2- ڕەگەزدۆزی تەواو    3 - لێکچواندن

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1=16 | 1=15 | 1=14 | 2=13 | 2=12 | 1=11 | 3=10 | 3=9 | 3=8 | 1=7 | 3=6 | 2=5 | 3=4 | 3=3 | 3=2 | 3=1 |
| | | 2 =30 | 1=29 | 1=28 | 2=27 | 1=26 | 2=25 | 2=24 | 1=23 | 2=22 | 1=21 | 2=20 | 2=19 | 3=18 | 1=17 |
| | | 1=44 | 2 =43 | 1=42 | 2 =41 | 2=40 | 1=39 | 2=38 | 1=37 | 1=36 | 2=35 | 2=34 | 3=33 | 3=32 | 2=31 |
| | | 3=58 | 1=57 | 1=56 | 3 =55 | 4=54 | 2=53 | 3=52 | 2=51 | 1=50 | 1 =49 | 1=48 | 1=47 | 1=46 | 1=45 |
| | | | | 3=70 | 2=69 | 2=68 | 3=67 | 1=66 | 3=65 | 3=64 | 3=63 | 3=62 | 1=61 | 2=60 | 1=59 |

(( چی هونەرێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوانەدا هەیە ))

1- دوو شتە رێگای رزگاری من بێ *** یایار هی من بێ یایار هێمن بێ ------------------------------------ ------ - رەگەز دۆزی ناتەواو

2- گەلێك رۆژگاری تال و شیرینم رابوارد ئاخۆ *** مەرگ مەودا دەدا ببینم سەردەمێکی تر ------------------------ -------- دژیەکی ئـەرێ

3- ئەگەر رووتم ئەگەر قووتم *** ئەگەر دێوانەو پەڕپووتم ------- ------------------------------ -------.------- رەگەزدۆزی ناتەواو

4- دیدەت وەکو گوڵ سوورە *** پڕی شەبنی ئەشکە ----------------------------------------.----- ----------- لێکچواندن

5- دەستی دۆستان لە خەنە بگرە *** دەستی دوژمن ماری پێ بگرە --------------- ------------------------------------ دژیەکی ئەرێ

6- لەلایەك چارە رەش کەوتووە لە کۆڵان *** لەلایەك پارە بەش دەکرێ بەکۆڵان --------------- --------------.------- رەگەزدۆزی تەواو

7- ئەی نیگارا بەسیە با دەرگەی وەفا بکرێتەوە *** تابەکەی دل هەرلەزینندانی جەفا بکزێتەوە------------------------ رەگەزدۆزی ناتەواو

8- بەشیشی زولف و روی ماهی وەکو ماهی گرفتارم *** گەهی جان خەستەی نارم گەهیٚ جان خەستەی مارم ----------- لێکچواند ن+ رەگەزدۆزی تەواو

9- دەمێکە بۆ یەکدی سەودای سەری یەکترین *** وەك سەر سەرین شەو سەرناکەینە سەر سەرین -----------------لێکچواندن + رەگەزدۆزی تەواو

10- نەوایا موتریب و چەنگیٚ فغان هاوێتە خر چەنگی *** وەرە ساقی هەتا کەنگی بنۆشین دل ژقێ ژەنگی ----------------- رەگەزدۆزی ناتەواو

11- عارفی هەق بین چ باکی زینەت و ئارایشە *** وای دەویٚ ناو شارو دێوانە بێ دێوانەبێ --------------------------------- رەگەزدۆزی تەواو

12- بێستونی عیشی شیرینیٚ ئەوا هاتۆتە پێش *** گەر لەهەق بێم و نەیەم تەئکیدی فەرهادی د ە کەم ----------------------- دژیەکی نەرێ

13- هەم شادی و هەم جەفا و هەم دەم *** هەم لەحم و عیزام وهەم دەم ------------------------------ دژیەکی ئەرێ + رەگەزدۆزی نا تەواو

14- کەهەستا قامەتی بەرزی لەفەرقی تاوەکو ئەرزی ** پەرێشان زولفی سەد تەرزی بەیەکدادا رژاو لەرزی ------------------- رەگەزدۆزی ناتەواو

15- جوانیم ئاودرا بە ئاخ و بە داخ ***پیری و هۆنراوەم پێ گەیاند وەك باخ ------------------- دژیەکی ئەرێ +رەگەزدۆزی ناتەواو + لێکچواندن

16- خێزان و گەدا غەنی و زەنگین *** شادان و حەزین شادو غەمگین ---------------- ---------------- ---------------- دژیەکی ئەرێ

17- ئەگەر چی وەك خەیالی من عەبا دەوری لەشی داوە *** لەئەندام و لەش و لاری بڵند و رێکی ئالاوە -------------------------- لێکچواندن

18- هەم شکستی ئەهلی مەعنای مەتلەبە دەورانی پیر *** رەش ئەخاتە سەر سپی پیسی ئەخاتە پاکەوە ------------------------ دژیەکی ئەرێ

19- بزەی پیری بە سەرو ریشم *** گریانی خۆمە بەدەوری ئیشم ---------------------------------------- دژیەکە ئەرێ + رەگەز دۆزی ناتەواو

20- لەڕووی عەکسی خەیالی لەعلی لێوت *** دوڕی ئەشکم وەك و مەرجانە ئەم شەو ---------------------------------------- لێکچواندن

21- حاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێویٚ *** گویٚ ی لی دەگرن زەریفە ناگرن بەلاٚ لەخۆتان ---------------------------------- دژیەکی نەرێ

22- (ئاسمانی حوسنی مەحبووبم لە ئەبرۆ زولف و ڕوو *** دووهیلال و دووشەو دوماهی تابانی هەیە) ------------------- لێکچواندن

23- (بازارەن وادەی مامەلەن ساقی *** هەی بگرە فانی وەی بەرد ە باقی) ------------------- رەگەزدۆزی ناتەواو + دژیەکی ئەرێ

24- بەرانبەر داد ستەم ڕابوو لەڕوی چاکە خراپ وەستا * لەلای پاك پیس سەری هەلدا لەروی راستی درۆ هەستا -- ---- دژیەکی ئەرێ + رەگەزدۆزی ناتەواو

25- دوێنیٚ چـبوو دەتدا بە زمان لافی کەرامەت *** ئەمرۆ نەدەمت بوو نەدەمت بوو ---------------------- رەگەزدۆزی تەواو

مامۆستا عبدالقادر مەلازادە کۆیی

هەرێمی کوردستانی عیراق  بەناوی خوای گەورە  ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

لیژنەی بالای [illegible] ە گشتییەکان  بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی / کات: ٣ کاتژمێر

ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی _ وێژەیی)  ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ (خولی یەکەم) **A**

SN: 77000001  2001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە بۆ هەر پرسیارێک دوو نمرە .

١. لە ڕستەی (دەبینێرێت بۆم) ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکانی (ی)، (م) چیین؟

A. (ی) بکەرە، (م) بەرکارە  B. (ی) بەرکارە ، (م) تەواوکەری بەیارێدەیە

C. (ی) بەرکارە ، (م) بکەرە  D. (ی) بکەرە ، (م) تەواوکەری بەیارێدەیە

٢. لەڕستەی (بریا کوردستان زیاتر پێشکەوتبا) کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟

A. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن  B. ڕابردووی نزیکی دانانی  C. ڕابردووی دووری دانانی  D. ڕانەبردووی دانانی

٣. لەڕستەی (پرۆژەکە تەواوبکە) بزوێنی (ە) کۆتایی (تەواوبکە) چییە ؟

A. کاری ناتەواوە  B. بەشێکە لەرەگ  C. جێناوی لکاوە  D. پاشگرە

٤. (کەی تاقیکردنەوەکەت ئەنجامدا ، بڕۆ بۆ ماڵەوە) ئەگەر کاری وەڵامی مەرج بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دەبێتە:

A. دەڕۆیشتیت  B. ئەنجامت دەدا  C. دەڕوات  D. ئەنجام دەدات

٥. لە یەکێک لەم ڕستانەدا (بوو) کاری تەواوی تێپەڕە .

A. باوکیان لە خەو ڕابوو  B. ئاهەنگەکە بە شەو بوو  C. نازەنین منداڵی بوو  D. هۆنراوەکەی لە بەرکردبوو

٦. کام لەم هاوەڵکارانە لێکدراوە ؟

A. ئەوسا  B. منداڵانە  C. بێ شەرمانە  D. بێ باکانە

٧. لە ڕستەی (بانگمان کردیت) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دەبێتە:

A. بانگمان دەکەیت  B. بانگمان دەکردیت  C. بانگت دەکەین  D. بانگت دەکەن

٨. لەڕستەی (کوردستانمان پڕبەدڵ خۆش دەوێت) هاوەڵکاری (پڕبەدڵ) پێکهاتووە لە:

A. ناو+ئامراز+هاوەڵناو  B. ناو+ئامراز+ناو  C. هاوەڵناو+ئامراز+هاوەڵناو  D. هاوەڵناو+ئامراز+ناو

٩. لەڕستەی (منداڵەکەی زۆر جوان پەروەردەکردووە) وشەی (زۆر) چییە ؟

A. هاوەڵناوی نادیارە  B. ڕادەی هاوەڵکارییە  C. ڕادەی هاوەڵناوییە  D. هاوەڵکاری چۆنیەتییە

١٠. لەڕستەی (تاقیکردنەوەکەیان ئەنجام ئەداوە) ئەگەر (بەرکار) لابەین جێناوی لکاوی (یان) دەچێتە:

A. دوای نیشانەی (نە)  B. نێوان نیشانەی (و ــ ە)  C. دوای بەشی یەکەمی کارەکە  D. کۆتایی کارەکە

١١. لەڕستەی (مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزن) ئەرکی گرێی (مامۆستایانی کوردستان) چییە ؟

A. نیهادە  B. بکەرە  C. بەرکارە  D. تەواوکەری کاری ناتەواوە

١٢. ئامرازی (نا) بۆ نەرێ کردنی کام لەم کارانە بەکاردەهێنرێت؟

A. ئامادەدەبوون  B. ئامادەبوون  C. ئامادەبن  D. ئامادەدەبن

١٣. لەڕستەی (شڤان لـە بن کەپرێ نشستییە) کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

A. نزیکی ڕاگەیاندنە  B. تەواوی ڕاگەیاندنە  C. بەردەوامی ڕاگەیاندنە  D. دووری ڕاگەیاندنە

١٤. لەرستەی ( خانی لەپ زێرین قەڵایەکی گەلێک سەختی دروستکرد ). ( گەلێک سەخت ) چییە؟

A. گرێی ناوییە B. هاوەڵناوی لێکدراوە C. گرێی هاوەڵکارییە D. گرێی هاوەڵناوییە

١٥. یەکێک لەم هاوەڵناوانە پێکهاتووە لە ( پێشگر + رەگی کار ) :

A. نووسەر B. بخۆر C. نارێك D. بوێر

١٦. لەرستەی ( دەمەوێت بچم بۆ قوتابخانە ) وشەی ( دەمەوێت ) بەکاردێت بۆ:

A. ویستن B. گومان C. پێویستی D. توانین

١٧. لەرستەی ( خراپە لەگەڵ کەس مەکە ) بزوێنی ( ە ) کۆتایی وشەی ( خراپە ) چییە؟

A. ئامرازی پەیوەندییە B. جێناوی لکاوە C. کاری ناتەواوە D. پاشگرە

١٨. لە رستەی ( دارشتنەکەی بۆ نووسیم ) ئەگەر جێناوی ( م ) بگۆڕین بە جێناوی ( ت ) دەبێتە:

A. دارشتنەکەت بۆی نووسی B. دارشتنەکەت بۆم نووسی C. دارشتنەکەی بۆت نووسی D. دارشتنەکەی بۆ نووسییت

١٩. جێناوی لکاوی ( ات ) دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری رانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ کاتێك رەگی کار کۆتایی هاتبێت بە پیتی:

A. بزوێنی ( ە ) B. نەبزوێن C. بزوێنی ( ۆ ) D. ( A و C ) راستن

٢٠. جێناوی لکاوی ( تان ) ناتوانێت ببێتە بەرکار لەگەڵ کاری:

A. داخوازی تێپەڕ B. رانەبردووی تێپەڕ C. رابردووی تێپەڕ D. ( B و C ) راستن

٢١. لەرستەی ( میوانەکان زۆر دانیشتن ) وشەی ( زۆر ) چییە؟

A. هاوەڵناوی نادیارە B. رادەی هاوەڵناوییە C. هاوەڵکاری چەندییە D. رادەی هاوەڵکارییە

٢٢. لە کرمانجی سەرووردا کاری رانەبردووی راگەیاندن بۆ کاتی داهاتوو چ نیشانەیەك وەردەگرێت؟

A. دێ B. یە C. د D. دە

٢٣. لەرستەی ( قەڵەمەکەم لێ دەبات ) ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ رابردووی نزیکی راگەیاندن دەبێتە :

A. قەڵەمەکەی لێم برد B. قەڵەمەکەم لێی برد C. قەڵەمەکەم لێ بردی D. قەڵەمەکەم لێت برد

٢٤. کە راپەڕین بەرپابوو ، بە ئامانج گەیشتین. کاری مەرج لە چ رێژەیەکدایە؟

A. نزیکی راگەیاندن B. تەواوی دانانی C. دووری راگەیاندن D. دووری دانانی

٢٥. لە رستەی ( هەڵبژاردین ) دەتوانین جێناوی لکاوی ( ین ) بگۆڕین بە جێناوی لکاوی ( مان ) چونکە کارەکە :

A. رانەبردووی تێپەڕە B. رابردووی تێنەپەڕە C. داخوازی تێپەڕە D. رابردووی تێپەڕە

٢٦. ( محمد سالح دیلان ) بە کام چیرۆك پاداشتی سێیەمی گۆڤاری شەفەقی پێدرا؟

A. چای شیرین B. لالۆ کەریم C. شەوێکی درێژ D. چەندم لێ ئەستێنی

٢٧. .......... رەخنەگران بە ( سەرافی زێرو زیوی قسە ناودەبات و بەهای شیعری کوردی دیار دەخات هاوشانی دەکات لەگەڵ شیعری فارسی:

A. سالم B. حاجی قادر C. نالی D. خانی

٢٨. شیعری ( سرودێك بۆ پێشمەرگە ) بەرهەمی کێیە؟

A. هەژاری موکریانی B. پیرەمێرد C. هێمن D. شێرکۆ بێکەس

0001

٢٩. ڕێڕەوی شیعری کوردی لەماوەی ساڵانی (١٩٣٩ ـ ١٩٩١) بە پێی چ ڕووداوێک دابەش دەکرێت بۆ سێ قۆناغی جیاواز؟

A. سیاسی و کۆمەڵایەتی    B. سیاسی و ڕوناکبیری    C. سیاسی و ئایینی    D. سیاسی و ئابوری

٣٠. لە چیرۆکەکانی کام گۆڤاردا (ئافرەت) کراوە بە پاڵەوانی چیرۆک؟

A. گەلاوێژ    B. هاوار    C. شەفەق    D. دەنگی گێتی تازە

٣١. شیعر لە کام قۆناغدا بوو بە هۆکاری ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی؟

A. ١٩٣٩ ـ ١٩٥٨    B. ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠    C. ١٩٧٠ ـ ١٩٧٥    D. ١٩٧٥ ـ ١٩٩١

٣٢. خوێنەرانی کورد بە بڵاوبوونەوەی چ بەرهەمێک زیاتر ئاشنای شیعر و شاعیرانی نەتەوەکەمان بوون و بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتری لەبەردەمدا کردنەوە:

A. ئەنجومەنی ئەدیبان    B. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی    C. مێژووی ئەدەبی کوردی    D. گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم

٣٣. کام لەم شاعیرانە دەستنیشانی ئەو بنەڕەتە ڕەخنەییە دەکەن کە بەلایانەوە شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە کە بەکەمترین وشە زۆرترین واتای دەربڕیوە؟

A. نالی و مەلای جزیری    B. نالی و ئەحمەدی خانی    C. سالم و حاجی قادر    D. مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی

٣٤. دیاردەی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ واتا پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی (ڕەمز و نیشانە)لە وتاراکانی ناو شاردا هەستی پێدەکرێت لە ساڵی:

A. ١٩٦١    B. ١٩٧٠    C. ١٩٧٢    D. ١٩٧٥

٣٥. کەی زمانی شیعر بەرگی خەم و پەژارە و نائومێدی پۆشی؟

A. ١٩٣٩-١٩٥٨    B. ١٩٥٨-١٩٦١    C. ١٩٦١ - ١٩٧٠    D. ١٩٧٠ - ١٩٧٥

٣٦. ڕاو بۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەربارەی سێ شاعیری گەورەی یونانی خستووەتەڕوو :

A. ئەرستۆ    B. ئەفلاتون    C. ئەرستۆفانیس    D. بوالۆ

٣٧. شێرکۆ بێکەس لە شیعری (گێنگل )دا تێڕوانینی خۆی دەربارەی چی دەخاتەڕوو؟

A. ژیان و مردن    B. خۆشی و شادی    C. خەم و پەژارە    D. جیاوازی چینایەتی

٣٨. لە کام قۆناغی شیعردا زمانی شیعر ئاڵۆزە و خوێنەر بە ئاسانی لە واتای وشەکان ناگات؟

A. ١٩٣٩-١٩٥٨    B. ١٩٥٨-١٩٧٠    C. ١٩٧٠-١٩٧٥    D. ١٩٧٥-١٩٩١

٣٩. لە قۆناغی دووەمی ڕێڕەوی شیعریدا زیاتر چ سەروایەکیان بەکار هێناوە ؟

A. جووتسەروا    B. سەروای یەکگرتوو    C. ئازاد    D. ئازاد و یەکگرتوو

٤٠. (کۆن و تازە لە شیعردا ) وتارێکی ڕەخنەیی نوسەرە :

A. مارف خەزنەدار    B. ڕەفیق حلمی    C. براییم ئەحمەد    D. مارف بەرزنجی

٤١. لە قۆناغی ١٩٣٩ – ١٩٥٨ کام شاعیر توانی بەسوود وەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی زمانی شیعری دەوڵەمەندتر بکات؟

A. جگەرخوێن    B. هێمن    C. قەدری جان    D. دیلان

٤٢. هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بە شێوەیەکی کورت و وردو سەرنجڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیروڕای خۆی دەخاتەڕوو:

A. پەخشان    B. چیرۆک    C. وتار    D. ڕەخنەی ئەدەبی

٤٣. (جڵەودانە دەست عەقڵ و ژیری و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆزو دەربڕینی کەسی ) یەکێکە لە بنەما ڕەخنەییەکانی ڕێبازی:

A. ڕۆمانتیکی    B. ڕیالزمی    C. هێماگەری    D. کلاسیکی

٤٤. خاوەنی چیرۆکەکانی ( خانزاد ) و ( پەلە هەورێکی چلکن ) کێ یە؟

A. جەمال نەبەز    B. حسێن عارف    C. محمد صالح سعید    D. جەمال بابان

٤٥. لەڕووی ناوەرۆکەوە چیرۆکنوسانی کام گۆڤار زیاتر هەوڵیانداوە پرسی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بخەنە روو ؟

A. شەفەق    B. هاوار    C. رۆژانوو    D. گەلاوێژ

٤٦. ( خاترێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو    ئێستا بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا ) رەگەزدۆزی ناتەواوە لە :

A. ژمارەی پیت    B. جۆری پیت    C. ریزی پیت    D. جۆر و ریزی پیت

٤٧. ( ئیلاهی نەرگزا مەی مەست و نازك    ژ دەستی خوار و بەدخواهان بپارێز ) لەم دێرەدا چ بابەتێکی رەوانبێژی هەیە؟

A. لێکچواندن    B. خواستنی ئاشکرا    C. رەگەزدۆزی ناتەواو    D. خواستنی درکاو

٤٨. لە هەموو بنەماکانی لێکچواندن لە پێشترە ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون:

A. رووی لێکچواندن    B. لەوچوو    C. ئەوزار    D. لێچوو

٤٩. لەم دێرەدا چ بابەتێکی رەوانبێژی هەیە ( شەو دەکێشم شەو نخوونی و بێ خەوی    رۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی )

A. دژیەکی ئەرێ و رەگەزدۆزی ناتەواو    B. لێکچواندن و دژیەکی ئەرێ

C. رەگەزدۆزی ناتەواو و دژیەکی ئەرێ    D. خواستن و رەگەزدووزی تەواو

٥٠. لەم دێرە شیعرە لێکچواندنەدا، ( کور ئایینەیێ جەمالێ زاتن    کەچ مەظهەرێ پرتەوا صیفاتن ) کام لەمانە دەبێتە رووی لێکچوون؟

A. ئایینە    B. کور    C. جەمالێ زات    D. هیچیان

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1=B | 2=B | 3=B | 4=A | 5=C | 6=A | 7=C | 8=D | 9=B | 10=C | 11=A | 12=D | 13=B | 14=D |
| 15=D | 16=A | 17=D | 18=C | 19=D | 20=A | 21=C | 22=A | 23=A | 24=A | 25=D | 26=C | 27=B | |
| 28=A | 29=B | 30=A | 31=D | 32=C | 33=B | 34=D | 35=C | 36=C | 37=A | 38=C | 39=A | 40=D | |
| 41=C | 42=C | 43=D | 44=D | 45=B | 46=C | 47=B | 48=D | 49=C | 50-=C | | | | |

هەرێمی کوردستانی عیراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی _ وێژەیی)
SN: 77000245

بەناوی خوای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی / کات ٣: کاتژمێر
ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ (خولی دووەم)

A
2007

وەڵامی راست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێک ٢ نمرەیە)

١. یەکێک لەم کارانە رێژەی رابردوی نزیکی راگەیاندنی بکەر نادیارە:

A- دەهێنرایەوە     B - هێنراوەتەوە     C - هێنرایەوە     D- هێنرابایەوە

٢. هاوەڵناوی (کۆنە دەوڵەمەند) بە چ دەستورێک دروست بووە؟

A - ناو+ئامراز+ناو     B- هاوەڵناو+ئامراز+ناو     C-ناو+ئامراز+ هاوەڵناو     D- هاوەڵناو +ئامراز+ هاوەڵناو

٣. ئەو هاوەڵکارانەی کەرادەی هاوەڵکاری دەردەخەن پێیان دەوترێت:

A - هاوەڵکاری چۆنیەتی     B-هاوەڵکاری چەندی     C-هاوەڵکاری کاتی     D- هاوەڵکاری شوێنی

٤. لە رستەی (گۆڤارەکەی بۆ چاپکردین) ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ رێژەی رانەبردووی راگەیاندن دەبێتە:

A- گۆڤارەکەی بۆ چاپدەکەین     B-گۆڤارەکەمان بۆچاپدەکردن     C- گۆڤارەکەمان بۆ چاپدەکەن     D- گۆڤارەکەمان بۆ چاپ دەکات

٥. کام لەم رستانە کارەکەی ناتەواوە؟

A - ئەندازیارەکە لێهاتوو بوو     B- کارەکە تەواوبوو     C- منداڵەکەلە دایک بوو     D- لە ئاهەنگەکە ئامادەبوون

٦. لە رستەی (منداڵە کە ناچێتە قوتابخانە) ئەرکی بزوێنی کۆتایی (ناچێت)چی یە؟

A - ئامرازی دانەپاڵە     B- ئامرازی پەیوەندییە     C- ئامرازی پێناسینە     D- پاشگرە

٧. کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە (ناو+ پاشگر)؟

A - ژێرانە     B- هێمنانە     C- ساڵانە     D-نازایانە

٨. ئەگەر رستەی (خۆزگە کارەکەی تەواو کردبوویا) بگۆڕین بۆ شێوازی راگەیاندن دەبێتە:

A - کارەکەی تەواو کردبوو     B- کارەکەی تەواو کردووە     C- کارەکەی تەواو کرد     D- کارەکەی تەواو دەکرد

٩. لە یەکێک لەم رستانەدا جێناوی لکاوی (م) ئەرکی بکەرە :

A - بۆت نوسیوم     B- بۆت بنوسم     C- بۆت نوسیم     D-بۆمی نوسی

١٠. لە رستەی (ئەمە گڵکۆی شەهیدانی کوردستانە) ئەرکی گرێی (شەهیدانی کوردستان)چییە؟

A - دیارخەری ناوە     B- تەواوکەری کاری ناتەواوە     C- نیهادە     D- بەرکارە

١١. کاری چاوگی بوون ئەگەر بەواتای بوون (وجود) بێت دەبێتە؟

A- کاری ناتەواو     B- کاری تەواوی تێنەپەر     C- کاری یاریدەدەر     D-کاری تەواوی تێپەر

١٢. جێناوی لکاوی (یت) دەبێتە بکەر لە گەڵ کاری:

A- رابردووی تێنەپەر     B- رانەبردووی تێپەڕ     C- رانەبردووی تێنەپەڕ     D-هەموو وەڵامەکان راستن

١٣. لە رستەی (لە وانەکان باش تێگەیشتووە)چی دەرنەکەوتووە؟

A- بکەر     B- کاری ناتەواو     C- ئامرازی دانەپاڵ     D- نیهاد

١٤. لە رستەی (سنوری کوردستانی پاراستووە) ئەگەرکاری رستەکە بگۆڕین بۆ رانەبردووی راگەیاندن دەبێتە:

A- سنوری کوردستان دەپارێزین     B- سنوری کوردستان دەپارێزن     C- سنوری کوردستان دەپارێزم     D- سنوری کوردستان دەپارێزێت

١٥. لە رستەی ( ناوی ئامادەبووەکان تۆمارکە ) چی دەرنەکەوتووە؟

A- جێناوی لکاو    B- کاری ناتەواو    C- نیشانەی کار    D- ( C+A ) راستن

١٦. جێناوی لکاو لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە هەمیشە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی ئەگەر کاری رستە .........بێت؟

A - داخوازی تێنەپەر    B- رانەبردوی تێنەپەر    C- رانەبردوی تێپەر    D-رابردووی تێنەپەر

١٧. یاریزانەکە گۆڵێکی گەلێک جوانی تۆمارکرد. ووشەی گەلێک چی یە؟

A - رادەی هاوەڵکارییە    B- هاوەڵناوی چۆنیەتییە    C- هاوەڵکاری چەندییە    D- رادەی هاوەڵناوییە

١٨. لە رستەی( هۆنراوەکەی خانیم خوێندەوە ) ئەرکی گرێی( هۆنراوەکەی خانی )چییە؟

A - نیهادە    B- بەرکارە    C-جێگری بکەرە    D-بکەرە

١٩. ( رەشەبای سلێمانی بەهێزە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) ی نێوان هەردوو وشەی( رەش...با )چییە؛

A- ئامرازی پێناسینە    B- ئامرازی دانەپاڵە    C- ئامرازی پاتکگردنە    D- ئامرازی لیکدانە

٢٠. لە گەڵ کام لەم کارانە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای نیشانەی کار؛

A- دەهێنا    B- وەردەگرت    C- ئامادەدەکرد    D- دەچوو

٢١. لە رستەی(کارەکەی پێ دەسپێرم ) ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ رابردووی نزیکی راگەیاندن دەبێتە؛

A - کارەکە پێ سپاردووە    B- کارەکەی پێم سپارد    C- کارەکە پێ سپاردرێت    D- کارەکە پێ سپارد

٢٢. لە زاری کرما نجی سەرودا کام رێژەی کار بە دەستوری( د+رەگ+جێناوی لکاو ) دروست دەکرێت؟

A - رانەبردووی راگەیاندن بۆ دەمی ئێستا    B- رابردووی بەردەوامی راگەیاندن

C- رانەبردووی راگەیاندن بۆ دەمی داهاتوو    D- رابردووی تەواوی راگەیاندن

٢٣. جێناوی لکاوی ( ین ) ئەرکی بەرکار دەبینێت لە گەڵ کاری؛

A- رابردووی تێپەر    B- داخوازی تێپەر    C- رانەبردووی تێپەر    D-هەموو وەڵامەکان راستن

٢٤. لە رستەی( چیاکانی کوردستان بڵندن ) ووشەی بڵند ئەرکی چییە؟

A- نیهادە    B- بکەرە    C- تەواوکەری کاری نا تەواوە    D- بەرکارە

٢٥. لە رستەی "ئۆتۆمبێلەکانی پێشانگاکە دەفرۆشن".( دیارخراو و دیارخەر ) بریتین لە ؛

A - ناوی تاکی ناسراو کۆی ناسراو    B- ناوی کۆی ناسراو تاکی ناسراو

C- ناوی تاکی ناسراو کۆی نە ناسراو    D- ناوی کۆی نە ناسراو تاکی ناسراو

٢٦. وتارێکی رەخنەیی ( رەفیق حلمی یە لە گۆڤاری شەفەق بلاوکرایەوە؛

A- شیعر و توسینی کوردی    B- کورد و شیعر    C- کورد و نسلوبی شیعر    D- کۆن و تازە لە شیعردا

٢٧. لە بەرچاوگرتنی جوانکاری لە دەربڕیندا یەکێکە لە خاسیەتەکانی؛

A- پەخشانی زانستی    B- چیرۆک    C- پەخشانی ئەدەبی    D- وتار

٢٨. یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی( ١٩٧٥-١٩٩١ بووە دەنگێکی دیار لەشیعری کوردیدا؛

A- عەبدوڵا پەشێو    B- جەمیل رەنجبەر    C- عەبدولرەحمان مزوری    D- دڵشاد مەریوانی

٢٩. رەخنەگرێکی بەناوبانگی فەرەنسی بوو راو بۆچوونەکانی ( ئەرستۆ ) ی جێگیرکرد و کردی بە پێوانەی رەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەوروپا؛

A- بوالۆ    B- سانت پیف

C- مەدام دیستال    D- ئەرستۆڤانیس

0001

٣٠. وشەو زاراوەی( ئەهریمەن ،ئاهورا مزدا، گیڤارا ، زەردەشت،ئاڤیستا.... ) لە چ قۆناغێکدا هاتنە ناو زمانی شیعری کوردییەوە؟

A- ١٩٥٨-١٩٣٩  B- ١٩٧٠-١٩٥٨  C- ١٩٧٥-١٩٧٠  D- ١٩٩١-١٩٧٥

٣١. ( ریالزم لە ئەدەبی کوردیدا ) بەرهەمی کێیە؟

A- مارف خەزنەدار  B- ئیحسان فواد  C- محەمەدی مەلا کەریم  D- عیزەدین مستەفا رەسول

٣٢. لە چیرۆکەکانی کام گۆڤاردا چیرۆکنوسان بە تەواوی لایەنگری جوتیارن؟

A- شەفەق  B- هاوار  C- گەلاوێژ  D- رۆژا نوو

٣٣. هونەرێکی ئەوروپیە پێویستی ژیان وایکردووە وەك روخسارێکی هونەری لە ناو هەموو نەتەوەکانی جیهان بلاوبێتەوە؛

A- وتار  B- رەخنەی ئەدەبی  C- پەخشان  D- چیرۆك

٣٤. ( بەلایەوە بەهای دەق واتای جوان و نوێیە نەك هەربەتەنیا وشەو واژەی جوان و رازاوە ) یەکێکە لە پێوانە رەخنەییەکانی :

A- حاجی قادری کۆیی  B- نالی  C- ئەحمەدی خانی  D- مەلای جزیری

٣٥. عەبدوڵلا پەشێو هۆنراوەی( سەربازی ون )ی لە ساڵی چەند نووسیوە ؟

A- ١٩٧٠  B- ١٩٧٥  C- ١٩٧٨  D- ١٩٨٠

٣٦. کام لەم شاعیرانە بە دیارترین شاعیری قۆناغی( ١٩٣٩- ١٩٥٨ ) دادەنرێت لەبواری شیعری خۆشەویستی بۆ ژن؛

A- دیلان  B- ئەحمەد هەردی  C- بێکەس  D- کامەران موکری

٣٧. شیعری ( خۆمن چەمە زستانەنیم    هەر هاوین هات هەڵپرۆکێم ) بۆ چ مەبەستێکی شیعری وتراوە؟

A- هەستی نامۆبوون  B- جوانی سروشت  C- بەرەنگاری  D- یاخیبوون

٣٨. شیعری ( هەڵە بچە دووەم هاتن ) بەرهەمی کێیە ؛

A- جەوهەر کرمانج  B- جەمیل رەنجبەر  C- جەمال شارباژێری  D- مونەیەد تەیب

٣٩. یەکێکە لە دەنگە دیارەکان و قەڵەم رەوانەکانی وتار نوسین لە قۆناغی( ١٩٧٠-١٩٩١ ) ؛

A- حوزنی موکریانی  B- رەمزی قەزاز  C- تەها بەرواری  D-شێخ محەمەدی خاڵ

٤٠. بایەخ دانی چیرۆکنوسانی کورد بە کێشەو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بوو بەهۆی ئەوەی راستەوخۆ چیرۆکی کوردی بەرەوکام رێباز هەنگاوبنێت؛

A- ریالزم  B- کلاسیك  C- رۆمانتیك  D- فۆرمالیزم

٤١. کەی شیعری کوردی راستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگەوە جەختیان لە سەر مافەسیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکردەوە؟

A- ١٩٥٨  B- ١٩٦١  C- ١٩٧٠  D- ١٩٧٥

٤٢. حسێن عارف لە ساڵی ( ١٩٥٨ ) دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز بەناوی ( محمد صدیق عارف ) لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی بلاوکردەوە بەناو نیشانی ؛

A- کامەران و هۆنراوەی نوێ  B- کامەران و دیارییەکە  C- کامەران شاعیر من کوردستان  D- کوردو شیعر

٤٣. لە رووی تەکنیکەوە بەشی زۆری چیرۆکەکانی کام گۆڤار لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودان وتەواو تۆکمەن ؟

A- گەلاوێژ  B- هاوار  C- شەفەق  D- رۆژا نوو

٤٤. کام لەم بەرهەمانە راستەوخۆ دەچێتە خانەی رەخنەی ئەدەبی و دەرگایەکی نوێ لە بەردەم ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کوردی دا دەکاتەوە؟

A- شیعرو ئەدبیاتی کوردی  B- کۆن و تازە لە شیعردا  C- شیعرو نووسینی کوردی  D- شاعیرەکانمان

٤٥. نموونەیەکی شیعری گۆرانە کە بە ئاشکرا سەروای تازە دەبینرێت کەشاعیر دژی شەڕخوازان وەستاوە و لە گەڵ ئاشتیدایە ؛

A- سرودێك بۆ پێشمەرگە  B- بێشکەی مناڵ  C- رووبارێکی خوێناوی  D- قەلا چۆی دوژمن

٤٦. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە ( کەدەستی رۆژگاریایدا سەری من    سەری شوشەی شەراب وا چاکە بادەم )

A - خواستنی ئاشکرا  B- رەگەزدۆزی تەواو  C- خواستنی درکاو  D-رەگەزدۆزی نا تەواو

٤٧. لەم دێڕە شیعرەدا چەند بنەمای لێکچواندنی تێدایە؟

دەمێك بوو چاومڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری          سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵە بۆ یاری

A - یەك بنەما          B-دوو بنەما          C- سێ بنەما          D- چوار بنەما

٤٨. ( هەندێ یاران زۆر ژیرو دانا          ڕێی کار سازیان بەم ڕەنگە دانا ) چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە ؛

A - خواستنی درکاو          B-دژیەکی نەرێ          C- ڕەگەز دۆزی تەواو          D-خواستنی ئاشکرا

٤٩. ..............بریتیە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر جگە لەومانەیەی کەلەبنچدا بۆی دانراوە .

A - دژیەك          B- خواستن          C- لێکچواندن          D- ڕەگەز دۆزی

٥٠. ( ماسی لە خاکدا مردووە          سۆنە لە ئاودا زیندووە ) لەم دێڕەدا چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هەیە ؛

A - لێکچواندن          B-دژیەکی نەرێ          C- دژیەکی نەرێ          D-ڕەگەز دۆزی ناتەواو

1=C 2=D 3=B 4=D 5=A 6=B 7=C 8=A 9=B 10=A 11=B 12=D 13= A 14=D
15=D 16=A 17=D 18=B 19=D 20=A 21=D 22=A 23=A 24= 25=B 26=A
27=D 28=B 29=A 30=C 31=D 32=C 33=D 34=B 35=C 36=B 37=C 38= A
39=C 40=A 41=B 42=A 43=B 44=D 45=B 46=C 47=B 48=C 49=B 50=C

هەرێمی کوردستانی عیراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی _ وێژەیی)

بەناوی خوای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی / کات: ٣ کاتژمێر
ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ (خولی یەکەم) **A**

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە، بۆ هەر پرسیارێک دوو نمرە:

١. لە ڕستەی (ڕاسپاردەکەی گەیاندم.) ئەگەر جێناوی (م) بگۆڕین بۆ (ت)، دەبێتە:
A. ڕاسپاردەکەیت گەیاند.  B. ڕاسپاردەکەتی گەیاند.  C. ڕاسپاردەکەی گەیاندیت.  D. ڕاسپاردەکەی گەیاندت.

٢. بزوێنی (ە) کۆتایی کام لەم وشانە پاشگرە بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕژاو؟
A. چاکە  B. کردە  C. دەستە  D. پرسە

٣. لەگەڵ کام لەم کارانەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ (ن) دەبێتە بکەر:
A. ڕابردووی تێنەپەڕ  B. ڕانەبردووی تێپەڕ  C. داخوازی  D. لەگەڵ هەموویاندا

٤. کام لەم کارانە، ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە لە زاری کرمانجیی سەروودا؟
A. دهات  B. هاتییە  C. دچم  D. دێچم

٥. جێناوی لکاوی (ین) ناتوانێت ببێتە بەرکار، لەگەڵ کاری:
A. ڕابردووی تێپەڕ  B. داخوازیی تێپەڕ  C. ڕانەبردووی تێپەڕ  D. ( B و C ) ڕاستن

٦. لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک ( ە ) دەرکەوتووە؟
A. دەرگاکە دابخە  B. بیدە بە مامۆستا  C. نامەکە بێنە  D. هیچیان

٧. کام لەمانە دەتوانن ببن بە تەواوکەری ڕاستەوخۆ و تەواوکەری بەیارێدە بۆ کاری ناتەواو؟
A. ناو  B. جێناوی کەسی سەربەخۆ  C. چاوگ  D. هەموویان

٨. لە ڕستەی (لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیان چاپکرد) ئەگەر جێناوی سەربەخۆی (ئێمە) بگۆڕین بە (جێناوی لکاو) دەبێتە:
A. لێکۆڵینەوەکەمانیان چاپکرد.  B. لێکۆڵینەوەکەیان چاپکردین.
C. لێکۆڵینەوەکەیانمان چاپکرد.  D. ( A و B ) ڕاستن

٩. کام لەمانە، لە شێوازی دانانیدا، کاری یاریدەدەرە و بۆ گومان بەکاردێت؟
A. لەوانەیە  B. ڕەنگە  C. چێدەبێت  D. هەموو وەڵامەکان ڕاستن

١٠. لە ڕستەی (وڵات دەپارێزین) ئەگەر ناوی وڵات بە (جێناوی نیشانە بۆ کۆی دوور) دیار بخەین دەبێتە:
A. وڵاتی ئەوانە دەپارێزین  B. وڵاتی ئەوان دەپارێزین  C. وڵاتی ئەمانە دەپارێزین  D. وڵاتی ئێوە دەپارێزین

١١. لە ڕستەی (خانووەکەمان پێ بفرۆشن.) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ (ڕابردووی نزیکی دانانی)، دەبێتە:
A. دەبوو خانووەکەیان پێ فرۆشتباین.  B. دەبوو خانووەکەتان پێ فرۆشتبان.
C. دەبوو خانووەکەتان پێ فرۆشتباین.  D. دەبوو خانووەکەتان پێ فرۆشتبا.

١٢. لە ڕستەی (شەقامەکانی شارەکە نۆژەندەکرێنەوە) ئەرکی گرێی (شەقامەکانی شارەکە) چییە؟
A- بکەرە  B- نیهادە  C- جێگری بکەرە  D- دیارخەری ناوە

CS Scanned with CamScanner

١٣. لە رستەی ( منداڵەکە لە شەقامەکە پەڕییەوە ) کاری رستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟
A. تەواوی ڕاگەیاندنە    B. نزیکی ڕاگەیاندنە    C. دووری ڕاگەیاندنە    D. نزیکی دانانییە

١٤. لە رستەی ( خەڵاتی دەکەین. ) ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن )، دەبێتە :
A. خەڵاتی دەکردین.    B. خەڵاتی کردین.    C. خەڵاتمانی کرد    D. خەڵاتمان کـرد.

١٥. لە رستەی ( مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزن ) دیارخراو ناوێکی :
A. تاکی نەناسراوە    B کۆی نەناسراوە.    C. تاکی ناسراوە    D. کۆی ناسراوە

١٦. لە رستەی ( کتێبێکی پێم بەخشی. ) ئەگەر ( بەرکار ) لە رستەکە لابدەین، دەبێتە :
A. پێی بەخشین    B. پێمی بەخشی    C. پێم بەخشی    D. پێیم بەخشی

١٧. کام لەم رستانە، کارەکەی تەواوی تێپەرە؟
A. دیوانی گۆرانم هەیە.    B. مامۆستاکەمان لێهاتوو بوو.    C. دیوانەکە لە کتێبخانەکەدا هەیە.    D. یارییەکەمان تەواوبوو.

١٨. لە رستەی ( هۆنراوەکە دەخوێنێتەوە. ) ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ) دەبێتە :
A. هۆنراوەکەی خوێندووە.    B. هۆنراوەکەی خوێندووەتەوە.    C. هۆنراوەکەی خوێندەوە.    D. هۆنراوەکەی دەخوێندەوە

١٩. لە رستەی ( گەڵای دارەکە وشکبوو ) کاری رستەکە چییە؟
A. تەواوی تێنە پەڕی لێکدراوە    B. تەواوی تێنە پەڕی دارژاوە    C. تەواوی تێپەرە    D. ناتەواوە

٢٠. لە کام لەم رستانەدا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەرنەکەوتووە؟
A. دیارییەکەتم بۆ نارد    B. دیارییەکەم بۆ ناردن    C. دیارییەکەم بۆ نارد    D. ( C+ A ) ڕاستن

٢١. لە رستەی ( ئەگەر باش تێبکۆشن، بە ئاوات دەگەن. ) ( کاری مەرج ) لە چ ڕێژەیەکدایە؟
A. ڕانەبردووی دانانی    B. ڕانەبردووی ڕاگەیاندن    C. داخوازی    D. بەردەوامی ڕاگەیاندن

٢٢. لە رستەی ( مەلای جزیری شاعیرێکی کورد بوو ) ئەرکی وشەی ( کورد ) چییە؟
A. بەرکارە    B. تەواوکەری کاری ناتەواوە    C. دیارخەری ناوە    D. نیهادە

٢٣. لە کام لەم کارانەدا، جێناوی لکاوی ( بکەر ) دەچێتە نێوان نیشانەی( ووــ ە ):
A. بانگکردووە    B. سەرکەوتووە    C. وەرگرتووە    D. نەخواردووە

٢٤. لە رستەی ( قوتابخانەکەمان نۆژەن دەکەنەوە ) ئەگەر کاری رستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن ) دەبێتە :
A. قوتابخانەکەی نۆژەن کردینەوە    B. قوتابخانەکەمانی نۆژەن کردەوە
C. قوتابخانەکەمانیان نۆژەن کردووەتەوە    D. قوتابخانەکەمانیان نۆژەن کردەوە

٢٥. لە رستەی ( من پێشمەرگەی کوردستانم ) چی دەرنەکەوتووە؟
A. ئامرازی دانە پاڵ    B. کاری ناتەواو    C. نیهاد    D. بکەر

٢٦. یەکەمین هەوڵ بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕوخسارو تەکنیکی شیعر لە ساڵی...............بوو:
A- ١٩٣٩    B- ١٩٥٢    C- ١٩٥٤    D- ١٩٥٧

0001

٢٧. ئەم نیوە دێڕە شیعرە (مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی)، بە یەکێك لەم نیوە دێڕانە تەواودەبێت:
A. موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی　B. مەڵێ من کچم، تۆش وەکو منی
C. سەرپۆش فرێدە، چ وادەی شەرمە　D. هەستە، تێکۆشە، تا خوێنت گەرمە

٢٨. جیاوازی کەوتە نێوان وتار نووسانی شار وشاخ لە خستنە رووی بابەتەکاندا لە دوای ساڵی:
A. ١٩٦١　B. ١٩٧٠　C. ١٩٧٢　D. ١٩٧٥

٢٩. چیرۆکی کوردی لە قۆناغی ١٩٧٠-١٩٩١ سوودی لە بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە بەتایبەتی عەبدوڵا سەراج لەچیرۆکی:
A. هێلەگ　B. لاوکی سوارە　C. بەیتی سمۆ　D. شەوێکی درێژ

٣٠. (کورتەی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی) بەرهەمی کێیە؟
A. مارف خەزنەدار　B. ئیحسان فوئاد　C. رەفیق حیلمی　D. عیزەدین مستەفا رەسوڵ

٣١. بەشێك لەچیرۆکەکانی گۆڤاری ............ سیمای چیرۆکی فۆلکلۆری کوردییان پێوە دیارەو بەشێکیشیان بەزمانی گیانداران نووسراون:
A. گەلاوێژ　B. شەفەق　C. هاوار　D. رۆژا نوو

٣٢. بەشداری راستەوخۆی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شان بەشانی پێشمەرگە لە شیعری ..........دەردەکەوێت:
A. هێمن　B. هەژاری موکریانی　C. کامەران موکری　D. بێکەس

٣٣. لە قۆناغی (١٩٧٠-١٩٧٥) لە رووی تەکنیکی شیعرییەوە مامەڵەکردن لەگەڵ شتە بێگیانەکان وەکو مرۆڤ لە شیعری ------ دەبینرێت:
A. گۆران　B. شێرکۆ بێکەس　C. لەتیف هەڵمەت　D. جەوهەر کرمانج

٣٤. (حسێن عارف) لە کۆمەڵە چیرۆکی ............. زمان زۆر دەوڵەمەندتر و شیرینتر و سەرنجراکێشترە، لە چاو چیرۆکەکانی پێشووتری.
A. تەنیایی　B. گەلەگورگ　C. گوڵی رەش　D. توێشووی سەفەرێکی سەخت

٣٥. کام لەم نووسەرانە هەوڵی داوە چەمکێکی نوێ بۆ شیعری کوردی بخاتەبەردەست وبە پێی ئەم چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێت:
A. شێخ نوری شێخ ساڵح　B. جەمیل بەندی رۆژبەیانی　C. سیاپۆش　D. مارف بەرزنجی

٣٦. ناوەرۆکی شیعری کوردی، لە قۆناغی (١٩٣٩ – ١٩٥٨)، زیاتر رووی لە شیعری ................ کرد.
A. سیاسی　B. چینایەتی　C. نەتەوایەتی　D. هەموو وەڵامەکان راستن

٣٧. یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی وتار لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠):
A. حوزنی موکریانی　B. مستەفا نەریمان　C. رەمزی قەزاز　D. تەها بەرواری

٣٨. دەوڵەمەندی زمانی شیعر لە لایەك و فراوانبوونی ئاسۆی.بەردەم ئەندێشە.بووە هۆی گۆڕینی:
A. کێشی شیعر　B ناوەرۆکی شیعر　C. سەرواى شیعر　D. وێنەی شیعر

٣٩. لە کام قۆناغی شیعردا، وێنەی شیعری بەتەواوەتی خۆی دەربازکردووە لە لاساییکردنەوە و وێنەی دووبارە:
A. ١٩٣٩ – ١٩٥٨　B. ١٩٥٨ – ١٩٧٠　C. ١٩٧٠ – ١٩٧٥　D. ١٩٧٥ – ١٩٩١

٤٠. (باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکان جوان و چێژبەخش و رەوان بن واتاکانیشیان سوود بەخشبن) یەکێکە لە پێوانە رەخنەییەکانی:
A. حاجی قادری کۆیی　B. نالی　C. ئەحمەدی خانی　D. مەلای جزیری

٤١. بایەخ دان بەهەست وسۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ یەکێکە لە پێوانە رەخنەییەکانی رێبازی:

A. کلاسیک      B. ریالیزم      C. رۆمانتیك      D.فۆرمالیزم

٤٢. یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە قۆناغی (١٩٧٥ – ١٩٩١) جوانترین شیعریان بۆ ژن و مەبەستەکانی تری شیعر نووسیوە:

A.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی      B.دیلان      C.کامەران موکری      D.لەتیف هەڵمەت

٤٣. مستەفا سالح کەریم خەلاتی دووەمی گۆڤاری شەفەقی وەرگرت بە چیرۆکی:

A. شەوێکی درێژ      B. چای شیرین      C. چەندم لێ ئەستێنێ      D . کاروانی

٤٤. شیعری – – – دەرخەری ئەو راستیەیە کە هەست و ئەستی کوردایەتی بەتەواوەتی شیعری کوردیی قۆناغی (١٩٣٩–١٩٥٨)ی داگیرکردووە:

A کوردم ئەمن      B.سرودێك بۆ پێشمەرگە      C.قەڵاچۆی دوژمن      D ئالا من

٤٥. (شێخ نوری شێخ سالح) لە ساڵی (١٩٢٦)، لە رۆژنامەی .................... زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بڵاوکردووەتەوە.

A. برایەتی      B. ژیانەوە      C . بلێسە      D. ژین

٤٦. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە؟      (کوڵمەکەت وەکو گوڵاڵەی گەشە      بێ سورمەش چاوە مەستەکەت رەشە).

A. خواستنی ئاشکرا و رەگەزدۆزیی ناتەواو      B. لێکچواندن و دژیەك

C. لێکچواندن و رەگەزدۆزیی ناتەواو      D. خواستنی ئاشکرا و لێکچواندن

٤٧. لەم دێرەشیعرەدا چەند بنەمای لێکچواندنی تێدایە؟ (شێر لە بێشە دەرپەڕی دەست بەخە نجەر      رووبەڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنان) .

A. یەك بنەما      B. دوو بنەما      C. سێ بنەما      D. چوار بنەما

٤٨. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە؟      (راستی مایەی میهری یەزدانە      ناراستی دایم بەری زیانە)

A. دژیەکی ئەرێ      B. رەگەزدۆزی ناتەواو      C. لێکچواندن      D. دژیەکی ئەرێ

٤٩. ( بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە      لارو لە نجەت مۆسیقایە بەستەیە گۆرانییە).

لەم دێرە شیعرە لێکچواندنەدا کام لەمانە دەبنە رووی لێکچواندن؟

A. بەژن و باڵاکەت      B. لارو لە نجەت      C. هەیکەلی یۆنانی      D. هیچیان

٥٠. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە؟

وانەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەرئەکا      ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکا

A. دژیەکی ئەرێ      B. خواستنی ئاشکرا

C. رەگەزدۆزی ناتەواو      D. خواستنی درکاو

وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی

بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 ( خولی یەکەم )

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | B | B | D | A | D | B | D | D | C | A | C | C | B | D | B | B | A | B | A | D | A | C | B | D | B |
| B | C | B | D | B | C | B | A | D | A | B | A | B | D | C | D | D | D | B | B | A | A | D | B | C | B |

| # | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | C | D | D | A | A | C | B | A | B | C | D | C | D | C | D | C | A | C | A | B | C | A | A | D | D |
| B | D | B | A | B | A | D | C | C | A | D | C | C | D | C | D | C | A | A | C | B | A | C | D | D | A |

**A**

هەرێمی کوردستانی عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی _ وێژەیی)
SN: 6000011

بەناوی خوای گەورە

ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی / کات: ٣ کاتژمێر
ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ (خولی دووەم)
A
9002

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە، بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە:

١. لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی (یان) ئەرکی بەرکارە؟
A. هەڵیان دەبژێرین   B. هەڵیان بژاردین   C. هەڵمانیان بژارد   D. هەڵیان دە بژاردین

٢. لە ڕستەی (مانگەشەو سەر لە نێوارە دیارە) بزوێنی (ە) ی نێوان هەردوو وشەی (مانگ ..... شەو) چییە؟
A. ئامرازی دانە پاڵە   B. ئامرازی پەیوەندییە   C. ئامرازی لێکدانە   D. ئامرازی پێناسینە

٣. لە ڕستەی (فێرتان کردین) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ (داخوازی)، دەبێتە:
A. فێری بکەن   B. فێرمان بکەن   C. فێرمان بکە   D. فێریان بکەن

٤. لە ڕستەی (حەمرین سنووری هەرێمی کوردستانە.) ئەرکی گرێی (هەرێمی کوردستان) چییە؟
A. نیهادە   B. تەواوکەری کاری ناتەواوە   C. بەرکارە   D. دیارخەری ناوە

٥. لە کام ڕێژەی کار، ئەگەر کارەکە ناسادە بێت، دەگونجێت (نیشانەی کار) دەرنەکەوێت:
A. ڕانەبردووی دانانی   B. داخوازی   C. ڕانەبردووی ڕاگەیاندن   D. هەردوو وەڵامی (A و B) ڕاستن

٦. کاری چاوگی (بوون) دەبێتە کاری (تەواوی تێپەڕ)، ئەگەر:
A. بەشێوەی دارێژراو، یان لێکدراو بەکارهات   B. بە واتای بوون (وجود) بەکارهات
C. بە واتای خاوەندارێتی، یان منداڵبوون بەکارهات   D. هەردوو وەڵامی (A و B) ڕاستن

٧. لە ڕستەی (بینووسە بۆم.) ئەرکی جێناوە لکاوەکانی (ی) و (م) چین؟
A. (ی) تەواوکەری بەیاریدەیە ، (م) بەرکارە   B. (ی) بەرکارە ، (م) تەواوکەری بەیاریدەیە
C (ی) بکەرە ، (م) تەواوکەری بەیاریدەیە   D. (ی) بەرکارە ، (م) بکەرە

٨. لە ڕستەی (منداڵەکە بنێرنە قوتابخانە) بزوێنی (ە) دوای کاری ڕستەکە چییە؟
A. ئامرازی پەیوەندییە   B. ئامرازی پێناسینە   C. جێناوی لکاوە   D. کاری ناتەواوە

٩. لە ڕستەی (وێنەکەم نەبینی.) ئەگەر جێناوی (ت) وەك دیارخەر بەکاربهێنین، دەکەوێتە:
A. دوای (وێنەکە)   B. کۆتایی کارەکە   C. دوای (نە)   D. دوای (م)

١٠. لەکام لەم ڕستانەدا، جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەرکەوتووە؟
A. ڕەنگە نامەکەی پێ گەیشتبێت   B. ڕەنگە خانووەکەی پێ فرۆشتبێت
C. دەبوو دیارییەکەی لێ وەرگرتبا   D. هەردوو وەڵامی (B و C) ڕاستن

١١. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ (ڕابردوو)، جێناوی لکاوی (بکەر) دەرناکەوێت:
A. گوڵەکان ئاودەدات   B. لە باخچەکەمان دادەنیشێت   C. دایدەمەزرێنێت   D. قوتابیەکان فێردەکات

١٢. (ڕەنگە چووبێت بۆ کتێبخانە.) ئەگەر ڕستەکە بگۆڕین بۆ (شێوازی ڕاگەیاندن)، دەبێتە:
A. چوو بۆ کتێبخانە   B. چووەوە بۆ کتێبخانە   C. چووە بۆ کتێبخانە   D. چووەتەوە بۆ کتێبخانە

١٣. لە رستەی (کرێکارەکانی کارگەکە خەڵاتکران) دیارخراو و دیارخەر بریتین لە:

A. ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو
B. ناوی تاکی ناسراو و کۆی ناسراو
C. ناوی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو
D. ناوی کۆی نەناسراو و تاکی ناسراو

١٤. لە کام لەم رستانەدا، جێناوی لکاوی (ی) ئەرکی دیارخەری ناوە:

A. وتارەکەمی چاپکرد
B. وتارەکەی چاپدەکەم
C. وتارەکەی چاپکردم
D. وتارەکەی بۆ چاپدەکەم

١٥. لە کام لەم رستانەدا، دەتوانین جێناوی (مان) بگۆڕین بە جێناوی (ین).

A. یارمەتیمان بدەن
B. یارمەتیمان دەدات
C. یارمەتیمانیان دا
D. هیچکام لەمانە

١٦. لە کام لەم رستانەدا، بزوێنی (ە) ی کۆتایی کار، جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک؟

A. چیرۆکەکێ بنڤیسە
B. زوو ژخەو رابە
C. ئەو چیرۆکێ دنڤیسە
D. (A و B) راستن

١٧. لە رستەی (دەمەوێت لەتاقیکردنەوەکەدا سەربکەون) کاری (سەربکەون) لەچ رێژەیەکدایە:

A. رانەبردووی دانانییە
B. داخوازییە
C. رانەبردووی راگەیاندنە
D. بەردەوامی راگەیاندنە

١٨. لە گەڵ کام لەم کارانەدا جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتایی کار؟

A. دەرچووبوو
B. هاوکاریکردبوو
C. یارمەتیدابوو
D. داهێنابوو

١٩. جێناوی (نادیار) لە کرمانجی خوارووی کە دەبێتە دیارخەری ناو، پێویستی بە:

A. ئامرازی دانەپاڵی ( ە ) دەبێت
B. ئامرازی دانەپاڵ نابێت
C. ئامرازی دانەپاڵی ( ە – ی ) دەبێت
D. ئامرازی دانەپاڵی ( ی ) دەبێت

٢٠. کام لەم کارانە، رێژەی رابردووی تەواوی راگەیاندنی بکەر نادیارە؟

A. ئاوەدان کراوەتەوە
B. ئاوەدان دەکرایەوە
C. ئاوەدان کرایەوە
D. ئاوەدان کرابێتەوە

٢١. جێناوە سەربەخۆکان دەبنە دیارخەری ناو جگە لەجێناوی:

A. پرس
B. هەیی
C. خۆیی
D. کەسی سەربەخۆ

٢٢. لە رستەی (ئەگەر خواردنەکە ئامادەبوو، بانگتان دەکەم.) (کاری مەرج) لە چ رێژەیەکدایە؟

A. رابردووی بەردەوامی راگەیاندن
B. رانەبردووی راگەیاندن
C. رابردووی دووری راگەیاندن
D. رابردووی نزیکی راگەیاندن

٢٣. لە رستەی (ئەحمەدی خانی کەی لەدایکبووە؟) کاری رستەکە چییە؟

A. کاری ناتەواوە
B. کاری تەواوی تێنەپەڕە
C. کاری تەواوی تێپەڕە
D. کاری یاریدەدەرە

٢٤. جێناوی لکاوی ( تەواوکەری بەیاریدە ) هەمیشە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی لە گەڵ کاری:

A. رابردووی تێنەپەڕ
B. داخوازی تێپەڕ
C. رانەبردووی تێپەڕ
D. داخوازی تێنەپەڕ

٢٥. لە رستەی (راپۆرتەکەی ئامادەنەکردووە.) ئەگەر (بەرکار) لابدەین، جێناوی لکاوی (ی) دەچێتە:

A. کۆتای کار
B. نێوان نیشانەی کار
C. دوای بەشی یەکەمی کار
D. دوای ئامرازی نەرێ

٢٦. هەوڵی گۆڕینی قاڵبی شیعر لە کوردستانی خۆر هەڵاتدا لەتاقیکردنەوە شیعرەکانی..........دەبینرێت:

A. قەدری جان
B. هەژارموکریانی
C. هێمن
D. سوارەی ئیلخانی زادە

٢٧. چیرۆکنووسانی گۆڤاری .................... بەتەواوەتی لایەنگری جوتیارن.

A. شەفەق
B. هاوار
C. گەلاوێژ
D. رۆژا نوو

001

٢٨.کام لەمانە وتاری ڕەخنەیی (مارف بەرزنجی )ن، کە لە گۆڤاری شەفەقدا بڵاوکراونەتەوە؛

A. (کامەران و دیارییەکە ) و (کۆن و تازە لە شیعردا )    B. (کورد و نسلوبی شیعر ) و (کامەران و دیارییەکە )

C. (شیعر و نووسینی کوردی ) و (کۆن و تازە لە شیعردا )    D. (شیعر و نووسینی کوردی ) و (کورد و شیعر )

٢٩.کام لەمانە لە بڵاوکراوکانی شاخە؟

A. هەڵوێستی ئەدەب    B. بەیان    C. ڕۆشنبیری نوێ    D. ڕۆژی نوێ

٣٠.لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠ )دا، زمانی شیعر لە چوارچێوەی چ بابەتێکدا دەسوڕایەوە؟

A. کۆمەلایەتی    B. چینایەتی    C. سیاسی    D. ئەڤینداری

٣١.چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان )ی (ئەحمەد موختار جاف ) لە ساڵی ........ چاپکرا؛

A. ١٩٢٥    B. ١٩٢٩    C. ١٩٧٠    D. ١٩٧٥

٣٢.کام لەم بەرهەمانە ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی ڕەخنەودەرگایەکی نوێ لەبەردەم ئەدەب ورەخنەی ئەدەبی کوردی دەکاتەوە؛

A. شیعرو ئەدبیاتی کوردی( بەرگی یەکەم )    B. شاعیرەکانمان

C. مێژووی ئەدەبی کوردی    D. گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم

٣٣.کام شاعیر بەڕوونی تێڕوانینی خۆی دەربارەی (ژیان و مردن ) خستووەتەڕوو؛

A. ئەنوەر قادر محەمەد    B. عەبدوڵا پەشێو    C. گۆران    D. شێرکۆ بێکەس

٣٤.ناوێتەکردنی ژن لەگەڵ کێشە سیاسیەکاندا بوو بە هۆی ئەوەی ڕەنگدانەوەی ژن لە شیعری کوردیدا تەنها وەکو خۆشەویست سەیرنەکرێت لە شیعری کێدا دەردەکەوێت؟

A. ئەحمەد هەردی    B. گۆران    C. بێکەس    D. دیلان

٣٥.کام لەمانە بەرهەمی (مونەیەد تەیب )ە؟

A. سبە ئەکە گری دایێ    B. هەڵە بجە دووەم هاتن    C. ڕوبارێکی خوێناوی    D. یاخی بن

٣٦.ڕەخنەگری بەناوبانگی فەڕەنسی (بوالۆ)، ڕاو بۆچوونەکانی ............ ی جێگیرکرد و کردی بە پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ

A. ئەرستۆ    B. ئەرستۆڤانیس    C. ئەفلاتون    D. ئەسخیلۆس

٣٧.یەکێکە لەو شاعیرانەی قۆناغی (١٩٢٩- ١٩٥٨ ) پاڵپشتی چینی چەوساوە بوو دژی زۆرداران وەستاوەتەوە؛

A. لەتیف هەڵمەت    B. قانع    C. جەوهەر کرمانج    D. شێرکۆ بێکەس

٣٨.(شاعیرانی کورد توانیویانە ڕەوانبێژیی عەرەبی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و لە مەیدانی ئەو زانستە ببنە سوارچاکی سەردەمەکەیان ) یەکێکە لە بنەڕەتە ڕەخنەییەکانی؛

A. ئەحمەدی خانی    B. حاجی قادری کۆیی    C. مەلای جزیری    D. سالم

٣٩.کام لەم چیرۆکنووسانە، سوودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە؛

A. شێرزاد حەسەن    B. ئەنوەر محەمەد تاهیر    C. محەمەد فەریق حەسەن    D. ڕەئووف بێگەرد

٤٠.شاعیران لە دەقە شیعرییەکاندا، هێما و نیشانەیان بەکارهێناوە، بە هێما و نیشانەی خۆماڵی و جیهانییەوە، لە قۆناغی؛

A. ١٩٢٩ – ١٩٥٨    B. ١٩٥٨ – ١٩٧٠    C. ١٩٧٠ – ١٩٧٥    D. ١٩٧٥ – ١٩٩١

٤١.یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی وتار، لە قۆناغی (١٩٥٨ – ١٩٧٠ )؛

A. شێخ محەمەدی خاڵ    B. عەبدولڕەحمانی زەبیحی    C. مستەفا ئەریمان    D. جەلادەت بەدرخان

٤٢.لە کام قۆناغدا شیعری بەرنگاری دەبێتە هۆکاری بۆشکاندنی ترس لە دوژمن و بەرزکردنەوەی وردی کورد بەرامبەر بە دوژمن:

A. (١٩٣٩ – ١٩٥٨)    B. (١٩٥٨ – ١٩٧٠)    C. (١٩٧٠ – ١٩٧٥)    D. (١٩٧٥ – ١٩٩١)

٤٣.(نالی لە داهێنانی شیعریدا، زیاتر بایەخی بە لایەنی جوانکاری داوە و هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ دەقی شیعریدا کردووە.) ئەمە بۆچوونی کێیە؟

A. شێخ نوری شێخ سالح    B. عەلی کەمال باپیر    C. ئەمین فەیزی بەگ    D. عەلائەدین سجادی

٤٤.رەفیق حلمی لە بەرگی دووەمی (شیعرونەدەبیاتی کوردی) تیۆروانینی رەخنەیی دەربارەی..........خستووەتە روو:

A. مەولەوی    B. گۆران    C. نالی    D. دیلان

٤٥.چیرۆکی (کاروانی) بەرهەمی کێیە؟

A. محەمەد سالح دیلان    B. جەمال ئەبەز    C. جەمال بابان    D. محەمەد سالح سەعید

٤٦.چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە؟

(ئاسمان گریا بە ئەحوالم کە دیی زار و زەلیل    من گرفتارم بە دەس دوو ئەرگزی پر خەوتەوە.)

A. دژیەکی ئەریّ و رەگەزدۆزیی ناتەواو    B. لێکچواندن و خواستنی ئاشکرا

C. خواستنی ئاشکرا و خواستنی درکاو    D. خواستنی درکاو و لێکچواندن

٤٧.(وانەی شەهیدیت ئەوەندە بەرزە    کۆشکی دوژمنی پێ هاتە لەرزە) رەگەزدۆزیی ناتەواوە لە:

A. ریزی پیت    B. جۆری پیت    C. ژمارەی پیت    D. ژمارە و جۆری پیت

٤٨.لە کام بابەتی رەوانبێژیدا دەبێت نیشانەیەك هەبێت، تاکو بزانین وشەکە بۆ واتای بنچینیی خۆی بەکارنەهاتووە؟

A. خواستن    B. دژیەك    C. رەگەزدۆزی    D. لێکچواندن

٤٩.چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە؟    (دنالم ئەز شەڤ و رۆژ    وەکی بولبول ژبۆ گول)

A. دژیەکی ئەریّ    B. لێکچواندن    C. دژیەکی ئەریّ    D. (A و B) راستن

٥٠.لەم دێرە شیعرەدا (چ سرێکت لەناو دڵدا حەشارداوە، بە پەنهانی    کە چاوت چەشنی ئاوێنە، وەها پێ پەردە درکانی.)

کام ئەمانە دەبێتە (لـەوچـوو)؟

A. چەشنی    B. چاوت    C. ئاوێنە    D. هیچیان

A

وەلامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی

بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 (خولی دووەم)

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | A | C | B | D | D | C | B | A | A | A | B | C | A | B | C | C | A | A | D | A | B | D | B | D | C |

| # | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | D | C | A | A | C | C | B | D | C | A | A | B | D | B | C | A | D | C | B | D | C | B | A | D | C |

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق    بەناوی خودای گەورە    بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی /کات: سێ کاتژمێر    پەنجەمۆر

لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان

ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( زانستی - وێژەیی )    خولی یەکەم / ساڵی خوێندنی ٢٠٢١- ٢٠٢٢

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە، بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە

١. لە کام لەم ڕستانەدا بکەر جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك؟

A. بۆیان ئاودان بکەنەوە.  B. کتێبەکەم بۆ بگەڕێنەوە.  C. ئەخۆشەکە ببەنە نەخۆشخانە.  D. هەموویان ڕاستن.

٢. لە ڕستەی ( ئەم سەرکەوتنە بە تێکۆشانی ئەوانە. ) وشەی ( تێکۆشان ) دیارخراوە بە :

A. جێناوی نیشانە بۆ کۆی دوور  B. جێناوی نیشانە بۆ کۆی نزیك

C. هاوەڵناوی نیشانە  D. جێناوی کەسیی سەربەخۆ

٣. لە ڕستەی ( بۆ جەژنی نەورۆز سێ چەپك لە گوڵی نێرگز دەکەم بە دیارییەکی جوان بۆ هاوڕێکانم. ) چەند ( دیارخەر ) هەیە؟

A. سێ  B. چوار  C. پێنج  D. شەش

٤. لە ڕستەی ( ئێوەیان ئاگادارنەکردووەتەوە. ) ئەگەر بەرکار بگۆڕین بۆ جێناوی لکاو ، و کاری ڕستەکە بکەین بە ڕانەبردوو ، دەبێتە :

A. ئاگاداریان ناکەنەوە.  B. ئاگادارتان ناکاتەوە.  C. ئاگادارتان ناکەنەوە.  D. ئاگاداریان ناکاتەوە

٥. لە کام لەم ڕستانەدا ( کاری ناتەواو ) بە شێوەی ( تەواوکەری ڕاستەوخۆ ) تەواوکراوە؟

A. براکەم بووە بە ئەندازیار.  B. یارییەکە بەشەو بوو.  C. قەڵەمەکەت بە من بوو.  D. هیچیان

٦. جێناوە لکاوەکانی ( ت ، تان ) دەبن بە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری:

A. ڕابردووی تێپەڕ  B. ڕابردووی تێنەپەڕ  C. داخوازی  D. هەموویان

٧. لە ڕستەی ( پرۆژەگەورەکان زۆر بەسودن. ) ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بکەین بە تاك، چی دەردەکەوێت؟

A. ئامرازی دانەپاڵ ( ە )  B. ئامرازی دانەپاڵ ( ی )  C. کار  D. ( C+A ) ڕاستن

٨. لە بابەتی ( ڕادەی هاوەڵناو ) دا ، کام لەمانە هەڵەیە؟

A. ڕادەی هاوەڵناو، پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نییە بکەوێتە نێوان ڕادە و هاوەڵناوەکە.

B. ئەو هاوەڵناوانەی کە ڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخەن، هاوەڵناوی نادیارن.

C. ڕادەی هاوەڵناوەکە هەمیشە دەکەوێتە دوای هاوەڵناوە بنجییەکە.

D. ڕادە و هاوەڵناوەکە پێکەوە گرێیەکی هاوەڵناوی دروستدەکەن.

٩. لە ڕستەی ( فەرهەنگێکی باشتر بەکاربهێنە. ) ، ( دیارخەر ) چییە؟

A. هاوەڵناوی نادیارە  B. هاوەڵناوی چۆنیەتیی پلەی باڵایە  C. ناوی تاکی نەناسراوە  D. هاوەڵناوی پلەی بەراوردە

١٠. کام لەم کارانە ئەگەر بیگۆڕین بۆ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای ئامرازی ( نە )؟

A. ناخوێنێت  B. وەرناگرین  C. ناڕوات  D. دەرناچین

١١. لە ڕستەی ( گۆڤارەکەی بۆ کڕیم. ) ئەگەر ( تەواوکەری بەیاریدە ) بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ( ت ) دەبێتە :

A. گۆڤارەکەت بۆ کڕیم.  B. گۆڤارەکەی بۆ کڕییت.  C. گۆڤارەکەت بۆی کڕی.  D. گۆڤارەکەی بۆت کڕی.

١٢. لە ڕستەی ( ئەگەر یارمەتیمان دابان ، کارەکەیان تەواودەکرد. ) کام لەمانە دەبێتە بەرکاری ڕستەی کاری مەرج ؟

A. جێناوی لکاو ( یان )  B. جێناوی لکاو ( مان )  C. جێناوی لکاو ( ن )  D. وشەی ( کارەکە )

١٣. لە کام لەم چاوگانە ئەگەر ڕێژەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك دروستبکەین بکەر دەردەکەوێت :

A. بوون  B. ڕۆیشتن  C. ڕاخستن  D. بردن

١٤. لە ڕستەی (کەی خۆر ئاوابوو، دەچینە ژوورەوە) ، (کاری مەرج) لە چ ڕێژەیەکدایە؟

A. ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن    B. ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن    C. ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن    D. ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

١٥. لە ڕستەی (ڕێوییەکی گەرۆك لە شێرێکی نووستوو چاکترە.) هاوەڵناوی (گەرۆك) بە چ دەستوورێك دروستبووە؟

A. ڕەگی کار + پاشگر    B. هاوەڵناو + پاشگر    C. قەدی چاوگ + پاشگر    D. ناو + پاشگر

3731505

١٦. لە کام لەم ڕستانەدا وشەی (زۆر) ڕادەی هاوەڵکارییە؟

A. بەفرێکی زۆر باری.    B. دیارییەکی زۆر بەنرخم بۆ هاتووە.    C. ئاوەکە زۆر سارد بوو.    D. هیچکام لەمانە

١٧. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ (ڕابردوو)، جێناوی لکاوی (بەرکار) دەرناکەوێت؟

A. دەمنێرێت بۆ کتێبخانە.    B. دەیهێنێت بۆ ئێرە.    C. بانگیان دەکات بۆ ئاهەنگەکە.    D. ڕزگارمان دەکات.

١٨. لە کام لەم ڕستانەدا (کاری مەرج) ڕانەبردووی دانانییە ؟

A. ئەگەر زوو ڕویشتبایت ، کارەکەت ئەنجام دەدا .    B. کەی کارەکەتان تەواوکرد ، بڕۆن بۆ ماڵەوە.

C. گەر باشتر بخوێنن ، دەردەچن.    D. B+C ڕاستن.

١٩. لە ڕستەی (کوڕە، یارمەتیی ئەوپیاوە هەژارە بدە.) بزوێنی (ە) لە دوای وشەی (هەژار)چییە؟

A. ئامرازی پەیوەندییە    B. پاشگرە    C. کاری ناتەواو.    D. بەشێکە لە هاوەڵناوی نیشانە

٢٠. لە ڕستەی (ڕاسپاردەکەتم بۆ نارد.) ئەگەر (بەرکار) لابدەین، پاشان کارەکە بگۆڕین بۆ (ڕانەبردوو)، ڕستەکە دەبێت بە :

A. بۆت دەنێرم.    B. بۆم دەنێرێت.    C. بۆی دەنێرم.    D. بۆی دەنارد

٢١. کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە (ناو + پاشگر)؟

A. ئازادانە    B. شەوانە    C. مەردانە    D. بێباکانە

٢٢. جێناوی کەسی لکاوی (ین) لەگەڵ کام لەمانە دەبێتە بەرکار:

A. وەری دەگرت.    B. وەرمان دەگرت.    C. دەبوو وەرم گرتبا.    D. وەردەگرێت.

٢٣. لە ڕستەی (مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان بوو.) ئەرکی گرێی (کۆماری کوردستان) چییە؟

A. تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە    B. تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە

C. دیارخەری ناوە    D. نیهادە

٢٤. لە کام لەم ڕستانەدا کاری ڕستەکە تەواوی تێپەڕە ؟

A. کەسێکی دڵسۆزم هەبوو.    B. بەفرەکەیان ڕامالییوو.    C. لە ڕا پەڕینەکە بەشداربوو.    D. منداڵەکە لەدایکبوو

٢٥. لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی (بکەر) دەرکەوتووە؟

A. دەهات بۆ پێشانگاکە.    B. گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.    C. لە ژوورەکەی دانیشتووە.    D. باخچەکەی بۆ ڕازاندەوە.

٢٦. وتارێکی ڕەخنەیی مارف خەزنەدارە لە گۆڤاری شەفەق بڵاوکرایەوە :

A. کورد و ئسلوبی شیعر    B. شیعرو نووسینی کوردی    C. کورد و شیعر    D. کۆن و تازە لەشیعردا

٢٧. کام لەمانە لە پێوانە ڕەخنەییەکانی (نالی) یە؟

A. باشترین شیعر، ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوان بن و واتاکانیشیان سودبەخش بن.

B. شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە کە بەکەمترین وشە، زۆرترین واتای دەربڕیوە.

C. بەهای دەق، واتای جوان و نوێیە، نەك هەر بەتەنیا وشە و واژەی جوان و ڕازاوە.

D. هەردوو وەڵامی (B و C) ڕاستن

٢٨. لە باردی (زمانی شیعر)، لە قۆناغی (١٩٧٠ – ١٩٧٥)، کام ئەمانە هـەڵـەیـە؟

A. زمانی شیعر ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بەئاسانی لە واتای وشەکان ناگات  B. لە چوارچێوەی کوردیی پەتیدا دەسووڕایەوە

C. بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرەنگاربوونەوە و چۆکدانەدان دەڕۆیشت  D. زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیردەکات

٢٩. وتارە رەخنەییەکانی (جەمیل بەندی رۆژ بەیانی) لە کام گۆڤاردا بڵاودەکرایەوە؟

A. گەلاوێژ  B. شەفەق  C. هاوار  D. دەنگی گێتی تازە

٣٠. لە بنەڕەتدا هونەرێکی ئەوروپییە، پێویستی ژیان وایکردووە وەك رۆخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە.

A. رۆمان  B. وتار  C. شیعر  D. چیرۆکی هونەری

٣١. رووداوی سیاسی و باسی خەباتی رەوای کورد، ژیانی پێشمەرگایەتی نێو شاخ بوو بە هەوێنی چاوەڵهێنانی رۆمانەکانی قۆناغی:

A. سەرەتا  B. گەشەسەندن  C. جێگیربوون  D. (B+C) راستن

٣٢. کام لەم شیعرانە بەرهەمی (دیلان)ن؟

A. (بەهار) و (بێشکەی منال)  B. (کوردم ئەمن) و (رێگەی خەبات)

C. (ئەی کچە شوان) و (بەهار)  D. (رێگەی خەبات) و (بەهار)

٣٣. لە ماوەی دامەزراندنی (کۆماری کوردستان)، چەندین گۆڤار و رۆژنامە دەرچوون، لەوانە:

A. هەڵاڵە  B. نزار  C. بڵێسە  D. هیوا

٣٤. (زۆر لاوی ئازات، لە کۆڕی خەبات، خوێنی خۆیان رشت) ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەرهەمی کێیە؟

A. هێمن  B. کامەران موکری  C. هەژاری موکریانی  D. گۆران

٣٥. لە سەرەتای سالانی حەفتادا کۆمەڵێك چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بە بۆچوونی تازە و کەرەستەی تازە بەردەوامبوون، وەك:

A. محەمەد موکری  B. مستەفا سالح کەریم  C. شێرزاد حەسەن  D. محەمەد فەریق حەسەن

٣٦. رۆمانی (گوندی مێرخاسا) لە نووسینی کێیە؟

A. عەرەبی شەمۆ  B. عەلی عەبدولرەحمان  C. حاجی جوندی  D. محەمەد ئۆزون

٣٧. (خۆریش نیم، بەباڵەوە لە رۆژنا ئاسمان تەی کەم) ئەم نیو دێڕە، بۆ چ مەبەستێکی شیعری وتراوە؟

A. وەسفی سروشت  B. بەرەنگاری  C. یاخیبوون  D. هەستی نامۆبوون

٣٨. لە گۆڤاری ........... دا، هەندێك جار چیرۆکە کوردییەکان کراون بە (فەرەنسی)، ئەمەش ئەزموونێکی تازە بوو، لە ئەدەبی کوردیدا.

A. هاوار  B. شەفەق  C. رۆژا نوو  D. گەلاوێژ

٣٩. (دەبێت دەقی ئەدەبی رەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت) ئەمە بۆچوونی کێیە؟

A. مەدام دی ستال  B. بوالۆ  C. سانت بیڤ  D. ئەلفرید دی موسێ

٤٠. (قەدری جان) سوودی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی:

A. وێنەی شیعری  B. زمانی شیعر  C. ناوەرۆکی شیعر  D. هەموو وەڵامەکان راستن

٤١. کام لەم رۆمانانە بەرهەمی (نافیع ئاکرەیی) یە؟

A. بوهۆژین  B. هاوارا دیجلەیێ  C. کۆرەدەر  D. هەواری

٤٢. کام لەم شاعیرانە دەنگێکی دیاری ماوەی نێوان سالانی (١٩٧٠ – ١٩٧٥) بوو؟

A. دڵشاد مەریوانی  B. جەمیل رەنجبەر  C. نەوزاد رەفعەت  D. ئەنوەر مەسیفی

٤٣. دەربارەی گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی (١٩٧٠-١٩٩١) کام لەمانە راستە:

A. زمانی وتار پوختەتربوو لە رووی وشەو زاراوە دەوڵەمەندتربوون.

B. زمانی وتارەکان گەشەیان بەخۆیانەوە دەبینی چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران.

C. بە هۆی سەرهەڵدانی وتار نووسی ژنەوە ژنی کورد هاندەدرا بۆ خوێندن و خوێندەواری.

D. وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا.

٤٤. عبدوڵلا سەراج لە نووسینی چیرۆکەکانی دا سودی لە چی وەرگرتووە؟

A. هونەری سینەما B. بەیت و لاوك C. ئەفسانە و هێمای مێژوویی D. (B+A) راستن

٤٥. لە کام قۆناغی شیعر، گەلێك وێنەی شیعریی جوان بەکارهاتووە، سەرچاوەکەی لە رووداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەیی و جیهانییەکانەوە وەرگیراون؟

A. ١٩٣٩ - ١٩٥٨ B. ١٩٥٨ - ١٩٧٠ C. ١٩٧٠ - ١٩٧٥ D. ١٩٧٥ - ١٩٩١

٤٦. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا بابەتی (رەگەزدۆزیی تەواو) هەیە؟

A. مەعشوق تویی ب فەخر و نازی عاشق تویی لێك بێ نیازی.

B. پیری بەتەنیا رەحمەتە پیری و هەژاری زەحمەتە.

C. ئەقابیلی حەملێ داغ و دەردان ئەماییلی سەیری باغ و وەردان.

D هیچیان

٤٧. لەم دێڕە شیعرەدا کام لەم بنەمایانەی (لێکچواندن) هاتووە؟

مانگی من کە وا لە زەمینداپە دایم لە تاقی چواردەمینداپە.

A. لێچوو B. لەوچوو C. لێچوو و لەوچوو D. لێچوو و لەوچوو و رووی لێکچوون

٤٨. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە؟ ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کە ئاڵن لە کێو و کەژ ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە رژاوەکەم.

A. جوانیی پاییس B. خواستنی درکاو C. لێکچواندن D. خواستنی ئاشکرا

٤٩. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێڕە دا هەیە؟ ئەوەی رزقی موقەدەرە بەخۆی دێ سەد دەفعە بخوازێ یا نەخوازێ

A. خواستنی درکاو B. دژیەکی ئەرێ C. جوانیی پاییس D. دژیەکی نەرێ

٥٠. لەم دێڕە شیعرە (لێکچواندنە) دا کام لەمانە دەبێتە رووی لێکچوون؟

دڵم زنجیرنەکەم ئەمما لە یاری دڵڕوبا چ بکەم رەنگم وشکە وەکو پووشە، لە قووەی کارەبا چ بکەم

A. پووش B. یاری دڵڕوبا C. وشکایەتی D. رەنگی شاعیر

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1=B | 2=D | 3=C | 4=C | 5=B | 6=D | 7=C | 8=C | 9=D | 10=A | 11=D | 12=C | 13=A |
| 14=B | 15=A | 16=D | 17=B | 18=C | 19=D | 20=C | 21=B | 22=A | 23=C | 24= A | 25=D | |
| 26=A | 27=D | 28=C | 29=A | 30=D | 31=B | 32=D | 33=A | 34=C | 35= B | 36=B | 37=B | 38=A |
| 39=A | 40=B | 41=A | 42=A | 43=D | 44=D | 45=C | 46=D | 47=B | 48=A | 49-=B | 50=C | |

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەم )
A
بەناوی خودای گەورە
بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی /کات: سێ کاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
( زانستی - وێژەیی ) خولی دووەم ٢٠٢١ - ٢٠٢٢
پەنجەمۆر
SN: 000001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە. بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە

١. لە کام لەم ڕستانەدا بکەر جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك؟
A. چیرۆکێ دەڵێیە. B. نامەکەی پێ گەیشت. C. قەڵەمەکەی لێ ونبوو. D. هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

٢. لە ڕستەی ( لە هەموو شوێنێك مرۆڤی باش هەیە. ) کاری ڕستەکە چییە؟
A. کاری تەواوی تێنەپەڕە بەواتای( وجود )
B. کاری ناتەواوە
C. کاری تەواوی تێنەپەڕی داڕژاوە
D. کاری تەواوی تێپەڕە بە واتای خاوەندارێتی

٣. لە ڕستەی ( کەی کارەکەتان بۆ تەواوکردین ، ئاگادارمان بکەنەوە ) کام لەمانەدەبێتە بکەری ڕستەی کاری مەرج؟
A. مان B. ن C. تان D. بکەر دەرنەکەوتووە

٤. هاوەڵناوی......... دەبێتە دیارخەری ناو هەمیشە پێش ناوە دیارخراوەکە دەکەوێت وە پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵە :
A. هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی B. هاوەڵناوی پلەی باڵا C. هاوەڵناوی پرس D. هاوەڵناوی ژمارەی پێنجی

٥. لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی ( ت ) تەواوکەری بەیاریدەیە؟
A. بۆت هێنام B. بۆت دەهێنم C. بۆیت هێنا D. بۆت هێنا

٦. ئەگەر ڕستەی ( دەمان بەیت. ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنی ئەرێ دەبێتە :
A. ئەی دەبردین. B. ئەمان دەبردیت. C. ئەمانت دەبرد. D. ئەت بردووین.

٧. لە ڕستەی ( ئەو گوڵە باخە بڕوێنە. ) بزوێنی ( ە ) لە نێوان هەردوو وشەی ( گوڵ ..... باخ ) چییە؟
A. بەشێکە لە هاوەڵناوی نیشانە B. ئامرازی لێکدانە C. ئامرازی دانە پاڵە D. پاشگرە

٨. لە شێوازی دانانیدا ، کاری یاریدەدەری ( دەڤێت ) بۆ چی بەکاردێت؟
A. گومان B. پێویستی C. ویستن D. توانین

٩. کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕابردوو ) ، جێناوی لکاوی ( تەواکەری بەیاریدە ) دەرناکەوێت؟
A. گوندەکەیان بۆ ئاوەدان دەکاتەوە.
B. هەواڵەکەیان پێ بڵێ.
C. پرسیارەکانی بۆ چاپدەکات.
D. کتێبەکەم لێ وەردەگرێت.

١٠. لە ڕستەی ( دەنگی ئەم هونەرمەندە خۆشە. ) ئەگەر دیارخەری ناوی( دەنگ ) بگۆڕین بە ( جێناوی پرس ) دەبێتە :
A. دەنگی چی خۆشە؟ B. دەنگی کام هونەرمەند خۆشە؟ C. دەنگی کێ خۆشە؟ D. هەردوو وەڵامی ( A و C ) ڕاستن

١١. (گەلی کوردستان دلێرانە ڕاپەڕی. ) هاوەڵکاری ( دلێرانە ) دروستبووە بە یاسای:
A. هاوەڵناو + پاشگر B. ناو + پاشگر C. ڕەگی کار + پاشگر D. پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر

١٢. لە ڕستەی ( گوڵەکانی ئەو باخچەیە زۆر جوانن. ) ناوی ( گوڵەکان ) دیارخراوە بە :
A. هاوەڵناوی نیشانە B. جێناوی نیشانە C. ناوی دەستنیشانکراو D. جێناوی کەسیی سەربەخۆ

١٣. لە ڕستەی ( پرۆژەکە جێبەجێ بکەن. ) ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ڕێژەی ( ڕابردووی نزیکی دانانی ) ، دەبێتە :
A. دەبێت پرۆژەکە جێبەجێ بکەن.
B. دەبوو پرۆژەکەتان جێبەجێ کردبا.
C. دەبوو پرۆژەکەیان جێبەجێ کردبا.
D. دەبوو پرۆژەکەتان بۆ جێبەجێ کردبان.

١٤.لە ڕستەی ( مرۆڤی گەشبین هەمیشە سەردەکەوێت . ) هاوەڵناوی ( گەشبین ) چۆن دروستبووە؟

A.هاوەڵناو + ڕەگی کار B.هاوەڵناو + ناو C.ناو + ڕەگی کار D.هاوەڵناو + پاشگر

١٥.لە ڕستەی ( چیرۆکەکانی بۆ بڵاوکردینەوە . ) ئەگەر بەرکار لابدەین ،وە جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە بگۆڕین بە( مان ) دەبێتە :

A.بۆیمان بڵاوکردەوە. B.بۆمانی بڵاوکردەوە. C.بۆی بڵاوکردینەوە. D.بۆمان بڵاوکردەوە.

١٦.لە ڕستەی ( مامۆستا بەڕێزەکە زۆر دڵسۆزە ) دیارخەری ناو بەپیاسای کام لەم هاوەڵناوانە دروستبووە ؟

A.بوێر B.بخۆر C.بێ تام D.دڵخۆش

١٧.لە ڕستەی ( بانگیانکرد بۆ ئاهەنگەکە . ) ئەگەر جێناوی لکاوی ( تان ) وەك ( بەرکار ) بەکاربهێنین، دەبێتە :

A.بانگیانکرد بۆ ئاهەنگەکەتان. B.بانگیانتانکرد بۆ ئاهەنگەکە.
C.بانگتانیانکرد بۆ ئاهەنگەکە. D.بانگتانکردن بۆ ئاهەنگەکە.

١٨.کام لەم کارانە بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێت؟

A.ئامادەبکەن B.ئامادەکات C.ئامادەدەکرد D.ئامادەدەکەن

١٩.لە ڕستەی ( گۆران شاعیرێکی زۆر بەتوانا بوو ) ئەرکی گرێی ( زۆر بەتوانا ) چییە ؟

A.تەواکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە B. بەرکارە
C.دیارخەری ناوە D.تەواکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٢٠.لە ڕستەی ( درەختە بەرزەکان سیمایەکی جوان دەبەخشن. ) وشەی درەخت ناوێکی :

A.کۆی ناسراوە B.تاکی نەناسراوە C.کۆی نەناسراوە D.تاکی ناسراوە

٢١.لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی ( م ) ئەرکی دیارخەری ناوە؟

A. قەڵەمەکەم لێ وەرگرت. B.کتێبە تازەکەی هێنام. C.قەڵەمەکەی لێم وەرگرت. D.وێنەکەتم هەڵواسی.

٢٢.لە ڕستەی ( ڕۆژگار هەموو مرۆڤێکمان بۆ دەردەخات. ) ( دیارخەر ) چییە؟

A. هاوەڵناوی نادیارە B. ناوی تاکی نەناسراوە C. جێناوی نادیارە D. گرێی ناوییە

٢٣.لە ڕستەی ( کارەکەتان بۆ تەواوکردین. ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕانەبردووی دانانی )، دەبێتە :

A. ڕەنگە کارەکەتان بۆ تەواوبکەین. B. ڕەنگە کارەکەمان بۆ تەواوبکەن.
C. ڕەنگە کارەکەمان بۆ تەواوبکات. D. ڕەنگە کارەکەتان بۆ تەواوبکەن.

٢٤.لە ڕستەی ( نەخشەکەی زۆر جوان کێشاوە. ) وشەی ( زۆر ) چییە؟

A.ڕادەی هاوەڵناوییە B.هاوەڵناوی چۆنیەتییە C.هاوەڵکاری چۆنیەتییە D.ڕادەی هاوەڵکارییە

٢٥.لە ڕستەی ( کتێبەکەتی چاپکردووە . ) ئەگەر کار ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕانەبردوو ) جێناوی لکاوی ( بکەر ) دەبێتە؟

A.یت B.ت C. ات D.ێت

٢٦. ڕۆمانی.......... لەلایەن( شوکر مستەفا ) کراوەتە کوردی :

A. پێشبینی لێزانە قەرەجەکە. B. گوندی مێرخاسا C. کوردی ئەنەگەز D. قەڵای دمدم

٢٧.یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی قۆناغی ( ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ) . توانی بەسوودبینێن لە ئەفسانەو هێما مێژوویەکانی ناو کلتوری نەتەوەیی جیهانی وێنەی یاخیبوون پیشان بدات :

A. شێرکۆ بێکەس B. قەدری جان C. گۆران D. لەتیف هەڵمەت

٢٨.لە گرنگترین بنەماکانی ڕەخنەی کلاسیکیی نوێ:

A. گرنگیدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ B. بایەخدان بە چێژی دروست

C. گرنگیدان بە بەها کەسییەکان، کە بەلای ئاکە کەسەوە گرنگن D. هەردوو وەڵامی ( A و C ) ڕاستن

٢٩.( داوەتا من ، ژەمی گۆڤەندا خۆشترە ) ئەم شیعرە بەرهەمی کێیە؟

A. جگەرخوێن B. قەدری جان C. مونەیەد تەیب D. جەوهەر کرمانج

٣٠.( پەلەهەورێکی چلکن ) نموونەی چ جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە؟

A. وتاری ئەدەبی B. چیرۆکی کورت C. ڕۆمان D. چیرۆکی مامناوەندی

٣١.ڕێبازی ......... لە ئاکامی بوژانەوەو لاسایکردنەوەی بەرهەمی یونانییەکان و ڕۆمانییەکان سەریهەڵداوە:

A.فۆرمالیزمی B.ڕیالیزمی C.ڕۆمانتیکی D.کلاسیکی

٣٢.لە قۆناغی ......... شیعری کوردی کانیاوی بیری ئازادیخوازانی گەلانی تری جیهانیش بوو واتا پەیامێکی مرۆڤایەتی هەڵگرتبوو:

A. ١٩٢٩ - ١٩٥٨ B. ١٩٥٨ – ١٩٧٠ C. ١٩٧٠ - ١٩٧٥ D. ١٩٧٥ - ١٩٩١

٣٣.یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی وتار لە قۆناغی( ١٩٥٨ – ١٩٧٠ )

A. مستەفا نەریمان B. حوزنی موکریانی C. جەمال خەزنەدار D.عیزەدین مستەفا

٣٤.لە چیرۆکی ( لاوکی سوارە ) دا، ......................... سوودی لە ( بەیت و لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری ) وەرگرتووە.

A.عەبدوڵڵا سەراج B .ڕەئووف بێگەرد C.شێرزاد حەسەن D. محەمەد فەریق حەسەن

٣٥.بناغەی نووسینی کام لەم ڕۆمانانە داستان و ئەفسانەو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیە و دوورە لە تەکنیکی تازەی هاوچەرخ :

A.ئەفسانەی چیای ئاگری B.هەواری C.شار D.دایکم دووجار گریا

٣٦.ئەم دێڕە شیعرە ( ئاشقی چاوی کەژاڵ وگەردنی پڕخاڵ نیم ) بۆ چ مەبەستێك نووسراوە؟

A.دڵداری B.وەسفی سروشت C.کێشەی کۆمەڵایەتی وچینایەتی D.هەستی کوردایەتی و بیری نەتەوایەتی

٣٧.کام نووسەر لە وتارەکەیدا وشیارانە دەیەوێ سیمایەکی تازە بەئەدەبی کوردی بپۆشێ و بەرگێکی نوێ بکاتە بەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی؟

A. جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی B. مارف بەرزنجی C.مارف خەزنەدار D.سیاپۆش

٣٨.لە چیرۆکەکانی کام گۆڤاردا ڕستە و وەسفەکان بەسۆز و کاریگەرن و زنجیرەی باسەکان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەیەکەوە بەندن؟

A.شەفەق B.گەلاوێژ C.هاوار D.ڕۆژی نوو

٣٩.( بێکەس ) لە شیعری ............ دیمەنی دواکەوتوویی ناو کۆمەڵگە بەرجەستەدەکات :

A.نەسرین B.گینگڵ C.ڕێگەی خەبات D. قەلاچۆی دوژمن

٤٠.یەکەمین هەوڵی نووسینی ڕۆمانە ، بە زمانی کوردی:

A.بەریانگ B.قەلای دمدم C. شڤانی کورد D خاتێ خانم.

٤١.بەپشتبەستن بە پێوانەیەکی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە کە پێوانەی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی بوو بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات:

A.سالم B.حاجی قادری کۆیی C.ئەحمەدی خانی D.نالی

٤٢.گۆڤاری ( کۆڕی زانیاری کورد ) لە ساڵی ................دەرچوو:

A. ١٩٧٠ B. ١٩٧١ C. ١٩٧٣ D. ١٩٧٤

٤٣.دەربارەی زمانی شیعر لەماوەی نێوان ( ١٩٦١- ١٩٧٠ ) كام لەمانە ڕاستە؟
A.زمانی شیعر بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرنگاربوونەوەو چۆكدانەدان دەڕۆیشت.
B.زمانی شیعر هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بوو.
C.زمانی شیعربەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی.
D.هەردوو وەڵامی ( A وC ) ڕاستن

٤٤.یەكێكە لە چیرۆكنووسە بەتوانا و بەهرەمەندەكانی گۆڤاری ( هاوار ):
A.قەدری جان   B.شاكر فەتاح   C.عەلائەدین سوجادی   D.حسێن عارف

٤٥.لە قۆناغی ...................شیعر بوو بە هۆكاری ڕتكرنەوەی واقع و زیندووكردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی هاوشانی تفەنگ لە دژی دوژمن لە سەنگەردا بوو:
A. ١٩٣٩ - ١٩٥٨   B. ١٩٥٨ - ١٩٧٠   C. ١٩٧٠ - ١٩٧٥   D. ١٩٧٥ -١٩٩١

٤٦.لەكام لەم دێرە شیعرانەدا نیشانەیەك هەیە وا دەكات وشەكە بۆ واتای بنچی خۆی بەكارنەهاتبێت؟
A.ئەیلوفەردل، توناقتابی   تەن شبهی كەتان توماهتابی
B.تانەگریا ئاسمان وتەم ولاتی دانەگرت   گوڵ چەمەن ئارانەبوو هەم لێوی خونچە وانەبوو
C.خاترێكی شۆخ وخۆش و بێ غەم وجەمعم هەبوو   ئێستا بۆ زوڵفی كەسێ مەشقی پەرێشانی دەكا
D.شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت   پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە

٤٧.چ بابەتێكی ڕەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە؟   مەرگ وژین میسلی سێبەر و تاوە   ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە
A.ڕەگەزدۆزیی ناتەواو   B.دژیەكی ئەری   C.لێكچواندن   D.هەموویان ڕاستن

٤٨.چ بابەتێكی ڕەوانبێژی لەم دێرە شیعرەدا هەیە؟
كێوی سەفین لەسەر زەمین چەسپاوە وەك پەیمانی من   كەچی یارم تۆراوە لێم لەبەر دیدەی دۆست و دوژمن.
A.خواستنی ئاشكرا و لێكچواندن   B.دژیەك و جوانیی بایس   C.لێكچواندن و دژیەك .   D.خواستنی دركاو و لێكچواندن

٤٩.ئەی برادەران، با بچینە یاری   ئەوجەوانیمان لێ بدا دیاری.   لەم دێرەدا، ڕەگەزدۆزیی ناتەواوە لە:
A.جۆری ( پیت )   B.ژمارەی ( پیت )   C.ڕیزی ( پیت )   D.جۆر و ژمارەی ( پیت )

٥٠.تا كەی چون مەجنون وێڵی هەردان بم؟   تا كەی خەمزەدەی یاری هیجران بم؟   لەم دێرەدا وشەی ( چون ) چییە؟
A.لەوچووە   B.لێچووە   C.ئەوزاری لێكچواندنە   D.ڕووی لێكچوونە

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق    بەناوی خوای گەورە    بابەت: زمانی کوردی / کات: ۳:۰۰ کاتژمێر    پەنجەمۆر

وەزارەتی پەروەردە – لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان    وەڵامی نموونەیی

ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (پۆلی دوازدەمی زانستی – وێژەیی)    ساڵی خوێندنی ۲۰۲۲-۲۰۲۳ خولی یەکەم

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

١. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی، بکەر دەبێتە (یت)؟

A) نامەکەی گەیشت.  B) نامەکەیتان گەیاندووە.  C) دەرگاکەی داخستبوو.  D) چیرۆکەکەمانی هەڵسەنگاندووە.

٢. کام لەم کارانە ئەگەر بیگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە)؟

A) دێن  B) نانووسێت  C) دەخات  D) بۆیە دەکەم

٣. لە ڕستەی (ئەو قوتابییەکی زۆر دڵسۆز بوو.) تەواوکەری کاری ناتەواو چییە؟

A) هاوەڵناوی لێکدراوە بە یاسای (ناو + هاوەڵناو) دروستبووە.  B) گرێی هاوەڵناوییە.

C) هاوەڵناوی لێکدراوە بە یاسای (ناو + ناو) دروستبووە.  D) گرێی ناوییە.

٤. لە ڕستەی (دیارییەکەی پێ بەخشیم.) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردوو، دەبێتە:

A) دیارییەکەی پێ دەبەخشیم.  B) دیارییەکەی پێ دەبەخشم.

C) دیارییەکەم پێ دەبەخشی.  D) دیارییەکەم پێ دەبەخشێت.

٥. لە کام (ڕستەی کاری مەرج) دا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك دیارخەری ناوە؟

A) کەی کارەکەت تەواوکرد، بڕۆ بۆ ماڵەوە.  B) کەی کارەکەت تەواوبوو، پێم بڵێ.

C) دیارییەکت بۆ دەکڕم، ئەگەر بوویت بە ئەندازیار.  D) (A +B) ڕاستن

٦. دەربارەی ئەرکی بزوێن (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا کام لەمانە هەڵەیە؟

A) لە ڕستەی (چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکە.) بزوێنی (ە) دوای (چاکە) پاشگرە بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو.

B) لە ڕستەی (منداڵەکە ناچێتە قوتابخانە.) ئەرکی بزوێنی (ە) دوای وشەی (ناچێت) ئامرازی پەیوەندییە.

C) لە ڕستەی (گوڵەباخەکە بڕوێنە.) ئەرکی بزوێنی (ە) لە نێوان هەردوو وشەی (گوڵ.....باخ) ئامرازی لێکدانە.

D) هیچیان.

٧. لە ڕستەی (میوانەکە کەمێك درەنگ ڕۆیشت.)، (کەمێك درەنگ) چییە؟

A) گرێی ناوییە  B) گرێی هاوەڵکارییە  C) گرێی هاوەڵناوییە  D) هاوەڵکاری لێکدراوە

٨. لە ڕستەی (پرۆژە نوێیەکە تەواو کە.) چی دەرنەکەوتووە؟

A) ئامرازی دانە پاڵ و بکەر  B) نیشانەی کار و بکەر

C) ئامرازی دانە پاڵ و نیشانەی کار و بکەر  D) تەنها بکەر

٩. کام لەمانە ناتوانێت ببێتە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو؟

A) هاوەڵناو  B) ناو  C) جێناوی پرس  D) چاوگ

١٠. لە ڕستەی (هۆنراوەکانی ئەوانەم کۆکردەوە.) دیارخەر چییە؟

A) جێناوی کەسی سەربەخۆ  B) جێناوی نیشانە  C) جێناوی نادیار  D) هاوەڵناوی نیشانە.

١١. لە کام لەم گرێیانە ئەگەر ناوی دیارخراو بکەین بە ناسراو، پێویستە پیتێکی ناوبەند بخرێتە نێوان ناوەکە و ئامرازی دانە پاڵەکە.

A) میوەی تازە  B) هەرمێی ناسك  C) تووی شیرین  D) هەناری ترش

١٢. کام لەم هاوەڵناوانە بە یاسای ( ناو + ڕەگی کار + پاشگر ) دروست نەبووە ؟

A) تێکۆشەر    B) ڕاوکەر    C) جلشۆر    D) ڕەنجدەر

١٣. لە کام ڕستەدا جێناوی کەسیی لکاو ( م ) تەواوکەری بەیاریدەیە ؟

A) هەواڵەکەم بۆ دەناردیت.    B) بۆتانم دەنارد.    C) بۆیان دەناردم.    D) بۆم نارد.

١٤. لە ڕستەی ( وێنەی جوانم گرتووە. ) ئەگەر دیارخەری ناوەکە بگۆڕین بە( هاوەڵناوی نیشانە بۆ نزیک ) دەبێتە :

A) وێنەی ئەمەم گرتووە    B) وێنەی ئەمانەم گرتووە    C) ئەم وێنە جوانەم گرتووە    D) ئەم وێنەیەم گرتووە

١٥. لە کام ڕستەدا بەرکار کەسی دووەمی تاکە و بکەر کەسی یەکەمی تاکە ؟

A) فێرتم کرد.    B) فێرت کردم.    C) فێرم دەکردیت.    D) ( C + A ) ڕاستن

١٦. ڕێژەی کاری کام لەم ڕستانە ڕابردووی تەواوی دانانییە ؟

A) پێویستە کارەکە تەواوبێت.    B) ڕەنگە قوتابییەکە فێربێت.    C) دەبێت لە ئاهەنگەکە ئامادەبێت.    D) هیچیان

١٧. لە کام لەم ڕستانەدا کاری ڕستەکە تەواوی تێپەڕە ؟

A) پارەمان نەبوو.    B) لە ئاهەنگەکەمان بەشدارنەبوو

C) تاقیکردنەوەکەمان زۆر گران نەبوو.    D) هیچیان ڕاست نین.

١٨. لەڕستەی ( چیرۆکەکەی تۆ بڵاوناکەینەوە. ) ئەگەر دیارخەری ناو بکەین بەجێناوی لکاو وە کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، دەبێتە :

A) چیرۆکەکە تمان بڵاونەکردبووەوە.    B) چیرۆکەکەمان بڵاونەکردبوویتەوە.

C) چیرۆکەکەمانت بڵاونەکردبووەوە.    D) (B + A) ڕاستن

١٩. لە ڕستەی ( هاوکار هۆنراوەیەکی بۆ خوێندکارانی پۆلەکە خوێندەوە ) ( دیارخراو و دیارخەر ) بریتین لە :

A) ناوی تاکی ناسراو و تاکی نەناسراو    B) ناوی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو

C) ناوی کۆی نەناسراو و تاکی ناسراو    D) ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو

٢٠. لە ڕستەی ( کتێبەکەتم بۆ هێنا. ) ئەگەر بەرکار بکەین بە جێناوی لکاو ، وە کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردوو ، دەبێتە :

A) بۆت دەهێنم.    B) دەی هێنم بۆی.    C) دەی هێنم بۆت.    D) بۆم دەهێنیت.

٢١. ئەگەر لە چاوگی ( کردنەوە ) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار دروست بکەین دەبێتە :

A) کراوەتەوە    B) کرایەوە    C) کرابێتەوە    D) کردووەتەوە

٢٢. لە ڕستەی ( ئەگەر یارییەکەت بردبایەوە ، خەڵاتمان دەکردیت . ) کام لەمانە بەرکاری ڕستەی وەڵامی مەرجە ؟

A) مان    B) یارییەکە    C) ت    D) یت

٢٣. لە ڕستەی ( ئەم چەپکەگوڵە دەکەمە دیاری بۆ هاوڕێکەم. ) بزوێنی ( ە ) لە نێوان هەردوو وشەی ( چەپک ....گوڵ ) چییە؟

A) ئامرازی دانەپاڵە    B) ئامرازی لێکدانە    C) بەشێکە لە هاوەڵناوی نیشانە    D) ئامرازی پەیوەندییە

٢٤. کام لەم هاوەڵکارانە بە هەمان یاسای ( هێمنانە ) دروستبووە ؟

A) دلێرانە    B) شێرانە    C) سالانە    D) هەموویان ڕاستن

٢٥. لە کرمانجی سەرودا ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ داهاتوو بە کام دەستور دروست دەبێت ؟

A) د + قەد    B) د +ڕەگی کار +جێناو    C) دێ +ڕەگی کار +جێناو    D) ب +ڕەگی کار +جێناو

٢٦. شاعیرانی ڕوانگە دەیانویست شیعر چ پەیامێک بگەیەنێت ؟

A) پەیامی یاخیبوون    B) پەیامی مرۆڤایەتی    C) پەیامی بەرگریکردن لە پاراستنی کورد    D) هەموویان ڕاستن

٢٧. کام لەم بەرهەمانە ناچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە؟

A) گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم
B) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی دووەم
C) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەرگی یەکەم
D) ئە نجوومەنی ئەدیبان

٢٨. کام لەمانە ڕاست نییە ؟

A) ( کورد و ئسلوبی شیعر ) وتاری ڕەخنەیی ( مارف بەرزنجی ) یە
B) ( کورد و شیعر ) وتاری ڕەخنەیی ( عومەر عارفە )
C) ( کامەران و هۆنراوەی نوێ ) لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ( حسێن عارفە )
D) ( شیعرو نووسینی کوردی ) وتاری ڕەخنەیی ( ڕەفیق حلمی ) یە

٢٩. یەکێکە لەو شاعیرانەی ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٧٥ – ١٩٩١ ) بوو بە دەنگێکی دیاری شیعری کوردی :

A) لەتیف هەڵمەت
B) عەبدولڕەحمان مزوری
C) جەمیل ڕەنجبەر
D) دڵشاد مەریوانی

٣٠. لە دوای ....... گەلێک یانە و کۆمەڵە دەرکەوتن ، کە هەر یەکێکیان بۆ گەیاندنی بیری خۆیان چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەردەکرد کە بووە هۆی بەرەو پێشچوونی وتار .

A) شۆڕشی ئەیلولی ( ١٩٦١ )
B) شۆڕشی ( ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ )
C) نسکۆی شۆڕش لەساڵی ( ١٩٧٥ )
D) ڕێککەوتنی ( ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ )

٣١. کام لەمانە توانی بە تەکنیکی تازە و بە بەکارهێنانی دیالۆگ و مەنەلۆگ و چڕکردنەوەی گێڕانەوە و بەکارهێنانی تەوژمی هۆش ئاستی چیرۆکی کوردی بەرزبکاتەوە :

A) ڕوانگە
B) گۆڤاری شەفەق
C) گۆڤاری گەلاوێژ
D) گۆڤاری هاوار

٣٢. کام لەم بەرهەمانە توانی بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتر لە بەردەم خوێنەری کورد بکاتەوە ؟

A) شاعیرەکانمان
B) مێژووی ئەدەبی کوردی
C) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی
D) ئە نجومەنی ئەدیبان

٣٣. لە قۆناغی ( ١٩٢٩-١٩٥٨ ) کام لەمانە بوو بە هۆی ئەوەی کە ( وێنەی شیعری ) گۆڕانی بە سەردا بێت ؟

A) فراوانبوونی خەباتی نەتەوایەتی
B) فراوانبوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشە
C) دەوڵەمەندی زمانی شیعر
D) هەردوو وەڵامی ( B+C ) ڕاستن

٣٤. لە کوردستان دوو هەوڵی دیار هەن ، دەتوانین بە بناغەی بنیادی ڕۆمانی کوردیان دابنێین بریتین لە :

A) شڤانی کورد و قەڵای دمدم
B) پێشمەرگە و ژانی گەل
C) شڤانی کورد و پێشمەرگە
D) بوهژین و بەربانگ

٣٥. یەکێکە لە دیارترین پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیک :

A) بایەخدان بە چێژی تایبەت.
B) جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆزی کەسی.
C) گرنگیدان بە بەها کەسییەکان کە بەلای تاکە کەسەوە گرنگن.
D) گرنگیدان بە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان.

٣٦. شیعری ( ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم ) بەرهەمی کام لەم شاعیرانەیە ؟

A) جەوهەر کرمانج
B) شێرکۆ بێکەس
C) جەمیل ڕەنجبەر
D) مونەیەد تەیب

٣٧. لە کام لەم ڕۆمانانە بیرو باوەڕی سۆشیالیزمی بەسەر ڕوداوەکان زاڵە؟

A) هەواری
B) شار
C) هەرەس
D) بوهژین

٣٨. ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانەی کە گەشە و پێشکەوتنیان پێوەدیار بوو لە قۆناغی( ١٩٥٨ – ١٩٧٠ ) بایەخیان بە کێشەی ............ داوە .

A) چینایەتی
B) کۆمەڵایەتی
C) سیاسی
D) هەموویان ڕاستن

٣٩. یەکێکە لە سیما دیارەکانی شیعری کوردی لەماوەی ( ١٩٧٥-١٩٩١ ) :

A) پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژن
B) سەرهەڵدانی گروپی ڕوانگە
C) سەرهەڵدانی هەستی نامۆبوون
D) یاخیبوون

٤٠. کام لەم شاعیرانە لە قۆناغی یەکەم و دووەم هەوڵیان داوە شیعری کوردی بەرە و بنیادی ( شیعری ئازاد ) ببەن؟

A) دیلان و قەدری جان B) گۆران و کامەران C) دیلان و سوارەی ئیلخانی زادە D) جگەرخوێن و دیلان

٤١. دەربارەی گۆڤاری ( هاوار ) کام لەمانە راستە ؟

A) چیرۆکنووسانی گۆڤارەکە بە تەواوەتی لایەنگری جوتیارن. B) گۆڤارەکە لە سائی (١٩٤١) لە شام دەرچوو.

C) چیرۆکنووسانی گۆڤارەکە هەوڵیانداوە دەردی هەژاری و نەخوێندەواری بخەنە روو. D) هەردوو وەڵامی ( C + B ) راستن.

٤٢. لە کام لەم چیرۆکانەدا زمانی شیعر زاڵە بە سەر زمانی چیرۆك ؟

A) گوڵی رەش B) تونێشووی سەفەرێکی سەخت C) تەنیایی D) ( C + A ) راستن

٤٣. یەکێکە لە تایبە تمەندییەکانی وتار لە قۆناغی ( ١٩٧٠-١٩٩١ ) :

A) زمانی وتار پوختەتر بوو B) خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە C) دەربڕینی ناراستەوخۆ D) سەرهەڵدانی وتارنووسی ژن

٤٤. داوا لەرەخنەگران دەکات لە کاتی رەخنەگرتندارەنج وماندوبوونی شاعیریان لە بەرچاوبێت ونەگەر کەم و کوریش لە شیعرەکەیدا هەبوو؟

A) سالم B) حاجی قادری کۆیی C) ئەحمەدی خانی D) مەلای جزیری

٤٥. لەکام لەم شیعرانەدا ، شاعیر هیوایەکی گەورەی بەدوارۆژێکی مەزن هەبوو ستەمی زۆری دوژمن چۆکی پێدانەدا ؟

A) سبە نەکە گری دایێ B) بێشکەی منال C) سروودێك بۆ پێشمەرگە D) قەلاچۆی دوژمن

٤٦. بۆ کام لەم دێرە شیعرانە هۆیەکی هونەرمەندانە دروستکراوە ؟

A) ئیلاهی ئێرگزا مەی مەست و نازك ژ دەستێ خوار و بەدخواهان بپارێز

B) خوێنی پاکی لاوی کوردانە رژاوە کێو و کەژ بۆیە وا ئێستاکە سوورە ، رەنگی گوڵناری هەیە !

C) ج سرێکت لە ناو دڵدا حەشارداوە بە پەنهانی کەچاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکانی

D) ( B+A ) راستن

٤٧. چ بابەتێکی رەوانبێژی لەم دێرەدا هەیە ؟ (شەماڵ لە ترسی شنەی نسیی سەخت پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە )

A) لێکچواندن B) خواستنی ئاشکرا C) رەگەزدۆزی D) جوانی بایس

٤٨. لە کام لەم نیوە دێرە شیعرانەدا ( رووی لێکچوون ) لە پێش ( لەوچوو ) هاتووە؟

A) دڵم هەروەکو گوڵی بێ باران سیس و ژاکاوە B) کور ئابینەیێ جەمالێ زاتن

C) رەنگم وشکە وەکو پووشە ، لەقووەی کارمبا چ بکەم؟ D) تاکەی چون مەجنون وێڵی هەردان بم؟

٤٩. لەم دێرە شیعرەدا چ بابەتێکی رەوانبێژی هاتووە ؟ ( ئێرگزێن شەنگ د مەستن چەپ و راست ساقیان جام د دەستن چەپ و راست)

A) دژی یەکی نەرێ و رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیت B) دژی یەکی نەرێ و رەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیت

C) دژی یەکی نەرێ و رەگەزدۆزی ناتەواو لە ژمارەی پیتەکان D) تەنیا خواستن

٥٠. لەم دێرە شیعرەدا چ بابەتێکی رەوانبێژی هاتووە ( هەر چەندە گوڵ سیس نەبێ بگرین ئاڵتونی دار نەرژێ بگرین )

A) خواستنی ئاشکرا B) رەگەزدۆزیی تەواو C) لێکچواندن D) ( A+B ) راستن

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
بە ناوی خودای گەورە
بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی/ کات / ٣ کاتژمێر
پەنجەمۆر
A
وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
وەڵامی نموونەیی
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی دوازدەی ( زانستی - وێژەیی ) خولی دووەم - ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. لە کام لەم ڕستانەدا ئامرازی دانە پاڵ و نیشانەی کار و بکەر دەرنەکەوتوون؟
A) دەرگا گەورەکە بۆیەکەوە.
B) ڕۆمانە تازەکە چاپکەوە.
C) پێنووسە سەوزەکە دانێ.
D) قوتابخانە کۆنەکە نۆژەنکەنەوە.

٢. لە ڕستەی ( لێکۆڵینەوەکەی چاپکرد. ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ( ڕانەبردوو ) پاشان جێناوی ( م ) بکەین بەدیارخەری ناو دەبێتە :
A) لێکۆڵینەوەکەی چاپدەکەم.
B) لێکۆڵینەوەکەم بۆ چاپدەکات.
C) لێکۆڵینەوەکەمی چاپدەکرد.
D) لێکۆڵینەوەکەم چاپدەکات.

٣. دەربارەی ڕستەی ( نمرەی باشترین قوتابییم بۆ بڵاوکردنەوە. ) کام لەمانە ڕاستە؟
A) هاوەڵناوی پلەی باڵا دیارخەری ناوی ( نمرە ) یە .
B) دیارخەری ناوی ( نمرە ) گرێی ناوییە.
C) تەواوکەری بەیاریدە کەسی یەکەمی تاکە .
D) ( B+C ) ڕاستن

٤. لە کام لەم ڕستانەدا وشەی ( زۆر ) ڕادەی هاوەڵکار نییە؟
A) خواردنەکە زۆر خۆش بوو.
B) یارییەکە زۆر درەنگ تەواوبوو.
C) ئۆتۆمبیلەکەی زۆر دوور ڕاگرت.
D) ژوورەکەی زۆر جوان دروست کردبوو.

٥. لە کام ڕستەی ( کاری مەرج ) دا هاوەڵکار بە دەستووری ( ناو+ پاشگر ) دروستبووە؟
A) ئەگەر چالاکانە کاربکەین، سەردەکەوین .
B) گەر بە دڵسۆزی تێبکۆشیت، مانگانە خەڵاتت دەکەم.
C) ئەگەر ڕۆژانە نەخوێنیت ، دەرناچیت.
D) هەموویان ڕاستن

٦. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، جێناوی لکاوی بکەر دەرناکەوێت ؟
A) بەخۆشی بژی .
B) نامەکەی بۆ دەنێرم.
C) لە وانەکان باش تێدەگەین.
D) نامەکەتان دەگات.

٧. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بکەین بە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، بکەر دەبێتە ( ین ) ؟
A) بردمانی .
B) هەڵت بژاردین.
C) فێرتمان کرد.
D) هیچیان

٨. لە کام ڕستەدا وشەی ( منداڵ ) ئەرکی بکەرە؟
A) منداڵەکە نەخۆش بوو.
B) منداڵەکە زۆر زیرەك بوو.
C) منداڵەکە ونبوو.
D) هەموویان ڕاستن.

٩. لە ڕستەی ( پێشمەرگە بەجەرگەکان مەردانە وڵات دەپارێزن. ) کام لەمانە بە هەمان دەستووری هاوەڵکاری ڕستەکە دروستبووە؟
A) بەتام
B) شێرانە
C) بەهێز
D) ژیرانە

١٠. دەربارەی ڕستەی ( پەرتووکەکەتانم لێ وەردەگرێت ) کام لەمانە ڕاستە؟
A) بەرکار گرێی ناوییە و جێناوی لکاوی ( م ) تەواوکەری بەیاریدەیە .
B) جێناوی لکاوی ( تان ) تەواوکەری بەیاریدەیە و جێناوی لکاوی ( ێت ) بکەرە.
C) جێناوی لکاوی ( تان ) بەرکارە و جێناوی لکاوی ( م ) تەواوکەری بەیاریدەیە.
D) ئەگەر بەرکار لاببەین ، ڕستەکە دەبێتە ( لێتان وەردەگرێت. )

١١. لە ڕستەی ( دیارییەکەم بۆ مامۆستاکەی ئەوانە. ) وشەی ( مامۆستا ) دیارخراوە بە :
A) جێناوی نیشانە بۆ کۆی دوور
B) جێناوی کەسیی سەربەخۆ
C) هاوەڵناوی نیشانە
D) جێناوی نیشانە بۆ کۆی نزیك

26 SN: 000001

١٢. کام لەمانە کاری یاریدەدەرە و بۆ پێویستی بەکاردێت؟

A) دەمەوێت    B) لەوانەیە    C) دەبێت    D) چێدبێت

١٣. لە کام ڕستەدا جێناوی لکاوی ( ت ) تەواوکەری بەیاریدەیە؟

A) بۆتم هەڵسەنگاندووە .    B) لیمانت وەرگرتبوو.    C) بۆ ئاماجەکەت تێیکۆشە .    D) بۆت نووسیم.

١٤. لە ڕستەی ( کرێکارەکانی پرۆژەکە بەدڵسۆزی کاردەکەن. ) ئەگەر ( دیارخەری ناوەکە ) بگۆڕین بە هاوەڵناوی نیشانە ، دەبێتە :

A) کرێکارەکانی ئەم پرۆژەیە بەدڵسۆزی کاردەکەن .    B) کرێکارەکانی ئەو پرۆژەیە بەدڵسۆزی کاردەکەن.

C) کرێکارەکانی ئەوانە بەدڵسۆزی کاردەکەن.    D) ئەم کرێکارانە بەدڵسۆزی کاردەکەن.

١٥. لە زاری کرمانجی سەروودا کام لەم جێناوە لکاوانە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا دەبێتە بەرکار، یان بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە :

A) ت    B) ین    C) مان    D) هەموویان ڕاستن

١٦. کام لەم کارانە بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێت؟

A) پەروەردەکەم    B) ڕاگرین    C) دا بخەیت    D) هیچیان

١٧. لە ڕستەی ( باخچەکەیان بۆ ڕازاندینەوە. ) ئەگەر بەرکار لە ڕستەکەدا لاببەین پاشان تەواکەری بەیاریدە بگۆڕین بە( مان ) دەبێتە :

A) بۆیا نمان ڕازاندەوە.    B) بۆمان ڕازاندنەوە.    C) بۆمانیان ڕازاندەوە.    D) ڕازاندمانەوە بۆیان.

١٨. لە ڕستەی ( کەمێك لەدوور دابنیشە. ) وشەی ( کەمێك ) چییە؟

A) هاوەڵناوی نادیارە    B) ڕادەی هاوەڵکارییە    C) هاوەڵکاری شوێنییە    D) ڕادەی هاوەڵناوییە

١٩. لە کام ڕستەدا ئەرکی گرێی ناوی نیهادە و دیارخراو ناوێکی کۆی ناسراوە و دیارخەر ناوێکی تاکی ناسراوە؟

A) گوڵە سوورەکان زۆر جوانن .    B) گوڵەکانی باخچەکە زۆر جوانن.

C) شارەکانی کوردستان ئاوەدان کرانەوە.    D) ( A+B ) ڕاستن

٢٠. لە کام ڕستەدا جێناوی لکاوی بکەر دەرنەکەوتووە، وە ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردوو، جێناوی لکاوی بەرکار دەرناکەوێت؟

A) بانگمان بکە.    B) وەری بگرە.    C) خەلاتی بکە.    D) بینێرە.

٢١. کام لەم هاوەڵناوانە بەهەمان یاسای ( نەگۆڕ ) دروست بووە؟

A) بوێر    B) بەهێز    C) بێشەرم    D) هەموویان ڕاستن

٢٢. لە کام لەم ڕستانەدا هاوەڵناو بووەتە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو؟

A) پرۆژەکەیان بەجوانی تەواوکرد.    B) ئاری قوتابییەکی زیرەکە .    C) چیاکانی کوردستان بڵندن.    D) ( C+B ) ڕاستن

٢٣. لە ڕستەی ( هاوینەهەواری شەقڵاوە فێنکە. ) بزوێنی ( ە ) لە دوای وشەی ( هاوین ) و لە دوای وشەی ( فێنك ) چین؟

A) ئامرازی دانە پاڵ و کاری ناتەواو    B) ئامرازی لێکدان و بەشێکە لە ڕەگی کار

C) ئامرازی لێکدان و کاری ناتەواو    D) ئامرازی دانە پاڵ و بەشێکە لە ڕەگی کار

٢٤. لە زاری کرمانجی سەروودا ئەگەر لە چاوگی ( چاندن ) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروست بکەین دەبێتە :

A) چاندیە    B) چاندووە    C) چاندییە    D) دچاند

٢٥. لە ڕستەی ( بەرهەمە نوێیەکەی بۆ بڵاودەکەمەوە. ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە :

A) بەرهەمە نوێیەکەم بۆ بڵاوکردەوە.    B) بەرهەمە نوێیەکەم بۆی بڵاوکردووەتەوە.

C) بەرهەمە نوێیەکەم بۆی بڵاوکردەوە.    D) ( A+C ) ڕاستن

٢٦. لە کام لەم شیعرانەدا سەروای تازە دەبینرێت کە شاعیر دژی شەڕو شەڕخوازان وەستاوە و لەگەڵ ئاشتیدایە؟

A) قەلاچۆی دوژمن    B) بێشکەی منداڵ    C) سروودێك بۆ پێشمەرگە    D) کوردم ئەمن

0001

٢٧. هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بە شێوەیەکی کورت و ورد و سەرنج ڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیرو ڕای خۆی دەخاتە ڕوو:
A) وتار B) پەخشانی ئەدەبی C) چیرۆک . D) ڕەخنەی ئەدەبی

٢٨. کام شاعیر ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە ڕەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزا و بەتوانا بن ، چونکە هەموو کەسێ ناتوانێ ببێتە ڕەخنەگر:
A) ئەحمەدی خانی B) سالم C) حاجی قادری کۆیی D) نالی

٢٩. لە قۆناغی (١٩٧٠-١٩٧٥) گەلێک بابەتی نوێ بەرچاو دەکەون، وەك:
A) نیشتمانی B) خۆشەویستی C) شارستانیەت D) (B+C) ڕاستن

٣٠. کام لەم بەرهەمانە توانیویەتی دەرگایەکی نوێ لەبەردەم ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بکاتەوە وسیمایەکی تازە بداتە ئەدەبی کوردی:
A) ئەنجوومەنی ئەدیبان B) شاعیرەکانمان
C) مێژووی ئەدەبی کوردی D) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی (بەرگی یەکەم)

٣١. وتارەکەی (ڕەمزی قەزاز) لە ساڵی (١٩٦٧) لە ڕۆژنامەی ............... بڵاوکرایەوە:
A) برایی B) هەڵاڵە C) نووسەری کوردستان D) برایەتی

٣٢. لە ساڵی (١٩٧٠) بەدواوە کام لەمانە بوو بە هەوێنی چیرۆکی کوردی؟
A) کێشەی کرێکار وخاوەنکار B) ململانێی نێوان دەرەبەگ وجوتیار
C) گێروگرفتی شار D) (C+A) ڕاستن

٣٣. لە کەناری هەرجۆگەیێ ............ نیوە دێڕی دوای ئەمە بریتییە لە:
A) لەسەر گابەردی هەر شاخێ B) لە بەر دەرگای هەر ماڵێ
C) لە سەر هەر بستە زەمینێ D) لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ

٣٤. دەربارەی چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) کام لەمانە ڕاستە؟
A) لەڕووی تەکنیکەوە بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکان لە ئاستێکی هونەریی پێشکەوتوودان و تەواو تۆکمەن.
B) لەڕووی ناوەرۆکەوە هەوڵیان داوە پرسی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی بخەنە ڕوو.
C) بایەخ دان بە چیرۆکی وەرگێڕاو بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی لە زمانی فەرەنسی وعەرەبییەوە دەکرانە کوردی.
D) چیرۆکنووسانی گۆڤارەکە بەتەواوی لایەنگری جوتیارن.

٣٥. ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی (داهێنانە):
A) حاجی قادری کۆیی B) ئەحمەدی خانی C) مەلای جزیری D) نالی

٣٦. (دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە .بۆیە دەبێت ڕەخنەش تیشک بخاتە سەر دەروونی نووسەرو ناخی نووسەرمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە) ئەمە بۆچوونی ڕەخنەیی کێیە؟
A) بوالو B) سانت بیف C) مەدام دی ستال D) ئەلفرید دی موسێ

٣٧. کام لەم بەرهەمانە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی حسێن عارفە؟
A) کامەران و هۆنراوەی نوێ B) کۆن و تازە لە شیعردا C) کامەران و دیارییەکە D) کورد و شیعر

٣٨. کام لەم ڕۆمانانە لە ڕووی زمانەوە بە کوردی دانانرێت؟
A) ئەندێشەی مرۆڤێك B) هاوارا دیجلەیێ C) دایکم دووجار گریا D) هەڵکشان بەرەو لوتکە

٣٩. لە قۆناغی ................ سەرجەم دەقە شیعرییەکان پاڵپشتی چینی چەوساوەبوون و دژی زۆرداران وەستاونەتەوە:
A) ١٩٣٩-١٩٥٨ B) ١٩٥٨-١٩٧٠ C) ١٩٧٠-١٩٧٥ D) ١٩٧٥- ١٩٩١

٤٠. دەربارەی زمانی شیعر لە قۆناغی ( ١٩٧٠-١٩٧٥ ) کام لەمانە ڕاستە؟

A) شاعیران هەوڵیانداوە , وشەکان لە ناو دەقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان دابڕن و ئاماژەی نوێیان پێببەخشن.

B) زمانی شیعر لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بە ئاسانی لە واتای وشەکان ناگات.

C) زمانی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیر دەکات.    D) هەموویان ڕاستن

٤١. دەربارەی ڕۆمانەکانی قۆناغی ( جێگیربوون ) کام لەمانە هەڵەیە؟

A) ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان سیما و شەقڵی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشیوە .    B) بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و خۆدواندن ( مەنەلۆگ ) داوە.

C) زمانی نووسین زمانێکی تۆکمەو کوردییەکی زۆر ڕەوانە.    D) ڕووداوەکان خۆماڵین و لەناو جەرگەی کوردەواری هەڵهێنجراون

٤٢. گۆڤاری ( شەفەق ) گرەوێکی ڕێکخست بۆ باشترین سێ چیرۆکی کورت و سێ خەڵاتی تەرخانکرد. لە ئەنجامدا ڕیزبەندیی ئەو چیرۆکانەی خەڵاتیان وەرگرت بەم جۆرە بوو:

A) ١-چەندم لێ ئەستێنی ٢-چای شیرین ٣-شەوێکی درێژ    B) ١-شەوێکی درێژ ٢- چەندم لێ ئەستێنی ٣- چای شیرین

C) ١- چای شیرین ٢- شەوێکی درێژ ٣- چەندم لێ ئەستێنی    D) ١- چای شیرین ٢- چەندم لێ ئەستێنی ٣- شەوێکی درێژ

٤٣. یەکێکە لەو شاعیرانەی کە توانی بە سودبینین لە ئەفسانەو هێما مێژووییەکانی ناو کلتوری نەتەوەیی جیهانی وێنەی یاخیبوون پیشانبدات:

A) شێرکۆ بێکەس    B) لەتیف هەڵمەت    C) مونەیەد تەیب    D) جەوهەر کرمانج

٤٤. ( بۆ سەربەخۆییت بە گیان و بە ماڵ، بە قوربانی تۆم ) ناونیشانی ئەم شیعرە چییە و بەرهەمی کێیە؟

A) سرودێك بۆ پێشمەرگە ، هەژار موکریانی    B) کوردم ئەمن ، هێمن    C) نەورۆز ، پیرەمێرد    D) قەڵاچۆی دوژمن ، قانع

٤٥. دەربارەی ( چیرۆکی مامناوەندی ) کام لەمانە ڕاستە؟

A) ( لە خەوما ) لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) چاپکراوە .    B) ( خانزاد ) لە نووسینی ( جەمال نەبەزە )

C) ( مەسەلەی ویژدان ) لە نووسینی ( ئەحمەد موختار جاف ).    D) هەموویان ڕاستن.

٤٦. لەم دێڕە لێکچواندنەدا کام لەمانە ئەو بنەمایەیە کە بەراوردەکەی لە سەر بنیاتنراوە؟

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت    شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ

A) دیداری پاکت    B) عەینی    C) شەرابم    D) ژەهری مار

٤٧. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا جوانیی بایس و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە؟

A) نارنج و تورنج شوبهی زینێ    زەربوویێ ل عیللەتا نەڤینێ

B) مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو    زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو

C) لە باخ و چڕ ئەوی داروودرەختە    هەموو زەردن لە ترسی هێرشی شەختە    D) هەموویان ڕاستن

٤٨. کام بنەمای لێکچواندن لەم دێڕە شیعرەدا هاتووە؟    نیلاهی ! نێرگزا مەی مەست و نازك    ژ دەستی خوارو بەدخواهان بپارێز

A) ئەوچوو    B) لێچوو    C) لێچوو وئەوچوو    D) لێچوو و ئەوچوو ڕووی لێکچوون

٤٩. لەم دێڕە شیعرەدا چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هاتووە؟    مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان    چۆن قازانج ئەکەی تا ئەکەی زیان

A) دژیەکی ئەرێ و ئەرێ و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو    B) تەنیا دژیەکی ئەرێ و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو

C) دژیەکی ئەرێ و ئەرێ و ڕەگەزدۆزیی تەواو    D) تەنیا دژیەکی ئەرێ و ئەرێ

٥٠. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕە شیعرەدا هاتووە؟ گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە    ( بەردیش لەجێگای خۆیا سەنگینە )

A) لێکچواندن    B) تێهەڵکێش    C) ڕەگەزدۆزیی ناتەواو    D) ( C+B ) ڕاستن

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوەبەراییەکانی قۆناغی ئامادەیی پۆلی دوازدەهەمی (زانستی - وێژەیی)

بەناوی خوای گەورە

بابەت: زمان وئەدەبی کوردی/ کات :٢کاتژمێر
**وەڵامی نموونەیی**
ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤

پەنجەمۆر
A

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە. (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

١. لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی (م) ئەرکی دیارخەری ناوە؟

A- نامەکەم پێ گەیشت. B- **کتێبە تازەکەی هێنام.** C-کارەکەتم پێ دەسپێرێت. D- ڕاسپاردەکەتم گەیاند.

٢. لە ڕستەی (ئەگەر یارمەتیمان دابان ، کارەکەیان تەواودەکرد.) کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕێژەیەکدایە؟

A-**ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن** B-ڕانەبردووی دانانی C- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن D- ڕابردووی نزیکی دانانی

٣. لە ڕستەی (دیارییەکانم بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەکەیە.) دیارخراو ناوێکی:

A- تاکی ناسراوە. B- تاکی نەناسراوە. C- **کۆی نەناسراوە.** D- کۆی ناسراوە.

٤. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بکەر دەبێت بە(ین):

A- هەڵتبژاردین. B- **فێر تماتکرد.** C- بردمانی. D- هێچیان

٥. لە ڕستەی (قوتابییەکانی ئەم پۆلە زیرەکن.) ناوی (قوتابییەکان) دیارخراوە بە:

A- جێناوی نیشانە B- **ناوی دەستنیشانکراو** C- جێناوی کەسی سەربەخۆ D- هاوەڵناوی نیشانە

٦. لە ڕستەی (کتێبەکەم ونبوو.) کاری ڕستەکە چییە؟

A- ناتەواوە. B- تەواوی تێپەڕە. C- **تەواوی تێنەپەڕی لێکدراوە.** D- تەواوی تێنەپەڕی دارێژراو

٧. جێناوی لکاوی (تان) دەبێتە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری :

A- ڕابردووی تێنەپەڕ B- داخوازی تێپەڕ C- کاری ناتەواو D- **هەموویان ڕاستن**

٨. لە ڕستەی (هۆنراوەکەی زۆر جوان خوێندەوە.) وشەی (زۆر) چییە؟

A- **ڕادەی هاوەڵکارییە** B- هاوەڵکاری چۆنیەتییە C- هاوەڵناوی چۆنیەتییە D- ڕادەی هاوەڵناوییە

٩. کام لەم هاوەڵناوانە بە یاسای (ناو + پاشگر) دروست نەبووە؟

A- بەختیار B- **ڕەنجدەر** C- بریندار D- هیچیان

١٠. هاوەڵناوی .......... دەبێتە دیارخەری ناو هەمیشە دەچێتە دوای ناوە دیارخراوەکە و پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵە:

A- پلەی باڵا B- **پلەی بەراورد** C- نادیار D- پرس

١١. لە ڕستەی (هەرمێ گەییوەکان زۆر بە تامن.) ئەگەر ناوی دیارخراو بکەین بەتاك چی دەردەکەوێت؟

A- ئامرازی دانە پاڵ B- بکەر C- **کاری ناتەواو** D- نیهاد

١٢. لە ڕستەی (نێمەی ئازادکرد.) ئەگەر بەرکار بگۆڕین بە (جێناوی لکاو) دەبێتە:

A-ئازادمانی کرد. B- ئازادی کردین. C- ئازادمان کرد. D- **( B+A ) ڕاستن**

١٣. کام لەم کارانە ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەر نادیارە؟

A-چاپکراوەتەوە B- نووسرا C- خوێنراوەوە D- **هەموویان ڕاستن**

١٤. ئەگەر ڕستەی (قەڵەمەکەم لێ دەبات .) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە:

A- قەڵەمەکەم لێی برد. B- **قەڵەمەکەی لێم برد.** C- قەڵەمەکەم لێ بردیت. D- قەڵەمەکەی بردم.

26 SN: 000001

١٥. لە رستەی (بە خوێندکارەکان بڵێن ، دەبێت هۆنراوەکە لەبەربکەن.) هەردوو کاری ( بڵێن ، لەبەربکەن ) لە چ ڕێژەیەکدان؟

A- هەردووکیان ڕانەبردووی دانانین.

B- (بڵێن) ڕانەبردووی دانانییە ، (لەبەربکەن) داخوازییە.

C- (بڵێن) داخوازییە ، (لەبەربکەن) ڕانەبردووی دانانییە.

D- هەردووکیان داخوازین.

١٦. وشەکانی (زۆر ، گەلێک ،تۆزێک) ڕادەی کام لەم هاوەڵکارانە دەردەخەن؟

A-هاوەڵکاری چۆنیەتی B- هاوەڵکاری کاتی C- هاوەڵکاری شوێنی D- هەموویان ڕاستن

١٧. لە کام لەم رستانەدا ئامرازی دانە پاڵ دەرنەکەوتووە؟

A-هەنارە ترشەکەم خوارد.

B- پیاوە نابیناکەم پەڕاندەوە.

C-بیبیە سەوزەکەم بڕییەوە.

D-ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت.

١٨. لە رستەی (تابلۆکەی هەڵواسیم. ) ئەگەر جێناوی لکاوی (م) بگۆڕین بە جێناوی لکاوی (ت) دەچێتە:

A-دوای جێناوی لکاوی (ی) B- دوای تابلۆکە C- دوای بەشی یەکەمی کارەکە D- کۆتایی کارەکە

١٩. لە رستەی (گەلی کورد ئاشتیخوازە.) هاوەڵناوی ( ئاشتیخواز ) دروست بووە بە یاسای:

A-ناو+ناو B- هاوەڵناو +ڕەگی کار C-ناو+ پاشگر D-ناو + ڕەگی کار

٢٠. لە رستەی (بانگمان دەکردیت.) دەتوانین جێناوی لکاوی (یت) بگۆڕین بە جێناوی لکاوی (ت) چونکە کارەکە :

A- ڕابردووی تێپەڕە.

B- ڕابردووی تێنە پەڕە.

C- ڕانەبردووی تێپەڕە.

D- ڕانەبردووی تێنە پەڕە.

٢١. لە رستەی (یاریزانەکە گەلێک بەتوانا بوو.) (گەلێک بەتوانا) چییە؟

A- گرێی ناوییە. B- گرێی هاوەڵکارییە. C-گرێی هاوەڵناوییە. D- هاوەڵکاری لێکدراوە.

٢٢. کام لەم چاوگانە ئەگەر کاری داخوازی لێ دروستبکەین جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت ؟

A-بردن B- هێنان C-بوون D- (C+A) ڕاستن

٢٣. کام لەم کارانە بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت؟

A- دابگرە B- هەڵدەخست C- دەخوارد D- هەموویان ڕاستن

٢٤. جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک وەکو بکەر لە رستەدا دەرناکەوێت ئەگەر کاری رستەکە ............بێت:

A-ڕابردووی تێپەڕ B- داخوازی تێپەڕ C-ڕانەبردووی تێپەڕ D- ڕابردووی تێنە پەڕ

٢٥. لەگەڵ کام لەم کارانە جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە هەمیشە دەچێتە دوای ئامرازی پەیوەندی:

A-داخوازی تێپەڕ B- ڕابردووی تێنە پەڕ C- داخوازی تێنە پەڕ D- ڕانەبردووی تێپەڕ

٢٦. دیلان لە پارچە شیعری ...............بنیاتی دەقی شیعری کوردی دەگۆڕێت و بەرەو قالبی ئازادی دەبات:

A-نەی کچەشوان B- بەهار C-ڕێگەی خەبات D- گینگڵ

٢٧. نیوە دێڕی (هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە .) بەرهەمی کێیە؟ بۆ چ بوارێکی شیعری نووسراوە؟

A- ئەحمەد هەردی ، خۆشەویستی

B- بێکەس ،دیمەنی دواکەوتوویی ناو کۆمەڵگا

C- هێمن ،هەست و ئەستی کوردایەتی

D- دیلان ، دیمەنی سروشتی کوردستان

٢٨. محەمەد نۆزۆن لە سوید هەردوو ڕۆمانی ............ بەزاری کرمانجی سەروو چاپکرد :

A-مرنا کالەکێ ڕەند و هاوارا دیجلەیێ

B- هەواری و بەهار هات

C- خاتێ خانم و گوندێ مێرخاسا

D- کوردی ئەلەگەز و کۆردەرە

0001

٢٩. ئەم نیوە دێرە شیعرە ( هەرچی کانیاوی سەنگەرە.......... ) بەیەکێک لەم نیوە دێرانە تەواو دەبێت:

A-لە فرگەی ژان هەڵدەنیشێ    B-پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ    C-لەسەر هەر بستە زەمینێ    D- بۆ روباری بەهاری دەزێ

٣٠. ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) بەرگی دووەمی ( رەفیق حلمی ) دەچێتە خانەی:

A-تیۆری ئەدەب    B- مێژووی ئەدەب    C-رەخنەی ئەدەب    D- ( B+A ) راستن

٣١. بەرهەمی شیعری بە سوود بەخش داناوە بەتایبەتی تراژیدیا کە دەتوانێت دەرونی بینەر لە هەست و سۆزی ترس و بەزەیی پاکبکاتەوە:

A-ئەرستۆ    B- بوالو    C-سانت پیف    D-ئەفلاتون

٣٢. کام شاعیر لە شیعری ( گینگل ) دا بە روونی تێروانینی خۆی دەربارەی ( ژیان ومردن ) دەخاتە روو؟

A-شێرکۆ بێکەس    B-جگەرخوێن    C- گۆران    D-جەوهەر کرمانج

٣٣. لەماوەی دەرچوونی گۆڤاری ........ هەموو بەشەکانی ئەدەب بەتایبەتی وتار گەشەسەندنێکی باشی لەروخسارو ناوەرۆکدا بەخۆوە دیوە:

A-شەفەق    B- هاوار    C-گەلاوێژ    D-نزار

٣٤. ( پەلە هەورێکی چلکن ) چ جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە؟

A-وتار    B- چیرۆکی مامناوەندی    C- چیرۆکی کورت    D-رۆمان

٣٥. دەربارەی رەخنەی ئەدەبی کوردی کام شاعیر بەهای شیعری کوردی دیاریدەکات و شانی پێ لە شانی شیعری فارسی دەدات ؟

A- نالی    B- مەلای جزیری    C-سالم    D- حاجی قادری کۆیی

٣٦. چیرۆکی کوردی سوودی لە بەیت و لاوك و داستانی فۆلکلۆری وەرگرتووە بەتایبەتی لە چیرۆکی:

A- بەیتی سمۆ    B- گوڵی رەش    C- کاروانی    D- شەوێکی درێژ

٣٧. دەربارەی زمانی شیعر لە قۆناغی ...... شاعیران هەوڵیان داوە وشەکان لە ناو دەقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان دابرێن و ئاماژەی نوێیان پێدەنێ:

A- ١٩٣٩-١٩٥٨    B- ١٩٥٨-١٩٧٠    C- ١٩٧٠-١٩٧٥    D- ١٩٧٥ -١٩٩١

٣٨. لە پاڵ ئاوردانەوە لە خەباتی نەتەوەکەیان باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تری ماڤخوراو کردەوە:

A-هێمن و کامەران موکری    B-بێکەس و قانع    C-کامەران موکری و دیلان    D-دیلان و هێمن

٣٩. گۆڤاری ( کۆڕی زانیاری کورد ) لە ساڵی ............ دەرچوو:

A- ١٩٧٠    B- ١٩٧١    C- ١٩٧٣    D-١٩٧٤

٤٠. یەکێکە لەسیما دیارەکانی شیعری کوردی قۆناغی ( ١٩٧٥-١٩٩١ ):

A-سەرهەڵدانی هەستی ئامۆیبوون    B- یاخیبوون    C-سەرهەڵدانی گرووپی روانگە    D- بەرەو پێشچوونی سروود

٤١. حسێن عارف لە کۆمەڵە چیرۆکی ............. زمان زۆر دەوڵەمەندترو شیرینتر و سەرنج راکێشترە لە چاو چیرۆکەکانی پێشوتری :

A-گوڵی رەش    B- توێشووی سەفەرێکی سەخت    C- گەڵە گورگ    D- شەوێکی درێژ

٤٢. عەبدولەجید لوتفی رۆمانی ........... بەزمانی عەرەبی نووسیوە لەلایەن( شوکرمستەفا ) کراوەتە کوردی:

A- پێشبینی لێزانە قەرەجەکە    B- دایکم دووجار گریا    C-پەر    D- قەڵای دمدم

٤٣. ( کورد و نسلوبی شیعر ) وتارێکی رەخنەییە لە گۆڤاری شەفەق بلاوکرایەوە بەرهەمی نووسەر:

A-محەمەد مەلا کەریم    B- مارف خەزنەدارە    C- حسێن عارفە    D- مارف بەرزنجییە

٤٤. لە چیرۆکەکانی گۆڤاری ..............دا ئافرەت کراوە بە پاڵەوانی چیرۆک :

A-گەلاوێژ          B- شەفەق          C-هاوار          D- نزار

٤٥. لە گرنگترین خاسیەتەکانی وتارە لە قۆناغی (١٩٣٩-١٩٥٨) :

A- بەهۆی سەرهەڵدانی وتار نووسی ژنەوە ،ژنی کورد هاندەدرا بۆ خوێندن و خوێندەواری.

B- وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بە کاردەهێنرا .

C-هەوڵدراوە ڕێنووسێکی ڕاست و دروست پەیڕەوبکرێت.

D- دەربڕینی ناڕاستەوخۆ واتا . پەنا بردنەبەر بەکارهێنانی هێما و نیشانە .

٤٦. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕە شیعرەدا هەیە؟ ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کەناڵن لە کێو وکەژ          ناویان دراوە گشتی بەخوێنە ڕژاوەکەم

A-خواستن          B-لێکچواندن          C-دژیەك          D- جوانیی بایس

٤٧. (مەعشوق تویی ب فەخر ونازی ..... عاشق تویی لێك بێ نیازی ) ڕەگەز دۆزی ناتەواوە لە :

A-جۆری پیت          B- ژمارەی پیت          C-ڕیزی پیت          D-ڕیز و جۆری پیت

٤٨. لەم دێڕە شیعرەدا چەند بنەمای لێکچواندن هاتووە؟

دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدە بێ باری          سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەرە تۆپەڵمە بۆ یاری

A-یەك بنەما          B- دوو بنەما          C- سێ بنەما          D- چوار بنەما

٤٩. بریتییە لە بەکار هێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر . جگە لەو مانایەی کە لە بنچدا بۆی دانراوە :

A- جوانیی بایس          B- خواستن          C- لێکچواندن          D- دژیەك

٥٠. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە؟

چ روناکی بێ ،چ تاریکی ،چ نزمی بێ یا بەرزی          بە خۆشی بێ وە یا تاڵی هەمووی ئەڕوا لە سەر ئەرزی

A-دژیەکی ئەرێ          B- ڕەگەز دۆزی ناتەواو          C- دژیەکی ئەرێ          D- (C+B)ڕاستن

# زمان و ئەدەبی کوردی

## پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی



دیزاینی بەرگ : جەلاک جابوک

ئەم مەلزەمەیە بریتی یە لە : ئاسانکراو - نەخشە - ڕستە گۆڕین - پرسیار و وەڵام

باشترین بژاردە لێرەیە

چاپی نوێ ( ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥ )

ئامادەکردنی –م–عەبدولقادر مەلازادە کۆیی ئا- دوارۆژی کوران- هەولێر چاپی نوێ 2025